محەمەد وەسمان

# ئایینی سۆمەری

شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن

(الدين السومري- تحليل و تقييم)

هەولێر-2024

ناوی کتێب: ئایینی سۆمەری-الدين السومري

شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن: محەمەد وەسمان

تیراژ:200 دانە

چاپخانە :سنور

ژمارەی سپاردن: لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( ٧٣٨ ) ی ساڵی(٢٠٢٣)ی پێدراوە.

## پێشەکی

ئەم کتێبە (الدين السومري-(نشر دار الشروق-١٩٩٨) دانانی د.خەزعەل ماجیدی، شایانی خوێندنەوەو شیکردنەوەیە،لێرەدا هەوڵدەدەین چەندان تێبینی وهەڵسەنگاندن ورەخنە بخەینەڕوو پێیەپێی وەرگێران وخوێندنەوەی کتێبەکە،هیوادارم هەندێ لایەنی سوودبەخشی تێدابێت.

د.خەزعەل ماجیدی ،لەپێشەکی کتێبەکەیدا دەنووسێت:

(لە یەکەم کتێبماندا لە زنجیرەی کەلەپووری گیانیی مرۆڤ (ئایین و بیروباوەڕانی پێش مێژوو)، کۆتاییمان بە خاڵی وەرچەرخانی یەکلاکەرەوەی سەردەمی پێش مێژوو بەرەو سەردەمی مێژوویی هێناوە، کە لە (سۆمەر) لە باشووری میسۆپۆتامیا ی کۆن ڕوویدا. لەگەڵ سەرهەڵدانی شارستانیەتی سۆمەری و داهێنانی نووسین تێیدا،لە دەوروبەری (٣٢٠٠ پێش زایین) ، سیستەمی نوێی ئایینی، زانستی، کۆمەڵایەتی و سیاسی پێکهاتووە، کە بنکەی بنچینەیی سەرهەڵدانی شارستانییە مرۆییەکانی دواتربوو بە سیستەمی جۆراوجۆرەوە ، لەگەڵ زیادبوونی پێکهاتە و داهێنانیان بە تێپەڕبوونی کات.

چرکەساتی سۆمەری، وەک ساتێکی دەگمەن دەمێنێتەوە ،چونکە خاڵی وەرچەرخانە لە (پێش مێژووەوە) بۆ (مێژوو).

ئایینی سۆمەری ڕەنگدانەوەی ڕیتمی ژینگەی سروشتیی ئاوی و کشتوکاڵی خۆی بوو، کە منداڵدانی خوداوەندە جیاوازەکان بوو کە لە پێکهاتەکەیدا هە بوون، بەڵام ئەوە ڕێگری نەکرد لە سۆمەرییەکان کە هەستی قووڵی گیانیی خۆیان و ڕۆچوونە دەروونییە ناسکەکانیان لە چەمکی خوداوەند وردتر بکەنەوە لە بە خوداوەندکردنی دیاردە سروشتییەکان، وەك: خوداوەندی ئاسمان، کە (ئان)ە، یان بۆ خوداوەندی زەوی، کە (ئینکی)ە خوداوەندی (ئوتو) (شمش)، خوداوەندی خۆر (ڕۆژ) ،یان بۆ یەک خوداوەندی هەوا (ئینلیل)، خوداوەندی خودی سومەربوو .

هەروەها ئایینی سۆمەری ڕەنگدانەوەی ڕیتمی ڕابردووی گیانیی مرۆڤی پێش خۆی ، لە سەردەمی پێش مێژوودا بووە ، ئەم ئایینە بەرزترین دەرکەوتەکانی گیانیی مرۆڤی بە میرات وەرگرتووە و بەپێی ڕێوشوێنێکی نوێ و دەوڵەمەند و گەشەسەندوو ڕێکی خستوونەتەوە.

ئایینی سۆمەری وەک (یەکەم ئاین)ی مرۆڤ سەری هەڵدا ، لەڕووی هەبوونی سیستەمی خواناسی و ئەفسانە و ڕێوڕەسمی ڕسکاوو یەکگرتوو و هاوئاهەنگ ، ئایینەکانی پێش مێژووش بەدەست پێنەگەیشتنی ئەو سیستەمانە و تایبەتمەندییەکانیان و تێکبەستەیی و گونجانیان گرفتاربوون.

لەم کتێبەماندا هەوڵمان داوە لە ڕێگەی چەند تەوەرێکەوە ڕۆشنایی بخەینە سەر سێ سیستەمی سەرەکی ئایینی سۆمەری (باوەڕ و ئەفسانە و ڕێوڕەسم).

ئێمە بەشی دووەممان تەرخان کرد بۆ باسکردنی بیروباوەڕی ئایینی سۆمەری، واتە سیستەمی خواناسیی ئەم ئایینە، لە ڕێگەی شیکردنەوەمان بۆ دامەزراوەی ئایینی سۆمەری و چۆنیەتی دروستبوونی، و لە ڕێگەی باوەڕەکانی پەروەرێنگەریی-الربوبیە، کە لە ناو سیستەمی خوداوەندایەتیی کاریگەر و ژیوەریدا تێک ئاڵاون.

هەروەها، لە ڕێگەی باوەڕەکانی نەمری و گەڕانەوەی هەتاهەتایی-ئەبەدی، کە سۆمەرییەکان تۆوی یەکەمیان بۆ دانا و دواتر لە ئایین و فەلسەفە و بیروباوەڕە گیانییەکانی دواتردا باو بوون.

هەروەها، لە ڕێگای ئەو باوەڕانەی سەبارەت دوای مردن ، کە سۆمەرییەکان چالاکیان کرد و بیرۆکەی خۆیانیان پێدا ، سەبارەت بە پەیوەندی جەستە لەگەڵ گیان ، لە دوای مردن و شێوەی جیهانی ژێرزەوی و یاساکانی و بۆچوونی خۆیان لەسەر ڕۆژی دوایی و زیندووبوونەوەی مردووەکان.

سەبارەت بە بەشی سێیەمیش، ئێمە بۆ خوداوەندە سۆمەرییەکانمان تەرخان کرد و دارێکی ڕەچەڵەکمان بۆ دانان و هەموو لکەکانی ئەم دارەمان ناساند.


بەتایبەتی لەلای هێماکانی خوداوەندەکانی سۆمەری وەستاین ، کە دەربڕینێکی سەرسوڕهێنەری ئەبستراکتکردنی ئەفسانەیی و ئیلهامبەخشێکی گەورە بوون بۆ هونەر و ئایین لە سۆمەردا.

لە بەشی چوارەمدا سیستەمی ئەفسانە سۆمەرییەکانمان تەواو کرد بە قسەکردن لەسەر ئەفسانە سۆمەرییەکان بە پێشکەشکردنی خستنە ڕوویێکی کورت و پۆلێنکردنێکی نوێ، کە تێیدا هەوڵمانداوە بیرۆکەیەکی خێرا لەبارەی ئەم ئەفسانە و ئەو واتایە قووڵانەی کە هەڵیانگرتووە، بدەین.

بەشی پێنجەم باس لە ڕێوڕەسم و سرووتە سۆمەرییەکان بوو، کە بینیمان بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەشکراون: ڕێوڕەسمی ئاسایی ڕۆژانە، ڕێوڕەسمەکانی ناوبەناو وەک لەدایک بوون، هاوسەرگیری و مردن، هەروەها ڕێوڕەسمە خولاوەکان، کە جەژن و ئاهەنگەکانی سۆمەرییەکانن.

سەبارەت بە پێکهاتە لاوەکییەکانی ئایینی سۆمەری (ئاکار و ڕێوشوێنەکان)، لە بەشی شەشەمدا لەسەری وەستاوین و لایەنە باوونەریتی و یاسادانانییەکەیمان خستەڕوو و بایەخمان دا بە ئایینزانبی - فیقهی سۆمەری و چەمکی دادپەروەری خوداوەندی.بەمجۆرە پێکهاتە بنچینەیی و لاوەکییەکانی ئایینی سۆمەریمان خستەڕوو و شیکاریمان کردووە، کە دەبینین بەدەست پشتگوێخستنێکی زۆرەوە دەناڵێنێت و بە گوتەی توێژەران وەک پێشەکییەک بۆ ئایینی بابلی و سامی بە گشتی خراوەتە ڕوو. لە کاتێکدا ئەو تۆوە بوو کە تەواوی درەختی ئایینەکانی جیهانی کۆن لێیەوە سەریانهەڵدا.

**عەممان 1998/1/25 ،خەزعەل ماجیدی، دکتۆرا لە مێژووی کۆن ،کەلەپووری هزریی زانستی.)**



تركيه
بحيرة اورميه
N
تل حلف
شغر كبازار
براك
فيشخابور
باقيان
شاندار
تيه كاور
اخور صياد
يارم تيه
كري ريش
موصل
Nineveh
Arpachiyah
Nimrud
ROWANDUZ
الزاب الأعلى
الزاب الأسفل
سوريا
حسونه
ام دباغية
اشور
كريم شهر
سليمانيه
جرمو
كركوك
موزي
مطارة
هزارمرد
جبال زاجروس
Tigris
ماري
أبو كمال
عانه
نهر الفرات
سامراء
تل الصوان
مندلي
ايران
Hit
بغداد
دور
خفاجه
تل اجرب
سبار
عقير
بابل
كربلاء
Bis Nimrud
كوفه
نفر
ديوانه
Isin
شروباك
لكش
اوروك
ناصريه
حاج محمد
العبيد
اور
اريدو
العراق
علام
شوشه
الكرخه
كارون
بصره
الكويت
المملكة العربية السعودية


SYRIA
I R A
Ar Raqqah
Dayr az Zawr
Euphrates
Al Mawṣil
NĪNAWĀ
Dahūk
DAHŪK
Arbīl
ARBĪL
Kirkūk
AT TA'MĪM
As Sulaymānīyah
AS SULAYMĀNĪYAH
Sanandaj
Hamadān
Kermānshāh
Tikrīt
ṢALĀH AD DĪN
Sāmarrā'
Ba'qūbah
DIYĀLĀ
Ar Ramādī
BAGHDĀD
AL ANBĀR
Bādiyat ash Shām
(Syrian Desert)
Al Qā'im
Ar Rutbah
Karbalā'
KARBALĀ'
Al Ḥillah
BĀBIL
An Najaf
AN NAJAF
Ad Dīwānīyah
AL QĀDISĪYAH
Al Kūt
WĀSIṬ
Al 'Amārah
MAYSĀN
An Nāṣirīyah
DHĪ QĀR
As Samāwah
Al Baṣrah
AL BAṢRAH
AL MUTHANNÁ
Ṣaḥrā al Ḥijārah
'Ar'Ar
Nisāb
Ahvāz
Ābādān
Umm Qaṣr
Al Fāw
Az Zubayr
Safwān
KUWAIT
Kuwait
SAUDI ARABIA
All Right Reserved
(4,700,000 in 1999)
Governorate
ND RELIGIONS
KURDISH (17%)
SHIA ARABS (60%)
BAGHDAD
IRAN

# بەشی یەکەم

## پێشەکیێکی مێژوویی

**ئەی سومەر**
**ئەی وڵاتی مەزن**
**ئەی گەورەترین وڵاتی جیهان**
**تۆ ڕووناکییە بەردەوامەکان داپۆشیویت**
**مرۆڤەکان لە خۆرهەڵاتەوە تا خۆرئاوا**
**گوێڕایەڵی یاسا پیرۆزەکانتن.**

**لە ئەفسانەی**
**ئینکی وڵاتی سۆمەر ڕێکدەخات**

**گەشەسەندنی خێرای کشتوکاڵ لە باکوری میسۆپۆتامیا، سەردەمی بەردینە نوێیەکانی هێنایە ئاراوە (العصر الحجری الحدیث - (Neolithic)، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی پێنج کولتوور یان شارستانیەتی باکووری میسۆپۆتامیا (پێش گڵینەسازی ، چەرموو، ئەلسەوان، حەسونە، سامەرا)،**

**سەرهەڵدانی ئەم شارستانییەتانە نزیکەی سێ هەزار ساڵی خایاند (٨٠٠٠-٤٩٠٠پێش زایین)، هەموویان سروشتێکی کشتوکاڵی و جوتیارییان هەبوو، تێیاندا ژنان وەک سەرکردە زاڵ بوون،بەڵکو بەپیرۆز داندرابوون، بەپێی هەندێ بۆچوون ،وەک خوداوەندی دایک دەپەرستران (بڕوانە ئەلماجیدی ١٩٩٧: ٧٧).**

**سەرهەڵدانی ئەم شارستانیانە نزیکەی دوو هەزار ساڵی خایاند، (٤٩٠٠-٣١٠٠) پێش زایین.**

**هەموویان سروشتێکی شارنشینی پیشەییان هەبوو، جگە لەوەی کە بایەخیان بەکشتوکاڵ دەدا، کە تێیدا پیاو وەک سەرکردەیەکی خەڵک زاڵ بوو، خوداوەندی نێر دەرکەوت، پاشان چەندین مێخوداوەندی دیکە دەرکەوتن ، بە تایبەت ئەوانەی پەیوەست بوون بە سروشتەوە (هەمان سەرچاوە: ١٣٥).(1)[1]**

---

**[1](تێبینییەکان دەکەونە چوارچێوەی شیکاری و هەڵسەنگاندنەکە،**

**تێبینییەکان ،بیروبۆچوونی زانا وشوێنەوارناسە پێشەنگەکانن لەبارەی ئەو بیروبۆچوونانەی د.خەزعەل ماجیدی خستوونیەتیەڕوو،چی بۆ زیاتر روونکردنەوەی بابەتەکە، یا دەربڕینی رای جیاواز لەسەر هەمان بابەت،لە نووسنە جیاجیا کانی ئەم زانا وشوێنەوارناسە .)**

**تێبینی: د.تەها باقر لەمبارەیەوە دەنووسێت:**

گەڕە شارستانییەکان (الادوار الحضاریة)

یەکەم : چاخی بەردینی ئایولیثی ،Eolithic

ئامرازی بەردی تیادا بەکار هاتووە ( Pebble Tools)،پاشماوەی لە عیراق نەدۆزراوەتەوە .

دووەم : چاخی بەردینی کۆن Palaeolithic ،کاتەکەی لەنێوان ٦٠٠ ٠٠٠ تا ١٠ ٠٠٠ پ .ز.

ب- چاخی بەردینی کۆنی ناوەڕاست Middle Palaeolithic

مرۆڤی نیاندرتال Neanderthal ی تیادا ژیاوە ، نموونەی لە عیراق لە ئەشکەوتی ( شانەدەر) چینی (D) دۆرزاوەتەوە .

ج- چاخی بەردینی کۆنی باڵا Vpper Palaeolithic

-پێش ٤٠ ٠٠٠ تا ٥٠ ٠٠٠ پ .ز.

-مرۆڤی نوێی ناسراو بە مرۆڤی ئاوەزمەند ( الانسان العاقل ) ( Homo sapiens)ی تیا ژیاوە.-ئەم ئامرازە بەردینیانەی لە باکووری عیراق دۆزراونەتەوە ناوی خولی (برادۆستی ) ( چیای برادۆست) لێ نراوە، چینی ( C) ی ئەشکەوتی شانەدەریش هی ئەوسەردەمەیە، ئامرازەکانی ئەم سەردەمە لە دوو ئەشکەوتی (زرزی) و ( هەزار مێرد)ی نزیک سلێمانی دۆزراونەتەوە.

٣-چاخی بەردینی ناوەڕاست Mesolithic

-نزیک هەزارەی دەیەمی پێش زایین ، خولی ئامرازە وردەکان Micro lithic

-لە عیراق ناوی خولی (زرزی) لێنراوە بەناوی ئەشکەوتی (زرزی) (سەرزێ)نزیک سلێمانی .ئامرازەکانی لە چینی (B) لە ئەشکەوتی شانەدەر دۆزراونەتەوە، هەروەها لە ئەشکەوتی هەزار مێرد و شوێنی دیکەش ، وەک : زاوی چەمی، بالوی گەورە( بالی کورا)، ملفعات و کەریم شەهر.

-لەوڵاتی شام ، پێی دەوترێت خولی (نطوفی) لە باکووری ئەفەریقا (خولی قفطی – وهرانی ).

- لە عیراق بەتایبەتی و هەندێ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیک سەرەتای ماڵی کردنی ئاژەڵ و کشتوکاڵ دەرکەوتووە . (Incipient Food production)

٤- چاخی بەردینی نوێ ( Neolithic)

نزیکەی هەزارەی نۆ، یا هەشت تا ٥٦٠٠ پ.ز، لە عیراق بەتایبەتی و لە ڕۆژهەڵاتی نزیک بەگشتی دەکرێتە چەند سەردەمێک :

١- سەرەتای چاخی بەردینی نوێ (Proto Neolithic)

ا- ئەشکەوتی شانەدەر ، چینەکانی ٢A,B ب- دێی زاوی چەمی (زاوی جمی)

ج- کەریم شەهر (کریم شهر).د-ملفعات ە- گرد-چای و- چینەکانی ژێرەوەی (چەرموو وشمشارە)

سەرەتای ماڵی کردنی ئاژەڵان و کشتوکاڵ و دەرکەوتنی گوندی جۆتیاری.

٢-خولی پێش گڵێنە (دور ماقبل الفخار) ( Prepottery Neolitic)

لەنێوان هەزارەی هەشتەم و حەوتەمی پ .ز ،ماوەی بەردینی نوێ لە باکووری عیراق و شام و تورکیا ، تیایدا گڵێنەکاری دەدەکەوێت : چینەکانی خوارووی (چەرموو -جرمو) (چینەکانی ١٦-٦) ، گڵێنە (فخار) لە پێنج چینەکانی سەروو دایە ) هەروەها چینی (A)لە ئەشکەوتی شانەدەر و چینی باڵای دێی (زاوی چەمی)، چینەکانی (١٤-٦) ی گردی شمشارە

٣-ماوەی گڵێنە (فخار) ( Pottery Neolithic )

ا- (چەرموو ) ب-( حەسونە ) (گردی حەسوونە(تل حسونە) بەناوی دێی حەسوونە ،٥٣ کم لە خوارووی مووسڵ و٨ کم دوور لە ناحیەی شورە(الشورة)).

ج-(تەل ئەل سەوان )پاشان دووەم وەرچەرخانی جۆرایەتی هاتەئاراوەکە لەگەڵ دۆزینەوەی کانزاکان و دەستپێکردنی سەردەمی کالکۆلیتیک هاتە ئاراوە(چاخی بەردینی مسینی -العصر الحجري النحاسي Calcolithic) ، کە گواسترایەوە بۆ باشووری میسۆپۆتامیا و چوار کولتوور ، یان شارستانیەتی کالکۆلیتیک سەریان هەڵدا، کە بریتین لە (حەلەف، ئێریدو، ئەلعوبەید، و وەرکای یەکەم).

(پێش خولی گزنگی بنەماڵەکان(لە ٢٥٠٠ پ.ز دەستپێدەکات )

هەر خولێک بەناوی یەکەم شوێنی ئاسەواری تێدا دۆزراوەتەوە، ناسراوە:

١-خولی جەمدەت نەسر (جمده نصر): بەناوی ناوچەی جەمدەت نەسر ی لە پارێزگای حللەیە لەسەرووی شاری کیش ی سۆمەری .

ماوەی ئەم خولە بەمجۆرەیە: ٣٢٠٠ پ.ز-٣٠٠٠پ.ز.

٢-خولی وەرکاء: بەناوی شاری (ئوروك) ی دەکەوێتە دووری 30کم ڕۆژهەڵاتی سەماوە،12 کم دووری ناحیەی خزر(الخضر) .

ماوەی ئەم خولە بەمجۆرەیە: ٣٨٠٠ پ.ز -٣٢٠٠ پ.ز.

- خولی حەلەف:

ماوەی ئەم خولە بەمجۆرەیە: (٤٩٠٠ – ٤٣٠٠ پ.ز)

- ئەریدو (٤٣٠٠ – ٣٥٠٠ پ.ز ).

ماوە- خولی عوبێد نزیکەی ٤٥٠٠ پ.ز – ٣٨٠٠ پ.ز

گردی ئەلعوبەید، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری ئور لە باشووری عێراق، دەوروبەری زی قار، ناوی خۆی بە گڵینەی سەردەمی پێش مێژوویی بەردینی نوێ بەخشیوە، هەروەها ناوی خۆی بەخشیوە بە شارستانیەتی کالکۆلیتی کە نوێنەرایەتی یەکەمین نیشتەجێبوون دەکات )

٥- چاخی بەردینی – کانزایی ( Chalcolithic )

لەهەزارەی شەشەم ( نزیکەی ٥٦٠٠ پ.ز تـا ٣٥٠٠ پ.ز

چەندگەڕێکە :

١-) چاخی بەردینی –کانزایی کۆن (بەرایی) (Early Chalcolithic)

ا-گەڕی (حەسونە)لە(حسونە) و (تەل ئەل سەوان) و(شمشارە).

ب- گەڕی سامەرا لە (حەسونە)

٢-) بەردینی –کانزایی ناوەڕاست (هەزارەی پێنجەم )

ڕ- گەڕی (حەلەف) لە باکووری عیراق و شام و ئەنادۆڵ باوبوو.

ب- ناوەراست و خوارووی عیراق :

١- گڵێنە (فخار) ((ئەریدو)) یا گەڕی (ئەریدو)= گەڕی (عوبید) ی یەکەم

٢-گڵێنەی (حاج محمد و راس الشمرة= (عوبید) ی دووەم

٣-) بەردینی –کانزایی دواکەوتوو (متاخر) (late) (٤٠٠٠- ٥٠٠ پ.ز)

ا-(عوبيد) سێیەم      ب-(عوبيد) چوارەم      ج- وەرکاء گەڕی ( حەلەف) لە ( ئەربچیە) دەکرێتە ئەم ماوانە : ( کۆن – ناوەڕاست  - دواکوتوو)

شەشەم : چاخی شێوە نووسینەکی (یاشێوە مێژوویی) ( Proto Literate . Proto Historic)

( ٣٥٠٠ – ٢٨٠٠ پ.ز)

١-خولی وەرکای دوایین (الاخیر):

٢- خولی (جەمدەت نەسر)  (٣٠٠٠-٢٩٠٠ پ.ز)

٣-چاخی دەکەوتنی ڕەچەڵەکەکانی یەکەم   (٢٩٠٠ – ٢٨٠٠ ) پ.ز

... طه باقر، مقدمة فی تاریخ الحضارات ، الوراق للنشر، ٢٠٠٩ ، گ٢  ١٢ ص. الجزء الاول.ل ١٥٣  تسلسل الادوار التاريخيةل ١٧١ الادوار الحضارية)

**پێدەچێت باوباپیرانی سۆمەرییەکان ئەوانە بن ،کە کانزاکانیان دۆزیەوە و گونجاندیان، ئەوانیش سیستەمی کشتوکاڵی باکووری کە پشتیان بە باران دەبەست، پەرەیان پێدا بۆ سیستەمی کشتوکاڵی ئاودێری لە باشوور،ئەمەش دوای شارستانیەتی سامەرا (کە نیشیمەنی سۆمەرییەکان بوو لە باکووری میسۆپۆتامیا) ڕوویدا، پاشان لە هەزارەی پێنجەمی پێش زایین ، کۆچی سۆمەرییەکان لە دەو ڕووباری دیجلە و فوراتەوە بۆ باشووری میسۆپۆتامیا دەستیپێکرد.**

**ڕەنگە، سۆمەرییەکان تێکەڵ بە گەلانی دیکە بووبن ،کە هاتوونەتە سەر خاکە نوێیەکە لە دەشتی نیشتووی باشووری میسۆپۆتامیا، وەک فوراتی و دیجلەییەکانی بەرایی و سامییەکان، بەڵام سۆمەرییەکان هاوشانی ئەو کەسانە، ئەو شتەیان پێکهێنا ، کە بە عوبێدییەکان ناسراون.**

**[1](1)**

---

[1]**تێبینی : (ناوی (سۆمەر – سومر)** ، بە زمانی سۆمەری لە نووسینە مێخییەکان بە شێوەی (کی – ئان – کی) یا (کی – ئان – کر) هاتووە . ئەکەدی و بابلی و ئاشووریەکان پێیان وتووە (شومریم) ، وڵاتەکەیان ناو ناوە (مات شومریم) ، واتە خاک ، یا وڵاتی سۆمەریان ، لە زۆر سەرچاوەی بابلی و یاساکانی حامورابی دا هاتووە .( ل ٣ / د. ناجی الاصیل ، فی مواطن الاثار – رحله الی جنوبی العراق – سومر – ج ٢ ، ١٩٤٥) .

**د.فەوزی رەشید لەبارەی بنجی سۆمەریان دەنووسێت:**

گەلی سۆمەری: کۆنترینی ئەو نەتەوانەی لەسەر خاکی میسۆپۆتامیا نیشتەجێ بووین ولە نووسینە کۆنەکاندا باسیان کرابێت سۆمەرییەکانن...

ئێمە لەو باوەڕەداین (سۆمەرییەکان)لەدانیشتووانی بەشی باکووری عیراقن،لەشێوەی کۆمەڵ کۆمەڵ کۆچیانکردووە بۆ باشووری عیراق ،ئەوەیش بەهۆی زۆر بوونی دانیشتووان لە بەشی باکووری عیراق ,لەسەردەمی دووشارستانی سامەراو حەلەف.

لەوکاتیدا ڕێژەی دانیشتووان زۆرتربووە لەوەی ئەو رێژەی خۆراکەی بەرهەم دێت بەشی هەموودانیشتووانەکەی بکات .

بەمجۆرە بەشە زیادبووەکەی دانیشتووان کۆچیان کردووە (بۆ باشووری عیراق) لەدوای هەر زێدەبوونێکی دانیشتووان ،گەڕێکی دیکەی کۆچکردن (بۆ باشووری عیراق)دەستی پێکردوە،هەرکۆمەڵەیەکیان لە ناوچەیێکی بەشی خوارووی عیراق نیشتەجێ دەبوون.


ئەو ناوچانەی ئەم کۆمەڵە کۆچەرانەی تێدا نیشتە جێ دەبوو،گەشەی دەسەندو فرەواندەبوو وشارەدەوڵەتی سۆمەری پێکهێناوە .

بەهۆی ئەوەی هاتنی سۆمەرییەکان بۆ بەشی خوارووی عیراق لەو ماوەیەدابووە هێشتا نووسین نەدۆزراوەتەوە،سەلماندنی ئەوەی وتمان –بەبەڵگەی نووسراو-لەتوانادانییە.ل ٢٦ –قواعد اللغة السومریە،1972 .)

ئەوانەی کە وەرچەرخانێکی چۆنایەتییان لە پیشەسازیی گڵێنەسازی و کاری دەستیدا کرد، پەرەپێدانی شێوازی تەلارسازی، بەتایبەتی پەرسگاکان، بەرهەمهێنانی مۆری تەخت (خڕ و هێلکەیی)، بیورە مسینەکان دەرکەوتن، هونەری پەیکەرسازی داتاشینی بەرجەستەیی مرۆڤ و ئاژەڵ پەرەی سەند.

شوێنی نیشتەجێبوونەکانی سەردەمی عوبەید لە زۆر شوێن لە باکور و باشووری میسۆپۆتامیا بڵاوبوونەتەوە و جێ نیشتەجێبوونەکانی باشووریش بە سەرەتای سەقامگیری و دامەزراندنی چاندنی ئاودێری لە دەشتی نیشتەیی دادەنرێت، بەناوبانگترین شوێنی نیشتەجێبوونی بریتین لە تەل ئەلعوبێد، کە دەکەوێتە ٨ کم لە ڕۆژئاوای ئور و تەل ئەلعەقیر، کە دەکەوێتە باشووری بەغدا و ئور و خەفاجە و تەل ئەسمەر لە ناوچەی دیالە و تللۆ (لەگەشی کۆن ) ، باکووری ڕۆژهەڵاتی شەترە و وەرکا و بسمایە (ئەدەبی کۆن) ، باکووری ڕۆژئاوای تللۆ(تلو)، مەتارە(مطارة)، نوزی، و هەندێک شوێنی ناوچەی حەمرین و تەپەگەورە.

شارستانیەتی عوبەید لە دەرەوەی میسۆپۆتامیا بە ڕێگا بازرگانی و ڕووبار و دەریایی بڵاوبووەوە، گەیشتە سوریا، ئاسیای بچووک، ئێران و هەندێک ناوچەی نیمچە دوورگەی عەرەبی و بەشە کەنارییەکانی کەنداوی عەرەبی (بڕوانە ئەلدەباغ ١٩٨٣: ٦٠-٦١).



شكل (١) دمى الإلهة الأم العبيدية من تبة گورا حوالي الألف الرابع قبل الميلاد

لە وێنەی (١)دا سەرنجی بووکەڵەکانی مێخواوەندی دایکی سەردەمی عوبەیدیی بدە لە تەپەگەورە.

شارستانیەتی سەردەمی عوبەیدی یەکەم شارستانیەت بوو، لە سەردەمی بەردینی نوێوە، بەم فرەوانییەوە بە شێوەیەکی هەرێمیی بڵاوبێتەوە،بە سیستەمی شارستانییەکەیەوە و هەر ئەو شارستانییە بوو ، کە ڕێگەی بۆ سەرهەڵدانی شارستانیەتی سۆمەری خۆشکرد، کە بنەڕەتەکەی لە تەیمانەی شارستانیەتی عوبەیدی یەوە دەستی پێکرد، و ئەم سەرەتایە دەبێتە بەردی بناخەی شارستانیەتیی سۆمەری دوای سەردەمی عوبەیدی یەکان لە نزیکەی ٣٥٠٠ پێش زایین .

تایبەتمەندییەکانی بوونی سۆمەرییەکان لە ناوەڕاستی هەزارەی چوارەمی پێش زایین لە باشووری میسۆپۆتامیا وە دەستی پێکرد. یەکەم کولتوری سۆمەری کولتوری وەرکای یەکەم بوو ، کە دوا گەوی کولتوورەکانی کالکولیتی پێکهێنا.

جیاوازییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جۆری ئەو گڵینەسازی یەی کە بە خەڕەک(الدولاب) دروستکراوە و شێوە جیاوازەکانی و پیشەسازییە نوێیەکانی.

گەوی نێوان سەردەمی پێش مێژوو (سەردەمی بەردین) و سەردەمی مێژوویی پێی دەوترێت سەردەمی نیمچە نووسینەکی، یان سەردەمی شێوەمێژوویی (العصر الشبیه بالکتابي أو الشبیه بالتاریخي (البرتولتریت Protolitrate- پرۆتۆلیتریت) و ئەم سەردەمە نزیکەی دوو سەد ساڵ (٣١٠٠-٢٩٠٠) پێش زایین بەردەوام بوو.

دوو کولتووری جیاوازی لەخۆگرتبوو (کولتووری وەرکای دووەم و کولتووری جەمدەت نەسر).

هەروەها ئەم سەردەمە سەردەمێکی سۆمەرییە، کە تیایدا سۆمەرییەکان گەورەترین داهێنانی شارستانیانەی خۆیان بە ئەنجام گەیاند، کە داهێنانی نووسینە، لەم سەردەمەدا لە یەکەم قۆناغی وێنەییدا بووە. یەکەم نووسگە (رقم) ، ئەم جۆرە نووسینەی هەڵگرتووە لە وەرکا (چینی چوارەم)دۆزراونەتەوە.




نووسین لە قۆناغی وێنەییدا بوو (شێوەی ٢).

لەگەڵ نووسیندا، دیاریدەی شارستانیانەی دیکە دەرکەوتن، وەک دەرکەوتنی پەرسگاکان، کە لەسەر سەکۆ دەستکردەکان دروستکراون (پەرسگای ئینانا و پەرسگای ئان لە وەرکا، پەرسگای ئانانا لە نیپوور -نەفەر، پەرسگای سپی لە وەرکا، پەرسگای خوداوەندی مانگ) لە خەفاجی، و پەرسگای تەپەگەورە) و پاشان سەرهەڵدانی زیگورات یان پەرسگا بەرزەکان، کە پێکهاتووە لە چەندان چین، وەک زیگوراتی ئەلعەقیر و زیگوراتی وەرکا.

لەم سەردەمەدا بۆ یەکەمجار مۆری لوولەیی دەرکەوت، چەرخی سیرامیکی خێرا لە دروستکردنی دەفری گڵێنەیی بە ڕوپۆشێکی ڕەنگی هەرمێیی و دەفرە گڵێنەییە ڕەنگاو ڕەنگەکان کەڵکیان لێوەرگیرا.

هونەری کانزاکان پێشکەوت، بەکارهێنانی کانزاکان بڵاوبووەوە، شارەکان دەرکەوتن و پارچە هونەرییە نایابەکان لە پەیکەری بەداتاشینی درشت دروستکران، وەک کێڵی ڕاوکردنی شێر، دەفری نەزر و سەری ژنەکەی لە مەڕمەڕ داتاشراوە.

نەخشکاریی دیوار کە پێکهاتبوو لە قووچەکە گڵێنە سەر ڕەنگاوڕەنگەکان ، بەردەوام بەکاردەهات. (Al-Dabbagh ١٩٨٣: ٢٩).

کولتوری پرۆتۆلیتریت لە هەموو میسۆپۆتامیا بڵاوبووەوە، هەروەها وەک کولتوورێکی هەرێمیی فراوانیش لە دەرەوەی میسۆپۆتامیا بڵاوبووەوە، بەو پێیەی

دەستکەوتە شارستانییەکانی خۆی لە ئیلام و لە سوریا دۆزرانەوە، تا دەڤەرەکانی سەرەوەی فورات و خاپور، و گەیشتە میسر، کە مۆری لوولەیی ئەو سەردەمەی تێدا دۆزرایەوە، جگە لە نووسین و داتاشین و ئامراز و وێنەکان.

پێدەچێت لافاوەکە لە کۆتایی ئەم سەردەمەدا لە سنووری (٣٠٠٠ پێش زایین)دا ڕوویدابێت، دوای ئەوەی پاشایەتی لە ئاسمانەوە دابەزیوە بۆ ئێریدوی سۆمەری، وەک لە دەپەکانی تایبەت بە لیستی پاشاکانی سۆمەریدا هاتووە (بڕوانە باقر: ١٩٧٣: ٢٥٢) ).

دوای ئەوە هەشت پاشا لەم شارانەدا حوکمڕانییان کردووە،لیستی پاشاکانی سۆمەری بەخشین ئەوان دەپ- لوحی دامەزراندنی پاشایان هەیە، ساڵانی حوکمڕانیی خەیاڵی پێبەخشیون ، دەگاتە نزیکەی ٢٤١,٢٠٠ ساڵ.

((بە ئەگەرێکی زۆرەوە ژمارەیەکی وەها خەیاڵی ڕەنگدانەوەی بیرۆکەیەکی هاوبەشە لە نێو زۆربەی گەلانی کۆندا، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ - لە سەردەمی کۆندا - تەمەنێکی درێژ و سیفەتە جەستەییە توانبەدەرەکانی هەبووە ، هەروەها بەدەر نییەلەوەی کە کۆکەرەوەی لیستی پاشاکانی سۆمەری وا بووە تەنها ناوی هەشت پاشای لە پێش لافاوەکەی لابووە، ناچار بووە ساڵانی حوکمڕانی هەریەکەیان درێژ بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو ماوەیە بگرێتەوە، کە پێشبینی دەکردماوەکە زۆر فراوان بێت ، کە لە نێوان دەرکەوتنی یەکەم شانشینی فەرمانڕەوادا و ڕوودانی لافاوەکەدا هەیە)) (عەلی، ١٩٨٣: ٩٦-٧٠).

## سەردەمی گرنگی بنەماڵەکانی سۆمەری

## (٢٩٠٠-٢٣٥٠) پێش زایین.

سۆمەرییەکان نزیکەی پێنج سەدە لە سیستەمێکی سیاسی داهێنەر و نوێدا ژیاون (دوای ئەوان لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نزیک باو بوو)، کە سیستەمی شارەدەوڵەتە، کە هەر شارێک ئۆتۆنۆمی و فەرمانڕەوایەکی تایبەت و خوداوەندێکی تایبەتی هەیە، بەڵام ئەم شارانە تێگەیشتنێکی ڕوونی سیاسی و شارستانی و ئایینی کۆیاندەکاتەوە. سەرهەڵدانی ئەم سیستەمە شارستانییە بووەتە هۆی گەشەسەندنی مرۆڤایەتی و داهێنانی ئەنجوومەنە پەرلەمانییەکان و پراکتیزەکردنی جۆرێک لە دیموکراسی.

شار لە باشووری میسۆپۆتامیا لە سەرەتای هەزارەی پێنجەمی پێش زایین دەرکەوت، بەڵام سیستەمی شارەدەوڵەت لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زایین لەگەڵ سۆمەرییەکان دەرکەوت.

زۆرێک لە بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان لەم ماوەیەدا لە شارەکانی سۆمەری و بەم شێوەیە دەرکەوتن (کیش: ٤ بنەماڵە، ئوروک: ٣ بنەماڵە، ئور: دوو بنەماڵەو یەک بنەماڵەبۆ هەریەک لە لەگەش، ئوما، ئیکشاک، ئوان، ئەدەب ، ماری، حەمازی ) و شارەکانی تری سۆمەری هەن کە بنەماڵەی فەرمانڕەوای تیا دەرنەکەوتن ، بەڵام ناوەندێکی ئایینی گرنگ بوون، وەک نیپوور-نوفەر(نفر)، شاری پیرۆزی سۆمەری، کە شاری خوداوەندی نەتەوەیی سۆمەریی ئینلیل بوو. هەروەها ، شاری ئێریدو شاری خوداوەند ئینکی و شاری سپار شاری خوداوەند ئوتو خوداوەندی خۆر و شارەکانی ئێشنونا و خفاجی و ئیسین و نینا...هتد.

شاری کیش دوای لافاو یەکەم بنەماڵەی سۆمەری لە باوەش گرت، هەرچەندە ناوی پاشاکانی ئەم شانشینە ئاماژە بوون بۆ ڕەچەڵەکی سامییان و ئەمەش نیشانەی سەرەتای سەرهەڵدانی کاریگەری سامییەکانە لە وڵاتی سۆمەر، کە لەگەڵ قۆناغی ئەکەدییەکان فراوانتر دەبێت و دواتر لە دوای لەشکرکێشی ئەمۆرییەکان لە وڵاتەکەدا زاڵ دەبێت، بەڵام شارستانیەتی کیش لەم قۆناغەدا لە تەیمانێکی سۆمەری بووە ،ڕەنگە بەناوبانگترین پاشای ئەم شانشینە پاشا (ئیتانا) بێت، کە لیستی پاشاکانی سۆمەری وەک شوان باسی دەکات و بەرز بووەتەوە بۆ ئاسمان و هەموو وڵاتەکانی جێگیرکردووە ، ئەفسانەیێکی جوانی لێ دەگێڕنەوە سەبارەت بە بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان بۆ بەدەستهێنانی ڕووەکی نەوەنانەوەی یارمەتی منداڵبوون دەدات چونکە نەزۆک بووە، بەرزبوونەوەی لەسەر پشتی هەڵۆیەک

بووە.لە بنەماڵە بەناوبانگەکانی سۆمەرییەکان یەکەمین بنەماڵەی ئوروک (الورکاء) بوو، کە بە ڕاستی  بە بنەماڵەی سەردەمی قارەمانێتی سۆمەری دادەنرێت، چەندان پاڵەوانی سۆمەری تێیدا دەرکەوتوون، کە چیرۆک و داستانیان لەبارەوە چنراوە ، ئەوانیش (میسکی گاشەر)، کە چووە دەریا و سەرکەوت بەسەر شاخەکاندا، پاشان کوڕەکەی (ئەنمەرکار)، کە ئوروکی دروستکرد و لەگەڵ (ئارتا)دا ململانێی کرد، دواتر کوڕەکەی (لۆگال بەندە) هات ، کە چەندان چیرۆکی لەسەر باس دەکرێن، چیرۆکی هاوشێوەی چیرۆکەکانی سیندباد، پاشان کوڕەکەی پاڵەوانی گەورە گیلگامێش (Gilgamesh) هات ، کە کۆتایی و لوتکەی سەردەمی پاڵەوانەتیی سۆمەرییە، بە داستانە ناسراوەکەی و چیرۆکە قارەمانییە دەگمەنەکانی بەناوبانگ بوو ، بوو بە تۆوی قارەمانێتی زۆرێک لە پاڵەوانە کۆنەکان.




وێنەی (٣) گیتاری ئور

لە ئور، بنەماڵەیێکی سۆمەری لە دەوروبەری ساڵی ٢٦٥٠ پێش زایین حوکمڕانی دەکرد،نووسینەکانی دەربارەی هەندێک لە پاشاکانی بە ئێمە گەیشتوون،جگە لەوەی کە لە (گۆڕە شاهانەییەکانی ئور) ئاشکرا بووین ((کە لەنێو زۆر شتی تردا شوێنەواری زێڕ و زیویان تێدایە.  کە لە کووپ و خەنجەر و کڵاو و گەردەنبەند و دەرزی و پەیکەرپێکهاتوون، کە هەندێکیان لە زێڕی پاک و هەندێکیان لە زیو و

بەردی بەنرخ دروستکراون، وەک لە گیتارەکاندا دۆزراونەتەوە، بەناوبانگترینیان لە بنەڕەتدا یازدە تاریان هەبوو، و لەسەر نیشانەی شاری ئور کە وێناکردنی دیمەنی شەڕێکە کە هێزی پیادە و گالیسکە بەشداری تێدا دەکەن، دیمەنێکی دیکەش ئاهەنگی بەدەستهێنانی سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکاندا لە ڕێگەی دیمەنەکانی دابەشکردنی خواردنەوە و ژەنینی مۆسیقاوە نیشان دەدات)) (عەلی، ١٩٨٣: ٧١).

لە کۆتایی سەردەمی بەرەبەیانی بنەماڵەکاندا ململانێیەکی ئابووری و سیاسی سەریهەڵدا بەهۆی ئاوی ئاودێری و زەوییە کشتوکاڵییەکان و سنوورەکانی نێوان دوو بنەماڵەی ڕکبەر لە لاگاش و ئوما، لە کۆتاییدا پاشای ئوروک کە لە بنەڕەتدا خەڵکی ئومە بووە، (لۆگال زاگازیزی) توانی بنەماڵەی لاگاش و پاشاکەی ئۆرو ئانێمکینا (ئوروکاگینا) لەناو ببات و ئەویش لە نێوان (٢٤٠٠-٢٣٧١) پێش زایین بوو.

## سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی

## (٢٣٧١پ. ز -٢١٥٤ پ. ز)

کاریگەری سیاسیی سۆمەرییەکان بۆ ماوەیەکی کاتی پاشەکشەی کرد، کاتێک سەرگۆنی ئەکادی دەستی بەسەر وڵاتی سۆمەردا گرت، بە کەڵک وەرگرتن لەو ڕک و کینەیەی کە لە وڵاتەکەدا زاڵ بوو لە بزووتنەوەی لوگال زاگیزی ،ئەوی وڵاتی سۆمەری کردە یەک دەوڵەتی ناوەندی ، سەرگۆنی ئەکادی ئەم دەوڵەتەی پاراست وسروشتێکی سامییانەی بە حوکومڕانییەکەی بەخشی، پاشان دەوڵەتەکەی فراوانتر کرد بۆ ئیمپراتۆریەتێکی گەورە کە بەشێکی گەورەی سوریا و ئاسیای بچووک و ئێران و کەنداوی عەرەبی لەخۆگرتبوو ، و ئەمەش بەو مانایەیە کە بە چوار ئاراستەدا فراوانتر بوو. .

ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی بە ئیمپراتۆریەتێکی ڕاستەقینە دەژمێردرێت لە مێژوودا. پایتەختەکەی شاری (ئەکاد) بوو، لە دوای سەرگۆنیش نارام سینی کوڕی هات، کە بۆ ماوەیەکی زۆر حوکمڕانی کرد و سەردەمەکەی پڕ بوو لە فراوانکاری، بەتایبەت لەگەڵ گەلە شاخاوییەکانی کە پێیان دەگوترا (لولوبۆ)، کەوا هەڕەشەیان لە ئیمپراتۆریەتەکە دەکرد . سەرگۆنیش یەکەم پادشایە ، کە خۆی بە (پاشای جیهان) ناودەبات و نیشانەی خوداوەندی خستووەتە پێش ناوەکەیەوە.

دوای ئەم پاشایە، پاشا لاوازەکان هاتن، کە بەهۆی بزووتنەوە یاخیبووەکان لە ناوخۆ و ناوچەکانی سەر بەئەوانەوە ماندوو بوون، تا ئەو کاتەی گوتییەکان کە لە ئەو هۆزانەدا بوون، کە لە ناوەڕاستی زاگرۆس لە ناوچەی هەمەدان نیشتەجێ بوون، توانیان ئیمپراتۆریەتی ئەکەدییەکان بڕوخێنن و بەشێک لە وڵاتانی سۆمەر و ئەکادیان گرتەوە بۆ ماوەی نزیکەی سەدەیەک (٢٢١١-٢١٢٠) پێش زایین و سەردەمەکەیان بە یەکەم قۆناغی تاریک (تێبینی:دیارە هاتنی گوتییەکانی وەک رزگارکەری سۆمورییەکان لەدەستی ئەکەدییەکان نابینێت وپەیوەندی نێوان گوتی سۆمەریان فەرامۆش دەکات)دادەنرێت لە مێژووی میزۆپۆتامیادا.

گوتییەکان لە شاری ئەرەبخا (کەرکوکی ئێستا)ەوە حوکمڕانی خۆیان بەسەر دۆڵی میزۆپۆتامیادا بەڕێوە دەبرد و سەرنجیان لەسەر شارەکانی ئەکەدی بوو، هەربۆیە شارەکانی سۆمەری بەتایبەتی باشوور، دوور لە کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەوان مانەوە و ئازادی سیاسی و بازرگانییان هەبوو. بۆ نموونە لە لگشدا، دووەم

شانشینی سۆمەری لەم شارەدا سەریهەڵدا و شازادە (گۆدیا) تێیدا دەرکەوت، کەنموونەیێکی سەرنجڕاکێشی بیناسازی و شارنشینی سۆمەرییەکان بوو. هەروەها سەرکردەیەکی سۆمەری (ئوتوحیگال) لە ئوروک دەرکەوت، کە ڕۆڵێکی گرینگی بینی و گوتییەکانی لە هەموو میزۆپۆتامیا دەرکرد و شکستی پێهێنان.

پێدەچێت سەرکەوتنی ئوتوحیگال بەسەر گوتییەکان  هاوکات بووبێت لەگەڵ مانگگیران لە وڵاتەکەدا و ئەوەش لە چواردەی مانگی تەممووزدا ڕوویداوە، ئەستێرەگەر(المنجمون) و پێوارزانان (والعرافون)ئەم ڕووداوە مێژووییەیان وەک خاڵێکی یەکلاکەرەوە وەرگرت و لە دەپەکانی پێوارزانیدا نووسیویانەتەوە، وەک چۆن لە یەکێک لە دەپەکانی پێوارزانیی سۆمەریدا هاتووە :

(ئەگەر مانگ لە چواردەهەمین ڕۆژی مانگی تەموزدا بگیرێت، ئەمە پێشبینییە بۆ پاشای گوتی: گوتییەکان لە شەڕدا دەشکێن و وڵات ئازاد دەبێت).


جگە لەوەش، پاشا ئۆتۆحیکال دەقێکی مێژوویی ناوازەی لەسەر نووسگە(رقیم)یەکی سۆمەری بۆ بەجێهێشتووین کە چیرۆکی سەرکەوتنی بەسەر گوتییەکاندا ڕوون دەکاتەوە و ئەمەش وەرگێڕانی هەندێک لە بڕگەکانیەتی: (بڕوانە عەلی، ١٩٨٣: ٨٠).((خوداوەند  ئینلیل(Enlil)، دەسەڵاتی دابە پاشای وڵاتان، پیاوی گەورە ئۆتۆحیکال Otuhekal ، پاشای ئوروکUruk، پاشای چوار لای جیهان، ئەو پاشایەی کە هیچ کەسێک سەرپێچی فەرمانی ناکات، فەرمانی پێکرد ناوی (گوتی) مارو دووپشکی  و چیاکان  لەناوببات  ، کە دەستی بەرامبەر بە خوداوەندەکان بەرزکردەوە ، کە پاشایەتی سۆمەری گواستەوە بۆ وڵاتانی بێگانە، و وڵاتی سۆمەری پڕکرد لە دوژمنایەتی،ئەوکەسەی  ژنی لەو کەسەی کە مێردی بوو دوورخستەوە، منداڵی لە باوانی دوورخستەوە ،   دوژمنایەتی و نافەرمانی لە وڵاتدا سەپاند.

لەو کاتەدا ئۆتوحیکال چووە لای شاژنەکەی کە مێخوداوەند  ئینانا بوو و بانگی کرد و وتی:ئای شاژنەکەم، شێرژنی جەنگ کە هێرش دەکاتە سەر وڵاتانی دەرەوە، خودا ئینلیل دەسەڵاتی پێداوم کە پاشایەتی سۆمەر بگەڕێنمەوە، بۆیە هاوپەیمانم بە لەم کارەدا.

پاشان ئۆتۆحیکال ، ئەو پاشایەی کە ئینلیل هێزی پێبەخشی و خوداوەند ئینانابە دڵ هەڵیبژارد، پیاوە گەورەکە، لە ئوروکەوە بەرەو شەڕەکە ڕۆیشت دژی (تریکان).

پاشان خۆشی خەڵکی ئوروک و خەڵکی کۆلابی داگرت و پیاوانی شارەکەی وەک یەک پیاو بن شوێنی کەوتن وپشتگیریان کرد.

لە ڕۆژی شەشەمدا ئۆتۆحیکال گەیشتە (کارکار) و لەبەردەم خوداوەندی ئەشکور و وەستا و وتی:ئەی خوداوەند ئەشکور، خوداوەندی گەورە ئینلیل چەکی پێداوم بۆیە یارمەتیم بدە لە ئەرکەکەمدا. گووتییەکان هێزەکانیان لەو شوێنە کۆکردبووەوە... بەڵام ئۆتۆحیکال، پیاوە گەورەکە، توانی شکستیان پێبهێنێت و سەرکردەکەیان بگرێت. پاشان (تریکان) هەڵات و پەنای بۆ شاری (دوبروم) برد، بەڵام پیاوانی (دوبروم) ترێکان و بنەماڵەکەی دەگرن و دەستبەندیان خستووەتە دەستیان.. و کاتێک تریکان هێنرایە بەردەم ئۆتۆحیکال، خۆی فڕێدایە بەر پێیەکانی ..بۆیە ئۆتۆحیکال پێی خۆی خستە سەر ملی... و بەم شێوەیە پاشایەتییەکەی گەڕاندەوە بۆ وڵاتی سۆمەر)).




وێنەی (٤) گۆدیا میری لەگش

## ئیمپراتۆریەتی سۆمەری

## (٢١١٣-٢٠٠٦) پێش زایین. م


ئۆتوحیگال دوای سەرکەوتنی هەوڵیدا شارەکانی سۆمەری یەکبخات و لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا کۆیان بکاتەوە ، ناکۆکی لە نێوان شارەکانیدا، لەگش و ئور سەریهەڵدابوو، بۆیە هەوڵیدا ئەم ناکۆکییە یەکلایی بکاتەوە، بەڵام فەرمانڕەوای شاری ئور ( ئورناممو) ئەم ئاشتەواییەی قبوڵ نەکرد، بۆیە لە حوکمڕانی ئۆتوحیگال جیا بووەوە، پاشان شەڕێک لە نێوانیاندا هەڵگیرسا، کە بە سەرکەوتنی ( ئور ناممو) کۆتایی هات ، کە بنەماڵەیێکی نوێی سۆمەری (بنەماڵەی سێیەمی ئور)ی دامەزراند، کە توانی شکۆمەندی سۆمەرییەکان زیندوو بکاتەوە و سۆمەر یەکبخات، پاشان کردیە ئیمپراتۆریەتێکی نوێ ، زۆربەی ئەو وڵاتانەی لە ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی ئەکەدیدا بوون گرتەوە.

پێنج پاشا لەم ئیمپراتۆریەتەدا حوکمڕانییان دەکرد (ئورنەممو، شولگی، ئامارسن، شوسین، ئەبی سین).

لەو سەدەیەدا کە ئەم ئیمپراتۆریەتە حوکمڕانی دەکرد، سۆمەرییەکان گەورەترین یاسا شارستانیەکانیان لە هەموو بوارەکاندا بە ئەنجام گەیاند و پایەکانی شارستانیەتێکی گەورەیان دامەزراند ،کە دەبێتە ناوچەیەکی تیشکدانەوە بۆ هەموو جیهانی کۆن.

شا ئورنەممو بە بەناوبانگترین و گەورەترین پاشای بنەماڵەی سێیەمی ئور دادەنرێت، لە زۆربەی شارەکانی سۆمەردا گرنگی بە بیناسازی و شارنشینی دەدا، وەک ئور، وەرکا، لەگش، نیپوور و ئێریدو، ڕەنگە بەناوبانگترین بیناسازییەکەی زیگوراتی پەرسگای خوداوەند( نانا) خوداوەندی مانگ بێت لە پایتەختی ئور.

ئورناممۆ بە یەکێک لە کۆنترین یاسادانەرەکانی مێژوو دادەنرێت، بەو پێیەی یاسا نووسراوەکەی بە زمانی سۆمەری گەیشتووە، کە هەستی دادپەروەری مرۆڤایەتی ئەوی دەرخستووە ،یاساکانی پێبژێریی-غەرامەی دارایی دەرکردووە، لەبری تۆڵەسەندنەوەی جەستەیی ، کە دواتر لە یاسای حەمورابی بووبە (چاوێک بە چاوێک) دەرچوو وتۆڵەسەندنەوەی جەستەیی بووبە یاسا .


الدين السومري

شكل ( ٥ ) الملك أورنمو مؤسس سلالة أور الثالثة.

١ . أمام إله القمر ( نانا ) يستلم رموز الملوكية.

٢ . خلف إله القمر ( نانا ) يحمل أدوات العمل.

وێنەی (٥) پاشا ئۆرنەمو، دامەزرێنەری سێیەم بنەماڵەی ئورو

١- لەبەردەم خوداوەندی مانگ (نانا)، هێماکانی پاشایەتی وەردەگرێت.


٢- لە پشت خوداوەندی مانگ (نانا) کەرەستەی کارکردنی هەڵگرتووە.


نیشانە سەرەتاییەکانی لاوازیی دەوڵەتی سۆمەری لەگەڵ دەستپێکردنی حوکمڕانی دوایین پاشا لە پاشاکانی (ئەبی سین) دەرکەوت، بەهۆی ئەو دۆخە ئابوورییە سەختەی کە وڵاتی سۆمەر پێیدا تێپەڕیبوو، یارمەتیدەر بووبۆ ڕووخانی ، ئەوکات بەرزبوونەوەی سوێری زەوییە کشتوکاڵییەکان و بەرهەمی کشتوکاڵی کەمیکردو گەورەیی ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتی سۆمەری و ناوچە دوورەکان ، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بێتوانایی بەڕێوەبردنیان لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە هەبوو. هەموو ئەمانە بوونەهۆی ئامادەکاری بۆ زەبرێکی توند ، کە لەلایەن ئیلامییەکانەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە و ئەمۆرییەکان Amorites لە ڕۆژئاواوەهات... وەک چۆن سومەر، بە شارە شارستانییەکانییەوە، سەرچاوە وجێی چاوتێبڕینی-تەماحی ئەم خەڵکە بوو.

هەر کە ئیلامییەکان و ئەمۆرییەکان سۆمەریان گرت ، ناکۆکییان کەوتەنێوان، بۆیە ئەمۆرییەکان ئیلامییەکانیان لە میزۆپۆتامیا دەرکرد و بوونە پاشای بنەماڵەی

نوێ و وڵاتە نوێیەکان، بەڵام سەرەڕای ئەوەش زمانی سۆمەریان بەکاردەهێنا... کولتووری سۆمەرییەکان بوو بە بنەمای کولتوری ئەمۆرییەکان ، ئەوسەردەمی پێی دەگوترا (سەردەمی بابلیی کۆن) ، کە حوکمڕانی بنەماڵەکانی ئیسین و لارسا و ئەشنوننا و بنەماڵەی بابلی یەکەمی لەخۆگرتبوو.کۆتایی سیاسیانەی سۆمەرییەکان لە دەوروبەری ساڵی ٢٠٠٦ پێش زایین بوو،لەگەڵ ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی سۆمەری، بەڵام کولتوری سۆمەری سەرچاوەیێکی گەورە بوو بۆ هەموو کولتوورەکانی میزۆپۆتامیا، و لەڕاستیدا بۆ هەموو کولتوورەکانی ناوچەکە و جیهان، چ لە نووسین، زانست، ئایین، هونەر، ئەدەب.. .هتد.کولتوری سۆمەری یەکەمین کولتوری مرۆیی ڕەسەن بوو کە تێیدا مرۆڤ و سروشت و کەلەپووری سەردەمی کۆن بەشدارییان لە پێکهێنانیدا کردووە... بۆیە ئەم کولتوورە سەرچاوەی هەموو کولتوورەکانی جیهانی کۆن بووە. ئایینی سۆمەری یەکەم ئایین بوو کە سیستەمی ئەفسانەیی و خوداوەندناسی و ڕێوڕەسمی ئاشکرا و دیاریکراو و یەکگرتووی هەبوو، زەمینەی تێکبەستراوی هەبوو ، کە یەکتریان دەوڵەمەند دەکرد و ڕیتمێکی تاکانە و ئاشکراو قووڵی لەناویاندا دروستدەکرد.

## شارە سۆمەرییەکان




Eshnunna
Tutub
Der
Rapiqum
Sippar
Akshak
Kutha
Kid-nun
Babylon
Kish
Larak
Barsippa
Marad
Bilbat
Nippur
Pazurish-Dagan
Isin
Kissura
Shuruppak
Adab
Lagash
Urukag
Umma
Girsu
Nina
Bad Tibira
Kutallu
Uruk
Larsa
Ur
Eridu

| ژمارە | ناوی سۆمەریی شارەکە | ناوی نیستای شارەکە | خوداوەندی سۆمەری | واتای |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| 1 | سپار ),) Sippar Zimbir | ئەبو حەبیبە(تل ابو حبیبە-یوسفیە-بغداد)- | نۆتۆUTU | خۆر |
| 2 | کیش Kish | گردی نیحیمەر-تل احیمر | ننخرساگ NINHURSAG(خانمی زەوی)(کی-KI)- | زەوی (خوداوەندی دایک). |
| 3 | نیکشاک Akshak | | نینلیلENLIL | هەوا |
| 4 | لاراک ( Larak (or Larag | نارک | پابیل -ساگ Pabilsag +ننسینا | جیهانی ژێرزەوی + شیفا. |
| 5 | شروپاک Shuruppak | فارە | نینکی ENKI | ئاو |
| 6 | نیپور Nippur | نفر(نوففەری تازە لە شاری عەفج) دیوانیە | نینلیل | هەوا |
| 7 | کوثی | گردی نیبراهیم ،شاری کوت-تل ابراهیم- الکوت | نرگال NERGAL- | جیهانی ژێرزەوی. |
| 8 | ئەدەب(Adab )- | بە سمایە (Tell Bismaya) لە پارێزگای زیقار | ننخرساج –Ninhursag | زەوی |
| 9 | نوما Umma | تل جۆخا Jokha (لە پارێزگای زیقار)- | شارا | جەنگ |
| 10 | لەگش Lagash | ( الهیبە)ی لە پارێزگای زیقار (ذیقار)(تلو)لەدووری ٢٢کم لە شاری (الشطرە) | نخرسو Ningirsu- | باهۆز |
| 11 | پادتیپیرا -Bad – tibira | تەل مەدینە،لەنێوان (الشطرە)و (تل السنکرە،لارسای کۆن)- | دموزی DUMUZID | لەوەڕگەی وپیت وفەڕ |
| 12 | نوروک Uruk | دەکەوێتە دووری ٣٠ کم ی ڕۆژهەڵاتی (السماوە- لە پارێزگای (المثنی) | نینانا INANNA - آن Anu | الزهرە، السماء |
| 13 | لارسا Larsa | - سانکارا نۆتۆ -خۆر. ( سنکرە) دەکەوێتە دووری ٢٥ کم ی ڕۆژهەڵاتی (ڕوروک) لە پارێزگای زیقار). | | |
| 14 | نور Ur | (دەکەوێتە شوێنی تەل المقیار (تەل المقیر)ی تازە لە باشووری عێراق، پارێزگاری زیقار) | - نانا NANNA | مانگ |
| 15 | ئەریدۆ Eridu | تەل ئەبو شەهرین | نینکی | ئاو (پەندزانی - حیکمەت). |

ژماره - ناوی سۆمەریی شارەکە- ناوی ئێستای شارەکە- خوداوەندی سۆمەری – واتای:

١- سپارZimbir ) ,) Sippar - ئەبو حەبیبە(تل ابو حبیبە-یوسفیە-بغداد)- ئۆتۆUTU –خۆر.

٢- کیش Kish - گردی ئیحیمەر- ننخرساگ NINHURSAG(خانمی زەوی)(کی-KI)- زەوی (خوداوەندی دایک).

٣- ئیکشاک Akshak – - ئینلیلENLIL - هەوا.

٤- لاراک ( Larak (or Larag - ئارک –( پابیل -سانگ Pabilsag +ننسینا - جیهانی ژێرزەوی + شیفا.

٥- شروپاک Shuruppak -فارە- ئینکی ENKI- ئاو .

٦- نیپور Nippur –نففر(نوففەری تازە لە شاری عەفج) دیوانیە- ئینلیل- هەوا .

٧- (کوپی) گردی ئیبراهیم ،شاری کوت - نرگال NERGAL- جیهانی ژێرزەوی.

٨- ئەدەب(Adab )- بە سمایە (Tell Bismaya) لە پارێزگای زیقار - ننخرساج Ninhursag– زەوی.

٩- ئوما Umma - تل جۆخا Jokha (لە پارێزگای زیقار)- شارا- جەنگ.

١٠- لەکش Lagash–( الهیبە)ی لە پارێزگای زیقار (ذیقار)(تلو)لەدووری ٢٢کم لە شاری (الشگرە) - ننخرسو Ningirsu- باهۆز.

١١- پادتیپیرا Bad-tibira – تەل مەدینە،لەتێوان (الشطرە)و (تل السنکرە،لارسای کۆن)- دموزی DUMUZID - لەوەڕگەی وپیت وفەڕ).

١٢- ئوروک Uruk دەکەوێتە دووری ٣٠ کم ی رۆژهەڵاتی (السماوە- لە پارێزگای (المپنی))) ئینانا INANNA - آن Anu -الزهرە، السماء)

١٣- لارسا Larsa - سانکارا -ئۆتۆ –خۆر. ( سنکرە) دەکەوێتە دووری ٢٥ کم ی رۆژهەڵاتی (ڕوروک) لە پارێزگای زیقار).

١٤- ئور Ur (دەکەوێتە شوێنی تەل المقیار (تەل المقیر)ی تازە لە باشووری عێراق، پارێزگاری زیقار) - نانا NANNA– مانگ.

15- ئەریدۆ Eridu –تەل ئەبو شەهرین –لە باشووری ڕۆژئاوای شاری ئورەوە دوورە (ناسریە) (الناصریة).

# ئەریدۆ Eridu –تەل ئەبو شەهرین –تل ابو شهرین









شێری ئێریدو
لە ساڵی ١٨٥٥ لەلایەن ئەفسەری بەریتانی نایلۆرەوە دۆزرایەوە دوای ئەوەی دانیشتوانی ناوچەکە شوێنەکەی پیشاندا کاتێک نەیتوانی بیگوازێتەوە، بەخاک سپێردرا و لە ساڵی ١٩٤٧دا هەڵکەندراوە، لەوێدا لە وێنەکەدا د. ناجی الاسیل(د. ناجي الأصيل)، بەڕێوەبەری شوێنەوارە کۆنەکانی عێراق، کڵاوێکی لەسەردایە و لە پشتیەوە شوێنەوارناسەکە، کاک فواد سەفەر، کۆپی دووەمی شێرەکە لە شوێنەکەدا هەیە، شێری ئێریدو لە بەردی بازاڵت هەڵکەندراوە و مێژووەکەی لە نێوان ساڵانی ٣٥٠٠ - ٣٠٠٠ پێش زایین دانراوە




گۆلی تەنیشت پەرسگە -نیوە بازنە ڕەشەکەبۆ پاک بوونەوەیە



خوداوەند (ئینکی -ئئیا) گۆزەی ئاوی فیچقەکردووی لەدەستە پێلەکانی ئاوی دجلەو فوراتن لە شوێنی خۆی لە ئابسو دانیشتووە و وەزیرەکەی ئیسمود لە پێشی وەستاوە ودووپاسەوان دەرگاوانن - لخمو


ئێریدو (بە سۆمەری: NUN.KI/eridugki؛ بە ئەکەدی: irîtu)، شارێکی کۆنی عێراقییە کە وێرانەکانی دەکەوێتە سەر گردێک کە ئەمڕۆ بە ناوی تەل ئەبو شەهرین(تل أبو شهرين)، نزیکەی حەوت میل (نزیکەی ١٢ کم) لە باشووری ڕۆژئاوای شاری ئورەوە دوورە (ناسریە) (الناصرية). لە زمانی سۆمەریدا، وشەکە بە واتای شوێنێکی گەورە دێت، دەکەوێتە باشووری میزۆپۆتامیا لە

پارێزگای زیقاری ئێستادایه، ئێریدو به شێوەیەکی نەریتی بە سەرەتاییترین شاری باشووری میزۆپۆتامیا دادەنرێت بە پشتبەستن بە لیستی پاشاکانی سۆمەری.


شارەکانی سۆمەری لە دەوری پەرستگاکان گەشەیان کردووە و فراوانتر بووین. ئێریدو لە بینای خشتی قوڕ پێکهاتبوو ،لەگەڵ گەشەکردنی پەرستگاکان گوندەکەش گەشەی کردووە ، بنیاتنانی شارەکە فراوانتر و فراوانتر بوو .

شوێنەوارناسەکان لەوباوەڕەدان ، ئێریدو یەکێک بووە لە یەکەمین شارەکانی سۆمەری و ڕەنگە مێژووی دروستکردنی بۆ پێنج هەزار ساڵ پێش زایین بگەڕێتەوە. شارەزایانی شوێنەوار لە ساڵانی چلەکاندا کۆمەڵێک هەڵکۆڵینیان ئەنجامدا بۆ هەڵکەندنی شارە دێرینەکە. خوداوەندەکانی شارەکانی ئێریدو بریتی بوون لە ئێنکی و هاوسەرەکەی دامکینا. ئینکی کە دواتر بە ئیا (إياEa ) ناسرا، بە دامەزرێنەری شارەکە دادەنرا. پەرستگاکەی ناوی ئی-ئەبزو E-Abzu بوو، چونکە پێیان وابوو ئێنکی Enkiلە ئەبزو Abzu دەژی، کەئەم ناوەندە ئاوییەیە کە وا بیردەکرایەوە هەموو ژیانێک لێیەوە سەرچاوەی گرتووە. بە پێی سروودەکانی پەرستگای سۆمەریەکان ناوێکی دیکەی پەرستگای ئێا/ئەنکی ناوی عیسیرا (ئەسیرا) بووە.

# ئور Ur Kasdim(المگیر)






تابلۆی دیواری لە ئورەوە، ٢٥٠٠ پێش زایین؛ مۆزەخانەی بەریتانیا



ژنێکی ڕووتی سەرمارمێلکە -منداڵێک شیر دەدات، لە ئور، سەردەمی ئوبەید، ج. ٤٥٠٠-٤٠٠٠ پێش زایین؛ مۆزەخانەی عێراق





The name 𒋀𒀊𒆠 $URIM_5^{KI}$ for "Country of Ur" on a seal of King Ur-Nammu

ئور Ur Kasdim،یا Ur of the Chaldeans ،شار-دەوڵەتێکی گرنگی سۆمەری بووە لە میزۆپۆتامیای کۆن، دەکەوێتە شوێنی: تَلّ ٱلْمُقَيِّر، بە واتای 'تەپۆڵکەی قیر') لە دی پارێزگای زیقار ، باشووری عێراق. هەرچەندە ئور سەردەمانێک شارێکی کەنار دەریا بووە لە نزیک فورات لەسەر کەنداوی فارس، بەڵام کەنارەکانی گۆڕاوە و ئێستا شارەکە لە ناوخۆدایە، لە کەناری باشووری فورات، ١٦ کم (١٠ میل) لە پارێزگای ناسریە-الناصریە دوورە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوبەید (٥٠٠٠-٤١٠٠ پێش زایین) لە ٣٨٠٠ پێش زایینی بووە شارێکی تەواو - تا ساڵی ٤٥٠ پێش زایین. ، و لە مێژووی


نووسراودا وەک شارەدەوڵەتێک لە سەدەی ٢٦ی پێش زایینەوە تۆمارکراوە، یەکەم پاشای تۆمارکراوی پاشا توتوس بووە.

خوداوەندی پارێزەری شارەکە نانا Nanna بوو (بە زمانی ئەکەدی، سین Sin)، خوداوەندی مانگی سۆمەری و ئەکەدی، ناوی شارەکەش لە بنەڕەتدا لە ناوی خوداوەندەکەوە وەرگیراوە، UNUGKI، کە بە واتای "شوێنی نیشتەجێبوون (UNUG)ی نانا".شوێنەکە بە وێرانەکانی زیگوراتی ئور کە بەشێکی نۆژەن کراوەتەوە، کە مەزارگەی نانا لەخۆدەگرێت، پەرستگاکە لە سەدەی بیست و یەکەمی پێش زایین (کورتی کرۆنۆلۆژیا)، لە سەردەمی ئور-నاممو Ur-Nammuدروستکراوە و لە سەدەی شەشەمی پێش زایین لەلایەن نابۆنیدۆس Nabonidus، دوا پاشای بابلەوە بنیات نراوەتەوە.

## ئوروک Uruk(الوركاء)



بنیادنانەوەی دیجیتاڵی پەرستگای سپی White Temple, و زیگورات ziggurat ، ئوروک ، ٣٥١٧-٣٣٥٨ پ.ز



ئەم پاشا-پێشگۆیە و هاوڕێکەی خۆراک به مەڕەکانی پەرسگە دەدەن. سەردەمی ئوروک، نزیکەی ١٩٩٠. ٣٢٠٠ پێش زایین

ئوروک Uruk ( دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کەناری ڕووباری فورات، نزیکەی ٣٥ میل دووره له شاری ئور و نزیکەی ٣٠ کم له ڕۆژهەڵاتی سەماوه-السماوة دووره ، پارێزگای موتەننا-المثنی له عێراق.

شاری ئوروک بە یەکێک لە ناوەندە شارستانییەکانی بەرایی جیهان دادەنرێت، کە لە سەرەتای سەردەمی برۆنزیدا دەرکەوتووە، نزیکەی 4000 ساڵ پێش زایین نووسین لە شاری ئوروک داهێنراوە، لەم شارەشەوە یەکەم پیت لە جیهان دەرکەوت، لە دەوروبەری ساڵی ٣١٠٠ پ. ئوروک لەو سەردەمەدا ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە جیهاندا، پێش نزیکەی ٢٩٠٠ پ.ز هەروەها گیلگامێش لەم شارەدا دەرکەوت، هەروەها لەو شوێنانەی کە گڵینەی نەخشێنراو لەسەر (چەرخی گڵینەسازی) دروست دەکرا. هەروەها قاپی کانزای دروست دەکرا. شارستانیەتێک لەوێ سەریهەڵدا کە نووسینی میخی دەزانی، کە پێکهاتبوو لە وێنەی سادەی شتەکان لەسەر دەپە گڵینەکان، کە تێیدا ڕێنووسی میخی پەیڕەو دەکرا. شاری ئوروک بەردەوام بوو لە پاراستنی پێگەی خۆی وەک شارێکی ئایینی و ناوەندێک بۆ پەرستنی خوداوەندی ئیشتار کە خوداوەندی خۆشەویستی و شەڕە، پەرستگاکانی تایبەت بوون بە پەرستنی خوداوەندی ئیشتار، بۆیە شارەکە جۆرێک لە پەرستنی خوداوەندی ئیشتارو پیرۆزیی پاراست. بەڵام دوای ئەوە شارەکە لە دەوروبەری ساڵی ٢٠٠٠ پ جیهانی کۆن پشتی بە ڕەوتی ڕووبارەکان بەستبوو، شارەکە جێهێڵرا و دوای ئەوە خەڵکی تێدا نەما.

# گرعوبێد (تل العبید )AL- UBIAD




تەل ئەلعوبەید AL- UBIAD دەکەوێتە باشووری عێراق و شەش کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای ئورەوە دوورە و نزیکە لە شاری ناسریە-الناێریە، نێردەی بەریتانی لە ساڵی ١٩١٩ هەڵکەندنی تێداکرد وەک لە ئور و شوێنەواری و گڵینەیان لەسەر ڕووی دۆزیەوە کە بەهۆی توند سووتاندنی و ڕەقییەکەیەوە جیاکرایەوە، مێژووەکەی بە نزیکەیی (٤٠٠٠-٣٥٠٠ پێش زایین) ناسرابوو گڵینەکانی بە ئەلعوبەید ناسران، بەکارهێنانی چەرخی گڵینەیازی دروست دەکران و زۆربەیان بە هێڵی ڕەشی فراوان بۆیاخ کرابوون ، شێوەی ئەندازەیی وروەکی وئاژەڵی هەبوو.

# نیپوور- نوففەر (نفر )Nuffar






وێرانەکانی
سەکۆیەکی
پەرستگایەک
لە نیپور-
پێکهاتەی
خشتی
سەرەوە
لەلایەن
شوێنەوارناسە
ئەمریکییەکانە
وە لە
دەوروبەری
ساڵی ١٩٠٠
در وستکر اوەتە




تابلۆیةکی هةڵکۆڵدراوی پەرسکاران ، نیپور

نوفەر Nuffar بە سۆمەری Nibru یان نیپور Nippur قەزایەکی عێراقییە و دەکەوێتە ناوچەی فوراتی ناوەڕاست لە پارێزگای دیوانییە، و لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە قەزای عفگە، پایتەختی ئایینی سۆمەریەکان و بابلییەکان بوو، و دەکەوێتە ٧ کم لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری عفگ (القادسية- الديوانية)، کە دەکەوێتە ١٧٥ کم لە باشووری بەغداوە. دەکەوێتە کەناری ڕاستی چەمی فوراتی کۆن. کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری نیلی لەناوچوو. پیرۆزییەکەی لەوە سەرچاوە دەگرێت کە پایتەختی ئایینی و شوێنی دانیشتنی خوداوەندە ئینلیل Enlil نینلیل ی هاوسەری بووە .کورسی خوداوەند (ئەنو)ە، کە لە رەوازانیی حەمورابیدا باسی لێوە کراوە.

# شورو‌پاک Shuruppak



الباحث الاثاري عامر عبد الرزاق ونبذه عن موقع شورباك [illegible](تل فاره)



شوێنی ئەو شارە دێرینە ناوی ( شوروپاک Shuruppak ) ە (بە سۆمەری: SU.KUR.RUki ،Šuruppag KI) "شوێنی چاکبوونەوە" ، نشینگەی پاڵەوانی لافاوەکەی بابل، "ئوتو-نێپشتیم"، ئێستا بە ناوی تەل فارە(تل فارة) Tell Fara ناسراوە،دەکەوێتە نزیکەی (٦٤ کم) لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری دیوانیە لە عێراق.


شارێکی کۆنی سۆمەرییە و نزیکەی ٥٥ کیلۆمەتر (٣٥ میل) لە باشووری نیپور و ٣٠ کیلۆمەتر لە باکووری ئوروکی کۆن لە کەناراوەکانی فورات هەڵکەوتووە لە پارێزگای ئەلقادیسیە(دیوانیة) عێراق. شوروپاک تایبەت بوو بە مێخوداوەند نینلیل Ninlil کە پێی دەوترێت سود Sud ، مێخوداوەندی دانەوێڵە و هەوا.

ناسینەوەی شوێنەکە سەرەتا وەک شوروپاک Shuruppak لە دەپێکی گڵینی سەردەمی ئور سێیەمەوە هاتووە کە باسی هەلادا Haladda ، کوڕی دادا Dada ، پاتێسی شوروپاک Shuruppak (SU.KUR.RUki)، نووسراوە سەردەری دەروازەی گەورەی خوداوەند شوروپاکی چاککردۆتەوە، لە نێوان دۆزراوەکانی تردا، ٨٤٧ دەپی مێخی و ١٣٣ پارچەی دەپی لە سەردەمی سەرەتای بنەماڵەی سێیەم کۆکراونەتەوە، کە لە مۆزەخانەی بەرلین و مۆزەخانەی ئەستەنبوڵن. دەقی کارگێڕی و یاسایی و وشەنامەیی و ئەدەبییان لەخۆگرتبوو. زیاتر لە ١٠٠ لەو دەپانە باسیان لە خەرجکردنی بەشەخۆراک بۆ کرێکاران دەکرد.

شوروپاک لە سەردەمی جەمدەت نەسر، نزیکەی ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین بووبەشار، دوای دابەزینی ئاوی لافاوەکە، لە کۆتاییەکانی شانشینی سێیەم لە ساڵانی (٢٦٠٠-٢٣٥٠ پێش زایین) بووە شارێک و ڕووبەرەکەی نزیکەی ١٠٠ هێکتار بوو، بەڵام لەو کاتەدا ئاگرێک کەوتەوە و وێرانکارییەکی زۆری لێکەوتەوە و دیوارەکانی سووتاند، بەڵام ژمارەیەکە کەمی دانیشتوان ڕزگاریان بوو. ناوی دوو پاشای ئەم شارە لە لیستی پاشاکانی سۆمەریدا هاتووە، لەوانە ئوبارا-تاتو، کە دوا پاشای شروباک بوو پێش لافاوەکە لە داستانی گیلگامێشدا ناوی پاشا ئوتاناپشتیم، کوڕی ئوبارا-تاتو دەرکەوتووە ، کە بە هەمان شێوە پێی دەگوترا زیوسدرا و پێدەچێت ئەم بەشەی گیلگامێش لە دەقە ئەدەبییەکی دیکەوە وەرگیرابێت کە بریتییە لە ئەفسانەی ئەتراحاسیس. ئاماژە مێژووییەکان کە لە دەقە مێخییەکاندا هاتووە، ئاماژە بەوە دەکەن کە "شروباک" یەکێک بووە لەو ناوەندانەی کە لە سەردەمی بەرەبەیانی بنەماڵەکاندا گەشەی کردووە و یەکێک بووە لەو پێنج شارانەی کە بنەماڵەیێکی پاشاکان لە سەردەمی پێش لافاوەکەدا حوکمڕانییان تێدا کردووە.

لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا کۆمەڵەیەکی گرنگی مۆری لوولەیی دۆزرایەوە ، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەرەبەیانی بنەماڵەکانی دووەم، و ئەو دیمەنانەی تیادا نمایش دەکرێن زیاتر ناکۆکی و ململانێی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ و

دیمەنەکانی بەلەم  هاژۆشتن نیشان دەدەن، کە تێیدا خوداوەندەکان دەپەڕنەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە بۆ ئاهەنگگێران بە جەژنەکان دیاری کراون.






Suruppak

یەکێک لەو دۆزینەوە گرنگانەی کە دۆزرایەوە بریتیە لە کۆمەڵێک مۆری گڵینیی کۆن کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەرەبەیانی بنەماڵەی سێیەم ،بریتییە لە تۆماری داهاتەکانی پەرستگاکان ، هەندێکیشیان مەشقی قوتابخانە بوون، لەوانە خشتەی بەهاکانی نیشانە مێخییەکان و دەنگەکانیان بەم شێوەیە، کۆنترین فەرهەنگن لە مێژوودا.

لە ڕاپۆرتی هەڵکەندنی ساڵانی ١٩٣٠دا باس لە چینێک لە نیشتەنییەکانی لافاو دەکات لە کۆتایی سەردەمی جەمدەت نەسر لە شوروپاک، شوروپاک لە ئەفسانەی میزۆپۆتامیادا یەکێکە لە شارەکانی "پێش لافاو" و ماڵی شا ئوتناپیشتیمە، کە پێشتر بە دروستکردنی بەلەمێک لە لافاوەکە ڕزگاری دەبێت.

"شروپاک" Shuruppak هەندێک جار ناوی پاشایەکی شارەکەشە، ڕزگاربووی ئەفسانەیی لە لافاوەکە و گوایە نووسەری:

**ڕاسپاردەکانی شوروپاکە Instructions of Šuruppak "**

دەقەکە پێکهاتووە لە وتەی ئامۆژگاری شوروپاک کە ئاراستەی کوڕەکەی و دواجار پاڵەوانی لافاو زیوسودرا [Ziusudra](#) (ئەکادی: ئوتناپشتین [Utnapishtin](#)) کراوە.

ڕاسپاردەکان لە دەمی پاشا شوروپاک (SU.KUR.RUki) کوڕی ئوبارا-توتو دادەنراوە. ئوبارا-توتو Ubara-Tutu لە زۆربەی لیستی پاشاکانی سۆمەردا وەک دواپاشای سۆمەری پێش لافاوەکە تۆمار کراوە.  ئوبارا-توتو بە کورتی لە دەپی یازدەهەمی داستانی گیلگامێشدا Gilgamesh بە کورتی باسکراوە، کە تێیدا وەک



MS 3396
Instructions of Shuruppak, proverb collection. Sumer, ca. 2600 BC

باوکی ئوتناپشتیم Utnapishtim ناسراوە، کارەکتەرێکە لەلایەن خوداوەندی سۆمەری ئینکی - ئیا Ea ڕێنمایی دەکرێت کە کەشتییێک دروست بکات بۆ ئەوەی لە لافاوەکەی داهاتوو ڕزگاری بێت. مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زایین، لە کۆنترین ئەدەبیاتەکانی ماونەتەوە دەژمێردرێن .

( تەها باقر، پێشەکی مێژووی شارستانییەتە کۆنەکان، چاپی یەکەم، ل ٢٩٨_٢٩٩ .)

لە پێشەکی د.خەزعەڵ ماجیدی هاتووە:

ئەم شارە (شروپاک) تایبەت بوو بە پەرستنی مێخوداوەندی (نینلیل)، هاوسەری خوداوەندی نەتەوەیی سۆمەری (ئینلیل)، خوداوەندی هەوا، هەروەها خوداوەندی هەوا و خوداوەندی دانەوێڵە.



Ninlil

شاری شوروپاک دوایین شار بوو کە پێش لافاوەکە پاشایەتی تێیدا دامەزرا، وا دیارە سێ پاشا حوکمڕانی ئەم شارەیان کردووە، ئەوانیش (ئوبارا-توتو، شوروپاک و زیو-سیدرا)، هەرچەندە تۆماری پاشاکانی سۆمەری تەنیا یەک پاشا دەسەلمێنێت ، (ئوبارا-توتو)، و ئەم ناوە بە واتای (پڕ-ژیری ودانایی) دێت و ئاماژە بەوە دەکات کە شاری شوروپاک شاری ژیری ودانایی وحیکمەتە، و باوەڕ وایە کە خواوەندی حیکمەت (توتو)ی تێدا پەرسترابێت ، کە بە بۆچوونی ئێمە (توت) یان



پوختەی ژمێرکاری زیو بۆ پارێزگار بە میخی سۆمەری لەسەر دەپێیکی گڵین نووسراوە. لە شوروپاک، عێراق، نزیکەی ٢٥٠٠ پێش زایین. مۆزەخانەی بەریتانی، لەندەن.

(طوط)ە، کەبووەتە (تحوت)ە کە لەگەڵ ژیری ودانابیدا چووەتە میسر و بووە بە خوداوەندی ژیری ودانایی حیکمەت و نووسین لەوێ.

ئەمەیە کە ئێمە وەک پشتگیری لە دیدگاکەمان دەیبینین، کە دەڵێت سەرەتاکانی نووسین و ژیری ودانایی -حیکمەت و شارستانیەت لە سۆمەرەوە بەرەو میسر گواستراوەتەوە و لەوێ بە ئاوەزو و کەرەستەی میسری بەردەوام بووە.

بەم شێوەیە شوروپاک، جگە لە شارەکانی دیکەی سۆمەری، ئەوە شاری ژیری ودانایی و حیکمەت پێش لافاو. ڕوون بووەوە کە شارەکە ناوی خۆی لە ناوی پاشا و ژیرمەند-حەکیمەکەیەوە وەرگرتووە (شروباک)، شاری شوروپاک بووەتە شارێک بۆ هەڵگرتن وئەمبارکردنی دانەوێڵە، بەو پێیەی شاری سایلۆکانی خۆراک

بووه لە سەردەمی جەمدەت نەسر لە دەوروبەری ٣٠٠٠ پێش زایین ، کاتێک ڕووبەری نزیکەی ١٠٠ هێکتار بوو، لەم ماوەیەدا بەهۆی ئاگرێکی گەورەوە لەناوچوو کە بەشێکی زۆری دیوارە گڵینییەکانی و دیوارە خشتییە قوڕینەکانی سووتاند، کە لە هەمان کاتدا بۆ هەزاران ساڵ پاراستی.

لە داستانی لافاوەکەی بابلدا ناوی (زێو-سیدرا)ی لەگەڵ ناوی (ئەتراحاسیس) هاتووە وەک هاوواتای پاڵەوانی لافاوەکەی بابلی (ئۆتۆناپیشتیم) کە لە داستانی گیلگامێشدا ئاماژەی پێکراوە ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەتراحاسیس ناوێکی دیکەیە، ڕەنگە ئەکەدی بێت، بۆ زیو-. سیدرا، لە کاتێکدا ئاتوناپشتیم وەرگێڕانێکی بابلییە بۆ ناوی سۆمەری زیو-سیدرا.

ناوی ئەتراحاسیس ئاماژەیە بۆ ژیری ودانایی وحیکمەت، بەو پێیەی مانای وشەیی (ئر-هەستیاری)ە، بە واتای (ئرِ ژیری وئەندیاری) هەموو ئەم سیفەتانە پشتگیری لە دەقی وئەندیاری- حیکمەت دەکەن کە ئێمە باسی دەکەین،شایانی ئاماذة ثێکردنة (ئر-هەستیاری) لە ناوی (ئۆپرا - توتو)یشدا هەیە، چونکە توتو ئاماژەیە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، خوداوەندی توتو یان تحوت، خوداوەندی ئەندیاری-حیکمەت،ئەوةی بە ڕەچەڵەک سۆمەرییە و بە هەمان ناوەوە طوێزراوةتەوة و ڕووی لە میسر کردووە ( تحوث)، ئەوةیش هاندەری گریمانەی بنەچەی سۆمەری بوونی شارستانیەتی میسرییە بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت، ئەمە جگە لەو بەڵگە زۆرانەی کە لە کتێبەکانماندا لەسەر ئەم بابەتە باسمان کرد.

دەقەکە وەک وتمان لە ڕێگەی بابەتی کردارییەوە داوای چاکە دەکات وەک: نابێت کێڵگەیێک بخەیتە سەر ڕێگای گشتی، چونکە خەڵک کاتێک تێدەپەڕن لەناوی







Sumerian King List, 1800 BC, Larsa, Iraq

دەبەن ،نابێت یاری بە هەستی ئافرەتێکی شوودار بکەیت، چونکە ئەنجامەکەی مەترسیداردەبێت، یا رەخنە بگریت لە بیروڕای گشتی بە بوختان و جنێو و هتد.

- بەشەکانی دەق، دەقەکە بەسەر سێ بەشدا دابەشکراوە:

١. بەشی یەکەم (لە دێڕەکانی ١-٧٥):

هەریەک لە سێ بەشەکەی دەقەکە بە سەربەندێکی دووبارەبووەوە دەست پێدەکات ،بەخشینی وەسیەتنامەکان لەلایەن شروباکەوە بە کوڕەکەی ڕوون دەکاتەوە، وەک ئەوەی ئەمە لە سێ قۆناغدا ڕوویدابێت یان وەک ئەوەی لە سێ قۆناغدا نووسرابێت، بەڵام بەشی یەکەم بابەتەکە بە شێوازێکی گێڕانەوەیی باسی بابەتەکە دەکات، پێش دووبارەبوونەوەی سەربەندەکە ، وەک چۆن ئەو ڕۆژە کۆنانەی بیردەخاتەوە کە تێپەڕیون، و لە سەرەتای چیرۆکە میللییەکان دەچێت، کە بە هەزاران ساڵ دوای ئەو هاتووە و وەرگێڕانی وشەیی دەقەکە دەڵێت (لە ڕابردوودا... لەو ڕۆژە سەخت و دوورانەدا... هتد)، کە هاوتەریبە لەگەڵ وشە بەناوبانگەکەی (هەبوو نەبوو.. . ڕۆژێک لە ڕۆژان... هتد).

ڕێنوێنییەکانی بەشی یەکەم و سێیەم بە بوونی سەرسەختی ئامرازی قەدەغەکار (نەخێر) دەناسرێنەوە، ئەنجامدانی زۆرێک لە کارەکان کە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن قەدەغە دەکات، لە زۆربەی ئەم ڕێنوێنیانە جەخت لەسەر وریایی و وردبینی دەکەنەوە لە دروست مامەڵەکردن لەگەڵ کاروبارەکانی ژیاندا

بەشی دووەم (لە دێڕەکانی ٧٦-١٤٥):

شێوازی بەڕێوەچوونی ئەم بەشە جیاوازە لە شێوازی دوو بەشەکەی تر و هەرچەندە هەندێک دێڕ نەماوە، ئەمەش کەمێک ماناکە دەشێوێنێت، بەڵام دەتوانین لە بەستێنی بابەتەکە بزانین کە هۆشداری دیکە هەیە پەیوەندی بە خواردنەوەی مەی هەیە، نادادپەروەری لە پێدانی کرێی جێگەی قامیشین و نان، و هۆشداری سەبارەت بە دوورکەوتنەوە لە چاوچنۆکی و بەڕێوەبردنی کۆشک و ماڵ بە لێزانی، و مامەڵەکردنی واقیعیانە لەگەڵ ژیاندا (ئاسمان دوورە، زەوی بەنرخترینە).

3 . بەشی سێیەم (لە دێڕەکانی ١٤٦-٢٨٠):

جۆرێکی تری قەدەغەکردنە سەبارەت بە بەدەستهێنانی خزمەتکار وگەشتکردن و گوێگرتن لە خوشک و برا گەورەکان و هاندانی هاوسەرگیری و مامەڵەی خواپەرستانە لەگەڵ ئەوانی تردا بەدواداچوون بۆ قەدەغەکردنەکە دەکات و سروشتەکەی ڕوون دەکاتەوە.

لەم ماوەیە دوور و درێژەدا ڕاسپاردەکانی شوروپاک وەک بنەمای ئەو فێرکاری و ڕاسپاردانە مانەوە کە بنەمای ئەدەبیاتی پەندزانی -حیکمەت بوون لە میسردا و هەندێکیان بەپێی ئەو کات و شوێنەی هەبوون دەستکاری کران و زیاد کران و هاتنە سڕینەوە.

ڕاسپاردەکانی شوروپاک

The Instructions of Shuruppak



٤. وەرگێڕانی دەقی ڕاسپاردەکانی شرۆپاک

بەشی یەکەم(لە دێڕی ١-٧٥)

لە ڕابردوودا،

لە  ئەوان ڕۆژانی دووردا

لە  ئەوان شەواندا،

لە  ئەوان شەوانی دووردا

لە ئەوان ساڵاندا ،لەئەوان ساڵانی دووردا ،پەندزانێک لەسەر زەویدا هەبوو,دەیزانی چۆن بە ڕەوانی بدوێت.

کوروپاگ (Curuppag))(واتە شروپاک),ئەوەی ڕاسپاردەکانی لە باوکی خۆی(ئوپارا-توتو)وەرگرتبوو.

کەوا دابوویە کوڕەکەی (زی-ئود-سورا),یا(زیوسدرا)

ڕۆڵەکەم,با ڕاسپاردەکانت پێبدەم:

پێویستە ئاگاداربیت ،ڕێنوێنییەکانی من پشتگوێ نەخەیت،کەدەدوێم ئاخاوتنم مەبڕە.

ڕێنوێنییەکانی پیرەمێردێک گرینگن ،دەبێت گوێیان لێ بگریت!

کەرێکی زەڕیو بەدەست مەهێنە، چونکە هەناوت دەردێنێت.

کێڵگەیەک لەسەر ڕێگا نەکێڵیت، نابێت کێڵگەیەک بکێڵیت لەسەر ڕێگا بێت.

لە شوێنی کارەکەتدا هەڵکەندن مەکە، چونکە زیان بە خۆت و کەسانی دیکە دەگەیەنێت.

خانووەکەت لە گۆڕەپانی گشتی دروست مەکە، چونکە ئاپۆرای خەڵک لەوێ دەبێت.

شایەتی درۆ لەسەر کەس مەدە، چونکە مافی بەسەرتدا دەبێت، مەهێڵە کەس دەستەبەری تۆ بێت، چونکە هەرکەس دەستەبەری تۆ بێت سووکایەتیت پێدەکات.

بەدوای کەسدا مەگەڕێ، چونکە لافاو دەیانهێنێتەوە بۆ لاتان.

شوێنی شەڕەکە مەڵێ، چونکە دەتکاتە شایەت.

ناکۆکی مەکە و مەبە هۆکاری ئەوە، لە لایەکی ترەوە بوەستە و ڕێگایەکی تر مەگرە.

دزی مەکە،...خۆت مەیکە ، ماڵێک مەشکێنە، پارە ت خۆشنەوێت..

دز شێرە، بەڵام دوای ئەوەی دەگیرێت، دەبێتە کۆیلە.

کوڕەکەم...دزی مەکە، تەور لەخۆت مەدە.

گەنجێک مەکە بە باشترین پیاو ،... خۆت مەکە.

یاری بە ژنێکی گەنجی خێزاندار مەکە، چونکە ئەنجامەکانی مەترسیدار بن.

کوڕەکەم، بە تەنیا، لە ژوورێکدا، لەگەڵ ژنێکی خێزاندار دامەنیشن.

شەڕ دروست مەکە، خۆت ڕیسوا مەکە.

درۆ مەکە.. شانازی پێمەکە، چونکە قسەکانت لەبەرچاو دەگیرێن، نابێت ئەم بابەتە درێژ بکەیتەوە.. بەرگەی نیگاکان دەگریت؟

لەگەڵ کەس خواردنی دزراو مەخۆ.

دوای ئەوەی ئێسکەکان لەت دەکەیت، دەستت لە خوێن  وەرمەدە.

ئایا ئەوە دەکەیت بۆ ئەوەی گاکە بگەڕێنیتەوە؟

ئایا ئەوە دەکەیت بۆ ئەوەی مەڕەکە بگەڕێنیتەوە؟

لە قسەکانتدا هەڵە مەکە، چونکە ئەمە ڕەنگە ببێتە تەڵەیەک بۆت.

مەڕەکانت لە کێڵگە نەناسراوەکاندا بڵاو مەکەوە.

گایەک بۆ کەسێکی تر بە کرێ مەگرە.

...دروست واتە گەشتێکی دروست.

شەوانە سەفەر مەکە، کەوا چاکە و خراپەی تیا شاراوەن.

مەکڕن... تەنها تا کۆتایی ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

سێکس لەگەڵ خزمەتکارەکەت مەکە، چونکە وەکو چەشەیەک بۆت بەکاری دەهێنێت.

بە توندی نەفرەت مەکە، چونکە بۆت دەگەڕێتەوە.

ئاوێک بەرز مەکەرەوە، کە ناتوانیت پێی بگەیت، چونکە هێزت لەبەرناهێڵێت دەکات.

کەسێک کە لێیت قەرزکردووە ،پاڵ مەنێ، چونکە دەبێتە دوژمنت.

لەگەڵ کەسێکی لووتبەرز ماڵ دانەنێیت، چونکە ژیانت وەک ژیانی خزمەتکارێک لێدەکات و ناتوانیت بچیتە هیچ پەناگەیەک و هاوارت لێدەکات و دەڵێت دەچیتە ئەوێ؟ ئایا بچینە ئەوێ؟

لە تانۆکی قامیشەکەی باخچە پاشەکشە مەکە... پێت دەڵێن: بیهێنەوە.. بیهێنەرەوە.

کەسێکی نامۆ لە پێناو خواردندا داڵدە مەدە، بیرۆکەی شەڕکردن (لەگەڵ ئەو) لەبەرچاو بگرە.

کوڕەکەم ،توندوتیژی بەکارمەهێنە ، دەستدرێژی مەکەسەر کچی پیاوێک، دادگا لەو بارەیەوە هەردەیزانێت.

پیاوی بەهێز دوور مەخەرەوە، دیواری دەرەوە مەشکێنە،وامەکە دوژمنایەتی شارەکە بکات.

لەگەڵ ئەو درۆهەڵبەستکارەدا مەبە، کە چاوەکانی وەکو تەشیێکی شەرمن دەجووڵێن، مەهێڵە مەبەستەکانی کاریگەرییان لەسەرت هەبێت.

وەک فێڵبازێک لە باڕەکاندا شانازی مەکە، ئەوان قسەی تۆ بە ڕاست وەردەگرن.

کاتێک دەگەیتە قۆناغی پیاوەتی باز مەدە.. بە دەستت، جەنگاوەری تاك لە جۆری خۆیدا ناوازەیە، یەکسانە بە زۆر کەس.. ئوتو (خودای خۆر) لە جۆری خۆیدا ناوازەیە، بە تەنیا یەکسانە بە زۆران،لەژیانتدا، لە ژیانتدا هەمیشە لە تەنیشت جەنگاوەرەکە بە لە ژیانتدا هەمیشە لە تەنیشت ئوتو بە.

شوروباک ئەم ڕاسپاردانەی بە کوڕەکەی داوە، شوروباکی کوڕی ئۆپارا-توتو ئەم ڕاسپاردانەی بە کوڕەکەی خۆی (زیو سیدرا) داوە.

بەشی دووەم (لە دێری ٧٦-١٤٥):

جاری دووەم شوروپاک کوڕی ئوپارا توتو ئەم فەرمانانەی بە زیوسدرای کوڕی دا:

کوڕەکەم...با ئەم ڕاسپاردانەت پێ بدەم:

دەبێت ئاگادار بیت زیوسدرا، با قسەیەکت پێ بڵێم.

پێویستە وریا بن ڕاسپاردەکانم پشتگوێ نەخەن و لە کاتی قسەکردنمدا قسەکانم مەبڕن.

فێرکارییە بەنرخەکانی پیرەمێردێک کە دەبێت گوێڕایەڵیی بکرێت:

دەمی بیرەخۆرەوەکە، بچکۆڵەکەم، دەمی بیرەخۆرەکە... نینکاسی.

(پێنج هێڵی ناخوێندرێتەوە)

... ژێردەستەکەت پارەی شایستەی نادات بە ئێوە، تەختە کانی لە قامیشن.. دەتوانرێت لەلایەن درۆهەڵبەستە کارەوە بشاردرێتەوە (؟).

کۆشکەکە وەک ڕووبارێکی گەورە وایە، لە ناوەڕاستیدا گاگەلی قۆچوەشێن هەیە و ئەوەی دەڕژێتە ناویەوە بەس نییە بۆ پڕکردنەوەی و ئەوەی لێیەوە دەڕژێت ناتوانرێت بوەستێنرێت.

کاتێک نان هەیە بییەخشین ئاسانە بڵێین (دەیدەم بە تۆ)، بەڵام ڕەنگە کاتی بەخشینەکەی لەئاسمان دوورتربێت، ئەگەر بچیتە لای ئەو پیاوەی کە دەڵێت (دەیبەخشم) ئەویش پێت دەڵێت (ناتوانم بیدەم بە تۆ چونکە نانەکە تەواو بووە).

ئەوەی من هەمە دەتوانرێت دوو هێندە بکرێت، بەڵام هیچ شتێک یەکسان نییە بەوەندە کەمەی هەمە.

دەمێکی نەرم ووشە دەڵێتەوە، دەمێکی توند بەرەو دادگاکان دەبات، دەمێکی شیرین گیای شیرین کۆدەکاتەوە.

کەسێکی زۆربلَێ دەمی پڕ دەکرێت بە سەبەتەیەک نان، کەسێکی لووتبەرز سەبەتەیەکی بەتاڵ پڕ دەکات و دەتوانێت دەمی پڕ بکات لە شانازی.

ئەو کەسەی پێستەخۆش دەکات، لە کۆتاییدا پێستەکەی خۆشی خۆش دەکرێت..

بەهێز دەتوانێت لە دەستی هەر کەسێک بێت ڕزگاری بێت.

گەمژە، کاتێک دەخەوێت شتێک لەدەست دەدات و دەڵێت (مەمبەستەوە) و دەپاڕێتەوە (با بژیم).

حیکمەت هێندەی فەرمانەکانە، ئەوی بێئەدەب لە شوێنێکی تردا دەڵێت: شایەنی پێ سەرسامیم.

ژنە لاوازەکە هەمیشە (بە) چارەنووس بەدەستی دێنێت.

ئەگەر کرێکارێک بەکرێ بگریت، ئەویش لە هەڵگرتنی سەبەتەدا هاوبەشیت لەگەڵ دەکات، لە هەمان سەبەتەوە لەگەڵت نان دەخوات و هەمان سەبەتە لەگەڵت تەواو دەکات، دواتر بە هێمنی کارت لەگەڵ دەکات و پێت دەڵێت (من دەمەوێت بە شتێکی تربژیم)، و لە کۆشکدا خزمەت دەکات.

ئەگەر کرێکارێک بەکرێ بگریت، ئەویش لە هەڵگرتنی سەبەتەدا هاوبەشیت لەگەڵدا دەکات، لە هەمان سەبەتەوە لەگەڵت نان دەخوات و هەمان سەبەتە لەگەڵت تەواو دەکات، دواتر بە هێمنی کارت لەگەڵ دەکات و پێت دەڵێت (من دەمەوێت بە شتێکی تردا بژیم)، و لە کۆشکدا خزمەت دەکات.

تۆ بە کوڕەکەت دەڵێی وەرە ماڵەوە، تۆ بە کچەکەت دەڵێیت بڕۆ بۆ بارەگای ژنان.

لەکاتی خواردنەوەدا بڕیار مەدە.

خەمت نەبێت، دڵتەنگ مەبە، لەوەی لە ماڵەوە چیت لەدەست دەچێت.

ئاسمان دوورە، زەوی بەنرخترینە، بەڵام بەهۆیەوە و بە ئاسمانەوە دەتوانیت کاڵاکانت زۆرتر بکەیت و هەموو وڵاتە نامۆکان لە سێبەریدا هەناسە بدەن.

کاتی دروێنە، کاتێکی زۆربە نرخە،نایابە، وەک کچە خزمەتکارێک کۆبکەوە، وەک شاژنێک بخۆ، کوڕم، بۆ ئەوەی وەک خزمەتکارێک کۆبکەیتەوە و وەک شاژنێک بخۆیت، ئەمەش پێویستە ببێت.

جنێودەر تەنها ئازاری پێست دەدات، چاوچنوك دەیکوژێت.

کاتێک درۆزن هاوار دەکات فرمێسکەکان دەگەنە جلەکانی، ئامۆژگاری بۆ خراپەکاران (؟)

قسەکردن بە خۆبەزلزانی وەک کوانە پیسە وایە، وەک شتێک وایە کە گەدە نەخۆش دەکات

(یەک دێڕ ڕوون نییە)

وشەکانی نزاکانم پیت وفەڕ دەهێنێت، نوێژ ئاوی ساردە ، دڵ سارد دەکاتەوە، ئەوە جنێووسوکایەتی و قسەی گەمژانەیە کە سەرنجی کەسانی تر ڕادەکێشێت.

شوروپاک ئەم ڕاسپاردانەی  بە کوڕەکەی دا ، شوروپاک کوڕی ئوبارا-توتو ئەم ڕاسپاردانەی  بە کوڕەکەی (زیوسدرا) دا.

بەشی سێیەم (دێڕەکانی ١٤٦-٢٨٠):

لە قۆناغی سێیەمدا شوروپاک کوڕی ئوپارا -توتو ئەم ڕاسپاردانەی بە زیوسدرای کوڕی دا:

کوڕم با ئەم ڕاسپاردانەت پێ بدەم، پێویستە سەرنج بدەیت،(زیوسدرا)  با من قسەیەکت پێ بدەم، ڕاسپاردەکانم  پشتگوێ مەخە، لەکاتێکدا قسەت لەگەڵ دەکەم قسەکانم مەبڕە،

ڕاسپاردەکانم لە پیاوێکی پیرەوە بەنرخن کە دەبێت گوێڕایەڵی بکرێت.

ڕاسپاردەکانم بەنرخن ، لە پیاوێکی پیرەوەن دەبێت گوێڕایەڵی بکرێن:

کوڕی جووتیار تاڵان مەکە، چونکە بەنداو و سەنگەری بۆ دروست کردوویت.

ژنە داوێنپیسێک مەکڕن، ئەو دەمەیە  گاز دەگرێت.

ئەو خزمەتکارە مەکڕن کە لە ماڵەوە منداڵی دەبێت، ئەوە ئەو گیایە یە، کە گەدە نەخۆش دەکات.

 مرۆڤی ئازاد مەکڕن، خۆی لەپەنا دیوار دەشارێتەوە.

خزمەتکاری کۆشک مەکڕە، دەکەوێتە بنی بەرمیلەوە.

کۆیلەیەک لە شاخەوە، یان لە شوێنێکی بێگانە بهێنە.

کوڕەکەم، لە کاتی خۆرهەڵاتندا ئاوت بۆ دەڕتێدەکات و پێش تۆ دەڕوات (بۆ کار؟)

خێزانێکی نییە بچێتە لای.

شارێکی نییە بچێتە ئەوێ.

تا ئەوەی لە دەرگای ماڵ نەدات، ناتوانێت بچێتە ژوورەوە.

ناتوانێت...، ناتوانێت تەحەدای تۆ بکات.

کوڕەکەم بەرەو ڕۆژهەڵات مەڕۆ و هەرکەسێک بەدوای زانیاری بۆتۆدەگەڕێت نابێت....

ناوی شوێنەکان لەسەر یەک دانراون، نابێت چیاکان لەسەر یەکتر کۆببنەوە.

کەناری ڕزگاری تەڕە, یەک خلیسکان دەتوانێت لێی بدات (و هەموو شتێک کۆتایی دێت).

برای گەورە، لە ڕاستیدا وەک باوک وایە. خوشکی گەورە لە ڕاستیدا وەک دایک وایە.

بۆیە گوێ لە برا گەورەکەت بگرە وەک ئەوەی باوکت بێت و گوێ لە خوشکە گەورەکەت بگرە وەک ئەوەی دایکت بێت.

تەنها بە چاوەکانت کار مەکە، تەنها بە بەکارهێنانی دەمت سەروەت و سامانەکەت چەند هێندە ناکەیت.

کەسی کەمتە رخەم ، وێرانەکانی بنەماڵەکەیەتی (؟).

پێویستی خواردن وات لێدەکات سەرکەویت بەسەر شاخەکاندا، تاثاك و بێگانە دەهێنێت.

لە کاتێکدا پێویستی بە خواردن وا لە خەڵکی تر دەکات لە شاخەکانەوە دابەزن.

شارۆچکەیەکی بچووک پاشاکەی بە سەرسوڕمانەوە تەیار دەکات(؟).

شارێکی گەورە ماڵێک هەڵدەکۆڵێت (؟) کە پیلانگێڕی دەکات.

(پیاوە دەوڵەمەندەکە) باش خۆی تەیارکردووە، هەژارەکە هەموو جۆرە نەخۆشییەک بۆ دەوڵەمەندەکە دەگوازێتەوە.

پیاوی خێزاندار باش خۆی تەیارکردووە ، پیاوی بێ هاوژین جێگاوتەختەکەی دەکاتە کۆمەڵێک پووش.

ئەوەی بیەوێت ماڵەکە وێران بکات دەچێتە پێشەوە و وێران دەکات.

هەرکەسێک ئارەزووی بەرزکردنەوەی پێگەی ماڵ بکات، لە بەرزکردنەوەیدا بەرەو پێشەوە دەڕوات.

بە دە ستوەرینان لەئەستۆی گایەکی زەبەلاح دەتوانیت لە ڕووبارەکە بپەڕیتەوە، بە لە تەنیشت پیاوەکانی شارەکەتەوە ڕۆیشتن ،کوڕم دەتوانیت بەرز بیتەوە بۆ باڵا.

کاتێک کچێک لە گردەکانەوە بە کۆیلەیی دەهێنێت، چاکە و خراپە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. چاکە لە دەستاندایە، خراپیش لە دڵدایە، بۆیە مەهێڵە ئەوەی لە دڵدایە بەرەو خراپە بڕوات و لەگەڵیدا بێت، خراپە ژوورو کۆگایە....

(دوو دێڕ ڕوون نییە)

ئایا ڕووبار بەلەمی خراپە قووت دەدات؟ ئایا ئاوچیەکان لە بیابانەکاندا سەرگەردانن؟

دڵێکی خۆشەویستبار خەم دەشارێتەوە، دڵێکی ڕقدار خێزانێک لەناو دەبات.

بۆ ئەوەی دەسەڵاتت هەبێت، ئەوەی دەتەوێت هەتبێت ، تۆ زرێت هێزی خوداوەندەکان بێت.

پێویسته له ڕێزەوە دەست پێ بکەیت، پێویسته خۆبەزلنەزان بیت پێش ئەوەی بتوانیت بەهێز بیت.

ڕۆڵەکەم، کەواته دەبێت بژیت و بمێنیت (بۆ ئەوەی هەبیت) له دژی خراپەکاران.

نابێت له کاتی ئاهەنگدا ژن هەڵبژێردرێت، لەناوەوە ساختەیه و له دەرەوەش ساختە. زێڕی دەبەریدایه خوازراوەتەوە، کتانی لازوەردی دەبەریدایه خوازراوەتەوە (له دێردا سڕانەوە هەیه).

دوڕوگەوهەری دەبەریدایه خوازراوەتەوە ، جلکەکەی خوازراوەتەوە ، ئەو کەتانەی لەبەری دەکات خوازراوەتەوە ، لەگەڵ.. هیچ شتێک (؟) بەراورد ناکرێت.

نابێت گا بکڕدرێت...، ئەو گا که ئەڵقەی هەیه (له ملیدا) نابێت بکڕدرێت، له شوێنی ئاژەڵەکاندا کونێک هەیه.

ژنێکی متمانەپێکراو شایانی ماڵێکی باشه دا.

نابێت کەر له کاتی دروێنەدا بکڕدرێت، چونکه لەگەڵ کەرێکی تردا (دروێنەکه) دەخوات.

کەرێک که ئەڵقەیێکی لەمل کراوبێت، وەک پیاوێک وایه ئەڵقەیێکی لەمل کراوبێت.

کوڕەکەم...ژن به موڵکی تایبەتیی خۆی ماڵەکه وێران دەکات.

کابرای سەرخۆش کێڵگەوێران دەکات.

ژنێک که دزی دەکات وەک پلیکانه وایه (...) وەک مێش ماڵ به ماڵ دەفڕێت.

ئەو - کەرێک... له شەقامەکەدا.

له شەقامدا شیر به منداڵەکەی دەدات.

تەشی لەخۆی دەدات و دەگری، ئەو تەشیەی هەڵگرتووە که ثێی لەدەستی خۆی داوەتوە.

دەچێته ناو هەموو ماڵێکەوە و له هەموو شەقامێکدایه.

وشەی "بچۆدەر" دووبارە دەکاتەوە و لە هەموو بەربەستەکاندا سەیری دەوروبەری دەکات.

لە هەموو شەڕێکدا لەوێیە.

(دوو دێڕ ڕوون نییە)

کوڕەکەم کە دڵی ڕق و کینەی تیایە...

(چوار هێڵی کاڵ)

دڵێکی پڕ لە خۆشی کوڕم.

دەبێت هەمیشە بەخشندە بیت، کوڕم ،خزمەت بە شتەکان مەکە، شتەکان دەبێت خزمەتت بکەن، نابێت....دانەوێڵەکان ... زۆرن.

نابێت سووکایەتی بە مەڕەکە بکەیت، ئەگەرنا مەڕێکی مێینەی دەبێت.

نابێت چرای زەوی فڕێ بدەیتە ناو سندوقی پارە (؟)، ئەگەرنا کوڕێک لەدایک دەبێت.

نابێت ژن بڕفێنرێت یان وا لێبکرێت هاوار بکات ئەو شوێنەی کە ژنەکەی لێ ڕفێنراوە...

با بە بازنەیی ڕابکەین و بڵێین " ئای پێم، ئای ملم**!"**

با بە هێزێکی یەکگرتوو، کەوانێکی گەورە دروست بکەین.

نابێت بکوژرێت...ئەوە ئەو منداڵەیە کە لەدایک بووە...

نابێت بکوژرێت... نابێت بیبەستیتەوە...

پەرستاران - نەرمونیان لە بەشی ئافرەتان چارەنووسی ئاغاکانیان دیاری دەکەن.

بە خۆبەزلزانی قسە لەگەڵ دایکت مەکە و وای لێ مەکە ڕقی لێت بێتەوە ،نابێت گومان لە قسەکانی و خودای تایبەتی ئەو بکەیت. دایک وەک ئۆتۆ پیاوی لێ دەبێن. باوک وەک خودایەک وایە وادەکات بدرەوشێتەوە.

باوک وەک خودایەک وایە کە قسەکانی جێی متمانەن. دەبێت ڕێنوێنییەکانی باوک پەیڕەو بکرێت.

شاربەبێ گەڕەکی دەوروبەری ، ناوەندێکی نییە.

کوڕم، کێڵگەی ژێر بەنداوەکان، تەڕ بێت یان وشک، سەرچاوەی بژێوی ژیانە.

ئەوەی کە لە خەیاڵ دانییە (؟) ئەوەیە کە بۆ هەمیشە شتێک لەدەست بدەین.

...دلمون.

دۆزینەوەی ئەوەی لەدەستچووە بۆ سەگەکە خراپە، بەڵام بۆ پیاوەکە ماندووبوونە.

شوێنی نەناسراو ترسناکە.

ئەوەی لەدەستچووە بدۆزیتەوە بۆ سەگەکە شەرمەزارییە.

لەسەر ڕێگایەکی نامۆ لە لێواری شاخەکان، خوداوەندانێك مرۆڤ دەخۆن.

ئەو خانووان دروست ناکات...وەک چۆن مرۆڤەکان دەیکەن.

ئەو شارەکان دروست ناکات...وەک چۆن مرۆڤەکان دەیکەن.

(یەک دێڕ ڕوون نییە)

شوانەکە وازی لە گەڕان هێنا، هاتەوە و مەڕەکانی هێنایەوە

جووتیارەکە وازی لە کێڵانی کێڵگەکە هێنا.

(یەک دێڕ ڕوون نییە)

دیارییەک لە چەند وشەیەک کە ئاوەز نەرم دەکات، کاتێک دەچیتە ناو کۆشکەوە، مەڵهەمێکە بۆ ئاوەز..

دیاری لە چەند وشەیەک...ئەستێرەکان.

ئەمانە ئەو ڕێنوێنییانەن کە کروپاگ (شروپاک) کوڕی ئۆپارا-توتو Ubara-Tutu وەریگرتووە، دەبێت بۆ ئەو خوداوەندانە بن کە دەپە گەورەکانیان تەواو کردووە، کۆبەشێک بۆ پاکیزەیێک، کە شوروپاک، کوڕی ئوپارا-توتو، ڕێنوێنییەکانی پێدا داوە.


وەرگێڕانی دەق بۆ عەرەبی:خەزعەل ئەل ماجیدی

شاعیرێکی خەڵکی عێراقە ، لە هۆڵەندا نیشتەجێیە

# لارساLarsa(سنكرة)





بەردەنووسێکی سۆمەری لە پەرستگای خۆری ییابار لە لارسا، ساڵی ١٨٥٠ پێش زایین

لارساLarsa : یان وەک خەڵکی ناوچەکە پێی دەڵێن، تل ئەلسنکەرە ( تل السنكره ، شارێکی گرنگی کۆنی سۆمەرییە و دەکەوێتە باشووری عێراق، دەکەوێتە ناو سنووری پارێزگای زیقار-ذی قار(دیوانیە).

ئەم شارە نزیکەی ٢٥ کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کۆنی ئوروکەوە دوورە. لە نووسراوە کۆنەکانی سۆمەرییدا باسکراوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٢٧٠٠-٢٨٠٠ پ.ز.

ارسا لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠-١٦٠٠ پێش زایین بوو بە هێزێکی سەربازی باڵادەست لە ناوچەی میزۆپۆتامیا بەهۆی ڕووخانی شانشینی سێیەمی ئور.

# باد-تيبيرا(تل المدينه)

**Bad-tibira**



Shown within Iraq

| | |
|---|---|
| **Alternative name** | Tell Madineh |
| **Location** | Dhi Qar Governorate, Iraq |
| **Coordinates** | 31°22′47″N 45°59′59″E |
| **Type** | settlement |
| **History** | |
| **Periods** | Early Dynastic, Ur III, Old Babylonian |



باد-تیبیرا (بە سۆمەری  (bad -tibiraki ) "دیواری کرێکار(ەکان)ی مس"،[١]
یان "قەڵای ئاسنگەران"،[٢] کە بە تەل ئەلمەدینەی  (تل المدینە) ناسراوە. ، لە
نێوان  شەترا - الشگرە و تەل  سێنکەرە السنکرە (لارسای کۆن) و ٣٣ کیلۆمەتر
لە باکووری ڕۆژهەڵاتی گیرسوی کۆن  Girsuلە باشووری عێراق،[٣] شارێکی
کۆنی سۆمەرییە بوو لەسەر کەناڵی ئیتورونگال  (the Iturungal لەلایەن
فەرمانڕەوای ئوری سێیەم ئور-نامومەوەUr-Nammu دروستکراوە،کە
لەنێوانشارەکانی پێش لافاو لە لیستی پاشاکانی سۆمەری هاتووە، ناوی
ئەکەدییەکەی دور-گورگوری Dûr-gurgurri بوو .


بەپێی ئەم لیستەی پاشاکانی سۆمەریە، باد تیبێرا دووەم شار بووە کە پێش لافاو، لەدوای ئێریدو، دەسەڵاتی پاشایەتی وەک سیستەمی حکومەت لە سۆمەردا پراکتیزە کراوە. ئەمانە بریتین لە:ئین مین لو ئانا: ئەو درێژترین پاشایە لەسەر زەوی، ٤٣ هەزار ساڵ حوکمڕانی دەکات ئین مین گال ئانا: ٢٨ هەزار و ٨٠٠ ساڵ حوکمڕانی کردووە.دیمۆزیدی شوان: ٣٦ هەزار ساڵ حوکمڕانی کردووە.

لە کۆنترین دەقی ئینانادا کە بە ناوی "دابەزین بۆ ناو جیهانی ژێرزەوی"، باس لە پەرستگای شارەکە کراوە، "واتە موش کالامە." لەم چیرۆکەدا ئینانا جنۆکەکانی ناو ژێرزەوی ناچار کردووە کە لولال شوانی شاری باد تیبێرا کە لە نەهامەتیدا دەژیا، نەبەن.

لە کۆتاییدا دێمۆزیدیان برد کە لە شاری ئوروک بە خۆشگوزەرانی دەژیا، ئەم دێمۆزیدە پێی دەگوترا شوان، پادشایەکی سۆمەرییە و لە باد تیبێرا دەژیا، بە پێچەوانەی دێمۆزید کە دوای لافاوەکە ژیاوە و ماسیگر بووە و لە ئوروک دەژیا.

زانراوە  پەرستگایەکی خوداوەندی کیتوم Kittum لە باد-تیبیرا هەبووە، وتراوە
کە گیشتنەناا Geshtinanna، لایەنێکی خوداوەندی نینششگارا
 Ninsheshegarraکە خوشکی دوموزیدەDumuzid، لە پەرستگای
ئەششەگارا Esheshegarra لە باد-تیبیرا دەپەرسترا .

# سیپار Sippar (أبو حبة)




گۆزەڵەی گڵی حەمورابی لە لۆڤەرەوە




مۆرێکی لوولەیی کۆنی بابلی پاشا پێشباری بە شەماش دەدات. نەخشی ئەم مۆرە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە سیپار دروستکراوە

سیپارSippar (بە سۆمەری:Zimbir ، زیمبەر) وشەیەکە کە بە زمانی کلدانی بە واتای شاری باڵندەکان دێت، شارێکی سۆمەری بووە لە سەردەمی کۆن و دواتر بابلی،شوێنی تەل ئەبو حەبا - تل أبو حبة لە نزیک یوسفیە لە پارێزگای بەغدای عێراق. ناوی کۆن و کۆنی شاری سیپار ئاماژە بە شارە خوشکەکەی سیپار- ئەمنانومیش بکات (کە دەکەوێتە لە تێل دێر -تل الدیر(Tell ed-Der)؛ تایبەتترین پۆلێنکردنی شارەکە کە بە سیپار ناسراوە سیپار-یەهرورومە-Sippar Yahrurum..

# كيشkish (تل الاحيمر)





مێسانننێپادا *Mesannepada* ، لوگال کیش-کی *Lugal Kish-ki* ، مێسانننێپادا[Mesannepada]، پاشای کیش"، لەسەر مۆرێک کە لە گۆڕستانی شاهانە لە ئور دۆزرایەوە، دوا ستوونی کارەکتەرەکان، وا بیردەکرێتەوە کە ژنەکەی

دام-نو-گیگ(*dam-nu-gig* ) " .بێت.."



سواڵینەیێک ناوی شا ریماش، پاشای کیشی هەڵگرتووە، ساڵی ۳۳۷۰ پێش زایین، مۆزەخانەی لۆفەری هەڵگرتووە

کیش کە بە زمانی ئەکەدییش پێی دەوترێت کیشاتوو و ئێستا بە "تل ئەلئەحیمەر" تل الأحیمر ناسراوە، ناوچەیەکی شوێنەوارییە لە عێراق، و پێشتر یەکێک بووە لە شارە سەرەکییەکانی سۆمەرییەکان. نزیکەی ۱۲ کم لە ڕۆژهەڵاتی شاری بابلەوە دوورە، هەروەها ۸۰ کم لە باشووری بەغدای پایتەختەوە دوورە. بەگوێرەی ئەفسانەی سۆمەرییەکان، کیش بە یەکەم شار دادەنرێت کە پاشایەکی هەبووە دوای ئەو لافاوە گەورەیەی کە لە ئەفسانەی سۆمەری و ئایینەکاندا باسی لێوە کراوە.

لە سەردەمی عوبەیدەوە تا سەردەمی هێلینیستی داگیرکراوبووە، لە سەردەمی سەرەتای خانەدانیدا خوداوەندی پارێزەری شارەکە ئیشتارIshtar بووە لەگەڵ

هاوسەرەکەی ئیاEa .پەرستگاکەی، لە تێل ئینگارا Tell Ingharra ،-(E) hursag-kalama

بوو تا سەردەمی بابلی کۆن خوداوەندە پارێزەرەکان بوون بە زابابا Zababa، لەگەڵ هاوسەرەکەی، خوداوەندی باوBau و ئیستار .Istar پەرستگای ئیمێتۆرساگ) Emeteursag دواتر ئێکیسیبا (Ekišiba لە ئوهایمیر Uhaimirبوو .

**ئەکشاک**




ئەکشاک شارێکی کۆنی سۆمەرییە ، دەکەوێتە باکووری شوێنی شاری ئەکاد نزیک لە شاری کیش، شوێنی شاری ئەکشاک لە ئێستادا ناوی تەل عومەرە-تل عمر دەوترێت شوێنەکەی لە شاری سێلۆکیا (لە ئێستادا ئەلمەدائین-المدائن ) بووە، کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی پایتەخت ، بەغداد.

ئەکشاک لە دەقەکاندا نزیکەی ٢٥٠٠ پێش زایین دەرکەوتووە ، لە دەقی سۆمەری کە باسی خەونی دوموزید دەکات، لە بەد-تیبرا لە سۆمەر، کە پێنجەمین پاشای سەردەمی پێش خانەدان بووە ، ئەو سەردەمەش پێش لافاوەکە بووە لە نێو پاشاکانی سۆمەری کە حوکمڕانی ئەم شارەیان کردووە، و لەنێو ئەو شتانەی کە لە خەونی دوموزیددا باسکراون: کە دوموزید خەون بە مردنی خۆیەوە دەبینێت و بە خوشکەکەی نیکیشتین-ئانا دەڵێت، بەجۆرێک کە ئەویش بە نۆرەی خۆی پێی دەڵێت کە ئەوە وایە نیشانەیەک کە بە یاخیبوونی پیاوە خراپەکان و برسیەکانەوە دەڕوخێنرێت، کە لەلایەن پاشاوە دەهێنرێنە شاری ئوروک و لە ڕاستیدا ئەو ماوەیەکی زۆر بوو دوای ئەوەی ئەو قسەیەی کردبوو، تا بینیان کۆمەڵێک پیاو لە شارەکانی ئەدەب و ئەکشاک و ئوروک و ئور و نیپورەوە دەهاتن.

لە نێو پاشاکانی ئەم شارەشدا، بەپێی لیستی پاشاکانی سۆمەری، کە ناوی ئۆنزی، ئۆندالولو، ئۆرورو، پوزور-نیرا، ئاشوی دووەم، و شو-سین، پاشای ئەکشاک بوون.

بۆزۆر نیرا دامەزرێنەری شانشینی ئەکشاکە، هەروەها بۆزۆر نیراش هاوسەری شاژنە کوگباو شاژنی کیش لە هەندێک لە دەپەکانی شانشینی ئیبلادا هاتووە کە دەکەوێتە سوریا و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٩ ٢٣٥٠ پ.ز.

هەروەها ئاماژە بە شاری ئەکشاک کراوە لە هەندێک لە تابلۆکانی شانشینی ئیبلا کە دەکەوێتە سوریا، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٣٥٠ پێش زایین دەوترێت شاری ئەکاد پەیوەندی لەگەڵ شانشینی سۆمەری ئوما هەبووە کە پاشای ئەکەدی شار-کالی-شاری پاراستووە لە هێرشی ئیلامییەکان.


## لاراک Larak(ارك)

لاراک Larak (یان لاراگ Larag ، سۆمەری: LA-RA-AKKI هەروەها بە UD.UD.AKKI) نووسیویەتی ، شارێک بووە لە سۆمەر (عێراقی ئێستا) کە لە هەندێک لیستی پاشاکانی سۆمەریدا وەک سێیەم شار لە پێنج شاردا دەردەکەوێت، کە شانشینی بووە لە سەردەمی پێش لافاودا. خوداوەندە پارێزەرەکەی پابیلساگ Pabilsag بوو، خوداوەندێکی جەنگاوەرێکی هاوشێوەی نینورتا Ninurta کە زیاتر پەیوەندی بە حوکمدان و پزیشکی و جیهانی ژێرزەویەوە هەبوو، بەزۆری وەک هاوسەری نینسیناNinisina وێنا دەکرێت. گاسان-ئاستێ Gasan-aste ("خانمی (لە) تەخت")، وەشانێکی خوداوەندی چارەسەرکەر نینیسینا Ninisina لە لاراک دەپەرسترا.

هیچ پشتگیرییەکی شوێنەواریی و دەق بۆ بوونی ڕاستەقینەی شاری لاراکی شانشینی سەرەتایی نییە بە پێچەوانەی چوار شارەکەی دیکەی "پێش لافاو"ەوە، تەنیا لە پێکهاتە ئەدەبییە زۆر دواترەکانەوە ناسراوە. شاری لاراکی سەردەمی ئاسن کە لە هەمان ناوچەی گشتیدایە، بە دەقەکانی ئاشووری نوێ و بابلی نوێ پشتگیری دەکرێت. ڕوون نییە کە ئایا ئەمە شاری شانشینی سەرەتایی بوو کە دووبارە دامەزرایەوە یان شارێکی تەواو جیاواز و ناپەیوەندیدار بوو .


لارسا ،لاراک و لاراگ وەک یەک خوێندراونەتەوە.

## کوثا Kutha  (کوثی)(تل ابراهیم)(الکوت)




کوتا Kutha  (کوثی)(بە زمانی سۆمەری گودواوە  Gudua ، لە ئێستادا بە گردی ئیبراهیم – تل الراهیم ناودەبرێت) شارێکی کۆنی سۆمەرییە لە ئێستادا دەکەوێتە پارێزگای بابل- حلە لە عێراقدا دەکەوێتە لای ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات لە باکووری شاری نیپور و کەمتر لە دوو کیلۆمەتر لە ناوەندی ناحیەی پرۆژەی (جەبلە"وە دوورە ). پاشای ئاشووری سارگۆنی دووەم خستیە ژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکان ،کۆتا پایتەختی سۆمەرییەکانە لە جیهانی ژێرزەویدا، کۆتاش بەهۆی ئەوەی کە ناوەندی پەرستنی خوداوەندی ژێرزەوی (نێرگال) بووە ئاماژەی پێکراوە و پەرستگایەکی گەورەی هەبووە.

## ئاداب Adab(بسماية)




**Bismaya**

Adab, Udab




| | |
|---|---|
| **Alternative name** | Bismya |
| **Location** | Wasit Province, Iraq |
| **Region** | Mesopotamia |

ئاداب Adab (بە سۆمەری: UD.NUN)شارێکی کۆنی سۆمەرییە لە نێوان گیرسوGirsu و نیپورNippur، نزیکەی ٣٥ کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەم دووەمیانەوە دوورە. لە شوێنی بیسمایە- بسمایە لە پارێزگای واست- واسگ لە عێراق بوو. شوێنەکە لانیکەم هەر لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین، لە ڕێگەی سەردەمی شانشینی سەرەتایی و ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی و ئیمپراتۆریەتی ئوری سێیەمەوە، تا سەردەمی کاسی لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زایین داگیرکرا. خوداوەندی شارەکەی ئەداب پاراگ'ئێلیلیگارا (پانیگینگارا) Parag'ellilegarra (Panigingarra) بوو "ئەو سەروەرەی کە لەلایەن ئێلیلەوە Ellil دەستنیشانکرابوو".

هەڵکۆڵینەکان ، بیناکانیان دەرخستووە کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەردەمی پێش مێژوو و درەنگانی سەردەمی ئۆر-نامو (٢١١٢-٢٠٩٥ پێش زایین حوکمڕانی کردووە). ئەداب ناوەندێکی گرنگی سۆمەری بووە تەنها تا نزیکەی ساڵی ٢٠٠٠. لیستی پاشای سۆمەرییەکان یەکێک لە شانشینە سەرەتاییەکانی بۆ شارەکە گەڕاندەوە، کە تەنها یەک پاشا پێکهاتبوو بە ناوی لوگال-ئان-موندو کە دەوترێت بۆ ماوەی ٩٠ ساڵ حوکمڕانی کردووە؛ بەپێی پێگەی خۆی لە لیستی پاشاکان ئەم حوکمڕانییە نزیکەی ساڵی ٢٤٠٠ دەبوو. نزیکەی لە هەموو کاتەکانی دیکەی مێژووی خۆیدا ئەداب لەلایەن پاشاکانەوە حوکمڕانی دەکرا کە هەموو یان زۆربەی بابلیان کۆنترۆڵ دەکرد (باشووری میزۆپۆتامیا). خوداوەندی سەرەکی شارەکە خوداوەندی نینهورساگ بوو.

### ئوMMA Umma(تل جوخة)





ئوممما Umma (بە سۆمەری: umma لە پارێزگای زی قار- ژی قار لە عێراق، شارێکی کۆن بووە لە سۆمەر. هەندێک مشتومڕی زانستی هەیە لەسەر ناوی سۆمەری و ئەکەدی بۆ ئەم شوێنە. بە شێوەیەکی نەریتی ئوما بە تل جۆخا دەناسرێتەوە،لەم دواییانەدا پێشنیار کراوە کە دەکەوێتە ئوم ئەلعەقاریب ڕم العقارب کە کەمتر لە ٧ کم (٤.٣ میل) لە باکووری ڕۆژئاوای خۆیەوە دوورە یان تەنانەت ناوی هەردوو شارەکە بووە. یەکێک یان هەردووکیان شاری پێشەنگی شانشینی گیششای Gišša خانەدانی سەرەتایی بوون، لەگەڵ نوێترین هەڵکەندنکاران کە باسیان لەوە کرد کە ئوم ئەلعەقاریب لە EDIIIدا دیارە ، بەڵام جۆخا دواتر بەرزبووەوە وبە ناوبانگ بوو، شارۆچکەی KI.ANیش لە نزیکەوە بوو K KI.AN کە لەلایەن ڕیموش Rimushفەرمانڕەوایەکی ئیمپراتۆریەتی ئەکەدیاوە لەناوچوو. ناسراوە کە شەش خوداوەندی KI.AN هەبوون لەوانە گوڵە Gula KI.AN و سارا Sara KI.AN .

خوداوەندە سەرپەرشتیارەکانی ئوما ساراSara و نینورا Ninuraبوون. زانراوە کە فەرمانڕەوای ئی دیthe ED ئور-لوماUr-Lumma پەرستگایەکی بۆ خوداوەند ئێنکی-گالEnki-gal و پەرستگایەکی بۆ خوداوەند ناگار-پای -Nagar pa'e at لە ئوما دروست کردووە.

لە پێکهاتەی ئەدەبی سەرەتایی سۆمەریدا دابەزینی ئیناناInanna

بۆ جیهانی ژێرزەوی، ئینانا جنۆکەکان لە جیهانی ژێرزەوی دوور دەخاتەوە لە بردنی شارا Shara ، پارێزەری ئوما، کە لە دۆخێکی خراپدا دەژیا.

| رقم | الاسم السومري للمدينة | الاسم الحالي للمدينة | الإله السومري | دلالته |
|---|---|---|---|---|
| ٠١ | سبار | أبو حبّة | أوتو | الشمس |
| ٠٢ | كيش | تل الاحيمر | ننخرساج | الأرض (الآلهة الأم) |
| ٠٣ | اكشاك | — | إنليل | الهواء |
| ٠٤ | لاراك | ارك | بابيل ساغ+ ننسينا | العالم الأسفل+الشفاء |
| ٠٥ | شروباك | فارة | إنكي | الماء |
| ٠٦ | نيبور | نفّر | إنليل | الهواء |
| ٠٧ | كوثي | تل ابراهيم (الكوت) | نرگال | العالم الأسفل |
| ٠٨ | أدب | بسماية | ننخرساج | الأرض |
| ٠٩ | أوما | تل جوخة | شارا | الحرب |
| ١٠ | لكش | الهبة (تلوْ) | ننگرسو | العاصفة |
| ١١ | بادتبيرا | — | دموزي | المراعي والخصب |
| ١٢ | اوروك | الوركاء | إنانا،آن | الزهرة، السماء |
| ١٣ | لارسا | سنكرة | أوتو | الشمس |
| ١٤ | أور | المگير | نانا | القمر |
| ١٥ | أريدو | أبو شهرين | إنكي | الماء (الحكمة) |

جدول (١) المدن السومرية وآلهتها (من الشمال الى الجنوب) تصميم : المؤلف

خشتەی (١) شارەکانی سۆمەری و خوداوەندەکانیان (لە باکوورەوە بۆ باشوور)، لەلایەن د.خەزعەل ماجیدی دیزاین کراوە.

## بەشی دووەم

## بیروباوەڕی ئایینیی سۆمەرییەکان

**بەبێ خودا،**

**مرۆڤ ناتوانێت بژێوی ژیانی پەیدا بکات،**

**نە گەنجیش**

**دەتوانێت دەستی بجوڵێنێت لە شەڕدا.**

**(دەقی سۆمەری)**

**بیروباوەڕی ئایینیی سۆمەری لایەنی تیۆریی ئایینی سۆمەرییە و لە کاتێکدا کە ڕێوڕەسم و ڕێوشوێنەکانی سۆمەری لایەنی کردەیی بیروباوەڕی ئایینی پێکدەهێنن، ئەفسانەکان بەیەکەوەیان دەبەستنەوە و ناوەرۆکی گێردراوەی ئەم باوەڕە ئایینییە پێکدەهێنن.**

**بیروباوەڕی ئایینیی سۆمەرییەکان لە هەزارەی چوارەمی پێش زایینەوە زۆر گەشەیان کرد ، تا لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زایین گەیشتنە شێوەی یەکگرتووی وردی خۆیان. ئەم پێشهاتە نەرمییەکی زۆری پێبەخشی بۆ لەخۆگرتنی ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەی کە لە ماوەی نزیکەی دوو هەزارساڵی پڕ لە گێژاوەکان ڕوویانداوە.**

**[1](1)**

---

[1]**(تێبینی: د. فەوزی ڕەشید لەبارەی ئایینی سۆمەری نووسیویەتی:**

بنەمای گۆڕان و گەشەسەندن، کەوا لە هەموو بەرهەمە مرۆییەکاندا کارایە، چی بەرهەمی مایەکی (مادی) ، یا هزرو بیرەکی، وامان لێدەکات بڵێین باوەڕە ئایینییەکان لە ماوەی شارستانییەکان ،دەبێت لەو باوەڕو بیرو بۆچوونانەی باووبوون لە ماوەی شارستانییەتی کشتوکاڵی ،کەوا لە ماوەی نێوان (٨٠٠٠ —

٥٠٠٠ پ ز) ،له بەشی باکووری (عراق)میسۆپۆتامیا باوبوون ، کەوتوونەتەوە(پەیدابووین).

ئەم ناوچانە ، بەشی باکووری میسۆپۆتامیا (عراق)–بەپێی زانیارییەکان- بەشێوەیەکی سەرەکی پشتیان بە باران دەبەست بۆ دانەوێڵە چاندن –وەک ئێستاش وایە - لە باکووری عیراق -، ئەوەش لەبەر ئەوەیە ،ئەم ناوچانە گەوەکن (متموج)، بەرزو نزمن، سیستەمی ئاودێریی تیادا سوودبەخش نییە، ناچارە پشت بە باران ببەستێت و کشتوکاڵی دێمی بکەن، بەمجۆرە یەکەم شارستانییەتی کشتوکاڵی دێمی ،لەو ناوچانە پەیدا بوو ،کەوا وەرزە بارانیان بەسە بۆ کشتوکاڵ کردن ،لە بناری چیاکان ،لە ناوچەکانی باکوورو باکووری رۆژهەلاتی عێراقی ئەمڕۆ.

لەم شوێنەوارانەی ئەم شارستانییە کشتوکاڵیە دێمییانە، دڵنیابووین کەوا دانیشتووانەکەی (بە پیت وقەڕبوون (الخصوبە)وهەر شتێک یاریدەی زۆربوونی بەرهەمی دابێت لە ژیاندا بە پیرۆزیان داناوە .

هێماوئاماژەشیان بۆ ئەم پەرستنە بووکەڵەی وێناکاری پیت وفەڕبووە (ناسراو بە خوداوەندی دایک).

ئەم هۆیەشی وایکردووەدانیشتوانی ئەم شارستانیانە ، (بە پیت بوون (الخصوبە) بەپیرۆز دابنێن ، ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری بەپیتی زەوی وەک هۆکارێکی گرینگ وبنە ڕەتی کاریگەر لەسەر ژیانیان ، لەبەرئەوەی گەرباران بەشی کشتوکاڵی کردبوایە ،ئەوا بەرهەمی زۆر بە (بە پیت بوون (الخصوبە)ی زەوی دێتەدی.

ئەم شارستانییەتیانە لە سەرەتای هەزارەی شەشەمی (پ. ز)ـەوە لە ناوچەکانی خوار هێڵی باران بڵاوبوونەتەوە ،تا گردی سوان (تل الصوان)ی خوارووی شاری سامەرای ئێستا درێژبۆتەوە ،ئەوەیان بۆتە هۆی ئەوەی کۆڵەگەکانی ئەم بە پیرۆز دانانە ناجێگیربن .

ئەو ناوچانەی خوارووی هێڵی باران ،باران بارینی ساڵانەیان جێگیر نییەو دەم دەمە، مەبەست رادەکەی ساڵێک باشەو بەشی کشتوکاڵ دەکات و ساڵێک بەشی ناکات.

ئەم ناجێگیربوونە ،ئەم دەم دەمیەی رادەی باران وایکرد، مرۆڤی ئەم ناوچانە رووبکەنە هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر باران وبەرهەمەکانیان ودروێنە ، زیاتر لە

بایەخدان بەپیت بوونی زەوی و هەموو ئەوەی دیکەی دەبێتە هۆی زۆری بەرهەمێنان ، لەبەرئەوەی بەپیتی زەوی ،بەهای نامێنێت لەگەڵ نەبوونی بارانی باش بۆ کشتوکاڵ و فراژووبوونی دانەوێڵە ،هەتا ئاژەڵان ، کەوا سەرچاوەی بنچینەیی خۆراک بوون ، ژیانیان دەکەوتە بەر هەڕەشە ،بەنەبوونی بەرهەمی کشتوکاڵی ،کەوا باران دەبێتەهۆی فراژوبوونی.ئەم بارودۆخە نوێیە بوو بەهۆی دەرکەوتنی بیروبۆچوونی نوێ ، پشت بە بەپیرۆزدانانی هۆکارە سروشتییەکان دەبەستێت و ئاو بەەرچاوەی ژیان دادەنێت.بێگومان ناوچەکانی خاوەن بارانی دەم دەم و بڕ بڕ، جێی دانیشتوانی زۆرو چڕی نابێتەوە، زۆرجاران بەرهەمی ساڵێک دەکرێتە دوو بەش، وەک ئامادەکاری بۆ ساڵی نەهات بێت لە بەرەبووم و کەم بارانی.کەواتە هەر زێدییەکی دانیشتوان دەبێ لە ناوچەکە بار بکات، دەنا هاوسەنگی نێوان ژمارەی دانیشتوان و رادەی مایە خۆراکییەکانی بەرهەم هاتوو نامێنێت و ئاسایشی و ئاسوودەیی کۆمەڵگە تێک دەدات ئەم دانیشتوانانەی باکوور ناچارن روو لە بەشی خوارووی عێراق بکەن.ئەم ناوچەیە- خوارووی عێراق- لە سەرەتای پێکهاتنیدا بوو دانیشتوانی تێدا نەبوو، سەرباری ئەوەی قۆپی-ئەهواری زۆر بوو ن ،ماسی وباڵندەو پەلەوەری زۆر بوو ، بوون بە خۆراکی خێرای ئەوانەی تازە هاتوون.ئەم کەسانەی لە ئەنجامی زێدەبوونی دانیشتوان لە ناوچە کەم بارانەکان دەچوون بۆ بەشی خوارووی عێراق، بیرو بۆچوونە ئایینییەکەیان سەرباەت بە پەرستنی هێزە سروشتییەکانی کاریگەر لەسەر باران و کشتوکاڵ و دروونەوە هەبوو، لەگەڵ خۆیان دەگواستەوە بۆ ئەو ناوچانە لە خوارییی عێراق ولەوێ بڵاویان کردنەوە.

**خوداوەندەکانی سۆمەر**

ئەوەی لەبارەی باوەڕەئاییینییەکانی ماوەی چاخە مێژووییەکان باسمان کرد ،هۆکاری لۆجیکییان هەیە ،بەڵام ئەوەندە بەس نییە ،گەرسروشتی ئاییندارییەکەش -لە ماوەی چاخە مێژووییەکان-گونجاونەبێت لەگەڵ جۆری هۆکارەکانی باسمان کردن ،ئەو ماوەیەی شارستانییەتی (سامەرا)ی تێدا بڵاوبوویەوە ، ناوچە کەم بارانەکان، بووە هۆی دەرکەوتنی بیرو بۆچوونی نوێی ئایینی، لە بنجدا پشتی دەبەست بە پیرۆزکردنی هۆکارەکانی کەش و هەوای کاریگەر لەسەر باران و کشتوکاڵ و دروێنە، ئەم بیرو بۆچوونانەی لە کۆچکردندا گوێزرانەوە بۆ بەشی خوارووی عێراق، لە جۆری ئەم خوداوەندە سەرەکییانەن سۆمەرییەکان پەرستوویانە ،وەک:

- خوداوەند (ئانو)، خوداوەندی ئاسمان.

- خوداوەند (ئینلیل)، خوداوەندی هەوای.

- خوداوەندی (ئینکی)، خوداوەندی زەوی.

- خوداوەندی (ئوتو) (شمش)، خوداوەندی خۆر (رۆژ).

ئەم خوداوەندە سەرەکیانە، لە زۆربەی داستان (ملحمە) و ئەفسانەکانی سۆمەری و بابلیدا باسکراوون و بە گەورە دانراون ،رێزیان گیراوەو پەرستراون.

ئەم خوداوەندانە، بەڕاستی خوداوەندی هۆکارە جیاجیاکانی کەش و هەوا بوون، یا ئەم هۆکارانەیان لەخۆ دەگرت، ئەوەش دروستی بۆچوونەکە دیار دەکات.

شایانی باسە لەم داستانانەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کەوا دانیشتوانی میسۆپۆتامیا هیچ ئەو پرسەیان نەکردووە ،کەوا چی جۆرە هێزێک ئەم خوداوەندە سەرەکیانەی دروست کردووە، بوونیان بە بەڵگە نەویست زانراوە وگریمانەی بوون و ئەزەلی بوون-هەرهەبوونیان پێویست بە گفتوگۆ وگومان نەبووە. ئەم خوداوەندانەشن گەردوون و مرۆڤیان دروست کردووە.

هۆی ئەم باوەڕەشیان ئاسانەو دیارە، لەبەرئەوەی کاریگەری ئەم هۆکارانەیان لەسەر ژیان و بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیان دەبینی.

**دروست بوونی گەردوون ومرۆڤ**

دانیشتوانی میسۆبوتامیا، هیچ لایەنێکی ژیانیان نەهێشتۆتەوە ،بابەتیانە لەسەری نەدوابن ،ڕێک لەگەڵ قۆناخە شارستانییەکەی تیایدا دەژیان ،سەبارەت دروست کردنی گەردوون ومرۆڤ ،داستان وئەفسانەکانی پەیوەندار بەو بابەتە ،راوبۆچوونی هەندێ جیا جیا لەئارادان ،بەتایبەتی سەبارەت دروستکردنی مرۆ وئەوخوداوەندەی دروستی کردووە ، هەندێکیان (خوداوەند ئینلیل ) یان بە دروستکەری گەردوون ومرۆ داناوە ،هەندێکی دیکەیان (خوداوەند ئینکی) یان بە دروستکەری مرۆ داناوە ،کۆمەڵەیێکی دیکە (خوداوەند مەردوخ) یان بە دروستکەری گەردوون ومرۆ زانیوە، ئەم جیاوازییەی گۆشە نیگاکانی داستان وئەفسانەکان یارمەتیدەربوون بۆ زانینی بنچینە بەراییەکانی ئەم بیروباوەڕانە وزانینی قۆناخەکانی گۆڕان گەشە سەندنیان.هەر ئەوەش بەڵگەیە بۆ بابەتیانەبوونی ئەم بیروباوەڕانە و بەخەیاڵ هەڵبەستراونین ،بەڵکو ئەنجامی سروشتین بۆ

ئەوململانێیە بەردەوامانەی نێوان مرۆ  وژینگەکەی ،بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش ئاماژە بەوەدەکەین :

بیروباوەڕە سۆمەرییەکانی لە بەپیرۆزگرتنی هۆکارە سروشتییەکان بەرجەستەبوو ،کەواله هەزارەی چوارەمی پێش زایین هەبوو ،سەرەتا لە ناوچەکانی باکووری میسۆبۆتامیا دەرکەوت ،ئەوناوچەیەی بارانی پچڕپچڕبوو(دێمی بوون) ،سروشتی ئەو ناوچەیەی یەکەمجار بیروباوەڕە ئایینییەکانی تێدا پەیدابوون ،تەنیا پێویستی بە باران هەبوو بە ڕادەی پێویست بۆ کشتوکاڵ ،لەم ناوچەیەدا لەبەر ئەوەی هەوا هۆکاری سەرەکی بەرچاوبوو بۆ هێنانی باران ،یا دوورخستنەوەی ،لەبەر ئەوە خوداوەنی هەوا رۆڵی گەورەی هەبوو لە بابەتەکە ،هەر ئەوەندەش نا ،بەڵکو ، خوداوەندی هەوای بە دروستکەری گەردوون ومرۆ  دادەندرا. لەم چوارچێوەیەدا خوداوەنی هەوا ناسناوی (کێوی مەزن)ی هەبووە ،واتە بەپیرۆزدانانی خوداوەنی هەوا ،هەر لە وسەردەمەوە بووە ،کەوا ناوچەکانی باکوور ناوەندی شارستانییەتی بووین.

نخبة من الباحثين، حضارة العراق، الجزء الاول، ١٩٨٥- بغداد، ص١٤٥-٢٢٠.

د.فوزی رشید-الفصل الخامس-الديانه-المبحث الاول-المعتقدات الدينيه- المؤسسه العامه للاثار والتراث.ل ل-١٤٥ -١٩٦ .کۆتایی)

## دامەزراوە ئایینییەکانی سۆمەری

**ڕەنگە دامەزراوەی ئایینیی سۆمەری یەکەم دامەزراوەی ئایینی بووبێت کە لە پێکهاتە و ئەرکەکانیدا یەکگرتوو و هاوئاهەنگ بووبێت. بەو پێیەی کە پێکهاتووە لە دامەزراوەی خوداوەندی- المؤسسة الإلهية ، ژمارەیەکی زۆر لە خوداوەندەکانی پێگە جیاواز لەخۆدەگرێت، هەروەها دامەزراوەی پێشگۆیی- الكهنوتية ، کە ژمارەیەکی زۆر پێشگۆی پلە و ئەرکی جیاواز لەخۆدەگرێت، پەرسگاکان شوێنی هاوبەش بوون بۆ ئەندامانی دوو دامەزراوەی پێشوو، تیایدا ئامادیی و ئەرکەکانیان پەیڕەودەکرد، بنچینەی نەریت و بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمەکانی ئایینی سۆمەریان دادەمەزراند، و ڕەنگە پانتاییێک بووبێت بۆ نووسین و خوێندنەوە و داڕشتنی ئەفسانە سۆمەرییەکانیش.**

### ١- دامەزراوەی خوداوەندان:

**ئەم دامەزراوەیە باڵاترین و ڕەهاترین شێوەی ئایین بووە، وەک چۆن خوداوەندەکان ئەوانن کە گەردوون و مرۆڤیان دروست کردووە، هەر ئەوانییش ئەو گەردوونەیان کردووە بە شانۆ بۆ بزووتنەوەکەی و مرۆڤیش وەک خزمەتکار بۆئەوەی لەبری ئەو ژیان لەسەر زەوی ڕێکبخات و کاربکات، بەروبووم و خواردن وشتی دیکەش ئامادەبکات .**

**لە بڕگەی داهاتوودا باس لە باوەڕەکانی پەروەرندەگەری- الربوبيه دەکەین، لە بابەتی داهاتووشدا باسی درەختی ڕەچەڵەک و ناوی خوداوەندەکان دەکەین، بەڵام ئەوەی ئێستا جێ بایەخی ئێمەیە، سروشت وهێزو دەسەڵاتی ئەو خوداوەندانەیە.**

**سروشتی خوداوەند، دوو لایەنی یەک لە دوای یەک وتێکبەستە هەڵدەگرێت، یەکەمیان لایەنی هەستیی جەستەییە ، کە لە ڕەگ و ڕیشەی تێگەیشتنی مرۆڤەوە بۆ خوداوەند سەرچاوە دەگرێت و دووەمیان تەنیا لایەنێکی بیروبۆچوونەکییە، کە لە تێڕامانەکانی مرۆڤ بۆ خوداوەند و سروشتی خوداوەند پەیدابووە.**

وێنەی هەستیی لەبارەی خوداوەندی سۆمەری لە سروشتەوە سەرچاوەی گرتووە، مرۆڤی سۆمەری لە باشووری میسۆپۆتامیا دیاردەسروشتییەکانی مرۆڤاندووە و نەریتی بە پیرۆز دانان وپەرستنی خوداوەندی دایکی بە میرات وەرگرتووە، کە بەخواوەندکردنی دیاردە سروشتییەکانە لە باکووری میسۆپۆتامیا وە ، بۆیە یەکەم تێگەیشتنە هەستیارەکانیان بۆ خوداوەندەکە پەیوەست بووە بە سروشتەوە ،چونکە لەم کارەدا بەردەوام بوون ومانەوەی بەروبووم و مەڕ و ئاوەکانیان دەبینی کە سەرچاوەی بژێوی ژیانیان بوو.

بۆیە وێنەی خوداوەندەکان بەتایبەت پێش ٣٠٠٠ پێش زایین، بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە سروشتەوە هەبوو، وەک چۆن خوداوەندە گەورەکانی سۆمەرییەکان خودی دیاردەسروشتییەکان بوون، بۆیە خوداوەند(ئان) ئاسمانە و خوداوەندەکەیەتی و خوداوەند( ئینلیل) هەوایە و خوداوەندەکەیەتی و خوداوەند( ئینکی) ئاوە و خوداوەندەکەی و خوداوەند (کی) زەویە و خوداوەندەکانی.

(1)[1]

[1](**تێبینی:** د.تەهاباقر لەمبارەیەوە دەنووسێت : ئایین لە دوو کۆڵە گە پێکدێت :

١-باوەڕ هێنان بە بوونی بوونەوەرێک ، یا چەندان بوونەوەری سەرووی مرۆ .

٢-باوەڕ بوون بەوەی دەشێ مرۆڤ ، بەڵکو ئەرکە لەسەریان ، پەیوەندیان هەبێت لەگەڵ ئەم بوونەوەرە ، یا ئەم بوونەوەرە باڵایانە .

ئەمە پێناسەیێکە ، هەموو شێوە جیاجیاکانی ئاینان دەگرێتەوە ،لەبەر ئەوەی لەسەر گریمانەی مرۆیاندنی هێز ودیاردە سروشتییەکان دامەزراوە,واتە بەکەس دانانی ئەم هێز ودیاردە سروشتییانە,ناوی نا خوداوەند(خودان),واتە خاوەنی ئەم هێزودیاردەیە,خواوەندی خۆر ,واتەخۆر ئەو ئاڕاستەی دەکات,یا خۆی خۆرە,بەهەمانشێوە بۆدیاردەسروشتییەکانی دیکە.ئەم چەمکە ,وەک هەر چەمکێکی دیکە گۆڕانی بەسەرداهات وبەرەو ڕەهابوون-تجرید چوو,بەهۆکاری کۆمەڵایەتی وسیاسی ورۆشنبیری ( سومر – ١٩٤٦ – ج ١ – مجلد ٣ .-طه باقر ، دیانه البابلیین و الاشوریین – ل ١ – ١٩ .)

هەروەها خوداوەندەکان لەو سەردەمەدا لە شێوەی ئاژەڵدا وێنا دەکران، وەک خوداوەندی (باو)، خوداوەندی کشتوکاڵ و شیفا، لە شێوەی سەگ وێنا دەکرا و خوداوەندی (ئامدۆکد)، خوداوەندی هەوری بە باران، لە شێوەی باڵندەیەکی ڕەش، کە سەری شێرێکی نەرێن وێنا دەکرا و دەنگی ڕەشەبایەو باڵێکی زەبەلاحی هەیە ولە هەوادا دەفڕێ ، خوداوەند (نینگرێسو) خوداوەندی جەنگ، وەک ئەوەی ئەویش باڵندەیەکی سەروەک شێر و... هتد بێت.

لە دوای ٣٠٠٠ پێش زایین ، تێگەیشتن لە خوداوەندەکان پەرەی سەندو لە شێوەی مرۆڤ نزیکتر بووەوە.

خوداوەندەکان بەم شێوەیە وێنادەکران ، بەڵام هەمیشە تاجێکی قۆچداریان لەسەردا بوو کە ئاماژەی بە خوداوەندیی دەکرد و جیایان دەکردەوە لە پاشاکان و مرۆڤ، بەڵام وێنەی ئاژەڵی و سروشتی پاشەکشەیان نەدەکرد، بەڵکو بوون بە هێمای ئەو خوداوەندانە،هێماکانی خوداوەندە سۆمەرییەکان پشتیان بە شێوەکانی سروشت ، یان لە جیهانی ڕووەک و ئاژەڵەوە بەستبوو بۆ ئاماژەدان بەو سروشت، یان وێنەیەی کە سەردەمانێک ئاماژەبووە بۆئەو خوداوەندانە.

سەبارەت بە گەشەسەندنی یەکلاکەرەوە لە تێگەیشتن لە سروشت و شێوەی خوداوەندەکان (بە تایبەتی گرنگەکانیان)، کاتێک ڕوویدا کە خوداوەندەکان شێوەی مرۆڤی ڕووناکیان وەرگرت ، واتە ڕووناکی لە جەستەیانەوە دەدرەوشایەوە.

سەبارەت بە وێنەی ڕەها-ئەبستراکت، یابیرەکی، یان ڕاماناوی خوداوەندان، لەگەڵ زیادبوونی تێگەیشتنە هۆشەکی –عقلی و گیانییەکانی مرۆڤ دەستی بە گەشەکردن کرد و بیرۆکەی خوداوەندیەتی بە هەمیشەیی لە بیری کۆندا ئامادە بوو، بیری سۆمەری وای گریمانە دەکرد لە هەموو مرۆڤێکدا گیانێکی خوداوەندیی، یان خوداوەندێکی کەسی هەیە کە ئاگاداری کاروباری ئەو کەسە دەبێت:

«بەبێ خوداوەند مرۆڤ ناتوانێت بژێوی ژیانی دابین بکات، گەنجیش ناتوانێت دەستی قارەمانانە لە شەڕدا بوەشێنێت.»

وەک لە دەقێکی تردا دەخوێنینەوە:

کاتێک پلان بۆ داهاتوو دادەنێیت، خوداوەندەکەت ، خوداوەندی تۆیەو کاتێک پلانت بۆ داهاتوو دانەنا، خوداوەندەکەت نابێتە خوداوەندت)).

خوداوەندایەتی، بە پێی ئەم دوو دەقە، بایەخدانێکی هەمیشەیی و کردەوەیەکی بەردەوامی هۆشیارییە، بەڵام مرۆڤەکی نییە، ملکەچی هەوەس و لاوازی تاکەکەس نییە، بەڵکو ئەو نموونایەتییەیە مرۆڤ هەستی پێدەکات (بڕوانە ئەلحورانی ١٩٨٧: ١٥٤).

سۆمەریەکان لە ژینگەی جوگرافی ئەوکاتی خوارووی میسۆپۆتامیا بۆچوونەکانیان ڕۆدەنا ، خوارووی عیراق دەریا بوو ، و شکایی بە قوڕ و لیتەوئاوماڵکی دجلە و فورات دروست دەبوو ، واتە لە ململانێی ژیان ئەم بۆچوونانە دروست بووین .

(1)[1]

[1](تێبینی: ((مرۆڤی سۆمەری لە بیرکردنەوەیدا ، لەهەموو قۆناغەکانیدا، هەر لە قۆناخی بیرکردنەوەی جادووییەوە، وەک ئامرازێکی زانین و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ژینگە(سروشت و دیاردەکانی) دەرکەوتووە ،بۆئەوەی لێیان تێبگات و بتوانێت هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکات.. لەجادووگەریدا، پشتی دەبەست بە دروستکردنی پەیوەندی (نادروست) لەنێوان هۆوئەنجام ، هەر لەم قۆناغەشدا ترس و سام و بەپیرۆزدانان ، گەڵاڵەبوو ، لە ئاگر دەترساو هەوڵی بندەست کردنی دەدا و هەوڵی دەدا لێی تێبگات و سوودی لێ ببینێت، بەڵام نەیتوانی هەموو دیاردەکان بەم ڕێسازییە (منهج) لێکبداتەوە، ناچار مرۆڤی سۆمەری ڕێگایێکی دیکەی هەڵبژارد لە کانگای ملکەچ بوون و رازی کردنی هێزی پشت دیاردەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو و بە پیرۆزدانان و بەمەزن دانانی دەستی پێکرد، دیاردە سروشتییەکان هەر لە ئافراندنی ئاسمان و زەوی و خۆر و دیاردەکانی دیکەوە، گریمانەی دانانی(خودان)خواوەند بۆیان وبە خواوەند زانینیان لای مرۆڤی سۆمەری پەیدابوو ، ئەمەش بووبە سەرەتای دروست بوونی ئایینی سۆمەری، واتە بەپیرۆزکردنی هێزی دیاردەسروشتییەکان و ملکەچ بوون بۆیان بۆ لێکدانەوە و کۆنترۆڵکردنی دیاردە سروشتیەکان بووە.

واتە مرۆڤی سۆمەری لە ڕێگەی ئەم خواوەندانەوە ، هەوڵی دەدا دیاردە سروشتییەکان کۆنترۆڵ بکات و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکات بۆ بەرژەوەندی خۆی و دوورخستنەوەی زیانەکانیان و نەهێشتنی ترس و سامی دیاردە سروشتیەکان لەسەر خۆی.مرۆڤی سۆمەری لەڕێگەی خواوەندەکانەوە هەوڵی دا لە دیاردەکان بگات و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات و بیان گۆڕێت.

بەمجۆرە، مرۆڤی سۆمەری دوای قۆناخی بیرکردنەوەی جادوویی -جادوو لەجیهانی کۆندا باو بوو ، گرنگیەکی زۆری هەبوو ،لەناو نەچوو ،بەڵکو لەدوا کات خزایە نێو ئایینە فرە خواوەندییەکان ،هەروەها لە چەندان ڕێوڕەسمی دیکەی ئاییني سۆمەریدا خۆی نواند - مرۆڤی سۆمەری  باوەڕی سەبارەت هێزی پشت دیاردەکان ، فراوان بوو، بووە گشتگر ونەتەوەیی  .

بەمجۆرە:رێوشوێن، بیروبۆچوون سەبارەت دوای مردن، بیروباوەڕ، لەکۆڵەگەکانی ئایینی سۆمەری پەیدابون ، پەرسگە  بووە مەکۆی ئەم ئاڕاستەیەی بیروبۆچوونی مرۆی سۆمەری  سەبارەت ژیان وژینگە .

بەمجۆرە،ئایینی سۆمەری بەهەموو پێکهاتەکانییەوە خۆی نواند، شایانی باسە:ڕیشەی وشەی دین:

لەسۆمەریدا,(دی )واتە شوێنی دادوەری,لەئەکەدیدا(دێن  -Den),لەئارامیدا(دێنۆ-Deno),لە زمانی هیندی (دارما- Dharma),بەواتای یاساو ڕێسای سروشتی و(رتا),بەواتای سیستەم لەسروشت وژیاندا.

لەیۆنانی (کریستیا- Cristia)کریست –کریستۆس,واتە زەیتی پیرۆز لێدراو,لەرێورەسمی دانانی پاشا باوبوو.

لەلاتینی( ریلیگۆ-Religio ),واتە پابەند بوون وملکەچی.

( ثنائیات الدین والسیاسە ، الانبیاء والاثار ، الزرادشتیە والتوحید ، الفرعون والنمرود .. خزعل الماجدی - ڤیدیۆ).

.((    ig^https://www.youtube.com/watch?v=HUCxA_UQ

**به زمانی ئەفسانە :**

-سەرەتا خواوەند نەممۆ (نمو) ، ئاوی دەریای بەرایی هەبوو ، لەوەوە :

-خواوەند (ئان) (ئاسمان) بوو و مێ خواوەند ( کی) خواوەندی زەوی بوو ، لە کۆبوونەوەیان :

-خواوەند (ئینلیل) خواوەندی هەوا لەدایک بوو و ئاسمان و زەوی لەیەک جیاکردەوە (ئان) و مێ خواوەند ( کی) لەیەک جیاکردەوە .

-خواوەند ئینیل خۆی لەتاریکی بینیەوە، بۆیە ، خواوەند (ننار)( مانگ)ی دروست کرد ، تا ئاسمان رووناک بێتەوە . هەروەها :

-خواوەند (ننار) یش (خواوەند (ئوتو) خۆر ، (یا (شمش) ی بابلی) دروست کرد ، لە باوکی رووناک تربوو .

-خواوەند (ئینلیل) و مێ خواوەند ( کی) یەکیان گرت و بە یارمەتی خواوەند (ئینکی) (خواوەندی ئاو) و خواوەند (ئوتو) خۆر : ژیانی روەک و ئاژەڵان لەسەر زەوی پەیدابوو .

بە یارمەتی خواوەند (نمو) و خواوەند (ننماخ) (ناوێکی خواوەندی زەویە) مرۆ دروست بوو ، شارستانیەتی و ئاوەدانی دروست بوون .

سۆمەریەکان بیر و بۆچوونیان لەسەر بنەمای چوار ڕەگەزەکە بنیات ناوە (ئاو، لەوەوە: ئاسمان و زەوی (بە یەکگرتووی) (مایەی ڕەق)، لەوەوە: هەوا (بەوەش ئاسمان لە زەوی جیابوەوە، ژیان لەسەر زەوی پەیدابوو)، مانگ دروست بوو، خۆر دروست بوو – واتە بنجی ژیان و شتان لە یەکگرتنی هەوا و خاک و ئاو بە یارمەتی خۆر دروست بووە . دەکاتە تیۆری چوار ڕەگەزەکەی بنجی بوون ).


ئەم وێنە نموونەگەرییە دوای ئەوە پەرەی سەند تا خوداوەندیی مانای باڵادەستی و پەندزانی-حیکمەت لەناو مرۆڤدای دەگەیاند، ئەمەش گەشەسەندنێکی سەرنجڕاکێش و ورد و عەقڵانییە، کەوا ئەگەر بەردەوام بووایە دەکرا ببێتە هۆی گەشەسەندنی گیانیی و هۆشەکی سەرسوڕهێنەر، بەڵام لەگەڵ کۆتایی سومەر و هاوکات سەرهەڵدانی تێگەیشتنی سامیانەی ڕەهای بیابانی بۆ خوداوەند ، ئەم باڵادەستی و پەندزانی-حیکمەت لەناو مرۆڤدای دەگەیاند ، لەناوچوو، تێگەیشتنی سامیانە ،

خوداوەندی فرێدرایە دەرەوەی مرۆڤ ، دووری دوور ، مرۆڤ بوو بە بوونێکی بێ بایەخ ، تێگەیشتنی سۆمەرییەکان بۆ هەستی مرۆڤ بۆ خوداوەندان و خوداوەندایەتی قووڵ و دەگمەن بوو ، با بزانین یەکێک لە خوێندکارە سۆمەرییەکان چۆن لەگەڵ مامۆستاکەی دەدوێت و چاکەی ئەووڕەزامەندی خۆی بۆ دەردەبڕێت:

((تۆ خوداوەندیت و بەو پێیەی خوداوەند مرۆڤ دروست دەکات، تۆ خوداوەندی منیت ، چونکە لە مندامرۆڤت دروست کرد)). (بڕوانە Van Dijk ١٩٥٣: ٢٤) ،یان با بیر لەم نووشتەیە بکەینەوە لەسەر زمانی یەکێک لە پێشگۆکان هاتووە، دوای ئەوەی ئازار و بەڵاکانی نەخۆشەکە دەژمێرێت:

((خوداوەندەکەی جەستەی بەجێهێشتووە... خوداوەندەکەی وازی لێهێناوە)) (بڕوانە Reiner ١٩٥٨: ٣٠).

ئەم تێڕامان و ڕووچوونە لە خودی مرۆڤدا بە هیچ شێوەیەک ڕێگری لە مرۆی سۆمەری نەکرد ، چەمکێکی هاوتا و بەرزکردنەوەی خوداوەندەکان تا زۆردوورترین کۆتاییەکانی گەردوون وێنابکات ، نیشانەی سۆمەری (دنگار) کە خوداوەند نیشان دەدات ، ئاماژەیە بۆ وەها چەمکێک ،چونکە بە مانای ئاسمان ، یان ئەستێرەکانیش بوو ، سۆمەرییەکان هەموو تایبەتمەندییەکی ناجەستەیی ، نەبینراو، یان نابەرهەستیان بە هێزێکی خوداوەندی - ئیلاهی دەزانی.



شكل (18): رموز الإله آن: 1. الجهات الثمان (رمز الألوهية) الألف الخامس ق.م
2. العلامة الكتابية دنگر (الإله، الألوهية) في الألف الرابع ق.م

لەم نیشانەیە (دنگار)دا، دەتوانین بیرۆکەی ڕەهاکردنی خوداوەندگەری لە پشت هەموو دەستنیشانکردنەوەیەکەوە بدۆزینەوە،لەبەرئەوەی ئەو کاتەی کە بە تەنیا دەنووسرا، بە مانای گەورەترین خوداوەندی ڕەها بوو، لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە تێکەڵبوونی بیرۆکەی خوداوەندیی لەگەڵ بەرزی و ئاسمان لە بیروبۆچوونی کۆندا - کەوا نیشانەی خوداوەندیی بە مانای بەرزی و ئاسمانیش

دەهات - ئەم تێکەڵبوونە ئاماژەیەکی گرنگی هەیە بۆ ئەو پەیوەندییە ناسکەی کە مرۆڤی بەستاوەتەوە بە بوونی گەردوونیی دوور، ئەم پەیوەندییەی کە خۆی بە هەستە خوداوەندگەرییەکان دەردەبڕێت ، کە هەمیشە بەرەو ڕەهای گشتگیر چووین (بڕوانە حورانی ۱۹۸۷: ۱۵۷).

سەبارەت بە هێزی خوداوەندی، بە بوونەوەرە خوداوەندییەکان و زیندووەکانەوە، وەک سروشت، هەسارەکان، دەرکەوتەکانی سروشت، ڕووەک، گیاندار و مرۆڤ دەربڕدرا،بەڵام جەوهەری هێزی خوداوەندی لە ڕوانگەی سۆمەرییەوە لە وشەدا بووە، بۆیە کاتێک خودا وشەکەی گوت، شتەکان دەهاتنە ئاراوە.

ئەم وشەیە یان بیرۆکەیەک بوو (نا) ،یان وشەیەک بوو (لو) یان ناوێک بوو (نام) ، سیمای شتەکە ،یان سیفاتەکانی (نم) کە لە زمانی ئەکەدیدا هاوتایە لەگەڵ وشەی (شامتۆ)، واتە سیفەت و سروشتی شتەکە.

بەهەمان شێوە هێزی خوداوەندی بە یاسا خوداوەندییەکان (می Me)دا دەربڕدرا، کەوا دەرکەوتەی شارستانییەت و شارنشینی بوون و ژمارەیان لە سەد نزیک دەبووەوە، بەڵام ئەفسانەی ئینانا و ئێنکی و گواستنەوەی یاساکانی شارستانیەت لە (ئێریدو) وە بۆ ئوروک، هەشتایان لێ ئەژمارکراوە ، هەموو هونەر و ئەدەب و پیشە دەستییەکان و پلەکانی پێشگۆکاری و مۆسیقا و جلوبەرگ و شێوەکانی پاشایەتی و دەسەڵاتی لەخۆگرتبوو..

بەهەمان شێوە دەسەڵاتی خوداوەندی لەو شتەدا بەرجەستە دەبێت کە پێی دەوترێت (دەپی چارەنووسەکان ، یان داهاتووەکان) ،کە لەلایەن خوداوەندی نەتەوەیی سۆمەری (ئینلیل)ەوە هەڵگیرابوو، کە لەدەستدانی یان نەمانی دەستەڵات بەسەرییەوە، بە مانای لەدەستدانی کۆنترۆڵی یاساکانی سروشت و جیهان کەوتنە پەشێوی وگێژاوێکی توند بوو.

## ٢- دامەزراوەی پێشگۆیی- المؤسسة الكهنوتية



پەیکەری کۆنی
سۆمەری
دوو لە پێشگۆکان
)-priests
الکهنة )ی

گالا، مێژووەکەی
دەگەڕێتەوە بۆ
٢٤٥٠ پێش
زایین، لە
پەرسگای ئینانا لە
ماری دۆزرایەوە

سیستەمی ئایینیی پێشگۆیی سۆمەری وردە وردە پەرەی سەند و لە سەرووی ئەم سیستەمە لە سەرەتای سۆمەردا پاشاکانی بەرایی بوون ، کە لە هەمان کاتدا سەرۆکی پێشگۆباڵاکان بوون و پاشا- پێشگۆکەش پێی دەگوترا (باتیزی) یان (ئینسی Ensi )، پاشان ئەم پەیوەندییە تێکچوو، بۆیە پاشا ناوی لێنرا (لۆگال Lugal) و سەرۆک پێشگۆکان ناوی لێنرا (ئین En )، واتە بەڕێز-گەورە، ئەم پێشگۆیە لەگەڵ مێپێشگۆی باڵا جووت دەبوو، کە بە سۆمەری پێی دەوترێت (نندنگر)، واتە (خانمە خوداوەند)، و بە زمانی ئەکەدی (ئینتوEntu )، بە واتای بانو (خانم).

(پێشگۆیی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بەڕێوەبردن و پاراستنی پەرسگا و رِێوشوێنە ئاینییەکانیدا.

پێشگۆکان (priests- الكهنة )بەرپرسیار بوون لە ئەنجامدانی قوربانی پێشکەشکردن بۆ خوداوەندەکان و لێکدانەوەی نیشانە و خەونەکان و پێشکەشکردنی ڕێنمایی و ئامۆژگاری بۆ خەڵک. هەروەها بەرپرسیار بوون لە پاراستنی شتە پیرۆزەکانی پەرسگاکە و سەرپەرشتیکردنی پاراستنی پەرسگاکە.)

سەبارەت بە پلە پێشگۆییەکانی دیکە، بەسەر دوو پلەی بنەڕەتیدا دابەش بوون:

١- بەرزترین ئاست: ئەمانەلەخۆ دەگرێت:

و- پێشگۆیەباڵاکان، و پێیان دەوترێت (سانگا sanga) ، یان (ماخ).

ب- پێشگۆیە پاسەوانەکان و پێیان دەوترێت (ئۆریکالۆ).

ج- پێشگۆیە تایبەتمەندەکان، ئەم پێشگۆیانەش، کە هەریەکەیان جۆرێکی دیاریکراوی کار لە ناوەوە و دەرەوەی پەرسگاکە ئەنجام دەدەن، و ئەوانیش بریتین لە:

(پاککەرەوەکان، پاگژکەرەوەکان،لەئاو هەڵکێشەکان، ڕۆن لێدەران ،نووشتەکاران،

خەونلێکدەرەوەکان،پێشگۆکانی نهێنییەکان، شاگردەکان، ماتەمگێڕەکان، سروود بێژان).

٢- پلەی ئاسایی: سێ جۆر پێشگۆ و پێشگۆی ژنیش لە خۆ دە گرێت:

و- پێشگۆ ژنەکان **priestess** : ژیانی ئایینی سۆمەریەکان پڕ بوو لە سەرهەڵدانی پێشگۆ ژنەکان، هەندێکیان پلەی پێشگۆی باڵایان هەبوو (ناندانگار)، کە لە بۆنە پیرۆزەکانی هاوسەرگیری پیرۆزدا لەگەڵ پاشاداجووت دەبوو وەک نوێنەری خوداوەندی ئینانا .

هەروەها پێشگۆژنەپلە باڵاکان هەن کە خەونەکان بە تایبەتی لێکدەدەنەوە.

پایەکانی پێشگۆژنەکان بەم شێوەیەن:

١- ڕەبەن پێی دەوترێت (لوکورLukur)، ئەویش ئەو ئافرەتەیە کە سوێندی خواردووە لە پەرسگادا خزمەتی یەکێک لە خوداوەندەکان دەکات. ئەو ئافرەتەمافی منداڵبوونی نەبووە.

٢- پیرۆزیارەکە –القدیسە ناوی (نو-گیگ Nu. gig)ە، و هەندێک لە لێکۆڵەران بە هەڵە وەریانگێڕاوە بە (هەوەسخوازی پەرسگا) (**بغیة المعبد**)، ، و لە ژێر ڕۆشنایی ئەویشدا شوێنەکەی بووە بە شوێنێک بۆ ئەنجامدانی لەشفرۆشی و ناوی لێنرا لەشفرۆشخانە، لەکاتێکدا وەرگێڕانەدروستەکەی بە وردی بریتیە لە (پیرۆزگە)، و ناوی ئەم پێشگۆژنە بە واتای (دوور لە نەخۆشی)دێت).

٣- نەزر كراو (نو بار Nu. bar)، كە تايبەتە بە خوداوەندێكی دياريكراو و زۆربەی جاران لە بنەماڵەيەكی دەوڵەمەندەوە هاتووە.

٤- ياوەر (سوگی Su.ge)، پەيوەندی بە ڕێوڕەسمەكانی هاوسەرگيری پيرۆزەوە هەيە، مافی ئەوەی هەبوو منداڵی ببێت.

٥- ژنەدەرگاوان (سال. زيكروم Sal. Zikkrum) ، هەندێكجار بە نێرە ژن وەرگێڕدراوە، پێشتر لە پەرسگادا كاری خزمەتی ئەنجام دەدا.

ئێمە لێرەدا پێمان خۆشە ئەو شتە پووچەڵ بكەينەوە كە لە ژيانی ئايينی سۆمەريدا زۆر باسی (لەشفرۆشی پەرسگاكان) دەكرا، بەو پێيەی شتێك نەبووە بە ناوی لەشفرۆشی پەرسگاكانەوە ، بەڵكو لەشفرۆشەكان لە ماڵە تايبەتييەكانی خۆيان ، يان لە بارِەكانی فرۆشتنی شەرابدا لەشفرۆشييان دەكرد، پەرسگاكەش بە هيچ شێوەيەك ئەو جۆرە ژنانەی تێدا نەبوو.. هێرۆدۆت ئەمەی لەسەر پەرسگا كۆنەكانی خوارووی ميسۆپۆتاميا بڵاوكردەوە بەبێ ئەوەی سەردانی بابل بكات، بەڵكو زياتر لە ژێر كاريگەری دەوروبەرەيۆنانييەكەيدا بوو ، ڕەنگە سەرچاوەی ئەم سەرلێشێواوييە ئەوە بێت، كە لە ئەنجامدانی جووتبوونی پيرۆز لە نێوان پێشگۆی باڵا و پاشا لە ڕێوڕەسمی هاوسەرگيری پيرۆزدا ڕووی دەداهاتبێتە ئاراوە ، كە لە سەرەتای ساڵی نوێدا لە ميانەی ئاهەنگە ئايينيە گەورەكان ئەنجام دەدرا.

ب- پێشگۆ خەسێنراوەكان (نەزركراوەكان)، كە بە هيچ شێوەيەك مافی هاوسەرگيرييان نييە و دابەش دەكرێن بەسەر دوو جۆر:

١- ئاسينۆ.

٢- كۆر كارۆ

ج- پێشگۆ ئاساييەكان: ئەوان پياوانی ئايينی پلەی سەرەتايی سادەن و بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبن:

١- سابينگۆ: واتە پێشگۆيە كان بەگشتی.

٢- ئاربی بيتی: واتە ئەوانەی دەچنە ناو پەرسگا.

## ٣- پەرسگا سۆمەریەکان




پەرسگای هێلکەیی

پەرسگا سۆمەرییەکان شوێنی هاوبەش بوون بۆ خوداوەندە سۆمەرییەکان و پێشگۆکان پێکەوە، خانوو-ماڵی زەمینی بوون بۆ خوداوەندەکانیان ، پێشگۆکانی ئەم ماڵانەش وەک خزمەتکاری خوداوەندەکان بوون، ڕێوڕەسم و ڕێوڕشوێنیان بۆ ئەنجام دەدا و هەمووئێویستێکی ئەوان و پەیکەرەکانیان دابین دەکرد .

گومانی تێدا نییە کە پەرسگا سۆمەرییەکان لە پەرسگاکانی سەردەمی عوبەید نزیکەی ٤٥٠٠ پ.ز – ٣٨٠٠ پ.ز و ئێریدۆوە پەرەیان سەندووە، کە لەگەڵ سەرەتای پەرسگای کالکولێتیت (بەردینی کانزایی) دەرکەوتوون،ڕەنگە کۆنترین پەرسگاکان ئەوانەبن لە هەزارەی پێنجەمی پێش زایین لە ئێریدو (چینی شانزەهەم) دۆزراونەتەوە، تایبەت بوون بە خوداوەندی ئاو وپەندزانی- حیکمەت (ئینکی) و پەرسگایەکی سادە بوو، کە پێکهاتبوو لە داڵانێک و شوێنێکی پیرۆز و پیرۆزگەی پیرۆزییەکان- قدس الاقداس.

پاشان ئەم پەرسگایە فراوانتر بوو و بوو بە نێوەندێک کە بە ژووری دیکە دەورە دراوە ، لەسەرنشینگەیێک ،یا سەکۆیێک دروستکراوە، بە کۆمەڵێک پلیکانە بەرەو دەروازەی پەرسگاکە سەردەکەون ، بەگشتی دەتوانین پەرسگا سۆمەرییەکان دابەش بکەین بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە:




ۆێنەی
“پەرستگای
سپی”
ئوروک/وەر
کا لەسەر
زیگوراتەکە
ی. جەمدەت
نسر

1-**پەرسگای سادە:** ئەمانە ئەو پەرسگایانەن کە مێژووەکەیان بۆ نێوان (٥٠٠٠-٣٥٠٠) پێش زایین دەگەڕێتەوە ، لە چەند شوێنێکی زۆر سادە پێکهاتبوون ، پێکهاتبوو لە دالآنێک و شوێنێکی پیرۆز و پیرۆزگەی پیرۆزییەکان- قدس الاقداس ، نموونەکانی لە پەرسگاکانی ئێریدو (٨-١٨ چین ) و پەرسگای تەپەگورە (چینی ١٨) دیارن .

2-پەرسگاکانی بە سەکۆ: زۆربەیان کەوتوونەتە نێوان (٣٥٠٠-٣٠٠٠) پێش زایین ، پاشکۆکانیان - مرفق پەرەیان سەندووە، و بووەتە هۆی ناسینی ئەو خوداوەندانەی کە بۆیان تەرخان کراون ، لەوانەش پەرسگاکانی (ئینانا لە وەرکا) و (ئەریدو) و خەفاجی بۆ خوداوەند نانا (مانگ) و پەرسگای گرد براک بۆ خوداوەندی چاو و پەرسگای تەپە گورە .

3- پەرسگاکان بە سەکۆ و شێوەی جیاواز: زۆربەیان لە سەردەمی شارەدەوڵەتەکانی سۆمەری (٣٠٠٠-٢٤٧٠) پێش زایین دەرکەوتوون ، تایبەتمەند بوو بە سەرهەڵدانی شێوە ئەندازەییە جیاوازەکانی وەک :هێلکەیی و بازنەیی و چوارگۆشەیی و لاکێشەیی... لەنێویاندا پەرسگای نانخێرساگ لە تەل عوبەید، پەرسگای ئینلیل لە نیپور-نەفەر، پەرسگای چوارگۆشەی خوداوەند (ئابو) لە تەل

ئەسمەر و سێ پەرسگای خەفاجی (هێلکەیی ، نینتۆ، سین)، پەرسگای شارا لە تل ئەجرەب و پەرسگای عیشتار لە ئاشوور و شەش پەرسگای ماری (ئینانا، نەنخراساگ، ئوتو، عیشتارات، ننی زازا، و زیگورات).



شكل (١٢) زقورة إله القمر في أور عصر سلالة اور الثالثة

زیگوریت-الزقورة- البرج المدرج-سەکۆی پەیژەدار-سەکۆی باڵا-بابلییەکان بەم بنیاتەیان دەوت (زیگوراتی)-یا (زقارو-زکارو) بەواتای بەرز وبڵند . د.فرج بصمەجی –مجلة ( سومر)-مجلد ١١-ج ١ – ١٩٥٥ –ص ٥٤ .
(لە سەردەمی ئورنمو پەرستگە دروست کردن گۆڕاکاری بەسەرداهات لە پێشدا لە یەک سەکۆ –مێگبە ونوێژگە دروست دەکرا,یا لە دوو سەکۆی لەسەر یەک یا سێ سەکۆی لەسەر یەک دروست دەکرا,کەچی دواتر سەکۆکان زۆر بوون و لەسەریەک بەرزدەکرانەوە وپەیژەیان هەبوو پلیکانەیان هەبوو بۆ بەسەرکەوتن وەک قوشییێکی بەرز ی بنکە شێوە چوارگۆشە یا سێگۆشە و بە زیکوراتی ناسران.

٤- زیگورات: بریتین لە پەرسگاکانی بە شێوەی چین لە نێوان (٣-٧) چین دروست کراون، هەر دوو چین بە پەیژەیێک بەیەکەوە بەستراونەتەوە، هەروەها چینەکانی لەگەڵ زیادبوونی بەرزی زیگوراتە کە بەرینیان کەمتر دەبوویەوە،هەتا هەندێکیان بە ژوورێک کۆتایی دەهات تەرخانبوو بۆ خوداوەندی ئەو پەرسگایە.

گرنگترینی ئەم زیگوراتانە لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور (٢١٢٤-٢٠٠٦) پێش زایین ،لە شارەکانی ئور، ئێریدو، نەفەر، ئوروک دەرکەوتوون.

(تێبینی:بە سۆمەری زیگورات **ziggurat** ، بە ئەکەدی: ziqqurratum، zaqārum ، هاوتایە لەگەڵ زەقەری عیبری ( *zaqar* ) ،زیگورات-الزقورة-البرج المدرج-سەکۆی پەیژەدار-سەکۆی باڵا-بابلییەکان بەم بنیاتەیان دەوت(زیگوراتی)-یا (زقارو-زکارو) بەواتای بەرز وبڵند . د.فرج بصمەجی –مجلة ( سومر)-مجلد ١١-ج ١ – ١٩٥٥ –ل ٥٤ .

(لە سەردەمی ئورنەممو پەرستگە دروست کردن گۆڕانکاری بەسەرداهات لە پێشدا لە یەک سەکۆ –مصطبە ونوێژگە دروست دەکرا,یا لە دوو سەکۆی لەسەر یەک یا سێ سەکۆی لەسەر یەک دروست دەکرا,کەچی دواتر سەکۆکان زۆر بوون و لەسەریەک بەرزدەکرانەوە وپەیژەیان هەبوو پلیکانەیان هەبوو بۆ بەسەرکەوتن

وەک قوللەیێکی بەرز ی بنکە شێوە چوارگۆشە یا سێگۆشە و بە زیگوراتی ناسران).

ڕەنگە زیگوراتی ئور کە تایبەتە بە پەرستنی خوداوەندی مانگ (نانا)، لە نێو ئەم زیگورانەدا بەناوبانگترین و خۆڕاگرترینیان بووبێت بەرامبەر بە رۆژگار، بەو پێیەی تا ئەمڕۆش وێرانییەکانی ماون وخۆڕاگرن.

پەرسگاکان لە ناوەڕاستی شاردا دروستکراون و ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە شوێنی پەیڕەوکردنی ئایینی و دونیاییەکانیش بووین ، سەرباری کاروباری ڕێوڕەسم وپەرستن ، پەرسگاکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئابووری بەکاردەهاتن ،ئاڵوگۆڕ وقەرزدانی تایبەت بە دانەوێڵەو کانزا گرانبەهاکانی تێداکراوە ، هەروەها پەرسگاکان ئەو شوێنانە بوون نووسینیان تێدا دەرکەوت ،وەک پێویستییێکی ڕێکخستنی لایەنە ئابوورییەکانی پەرسگا.


هەروەها پەرسگاکان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لە بوون بە شوێنی ئەنجامدانی دادگاییکردن و هاوشێوەی نەخۆشخانە و شوێنی چارەسەرکردن بوون، ئەمە جگە لەوەی ڕۆڵی سەرەکییان لە کاروباری پەروەردەداهەبوو، وەک قوتابخانە سەرەتاییەکان.

زۆربەی پەرسگاکانی سۆمەری زەوی و کێڵگەی کشتوکاڵییان هەبوو، کە پێشگۆکان کارەکانی ئەوقاف و کارەکانی ئەم زەوییە چێنراوانەیان ڕێکدەخست، کە بەسەر سێ جۆردا دابەشکرابوون: (بڕوانە باشوور ١٩٨١: ١٩).


١-خاکی پەروەردگار (جانا-تی-ئین-نا) و هەموو کۆمەڵگاکە لە پێناو پەرسگاکەدا کاری تێدا دەکەن.

٢-خاکی خۆراک (جانا-کۆر-را)، کە دەدرێت بەو کەسانەی بەرپرسن لە پەرسگاکە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان.

٣-زەویی گاسن (جانا-ئابین-لا) ڕادەستی بەشداربووان دەکرێت کەخاوەن پشکێکن لە نێوان (٧/١ بۆ ٨/١)ی بەروبوومەکەدایە.





وێنەی (٦) نەخشەی و بنیاتنانەوەی پەرسگای خوداوەند ئوتو وقولکەی (پەرسگای سپی لە ئوروک) ٣٢٠٠-٣١٠٠ پێش زایین.




وێنەی (٩)نەخشەی پەرسگای تەپەگورە ٣٠٠٠ پێش زایین.

وێنەی (١٠) پەرسگای خوداوەندی مانگ (نانا) لە خەفاجی، لە سەردەمی بنەماڵەکان (٢٩٠٠-٢٢٠٠) پێش زایین.




وێنەی (١١) پەرسگای خوداوەند ئابو لە تەل ئەسمەر.

وێنەی (١٢) زیگوراتی خوداوەندی مانگ لە ئور، سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور.

## باوەڕی پەروەرندەگەری
### - عقائد الربوبية-

**بیروباوەڕی تایبەت بە پەروەرندە وخوداوەندەکانی سۆمەری لە کۆمەڵێک ئاکار و تایبەتمەندیدا دەرکەوت ، کە ڕەنگە لە هەندێک لایەنەوە دژ بەیەک دەرکەون، بەڵام ئەوەش لەبەرئەو ماوەیە دوور و درێژەوە سەرچاوەی گرتووە ، کە ئەم بیروباوەڕانە تێیدا پەرەیان سەندووە و هەندێک لە پەیوەندییە کۆنەکانیان بەستراونەتەوە بە پەیوەندییە نوێکان بەبێ نەسازی و دژایەتییەکی توند لە نێوان هەموویاندا.(1)**[1]

---

[1](تێبینی:تەها باقر دەنووسێت: بیرکردنەوەی جادوویی و پێوارزانی:

بیرکردنەوەی جادوویی و پێوارزانی (السحر و العرافة),یا پێواردۆزی لەسەر ئەم بنچەنەیە دامەزراوە ، کە مرۆڤ باوەڕی هێناوە بەوەی هێزێک لە گەردوون و دیاردەکانیدا هەیە ، هێز یا وزەیێک لە گەردوون و سروشت و ژیاندایە ، بەڵام لەبیری خۆی دا شێوەی پێنەبەخشی بوو ، یا چییەتی( ماهية) نەزانی بوو ، بەدوو ڕێگا هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەم هێزە دەکرد:
١ -یا ئەوەتە هێما و ئاماژەکانی ئەم هێزەی لێکدەدایەوە ، وەک ئەوەی ئەو هێزە پەیامی بۆ بنێرێت و ئەو راڤەیان بکات, ئەوەیان پێوارزانی (پێواردۆزی)(پێشبینی کردن) (العرافة)بوو, (پێوار:بزر,نادیار) ، بەڵام جادوو (السحر)پێچەوانەی ئەم پرۆسەیە ، مرۆڤ خۆی وەک خاوەن هێزێک دەبینی ، دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر هێز و وزە دەرەکییەکە ، واتە مرۆڤ پەیامی دەنارد بۆ دیاردەکە ، هەوڵی کۆنترۆڵ کردنی دیاردەکەی دەدا ، وەک ، زاڵ بوون بەسەر با ، رووبار ، .. هتد. ئەوانەی ئەم توانستەشیان هەبوو ، ژمارەیان کەم بوو ، هەبوو هەر نەیدەزانی خاوەن ئەم توانستەیە تا دەرفەتی بۆ دەڕەخسا بۆ نواندنی . کەواتە ویستی مرۆڤ بۆ کۆنترۆڵ کردنی سروشت ، واتە جادوو. جادووش یاسای تایبەتی خۆی هەیە:
یەکەم : هاوشێوەیی (لەیێک چوون) .
دووەم : پەیوەندی (الاتصال ).
بۆ نموونە ، گەر بیویستبایە زیان بەکەسێک, یا شتێک بگەیەنێت ، هاوشێوەی وی ، بۆنموونە بوکەڵەیێکی دروست دەکرد و زیانی بە بووکەڵەکە دەگەیاند ، باوەڕی وابوو زیان بەو کەسە دەگەیەنێت کە ویستوویەتی زیانی پێبگەیەنێت . بەهەمان

شێوە گەر بیویستبا ئاژەڵێک ڕاو بکات ، هەر وای دەکرد, یا وێنەی دەکێشا ، ئەمە پرۆسەی جادوو کردنە.
ئەم باوەڕەش ساختەیە و لێکدانەوەیەکی ساختە و نادروستە ، لەئەنجامی لەیەک بەستنی بە هەڵەی هۆ و ئەنجامە . ئەمەش زانستی ساختەیە.
دووەم : پەیوەندی و تێکبەستەیی ، واتە باوەڕی وابوو گەر شت و دیاردەیێک پەیوەندی هەبێت بە کەسێک یا شتێک, گەرلەو جیاش بێتەوە (وەک مووی پرچی مرۆڤ) هەر پەیوەندی دەمێنێت – بە باوەڕی جادووکەرەکە – و کار لەخاوەنەکەی دەکات گەر بسووتێندرێت ... یا... ئەوەشیان تێکبەستنی هەڵەی هۆ و ئەنجامە . لەبەر ئەوەی پەیوەستە بە دیاردە و شتی سروشتییەوە ، بەزانستی ساختە داندراوە .
بەمجۆرە جادوو و پێوارزانی (السحر و العرافه) پشت بە باوەڕ بوون بە بوونی هێز و وزەیێک لە گەردوون و سروشت و ژیان و دیاردەکان دەبەستێت ، بەڵام شێوە و چییەتی دیار نەکردبوو و بەهەڵە ئەنجام هۆکانی بەیەک دەگەیاند .
پێکهاتەکانی جادوو و پێوارزانی : :
١-ڕێو ڕەسم (الطقس)
٢-وشە (کاریگەری وشە)
٣-ئەفسانەی کورتی جادوویی
مرۆڤ لە چاخە بەردینییەکۆنەکان ، یەکەم شێوەی جادوو و پێوارزانی پەیڕەو کردووە ، زانایان ناویان ناوە بە :
1-شێوازی هاناگەری (فیچیزم (الفتیشیە) (التمائمیە)
Fichisme) جادووگەری تاکەکەسی:
ئەم جۆرە جادووە لەسەر بنچینەی ئەم بۆچوونە دامەزراوە, هاناخواز دەڵێت : ئەو هێزە گەردوونیەی لە هەموو شتێک دایە ، کۆ دەبێتەوە لەشتێکی دیاریکراو ، بەپیرۆز دانانی ئەم شتە ، لەوەوە دێت ئەو هێزە گەردوونییەی تێدایە و لێی دەردەکەوێت وا دەکات تاکانە بێت لەنێو شتانی دیکە ، مرۆڤ دەشێ مایەیێک یا شتێک دروست بکات هاوشێوەی شتە بنجیەکە پێی دەوترێت هانابەند(نووشتە )(التمیمە) و لەو باوەڕەدایە ئاماژە بێت بۆ شتە پیرۆزە بنجییەکە و پڕبێت لەو هێزە گەردوونییە .
(هانابەند) (Amulet) (التمیمە) ، بەکارهێنەری لەو باوەڕەدایە زیان و خراپەی لێ دوور دەخاتەوە ، یا تەندروستی باش دەکات ، سەرەتا شتی سروشتی بوون ،

بەردی بەنرخ ، یا پارچە داری دەگمەن ... هتد دواتر کە نووسین دۆزرایەوە ، ئەم نووسینە بوو بەو هێزە جادووییەی لە شتەکان دابوو.
نووشتە دوو جۆرن:
تەلیسم : ئەوەی بەخت و خۆشی دێنێت و بەخت دەکاتەوە . نووشتەی پەناگری (تعويذه) بۆ پاراستن لە مەترسییەکان.

٢-زیندەگەری (الاحيائيه) گیانگەری – الارواحيه– Animisme ئەنیمیزم .
ئەنیمیزم (لە لاتینی animus، لە بنەڕەتدا "گیان spirit"، پاشان "soul"):



بریتییە لە باوەڕبوون بە گیان، هێزێکی ژیانی ، کە بوونەوەرە زیندووەکان، شتەکان هەیانە، توخمە سروشتییەکانیش بەزیندوو دەزانێت ، وەک بەرد یان با، هەروەها گیانە پارێزەرەکانیش.
بیرو بۆچوونێکی جادوویی کۆن بوو ، لەوباوەڕە دابوو هەموو شتێکی گەردوون گیانێکی دیاریکراوی هەیە ، ئەم گیانەش بەشێکە لە گیانی گەورەی لە گەردوون دایە . هەندێ هۆزی ئەفەریقی بەم گیانە گەورەیە دەڵێن (مانا) . بەمجۆرە هێزی فیتشی بوو بە گیان (روح) ، جادووکاران -لەو باوەڕەدابوون- پەیوەندیان لەگەڵ ئەم گیانە دەبەست و خواست و ویستەکانی خۆیانیان پێ جێ بەجێ دەکرد ، بە باوەڕی ئەوان و ئەوانەی باوەڕیان بەم بۆچوونە دەکرد ، بەمجۆرە گوایە کاری توانبەدەر دەکەن و چارە و چاکبوونەوە لەنەخۆشی و زیان گەیاندن بەدوژمنانیان ئەنجام دەدەن .
دواتر شێوەی سێیەمی جادووکاری دەرکەوت :

٣-تەوتەمگەری (الطوطمية) (Teutemisme ):
(جادووگەری بەکۆمەڵ)،
بەبیرو بۆچوونی ئەم شێوە جادووگەرییە ، ئەم هێزە, یا گیانە لە ئاژەڵێک, یا جانەوەرێک, یا مایەیێکی دیاریکراودایە و پەیوەندی خزمایەتی و خوێن لەنێوان مرۆڤ ئەم شتەدا هەیە واتە هۆزەکە – لەوباوەڕەدا بوون – لەباپیرە گەورەکەیان ، لەکۆندا ، فیل ، یا تیمساح یا دار کاژ یا فڵانە ئەستێرە بووە و ئەوان لەوەوە کەوتونەتەوە ، بۆیە بەپیرۆزیان دادەنا و بە (تەوتەم) دەناسرا .
بەپێی بیرو بۆچوونی ئەوتەمێتی ، پێویستە هەموو ئەندامانی ئەو هۆزە بەهیچ جۆرێک زیان بەم تەوتەمە نە گەیەنن ، ڕێیان پێنادرێت ، گۆشتی بخۆن یا هەر زیانێکی دی





پێبگەیەنن ، هەتا ئەو تەوتەمەش لەگەڵ هۆزی دیکە لەڕێیەوە یەکدەگرن ڕێگری دەکرێ لەزیان پێگەیاندنی.
لای سۆمەرییەکان جادووگەری هەبووە ,پێشگۆ-کاهینە سۆمەرییەکان ،جادووی چاکەخوازیان دەکرد : نووشتە و دەرکردنی گیانی خراپەکار، پێشگۆکان پێیان دەوتن (ئەشیبو) ، هاوشێوەی پزیشکی گیانی ، یا دەروونی بوو ، کاری پزیشکی جەستەیی تەواو دەکرد ، شاری ئەریدۆ شوێنی بەرایی ثیَشطؤ کانی ئەشیبو بوو ،

بیرو بۆچوونەکانیان پەیوەست بوو بە خواوەندی ئاو و پەندگری(حکمە) و جادوو (ئیا) ، خواوەندی ناوەندیی شاری ئەریدۆی سۆمەری بوو .

٤ -شامانگەری( الشامانیە)(Shamanisme) ( جادووگەری دووکەسی

( پێشگۆ-کاهینی( ئەشیبو )نووشتە وپەناگەری لەمایەی جیاجیا دروست دەکرد ، وەک قوڕ و دارو برونز ، داوی گرێ دەداو ، بووکەڵەی و پەیکەری بچووکی دروست دەکرد ، بۆ زاڵ بوون بەسەر دێوەزمە (تارمایی-شبح) و ئامادەکردنی ئاژەڵی قوربانی ، بۆ پێشکەش کردنی لەبری نەخۆش ، و سوودی لەجنۆکە و شەیتان و خوداوەندەکانیان دەبینی بۆ کارەکەی وەک : سەربازانی جیهانی خواروو ، سەرکردەکانی خراپەکاری و چاووزار ... هتد.




جادوو لە مێژووی کۆندا باو بوو ، گرنگیەکی زۆری هەبوو ، لەدوا کات خزایە نێو ئایینە فرە خواوەندییەکان - وەك ئایینی سۆمەری -لە ڕێوڕەسمی جیاجیایاندا خۆی نواند. ).) سحر البدایات التکوین فی ریعان فجره ,دار النایا للنشر,سوریە,(٢٠١١),بدایه السحرل ٢٧١-٢٨٨ و بدایه العرافه ل ٢٨٩-٢٩٨,وچەند سەرچاوەیێکی دیکە.).






1- گیانگەری (Animisme - ئەنیمیزم) (الارواحیة )

( زیندەگەری -الاحیائیة) (جادووگەریی بەکۆمەڵ ):





(تایلۆر) پێی وایە ئەنیمیزم کۆنترین بیروباوەڕە، کە مرۆڤ پەیڕەوی کردبێت ، ئەم بیروبۆچوونە دەڵێت :هەموو شتەکان هەڵگری گیانێکی زیندوون ، ڕەنگە مرۆڤی کۆن پێی وابوبێت ئەم گیانە زیندووە لە بنجی خۆیدا یەکە، بەڵام لە هەموو شتێکدا و لە بچووکترین وردەکارییەکاندا هەیە.

مرۆی سۆمەری پێی وابوو ، کە خوداوەندێتی خۆی ئەم گیانگەرییە یە ، بۆیە پێی وابوو هەموو شتێک خوداوەندیەکی تایبەتی هەیە ، کەوا بوونی لە بوونی ئەم خوداوەندییە وەردەگرێت ،کەوا لە سەرانسەری گەردووندا هەیە.

ئەگەر گیانگەری، لە بنەچەی خۆیدا، باوەڕێکی ئایینی جادوویی دەربڕێت، کە مرۆڤ لە ڕابردووی دووردا پەیڕەوی کردووە، بەڵام لە نێو سۆمەرییەکاندا پەرەی سەندووە بۆ ئاماژەکردن بەو خوداوەندانەی کە وا بەسەر جووڵەی شتەکان زاڵن وئاڕاستەی دەکەن.

ئەگەر خەڵکە بەراییە نوێرگەرەکان ئەو هێزە گیانییەی ،کە لە گەردوون و مرۆڤ و شتەکاندا هەیە، بە زاراوەی (مانا Mana) ناویان بردووە ، ئەو زاراوەی لەلایەن فرەزان کۆردرینگشن Cordringtion ناسێندرا ، دوای ئەوەی بینی لە نێو ئەو گروپە بەراییانەی کە لە میلانیزیا و پۆلینیزیا و فلیپین نیشتەجێن باوو بوو، ئەوا سۆمەرییەکان بە نیشانەی (دینگیر Dingir) ئاماژەیان دەکرد بۆ ئەو هێزە ،

به واتای خوداوەند ، یا ئاسمان ،یا ئەستێرە وئەکەدییەکان دوای ئەوان ناویان نابوو- ئیلو (إیلو).

هەرچەندە ئێمە ڕێکهاتنی تەواوەتی نێوان زاراوەی ئایینی (دینگیر Dingir)و زاراوەی گیانگەری (مانا Mana) بەڕاست نازانین ، بەڵام پاساو هەیە بۆ بەراوردکردن لە نێوانیاندا.

دەرکەوتنی گیانگەریی ڕووەک و گیانداران و ڕواڵتەکانی سروشت وەک خوداوەندانێک، کە لە پشت هەموو ئەم شتانە خۆیان حەشارداوە، ئەوەیە کە دەرکەوتنی هەزاران خوداوەندی سۆمەری ڕوون دەکاتەوە، کە لەبەردەم ناوەکانیان یەک نیشانە دادەنرا ، ئەویش نیشانەی (دینگیر Dingir) بوو.

[1](1)

[1](تێبینی: تەها باقر دەڵێت: -زیندەگەری و مرۆیاندن (کەساندن) :

الارواحیة– الحیویە (Animism)

یەکێک لە تایبەتیەکانی ئایینی بابلی و پێش ئەویش سۆمەری بنەمای زیندەگەری یە: واتە باوەڕ بوون بە هەبوونی هێزێک یا گیانێک لە هەموو دیاردە سروشتییەکاندا . تەنیا بابلییەکان ئەم بیر و بۆچوونەیان نەبوو ، بەڵکو زۆر لە نەتەوەکان شارستانیەکەیان بەم قۆناخەدا ڕەتبوو بوون ، هەشیانە هێشتا لەم قۆناخەدا دەژین ... خواوەندانی بابلی پێش ئەویش سۆمەری لە بنجدا بەرجەستەکردن ، تەنپێبەخشین ، یا مرۆیاندنی دیاردە سروشتییە جیاجیاکانن . ژیان خۆی هێزە ، ژیان لە هەموو چەشنە هێزێک و وزەیێکدایە ، لە مانگ و خۆر و باران .. هتد، گیان هەیە . لەم چاخەی شارستانیدا خواوەندانی مرۆی بابلی وپێش ئەوانیش سۆمەری دەیانپەرستن ، تەنیا ، چەندان شێوەی هێز ، یا نوێنەری دیاردە سروشتییە جیاجیاکانن .

(سومر – ١٩٤٦ – ج ١ – مجلد ٣ .-طه باقر ، دیانە البابلیین و الاشوریین – ل ١ – ١٩ . )

## ٢- مرۆیاندن

## ( الأنسنة -التشبيهية Anthorprmorphism – ئەنثرۆرپرۆمۆرفیزم )




پێشتریش وتمان سۆمەرییەکان لە سەرەتاوە خوداوەندەکانیان بە وێنەی مرۆڤەوە خەیاڵ نەکردووە، بەڵام دوای ئەوە لەسەر ئەو تێگەیشتنە جێگیر بوون، خوداوەندەکان و کردارەکانیان ، لە شێوەی دیاردە سروشتییەکان وئاژەل وڕوەک وێنا دەکرد، بەڵام لە قۆناخەکانی دواتر شێوەی مرۆیان وەرگرت،لەوەشەوە لێکچوواندنی تەواو بە شێوەی مرۆیان پەیدابوو ، لەڕووی داب ونەریت وخوو وکارەوە ، بەڵکو لێکچوون لە ڕەفتارەکانیاندا هەبوو خوداوەندەکان دەخۆن و دەخۆنەوە و زاوزێ دەکەن و لەدایک دەبن و ئازار دەچێژن و توڕە دەبن.

ئەمەش مانای ئەوەیە ، کە سۆمەرییەکان خوداوەندەکانیان بە مرۆڤ کردووە،یا مرۆڤاندووە ، بەڵام ئاگاداری ئەوە بوون لە خاڵێکداجیاوازن، ئەویش ئەوەیە کە خوداوەندەکان وەک مرۆڤ نامرن، هەمیشەوهەتهەتایێ نەمرن.

ئەم پرەنسیپی لێکچوونە وەک پایەی سەرەکیی بیروباوەڕی ئایینی دواتر مایەوە، تا بیروباوەڕی یەکتاپەرستی پەیدابوو وئەم رەوشەی ڕەتکردەوە و خوداوەندی لە مرۆڤ جیا کردەوە ووای نواند لە هەموو شتێکدا لە مرۆڤ جیاواز بێت.

[1](1)

**(تێبینی:** تاهاباقر دەنووسێت:-گیانگەری (زیندەگەری) و مرۆیاندن یا (کەساندن)

– الارواحية (Animism) و (التشبيهية – المشبهة – التأنسن) (Anthropomorphism)

یەکێک لە تایبەتیەکانی ئایینی بابلی و پێش ئەویش سۆمەری بنەمای گیانگەری - زیندەگەرییە: واتە باوەڕ بوون بە هەبوونی هێزێک یا گیانێک لە هەموو دیاردە سروشتییەکاندا . تەنیا بابلییەکان ئەم بیر و بۆچوونەیان نەبوو ، بەڵکو زۆر لە نەتەوەکان شارستانیەکەیان بەم قۆناخەدا ڕەتبوو بوون ، هەشیانە هێشتا لەم قۆناخەدا دەژین . ل ٤ . خواوەندانی بابلی لە بنجدا بەرجەستەکردن ، تەنپێبەخشین ، یا نواندنی دیاردە سروشتییە جیاجیاکانن، لەوباوەڕەدابوون ژیان خۆی هێزە ، ژیان لە هەموو چەشنە هێزێک و وزەیێکدایە، لە مانگ و خۆر و باران .. هتد, گیان هەیە . خواوەندانی مرۆ دەیانپەرستن، لەم چاخەی شارستانیدا ، تەنیا ، چەندان شێوەی هێز ، یا نوێنەری دیاردە سروشتییە جیاجیاکانن.. .

-تایبەتمەندییێکی دیکەی دینی بابلی و پێش ئەویش سۆمەری ، بوونی دیاردەی مرۆیاندن (کەساندن) ی دیاردە سروشتییەکانە (Anthropomorphism) (مذهب المشبهة) (مبدأ التأنسن) ، مەبەست ئەو بیر و بۆچوونەیە ، سیفەتەکانی مرۆ (گیانی و مادی) وەک وێنە و ئەندام و بیروڕا دەداتە خواوەندەکان (دیاردە سروشتییەکان) وەک مرۆیان دەبینێت .

سۆمەری و بابلی سیفەتە مرۆییەکانیان – هەموو سیفەتەکان – دەدایە خواوەندەکانیان،وایان دادەنا خواوەندەکان (دیاردە سروشتیەکان) هەست و سۆز و خواستیان هەیە وەک مرۆ ، دەژین و دەخۆن و دەخۆنەوە و هاوژین – هاوسەریان دەبێت و زاوزێ دەکەن و منداڵیان دەبێت و لە خانوو دەژین ، پەرسگەکانی بۆ ئەوان دروست کراون ، خزمەتکار و چێشتلێنەر و پێشگۆ (کاهن) یان تیایە ، هەر خواوەندێک هاوژین یا چەندان هاوژین و دۆست و دڵخوازیان هەیە و کچ و کوڕیان هەیە .. هتد .

لە دیاردەکانی سیفەتی لەیێکچواندنیش ، بە خواوەند دانانی پادشا مەزنەکانیانە ، کە لە ژیاندان و دوای مردنیان ، **(نارام سین(Naram-Sin)** پادشای بنەماڵەی ئەکەدی بەناوبانگ بوو لە نێوان - **2273 و2219 پ.ز** , بە خواوەند داندرا ، هەروەها زۆر لە پادشایانی بنەماڵەی ئوری سێیەم ، بۆ ئەم پادشایانە پەرسگە لە تەنیشت گۆڕەکانیان دروستدەکرا بۆ پەرستنیان .

کەواتە گەر خواوەندانی سۆمەری و بابلی ، سیفەتەکانی مرۆیان هەبێت ، جیاوازیان چیە لەگەڵ مرۆ ؟ وەڵام ئەوەیە لای مرۆی سۆمەری وبابلی لە وان چاخاندا خواوەندان چەندان سیفەتیان جیایە لە مرۆڤ ، وەک نەمری ، خواوەندان ، نامرن ، هەتا گەرهاتوو بە شێوەیێکی کاتیش بمرێ , وەک (دیموزی) ( **Dumuzid** or **Dumuzi** or **Tammuz**)خواوەندی بەهار ، ئەوەندە نابات زیندوو دەبێتەوە ، زیندوو بوونەوەی خواوەندی مردوو ئاساییە ، بە پێچەوانەی مرۆ .

شوێنی خواوەندانی سۆمەری و بابلی لە ئاسماندان ، گەر بیانەوێت دێنە خوارەوە و لەو پەرسگە گەورانەدا دەژین کە بۆیان دروست کراوە ، لە باشترین شوێنی شار و گەرەترین کۆشک ، سەرباری ئەوەش خواوەندان چارەنووسی مرۆیان لە دەستدایە و کاروباری جیهان بەڕێوە دەبەن و بڕ و بەشی شتان و کەسان دیار دەکەن ، بە گشتی چاکە خوازن ، هەتا گەر خراپەش بکەن بۆ سزادانی مرۆ خراپەکان دەیکەن . خراپەی پوخت ، ئەوا گیانە خراپەکان و دێو و درنجەکان دەیکەن ، لە مرۆ بەهێزترن و لە خواوەندان بێ هێزترن ، خەڵک نایان پەرستن ، بەڵام بەم جادووە ی لەهێزی خواوەندانیان و وەرگیراوە لە گەڵیان دەجەنگن .

-تایبەتمەندییێکی دیکەی ئاینی بابلی (سۆمەریش) ئەوەیە هەتا خواوەندانیش ئەفرێنراون ، واتە سیفەتی هەرهەبوو (أزلی) یان نییە ، سەرەتای دیار نەبێت ، هەرچەندە نەمرن ، بەڵام (هەرهەبووەکی) نین ، ل ٥ ،

-طە باقر ، دیانةالبابلیین و الاشوریین-مجلة- سومر – ١٩٤٦ – ج ١ – مجلد ٣ -– ل ١ – ١٩ .

# بیرکردنەوەی جادوویی و پێوارزانی



بیروبۆچوون و باوەڕ ، ڕەگ و ڕیشەی کۆنی هەیە ، چوار چێوە و وردەکارییەکانی دیار دەکات . مرۆ لە چاخەکانی پێش مێژوو ، لەو کاتەی لە ئەشکەوت و گوندە کشتوکاڵیەکاندا دەژیا و لە ململانێ دابوو لەگەڵ هێزە سروشتیەکان بۆ دابین کردنی خۆراک و مانەوەی خۆی ، مرۆ بەوەی زانی سروشت هەرچەندە بەپیت و فەڕە و ئاوی زۆر و ئاژەڵی زۆرە ، بەڵام دەشێ بگۆڕێت و ئەم ڕواڵەتانە نەمێنن و هەڕەشە دروست ببێت بۆ سەر ژیانی .

مرۆ لەقۆناخەکانی بەرایی بیرکردنەوەیدا (بیرکردنەوەی جادوویی و پێوارزانی) دابوو بۆ ئەوە دەچوو دەتوانێت کاریگەری لەسەر دیاردە سروشتییەکانی دەوروبەری هەبێت و بۆ بەرژەوەندی خۆی سوودیان لێ ببینێت وخۆی لە ئەنجامە خراپەکانی ئەم گۆڕانکاریانە بپارێزێت.

لەم قۆناخەدا مرۆ بیری بۆ ئەوە چوو بە پێی بنەمای لەیێک چوون ، دەتوانێت بەلاسایی کردنەوەی کرداری ڕوودانی دیاردەکە وابکات ڕووبدات . بۆ ئەو مەبەستە چەندان ڕێو شوێنی (طقوس) گرتەبەر ، ڕێو شوێنی جادوویی و پێوارزانی ، لەڕێگەیەوە دیاردە سروشتییەکە ، یا شتێکی دیاریکراو خۆی پێویستی پێیەتی دووبارە دەکردەوە ، دەکەوتە ئەو دۆخەوە ، وەک باران بارین یا دابین کردنی نێچیر،یازاوزێی ئاژەڵان و زۆر بوونیان ،لەڕێگەی ئەم ڕێوڕەسمانەوە لەو باوەڕە دابوو دیاردەکە ، یا شتەکە دێتەدی ومەترسییەکە نامێنێت.

هەمان بیروبۆچوون و باوەڕ وای کرد نیگاری ئاژەڵان و باڵدار و ماسیان لەسەر دیواری ئەشکەوتان و لاپاڵی چیایان دروست بکات . لەو باوەڕە دابوو بە ئەم نیگارکێشانە وا دەکات ئاژەڵە ڕاستییەکان بخاتە بندەستی خۆی ، باوەڕی وابوو بەم ڕێو شوێنانە (طقوس) دەتوانێت کاریگەری لەسەر ڕاستییەکە هەبێت .

مرۆ لە چاخە بەردینییەکان چەندان ڕێو شوێنی لەسەر دیواری ئەشکەوتان تۆمار کردووە ، تا خۆ گۆڕینی لە جل و بەرگی ئاژەڵییەوە .

لە قۆناخی دواتر ، مرۆ ئەم هێزەی پشت دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان و دیاردە سروشتیەکان خۆیان ، ئەم هێز و دیاردانەی بەرجەستە کرد- بەتایبەتی لە ئایینی سۆمەریدا- لە شێوەی خواوەندانی پڕ توانستی وەک مرۆ خاوەن ویست و توان و هاوشێوەی مرۆ لەدوو ڕەگەزی نێر و مێ وێنای کردن ،تاوەک چەتر بەسەریەوەبن بیارێزن لە نەهامەتییەکان.

( خزعل الماجدی ، سحر البدایات، ١٩٩٨ )

## ٣- فرەخواوەندی (التعددیە Polytheism)

**زانیمان خوداوەندە سۆمەرییەکان زۆرن و ڕەنگە ژمارەیان بگاتە چەند هەزارێک.. ئەمە دەمانخاتە بەردەم دۆخێکی سەرلێشێوان و پرسیارێکی بنەڕەتی ئەوەیە: ئایا ئەم ژمارانە بە یەکجار یان وردە وردە دەرکەوتن ؟ پێدەچێت وەڵامەکە لەسەر بنەمای ئەو پێشکەوتنە مێژووییە بێت کە سەرهەڵدانی ژمارەیەکی سنووردار لە خوداوەندەکان لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی سۆمەریدابووبێت ، بەڵام ئەم ژمارەیە لەگەڵ سەرهەڵدانی شار و ناوچەی نوێی سۆمەری دەستی بە زیادبوون و دابەشبوون کردبێت و لەگەڵ فراوانبوونی کاریگەری سۆمەرییەکان و لەگەڵ پێداویستییە ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی پێشگۆیە سۆمەرییەکان زێدەبووبن.**

**درەختی خوداوەندانی سۆمەری کە تژی بوو لە خوداوەندەکان و منداڵەکانیان و نەوەکانیان و ژنەکانیان، لە یەکەم ڕۆژی خۆیەوە دارێکی بەرهەم چنینەوە نەبووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەم ژمارە زۆرەی خوداوەندەکانی هەڵگرتووە و هەندێکیان دەرئەنجامی لێکەوتەی زمانەوانی وگۆڕان وپێشکەوتنی زمانی سۆمەری بووە ،یان زیادکردنی ڕچەداری وەرگرتن بووە لە دراوسێ و داگیرکەرەکانییەوە.**

**فرە خوداوەندیی سۆمەری باڵادەستە بەسەرباوەڕی پەروەرێنگەریی سۆمەرییەوە، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی ڕێگری لە سەرهەڵدانی ڕێچکەی تاک مەزنی (التفرید) و دواتر یەکتاپەرستی بکات**

**(1).[1]**

---

[1](تێبینی:تەها باقر دەنووسێت:

ئایینی سۆمەری و بابلی و ئەکەدی و ئاشووری ، ئایینی فرەخواوەندین (تعدد الالهە – Polytheism) خواوەندانی بابل بە هەزارانن ، فەرهەنگێکی (قاموس) گەورەیان لێ پێکدێت. ل ٣ . لیستیان بە ناوی خواوەندانیان نووسیوە ، پێشگۆکانیان -کاهینەکانیان کۆڕی خواوەندانیان ڕێکخستوە و پەیوەندیان بەیەکەوە دیاری کراوە و ئەرک و دەستەڵاتی هەر یەکەیان دیارکراوە ، هەروەها ئاسمانیان دابەش چەندان ناوچە و کەلو – برج کردووە و لە هەر یەکەیان خواوەندێکیان داناوە .

هەر دیاردەییێکی گرنگی گەردوون و هەر کار و بارێکی ژیان خواوەندێکی تایبەتی هەیە ، ل ٤ ، پەندزانی و زانیاری خواوەندێکی هەیە ، خۆر خواوەندێکی هەیە ، مانگ – هەیڤ خواوەندێکی هەیە ، جەنگ خواوەندێکی هەیە ، تاعون و نەخۆشیەکان خواوەندیان هەیە ، بروسک و گرمەی هەور خواوەندێکیان هەیە .. هتد .سومر – ١٩٤٦ – ج ١ – مجلد ٣ .-طه باقر ، دیانه البابلیین و الاشوریین – ل ١ – ١٩ .

## ٤- تاک مەزنی (التفریدیه Henotheism –هینۆتیزم)

دەبینین کە مەیلی تاک مەزنی لە ئایینی سۆمەریی ولە باوەڕی سۆمەرییەکاندا بە یەک خوداوەندی نەتەوەیی بۆ ئەوان دەرکەوتووە، ئەویش خوداوەندی ئینلیلە ، خوداوەندی هەوا و گیان و خوداوەندی بەرپرسیارلە زەوی و پاشا و دەسەڵات .

تاک مەزنی بە مانای یەکتاپەرستی ڕەها نییە، بەڵکو تیشک خستنە سەر خوداوەندێک و گەورەکردنی خوداوەندێکە لەسەر کیسەی-بەشی  خوداوەندەکانی تر، یان لە نێوان خوداوەندەکانی تردا.

 مەرج نییە ئەمە بەو مانایە بێت، کە خوداوەندەکانی تردەسڕدرێنەوە، یان مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت، بەڵکو لە زۆربەی حاڵەتەکاندا سیفەتی خوداوەندەکانی تر بە تاکە خوداوەندەکە دەدرێت، جگە لە سیفەتەکانی پاشایەتی، دروستکردن، دەسەڵاتداری، سزا و پاداشت و.. هتد.

خوداوەند ئینلیل ئەم پلەو پایەیەی داگیرکردبوو، لە هەموو شارەکانی سۆمەریش ڕێوڕەسمی پەرستنی ئەنجام دەدرا، سەبارەت بە شارە سەرەکییەکەی نیپوور-نەفەر و پەرسگایەکەی تێدا بوو، بابەتی ڕێوڕەسمی پیرۆزی گەورە بوون، سۆمەرییەکان لە هەموو وڵاتی سۆمەرەوە زیارەتیان دەکرد ، بەهۆی ئەوەی ناوەندێکی ئایینیی پیرۆزبوو لەبەر ئەمەش بوومڵکەچی هیچ پاشایێک نەبوو ،یا هیچ بنەماڵەی فەرمانڕەوای تێدا پەیدا نەبووە بەهۆی پێگە ئایینییە پیرۆزەکەیەوە.

ئێمە بە هیچ شێوەیەک ڕەتی ناکەینەوە کە سۆمەرییە نوێیەکان، لە سەردەمی حوکمڕانی سێیەم بنەماڵەی ئوردا، خواوەندی نەتەوەییان، ئینلیل،یان بە خوداوەندێکی تاک مەزنی دیکە گۆڕیبێت ، یان نوێی وەک  خوداوەندی مانگ (نانا) یان (ننار) یان (سین) گۆڕیوە، کە کوڕی خوداوەند ئینلیلە، لەم قۆناغەدا تایبەتمەندییەکی ئایینی سۆمەرییەکان ، پەیوەندی بە خوداوەندی مانگەوە هەبووە، و باسکردنی پەیوەندی بە باسکردنی ئەم خوداوەندەوە بووە، کە گەورەترین زیگوراتی سۆمەری بۆ ئەوتەرخانکراوە ، ( زیگوراتی ئور) ، و

**پێویستمان بە بەڵگەی زۆر دەبێت بۆ سەلماندنی ئەمە، کە دەکرێت هۆکارێک بێت بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پەرستنی سۆمەرییەکاندا.(1)**[1]

[1](تێبینی:تەها باقر دەنووسێت:-دیاردەی بە مەزن دانانی خواوەندێک لەنێو ئەنجومەنی خواوەندان و پایەی بەرز پێبەخشین ، وەک بۆ مەردۆخ کرا لە سەردەمی حەمورابی ، ئەم دیاردەیە پێی دەوترێت تاک مەزنی (التفرید) (Henotheism) واتە لەنێو خواوەندان یەکێک دەکرێتە مەزنی هەمووان .

سومر – ١٩٤٦ – ج ١ – مجلد ٣ .-طه باقر ، دیانە البابلیین و الاشوریین – ل ١ – ١٩ . کۆتا)

٥

## - یەکتاپەرستی(التوحیدیە Monotheism)

ڕێچکەی یەکتاپەرستی لە ئایینی سۆمەریدا لە پێگەی خوداوەندی ئان (خوداوەندی ئاسمان)دا دەردەکەوێت ، کە بۆ ئەوان خوداوەندێکی گشتگیری ڕەهایە، بە پێچەوانەی خوداوەندی ئینلیل کە خوداوەندی مرۆڤە سەر ڕەشەکانە (واتە سۆمەرییەکان)، کە خوداوەندێکی نەتەوەییە و تایبەتە بە گەلێکی دیاریکراو.

هەروەک چۆن خوداوەندی ئێل (ئیلۆ) تاکە خوداوەندی جیهانیی ئەکەدییەکان بوو، خوداوەندی (شەمش)یش خوداوەندی نەتەوەیی ئەوان بوو. وەک چۆن خوداوەند مارتو (ئامۆرو) خوداوەندی نەتەوەیی ئەمۆرییەکان بووە، خوداوەندی مەردوک خوداوەندی نەتەوەیی بابلییەکان بووە، خوداوەندی ئاشوور خوداوەندی نەتەوەیی ئاشوورییەکان بووە، خوداوەند بەعل خوداوەندی نەتەوەیی کەنعانییەکان بووە و... خوداوەند هەداد-حدد خوداوەندی نەتەوەیی ئارامییەکان بوو، خوداوەندی( یەهوا)ش خوداوەندی نەتەوەیی عیبرانییەکان بوو.

هەموو ئەم گەلە سامیانەی کە باسمان کردن، جگە لە خوداوەندی نەتەوەیی خۆیان، یەک خوداوەندی جیهانیی (ئێل)یان دەپەرست. ئێمە بە هیچ شێوەیەک گومانمان نییە کە خوداوەندی (ئیل) کە بووە هاوواتای (خودا) لە نێو عەرەبەکاندا، لە خوداوەندی سۆمەری (ئان)ەوە وەرگیراوە، چونکە ئەو دوو خوداوەندە پێکەوە بە

نیشانەی نووسراوی (دێنگر) هێماکرا بوون ، کە ئاماژەیە بۆ هەشت ئاراستەکە، وەک ئەوەی ئاماژە بە گەردوون بکات بە گشتی و ئاماژەیە بۆ بەرزییەکان و ئاسمان و ئەستێرەکان. ئەم نیشانەیە لە سەرەتای شارستانیەتی عوبەیدی لە هەزارەی چوارەمی پێش زایین لە تەپەگەورە دەرکەوتووە.

بەم شێوەیە ڕێچکەی یەکتاپەرستی سۆمەری لەم شێوەیەدا خۆی دەربڕیوە، کە لە دوای سۆمەرییەکان بەردەوام بوو لەلای سامییەکان، وەک چۆن هەموو ئایینە

کۆنەکانی سامییەکان یەکتاپەرستییان لە شێوەی خوداوەند (ئێل)دا هەڵگرتووە، کە خوداوەندی گەورە، زاڵ، دووروتوانابوو. [1]

1 ئایین، وەک هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، لەگۆڕان وپەرسەندن و گەشەکردن دابووە بەپێی ئەو هەڵکەوتەی دەوروبەری وئاڕاستە و بەڕێوەبردنی، سەرەڕای سەقامگیریی ڕێژەیی بنەماکانی.

مرۆ بەسێ ئاستی بیرکردنەوەدا تێپەڕیوە: بیرکردنەوەی جادوویی، بیرکردنەوەی ئایینی، بیرکردنەوەی زانستی وزانیاریی زانستیی ئەزموونەکی وپێشکەوتنی تەکنۆلۆجی .

مرۆڤ لە چاخە بەردینییەکۆنەکان ، بایەخی داوە بە هۆکارەکانی ژیان ومانەوەی وەک پیت وفەڕو زۆر بوون و شێوازەجیاجیاکانی جادوو و پێوارزانی پەیڕەو کردووە بۆ بەرگریی ومانەوە، زانایان ناویان ناون بە :

1- شێوازی هاناگەری (فیچیزم (الفتیشیة) (التمائمیة(

(Fichisme جادووگەری تاکەکەسی .

٢-زیندەگەری (الاحیائیة( گیانگەری – الارواحیة Animisme –ئەنیمیزم .

ئەنیمیزم (لە لاتینی animus، "گیان spirit"، "soul").

٣-تەوتەمگەری (الطوطمیة( ( Teutemisme): (جادووگەری بەکۆمەڵ).

٤- شامانگەری( الشامانیة ) (Shamanisme)(جادووگەری دووکەسی

بەم جۆرە،دوای بیرکردنەوەی جادوویی و جۆرەکانی، مرۆ بایەخی بە مرۆیاندنی دیاردە سروشتییەکان دا و بە نەمر دانانیان و بە خوداوەند دانانیان وبە دروستکەری مرۆوگەردوون دانانیان ،بەوەش بیرکردنەوەی ئاینی دەستپێدەکات،بە فرە خوداوەندی و دواتر تاک مەزنی لە نێوخوداوەندان بەپێی ئەو هەڵکەوتەی سیاسی ودەوروبەری و دواترهەنگاوی ڕەهاکردنی تاکە خوداوەندێک وداماڵینی بەرەبەرەی مرۆیاندن، واتە داماڵینی سیفەتە مرۆییەکان لە تاکە خوداوەندەکە و ڕەهاکردنی لە بەرجەستە کردن ، ئەم پرۆسەیە لە هەر ئایینێک بەپێی بارودۆخی سەرهەڵدان و گەشە سەندنی و چۆنەتی بەکارهێنانی ئایینەکە وەک ئامرازێکی ڕەوایی دان بە دەسەڵات جیاواز بووە ، بەمجۆرە پلەی ڕەهاکردنەکەیان جیاوازبووە ،ئەم کردارە لە هەموو ئایینەکاندا هەبووە.

تاکمەزنی لە شێوەی خوداوەندە نەتەوەییەکەیدا هەڵگرتبوو، کە خوداوەندی پاڵەوانی ناوەندییە، کە یارمەتی دەدا لە قەیران و شەڕەکاندا، هەروەها هەڵگری فرەخوداوەندی بوون بوون لە شێوەی ئەو خوداوەندە زۆرانەی کە گوزارشت لە دیاردەکانی سروشت و پێداویستییەکانی ژیان دەکەن.

سۆمەرییەکان پێش ئەوانی دیکە، یەکتاپەرستی مێینەی سەردەمی بەردینە نوێکانیان بە میرات وەرگرتووە، کە دوای دۆزینەوەی کشتوکاڵ لە باکووری عێراقدا تەنیا لە خوداوەندی دایکدا قەتیس بوو، بەڵام لەگەڵیدا ئەو کودەتایە پیاوانەیان بە میرات وەرگرتووە کە خوداوەندی نێر ئەنجامی دەدا، لە دوای چاخی بەردینی مسین(کانزایی)(العصر الحجري النحاسي) (کالکولیت – Chalcolithic) (٥٦٠٠ – ٣١٠٠ پ.ز) بە ڕوونی دەستی بە دەرکەوتن کرد ، ئەم خوداوەندە پیاوە (خوداوەندی ئاسمان) بوو کە بارانی بەسەر زەوی هەڵدەڕشت ، وەک ئەوەی بە هێما (تۆوی بەسەرخوداوەندی دایک هەڵڕشتبێت).

کاتێک خوداوەندی دایک بە تەواوی ڕووخێنرا، وێنەی خوداوەندی نێرینەی ئاسمانی بە ڕەهایی مایەوە، لە فۆرمەکەیدا یەکتاپەرستی مێینەی کۆنی لەخۆیدا کۆکردەوە. ئەم کەلەپوورە پشتگیری یەکتاپەرستی سۆمەری بوو کە بەهۆی فرەیی خوداوەندەکان و فرەچەشنی تایبەتمەندیەکانیانەوە شێواو بوو.([1])

---

[1]بیروبۆچوونەکانی د.خەزعەل ماجیدی سەبارەت یەکتاپەرستی کەدەڵێت: (مەیلی یەکتاپەرستی لە ئایینی سۆمەریدا شاراوە بوو). (کانت النزعە التوحیدییە کامنە فی الدین السومری..ل ٤٥ )، بەڵگەی زانستی لەبارەوە نەهێناوەتەوە ئەوتا خۆی لە کتێبی (کشف الحلقة المفقودة بين أديان التعدد و التوحيد - ٢٠١٣)بەم شێوەیە باس لە سەرهەڵدانی یەکتاپەرستی دەکات:( لەکاتی خوێندنەوەی مێژووی کۆن، ئێمە ڕاهاتووین بە تێپەڕبوون، بەسەر قۆناخی هێلینیستی وەک پاشکۆیێکی فەرامۆشکراوی شارستانیەتی کلاسیکیی گریکیی ناسراو، بەهۆی ئەو کولتوورانەی بەدەستمان هێناوە و قۆناغە مێژووییەکان و شارستانییەتەکانیان پۆلێن کردووە بۆ ناوەند و پەراوێز و بایەخیان بە ناوەنددەدا و پەراوێزیان پشتگوێ دەخست، کە هەڵەیەکی گەورە بوولە نەخشەی کولتووری بەبێ پشکنین و گرنگیدان وەرمانگرتووە و لە پشت شیشەئاسنینەکانیدا بووین بە زیندانی، ئەوەی مێژوونووسان و بیرمەندانی ئایدیۆلۆژیاکارانی پلە یەک بۆیان داناوین. ئەوان لە هیچ سەردەمێکدا ئازاد نەبووین، بەڵکو ئامرازی ئاڕاستەکارە گەورەکانی ئایینی و سیاسی بووین و بە هیچ شێوەیەک حەز لە وتنی ڕاستییەکان ناکەن.

ئەمڕۆ لێرەدا، لەم کتێبەمدا ، هەوڵ دەدەم لە (پەراوێز)ی هێلینیستیدا بگەڕێم بۆ ئەوەی بزانم کە چۆن گەورەترین گۆڕانی مرۆیی لە مێژووی ئایینەکانی تێیدا ڕوویداوە، ئەویش: یەکتاپەرستییە بۆ ئەوەی گێڕانەوە ڕاستەقینەکەتان بۆ بگێڕمەوە، کە ... بنئاخکراوە سەبارەت چۆنیەتی پەیدابوونی ئەم ئایینانە و سەر هەڵدانی یەکتاپەرستیدا...

سەردەمی هێلینیستی، لە ڕوانگەی منەوە، گرنگترین سەردەمی مێژووە ، کە شایەنی لێکۆڵینەوەیە، بەهۆی ئەوەی زۆر پشتگوێ خراوە، شێواوە،هەروەها ئەو ترسناکییانەی تێیدا ڕوویانداوە، زیاتر لە هەموو سەردەمێکی دیکەی مێژوو پەیوەندییان بە ئێستا و داهاتووی مرۆڤایەتیمانەوە هەیە...

مرۆڤ لە سەردەمی بەردینی کۆنەوە ئایینی ناسیوە، بەڵام یەکەم سیستەمی ئایینی یەکگرتووی لە سەردەمی سۆمەرییەکانی دامەزراند، کە پێکهاتە سەرەکی و لاوەکییەکانی ئایین بە یەکەوە پەیوەستن بۆ ئەوەی ببێتە ئایینێکی یەکگرتوو، کە تۆوی ئایینە کۆنەکان بووە ، زۆربەیان ئایینی فرەخوداوەندی بووین.

بەپێی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و شارستانییەی تێیدا بووین فرە لق و هەمەچەشن بووین. لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستدا ئایینە یەکتاپەرستییەکان بە هێز و ڕوونی دەرکەوتن و ئەم ئایینە یەکتاپەرستییانەی سەدەکانی ناوەڕاست، لەگەڵ هەندێک ئایینە کۆنەکانی کە مابوونەوە، هێشتا لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا گەشە دەکەن...

من هەمیشە سەرقاڵ بووم بە قۆناخی گواستنەوە لە ئایینە فرەخوداوەندییە کانەوە بۆ ئایینە یەکتاپەرستییەکان، کە باوەڕیان بە یەک خوداوەند هەبووە و بەدوای ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و گیانی و کولتوورییەدا دەگەڕام کە هۆکاری ئەم کارە بوون و بۆئەو هەنگاوە وردانە دەگەڕام کە بەرەبەرە دەچوونەپێش تا گەیشتوونەتە یەکتاپەرستی.

لەبەر ئەوەی من باوەڕم بە میتۆدی زانستی هەیە لە چارەکردنی بابەتی ئایینەکان و مێژووەکەیاندا، ... پابەند بووم بەو هۆکارە زانستییە بابەتییانەی کە میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی بە وردبینییەکی زۆرەوە بۆیان کێشاوە.

من پێشان وئێستاش ، وەک قۆناغێکی چارەنووسساز، سەیری قۆناغی هێلینیستی دەکەم لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ( ئەو قۆناغەیە دوای مردنی ئەسکەندەری

مەكدۆنی هات وبە دامەزراندنی دەوڵەتی بیزەنتین كۆتایی هات، واتە لە نێوان (٣٢٣ پێش زایین - ٣٣٠ ز) كە تێیدا گۆڕانكارییە گەورەكە ڕوویداوە لە ئایینە فرەخوداوەندییەكانەوە بۆ ئایینە یەكتاپەرستییەكان ، بەڵام بابەتەكە بەو سادەییە ڕووی نەداوە وەك ئێمە بەخەیاڵماندادێت ، یان لە ڕێگەی مێژووی فەرمی ڕاگەیەندراوەوە ، سەبارەت ئەم قۆناغە دەیزانین ، وەك چۆن فێربووین،یا خوێندوومانەتەوە، یا بەسەرماندا سەپێنندراوە.

بۆم دەركەوت كەئەلقەیێكی پەیوەندیی ونبووهەیە لە نێوان ئایینە فرەخواوەندییەكان و ئایینەكانی یەكتاپەرستیدا ، تیایدا بە پێلەئایینییە گنووسییەكان پڕكرابووەوە، لەتەكیدا چەندان پێلی مەساری و هرمسی هەبوون ،ئەوانە بوون بە رێبازی خۆیان دەستیانكرد بە یەكتا پەرستیی وەشارتیی پێوارزانیی (گنووسی)(التوحید الباطني العرفاني (الغنوصي)) نهێنی، لە ئەو ئامادەییە كاریگەرەوە ، یەكتاپەرستی سەریهەڵدا ...، بەڵام لەناو بازنەی كاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەودا بوو.

ئەم ئەڵقە ونبووەی كە مەسارییێتی و هرمسێتی و گنوسیەتی -زانینگەرایی یەكدەخات، ئەویە سەرەتای بیرۆكەی یەكتاپەرستیی عیرفانیی وەشارتی بێ ڕازپێدان-وەحی،هەر ئەوەشە ئەرك وشەكەتیی بەریەككەوتنی لەگەڵ دوو قەوارەی گەورەدا كەوتەئەستۆ:

یەكەمیان قەوارەی ڕابردووی تۆكمەوپتەوی ئایینە فرەخواوەندییەكان بوو، دووەمیان قەوارەی ئایینە تازە سەرهەڵداوەكانی یەكتاپەرستیی ، كە ڕواڵەتی — ئاشكرایان هەیە و باوەڕیان بە ڕازپێدان -وەحی هەیە، ئەوەی بەهۆی كەش وهەوای گیانگەری وفەلسەفییەی قۆناخی هیلینیستی هێنایەئاراوە بووژایەوە. دوای ململانێییێكی دووردرێژ یەكتاپەرستیی وەشارتی توانی بەسەر ئایینە فرەخوداوەندییەكان سەركەوێت،بەڵام لەبەردەم ئایینە یەكتاپەرستییەكانی دەركەوتوو—ئاشكرا نوێیەكە ..،شكستی هێننا...

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیک نوقم بوو لە ئایینە فرەخوداوەندییەكان ئەوانەی ماوەیەكی زۆر پێشتر سەریان هەڵدابوو و گەشەیان كردبوو، هەر ئایینێك لە چەندان خوداوەند پێكهاتبوو، هەندێكیان گرنگتربوون و لە چاو ئەوانی ترزیاتر بەسەر زارانەوەبوون، هەندێكیشیان بەرەو قۆناخی تاكمەزنی بەرزبووبوونەوە،

کەوا لە یەکتاپەرستی کەمترە ، تیایدا یەک خوداوەندی سەرەکی سەرهەڵدەدات و دەبێتە ناوەندی سیستەمی خوداوەندی و خوداوەندانی دیکە بەدەوریدا دەسوڕێنەوە...

کاتێک ئەسکەندەری مەقدۆنی هێرشی کردە سەر ڕۆژهەڵات، بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئیمپراتوریەتێکی جیهانی دروستکرد کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کۆدەکردەوە ، بڕیارەکەی ئەوە بوو کە یەک ژینگە دروست بکات تیایدا کولتوور و شارستانیەت و ئایینەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا تێکەڵ ببێت.

سەرەڕای ئەوەی خێرامرد ، شانشینیەکانی هێلینیستی کە لە ئەنجامی ئیمپراتۆریەتەکەیەوە هاتە ئاراوە، ئەرکەکەیان تەواو کرد، بۆماوەی سێ سەدە لەم کەشوهەوا جیهانگەرییەدا مانەوە و کاتێک ڕۆمانەکان جێگەی یۆنانیەکانیان گرتەوە لە ڕۆژهەڵات، ئەرکی بە هێلینیکردنی ڕۆژهەڵاتی نزیک بەردەوام بوو، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی نایاب بەرهەمی هێلینیگەری بوو ...

بەم جۆرە بۆ هەزار ساڵی داهاتوو گیانی وەبەر ناوچەکەی خۆیداکردەوە ، لە کاتێکدا بەشی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریەتی ڕۆم وشک بووەوە، چونکە هێلینیگەری تێدا نەبوو و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دوای نزیکەی سەدەیەک شکستی هێنا.

وای بۆ دەچین قۆناخی هێلینیستی (بەهەردووسەردەمی یۆنانی و ڕۆمانی) کە نزیکەی شەش سەدە بەردەوام بوو، چالاک بوو( دواتر بە هەرشێوازێک بێت بۆ ماوەیەکی درێژتر لە ڕێگەی شارستانیەتی بیزەنتینەوە بەردەوام بوو) بووبە ئەوباوەشەی ئایینە یەکتاپەرستییەکانی تیادا لەدایکبوو...)

د.خەزعەل ماجیدی دەپرسێت:

ئایا ئایینی زەردەشتی یەکەم ئایینی یەکتاپەرستییە؟

- ئایینە یەکتاپەرستییەکان بە ئایینی زەردەشتی دەستی پێکردووە, نەک بە یەهودیەتی, زەردەشتیەتی بە سەدان ساڵ لەوەدا پێش یەهودیەتی کەوتووە.

لەبەرچی ئایینی زەردەشتی یەکەم ئایینی یەکتاپەرستییە؟

لەبەرئەوەی خوداوەندی زەردەشتی, کە ئاهۆرا مەزدایە, بەپێی دەقە ئاڤێستاییەکان, کتێبی پیرۆزی زەردەشتییەکان, خوداوەندەکی ڕەهایە (مطلق), بێ هاوتایە, لە بووندا, و لە ئەفراندندا, بەڵام ئایینەکانی دژی زەردەشتین وایان وێنا کردووە ، کە

له ئایینی زەردەشتیدا, دوو خوداوەند هەیە، یەکەم خوداوەندی چاکەو رووناکی و ئەوەی دووەم خوداوەندی خراپەو تاریکی و لە ململانێدان, ئەم وێناکردنە ڕاست نییە, بەڵکو شێواندنی ڕاستییە, ئەم شێواندنە هەتا هەندێ لە زەردەشتییەکانیش یارمەتیدەربوونە بۆ ئەم ڕاوبۆچوونە, بەتایبەتی لە ماوەی کۆتاییەکانی دەوڵەتی ساسانی, لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی موغەکان بۆئەوە دەچوون, دوو گیان هەن گیانی رووناکی و گیانی تاریکی, گیانی رووناکیان خستە شوێنی ئاهۆرا مزدا, ئەوەش دروست نییە, لەبەرئەوەی ئاهۆرا مزدا, خودای تاک و تەنیا, باڵاترە لەم دوو گیانە, ئەم تێکەڵ کردنەی دروست بوو, پێویستە ئاگاداری بین، کە باسی یەکتاپەرستی دەکەین لە زەردەشتییەتیدا، لەبەرئەوەی, بە درێژایی مێژوو زەردەشتییەتی لە پەیدابوونی پێغەمبەر زەردەشتەوە لە سەدەی حەوتەمی پێش زایین, یا شەشەمی پێش زایین دەست پێدەکات, تا نزیکەی نیوەی ماوەی دەوڵەتی ساسانی ،لە سەدەی چواری زایینی, یەکتاپەرستی لە زەردەشتیدا زاڵ بوو, بە ئاشکرا دیار بوو, هەمیشە خوداوەند ئاهورامەزدای بە یەک خوداوەند وێنا کردووە, دواتر ئاڵۆزی لەم بابەتە دروست بوو, تا دوا قۆناغی کە وێناکردنەکەی گۆڕاو تا ئەو ڕادەی لەلایەن یەهودیەتی و مەسیحەتی و ئیسلام تانەی لێدەدرا.

وەک ئایینێکی دووانە پەرست پێشان دەدرا, ئەمەش ڕاست نییە, لە زرادەشتیدا، دوانەتی (الثنوية) دەکەوێتە ژێر یەکتاپەرستی, خوداوەند, واتە ئاهورامەزدا, خوداوەندێکە لە سەرووی دوو گیانەکە دایە, ئاهورامەزدا ئەم دوو گیانەی کە دروستکرد،ئازادی کردن لەوەی چ لایەنێک هەڵدەبژێرن لە نێوان رووناکی و تاریکی و چاکە وخراپەدا, سپینتەمینو(سبینتامانیو), گیانی رووناکی و چاکە, چاکەخوازی و رووناکی هەڵبژارد, ئەوەی دووەم ئەنگرە مینو(أنغرا ماینو)( انگرە مینو), هاوتاکەی گیانی تاریکی وخراپە و تاریکی هەڵبژارد, بەمجۆرە بوونە دوو هێزی دژ بە یەک و ململانێی هەمیشەیی لەنێوانیاندا بوو, بەمجۆرە کەوتنە ململانێ و دژایەتی یەکتر, لە بووندا, کەچی ئاهۆرمەزدا بە ئەفرێنەری گەردوون دەزاندرێت، هەروەها ئەفرێنەری مایە (المادە), لە زەردەشتیدا جیاوازییەکی زۆر باش هەیە, مایە خراپ نییە, بێزراو نییە, وەک لە زۆر لە ئایینەکانی گنووسی هەیە, مایە نابێت سووکایەتی پێبکرێت دەبێت هاوتای گیان بێت, هاوکات ئایینی زەردەشی یەکەم ئایینی ئاکاری (اخلاقي) بوو, لە مێژووی مرۆڤایەتیدا, لە گۆتە (مقولات)ی سزای زەمینی و ئاسمانی ڕەت بوو,دەربازبوو، بایەخی پێنەدا, بۆ ئەوەی مژدەدەری نموونەی باڵای چاکەو چاکەخوازی بێت, لە سروودەکانی گاتا, دەوترێت زەردەشت بە دەستی خۆی نووسیویەتی, چەندان نموونەی کاری چاکەی

هێناوەتەوە, وتوویەتی چاکە لە ڕەفتاری دادەپەروەرانە خۆی دەنوێنێت و بەرجەستە دەبێت بەرانبەر مرۆڤ و پابەندبوون بە ڕاستی و ئاگاداربوون لەمێگەل (تایبەت بە شوانەکان) و دوورکەوتنەوە لە هاوتاگری بۆ خوداوەند, پابەندبوون بە یەکتاپەرستی, نوێژکردن, ئەنجامدانی ئەم کارانە, بەرزو باڵاترن لە ئەنجامدانی ڕێوڕەسم و (قوربانی دان)، پێشنیاربەخشین, ئەمەش خاڵێکی گرنگە لە زەردەشتیدا.

زەردەشتییەکان دەڵێن: ئەوکاتەی زەردەشت لە کەنارەوەکانی ئاوی (دایتی) بوو لە ئازەربایجان, ڕاز (وحي) بۆ هاتۆتە خوارەوە, ئەوکاتە ڕوویدا, کەوا بوونەوەرێکی رووناکی (نوورانی) بینی لە ئاسمانەوە هاتەخوارەوە ستوونێکی لە رووناکی (نور) پێبوو, قەبارەی ستوونەکە نۆ ئەوەندی قەبارەی مرۆڤ بوو, لەو نزیک بووەوە تا ئەو ڕادەی قسەکانی ببیستێت، پێی وت ئەو مەلائیکەتە بەناوی (خاهۆمانا) گەورەی مەلائیکەکانەو ئاهورامەزدا ئەوی ناردووە، بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی بیبات بۆ ئاسمان، و بچێتە بەردەستی خودواوەند ئەهورامەزدا.

کەواتە ئەوە ڕازە (وحی)یە، ئەم ڕازپێدانە (وەحی بۆهاتنە) چەندان جاری دیکەش دووبارە بووەتەوە, نزیکەی حەوت جار ڕازی پێدراوە, وەحی بۆ هاتووە, لەگەڵ شەش گەورە مەلائیکەتەکان چوو و نهێنی ڕاستییە گەورەکانیان پێوت، وەک ڕاستی ئاگری پیرۆز, تێبینی ئەوە دەکرێت، ئەو تۆمەتە ڕاست نییە، (زەردەشتییەکان ئاگرپەرست نین، زەردەشتییەکان ئاگر بە توخمێکی شکۆداری مەزن دەبینن، لەبەرئەوەی هەموو شتە خراپەکان لەناو دەبات و دەسووتێنێت و نیشانەی شتی پاک و چاک و بەرزە).

هاوکات نهێنییەکانی زەوی و ئاژەڵان و رووەکان و تایبەتمەندیی کانزاکان و ئەمانە هەموو ئەو ڕاستیانەن مەلائیکەتەکان بە زەردەشتیان وتووە, واتە وەحی بووە, پەیوەندی نێوان گیان و ماددە لە زرادەشتیدا, پەیوەندییەکی هاوسەنگە, ماددە بە سووک پێشان نادات بەرانبەر گیان, ئەوەش لە مرۆڤ ڕەنگ دەداتەوە, لە بایەخدان بە گیان و جەستەی.

گیانی مرۆڤ باڵاترنییە لە جەستەی, جەستەش سەرچاوەی خراپەکاری نییە، یا پۆشاکێکی کاتی بێت و دەبێ فڕێ بدرێت، (وەک هەندێ لە ئایینە گنووسیەکان دەڵێن)، ئەوانەی وادادەنێن جەستە خراپەو دەبێ گیان بە زووترین کات لێی رزگار بێت ، لەبەرئەم هۆیە لە زەردەشتیدا، مرۆ کە دەمرێت، گیانی لە جەستە دێتە

دەرەوە، لە چاوەڕوانی دا دەبێت، تا بگاتەوە جەستەکەی رۆژی پەسڵانێ، ڕۆژی قیامەتێ، لەم خاڵەوە زەردەشتیەتی دنیا نەویستی و خۆنەویستی و (زهد) ڕەتدەکاتەوە.

کەواتە زەردەشتیەتی دژی سۆفیگەرییە، لەبەرئەوەی هەندێ ڕەوتی سۆفیگەری سوکایەتی بە جەستە دەکات، رێزی لێ نانێت، واتە زەردەشتیەتی بایەخ بە گیان و جەستە دەدات و گرنگیان پێدەدات دروست دەیانپارێزێت.

زەردەشتیەتی، لە کۆتایی چاخی میدی دەرکەوت، دواتر لە چاخی فرپی، بەڵام ڕکابەری هەبوو ئایینی (مەثرائی- میترایی)، ئەوکات لە ئیران ئازادیی بیروباوەڕ هەبوو، بۆ هەموو ئایینەکان، تاک ئایینی نەسەپێندرابوو, دواتر لە سەردەمی ساسانی، بارودۆخێکی سیاسی تایبەت هەبوو، ڕێی نەدەدا زۆر فرەوان بێت، دواتر پێلی ئایینی ناسراو بە گشتگر، یا یەکتاپەرستییەکان، یا ئاسمانیەکان، یا ئیراهیمیەکان دەرکەوت.


ئەم ئایینانە دژایەتی زەردەشتییان کردو ناچاریان کرد، هەر بە دوای مانەوەی بێت، ئێستا زۆر لە روو ژمارەوە کەمن و لە ئاوارەیی لە هیندستانن و ژمارەیەکی کەمیان لە ئێرانن.

لە ڕووی مێژووییەوە زەردەشتی یەکەم ئایینی یەکتاپەرستی فرەوان و گەورەیە و بنەماو باوەڕی نووسراوی هەیە، کەچی زۆر ئایین وانین.

ئایینی زەردەشتی بە قووڵی کاریگەری هەبوو لەسەر ئایینی یەهودی هەروەها لەسەر ئایینی مەسیحایەتی و مانییەتی و.. ، هەر ئاینێک شتێکی لە زەردەشتیەتی وەرگرتووەو وەک خۆی دەیەوێت دایڕشتۆتەوە بەپێی لایەنی باوەڕو ڕێوڕەسمکانی خۆی.


سەرچاوە: هل الزرادشتیە أول دیانة توحیدیة ؟

--PRU٨deb٤https://www.youtube.com/watch?v=u



| الأركيتايب رمزيا | الرمز | الأسطورة |
|---|---|---|
| 8 جهات (الأربع الرئيسية وما بينها) | علامة دنجر رمز الألوهية | الإله إنليل الأب<br>رسم لينا الناصري |

الأركيتايب السومري (الأب) وتجلياته في الرموز والأساطير السومرية



علامة الألوهية على فخار قبل ظهور الكتابة تبة گورا – الألف الرابع قبل الميلاد

نیشانەی خوداوەندیبوون لەسەر گڵێنە پێش دەرکەوتنی نووسین لە تەپەگەورە - هەزارەی چوارەمی پێش زایین.

## بیروباوەڕی نەمری و گەڕانەوەی هەتاهەتایی

سۆمەرییەکان بە بێدەنگی نەدەوەستان، لە بەردەم سووڕەکانی کات و شوێن و هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ چوونە نێو، یان یەکتربڕی لەگەڵیاندا.

سیستەمی خوداوەندەکان کە بە پایە وڕیزبەندی هاوسەنگ نووسیویەتی ،هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی ئاماژە بەوە بکات، کە هەوڵدەدات ڕیتمەکەی لەسەر زەوی لەگەڵ ڕیتمەکەی هەموو گەردوون بە گشتی دابنێت.

ڕیتمە دووبارەبووەکانی سروشت و ڕیتمەکانی سەر هەڵدان و نەمانی ڕووەکی وەرزی و ڕیتمەکانی لەدایکبوون و مردن لە ئاژەڵ و مرۆڤدا ،خەریکی ڕاکێشانی عەقڵی سۆمەری بوون بۆ داڕشتن و داهێنانی بیروباوەڕێک ، کە هەوڵی تێگەیشتن دەدات ، یان لاساییکردنەوەی ئەو ڕیتمە دووبارەبووانەی فشاری لەسەر دروست دەکەن.

دەبینین کۆمەڵێک بیروباوەڕ هەیە دەربارەی نەمری و گەڕانەوەی هەتاهەتایی ، کە لە ڕێوڕەسم و ڕێوشوێن و ئەفسانەی ئایینی سۆمەرییەکاندا دەرکەوتووە، هەوڵ دەدەین هەڵیانبگرینەوە و پۆلێنیان بکەین و ڕۆشناییان بخەینە سەر.

### ١- نەمریی- الخلود

بیروباوەڕی نەمریی،بەتەنیا بیروباوەڕی سۆمەری نەبووە، بەو پێیەی لە سەردەمی بەردینی کۆنەوە (العصر الحجري القديم) (Paleolithic) (٦٠٠٠٠٠ - ١٠٠٠٠ پ.ز)، عەقڵ و گیانی مرۆڤی بەخۆی خەریک کردوە، گەلانی خاوەن شارستانی نزیک لە سۆمەرییەکان، وەک میسرییە کۆنەکان، لە ئەندازیاری و پێکهاتنیدا سەرکەوتوو بوون.

بیرۆکەی نەمری و باوەڕەکەی لەو شتانە بوون کە مرۆڤی کۆن پێداگرییان لەسەر دەکرد و هەندێکجاریش هەموو ڕەفتارێکی زەمینی دەگرتەوە. سۆمەرییەکان پێیان وابوو مردن کۆتایی هەموو مرۆڤێکە، بۆ مرۆڤیش ناچارەکییە، بەڵام نەمری تەنیا بۆ خوداوەندەکانە .

له بیروباوەڕەکانیاندا ئەوەیە ،کە مرۆڤ لە کاتی مردندا بە تەواوی لەناو ناچێت، بەڵکوو جەستەی لە ناو گۆڕدا لەناودەچێت ، سەبارەت بە گیانی ئەویش لە جەستەی جیا دەبێتەوە و دادە بەزی بۆ دنیای خوارەوە- ژێرزەوی ، ئەویش دونیای مردووانە، کە لە زمانی سۆمەریدا بە وشەی (کور) ناوی لێنراوە، ئەم گیانەش کە ناوی (گدەم)ە، دەگۆڕێت بۆ باڵندەیەکی تارماییەکی پەڕدار و لە شێوەدا هاوشێوەی جەستە و ڕووخساری خاوەن گیانەکەدەبێت. ئەم باڵندەیە دادەبەزێت بۆ دونیای خۆڵ و تۆزاوی (کور) و بۆ هەمیشە لەوێ دەمێنێتەوە ، بەبێ ئەوەی هەرگیز جارێکی تر بچێتە سەرەووە، بە واتایەکی تر ئاگر و دۆزەخ لە دونیای خوارەوە (کور)دا نییە، و هیچ سزایەک یان پاداشت وخەڵاتێک نییە، تەنها یەک کەس نەمریی بەدەستهێناوە (زیو سیدرا-گیلگامیش) پاڵەوانی لافاوەکەی سۆمەریی ، کە لەلایەن خوداوەندەکانەوە نەمریی پێبەخشرا و لە دورگەی دیلمون دایاننا. خەڵک ناگەنە ئەو و ئەویش پەیوەندییان پێوە ناکات، بەو پێیەی وبە کردەوە دیلێکی هەتاهەتایی وئەبەدییە.



(زیو سیدرا-گیلگامیش)

هەندێک لە پاشا و حەکیمەکانی سۆمەری هەوڵیان دا نەمریی بەدەست بهێنن، بەڵام شکستیان هێنا، وەک ئەنمیداری ئەننا، ئادبا پێش لافاو، ئیتانا و گیلگامێش دوای لافاو.

تەنانەت ئەو پادشایانەی لە ژیانیاندا خاوەن خوداوەندییەتی بوون ، نەمرییان نەبووە، بەڵام لە باشترین حاڵەتدا وەک تارماییەکی بەڕێز لە جیهانی ژێرزەویدا دەسوڕێنەوە و هەندێک ئیمتیازیان هەیە وەک ژیان لە کۆشکەکان و دەبەرکردنی جل و بەرگی جوان.

کەواتە نەمریی لە بیروباوەڕی سۆمەریەکاندا بۆ خوداوەندەکان تەرخان بووە و هەندێک لە خوداوەندەکان پێش دروستبوونی گەردوون بوونیان هەبووە و هەندێکیان لەگەڵ دروستبوونی گەردوون دروست بووین و هەندێکی تریش لە قۆناغەکانی دواتردا لەدایک بووین. لە هەموو حاڵەتەکاندا خوداوەندەکان خاوەن نەمریی هەمیشەیی بوون.

ڕووینەداوە خوداوەندێک بە سروشتیی بمرێت، بەڵام هەندێک ڕووداوی دەگمەن هەیە وەک مردنی ژمارەیەک خوداوەندی بیناسازی (لامتا) لە ناوچەی (ئۆزمۆا) بۆ دروستکردنی مرۆڤ لە تێکەڵکردنی خوێنی ئەم خوداوەندە سەربڕدراوانە لەگەڵ قوڕ . ئەفسانەیەکی ئەکەدییە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان و( ڕەنگە بە پێچەوانەشەوە).

ئەم ئەفسانەیە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی گیانی مرۆڤ لە جیهانی ژێرزەویدا بە نەمری ماوەتەوە، چونکە ئەم گیانە لە خوێنی خوداوەندێکی سزادراوەوە بووە، دەبێت بە نەمری بمێنێتەوە، بەڵام دەبێت بە سزای بەندکراویش بمێنێتەوە.

سەبارەت بە مردنی خولاوخولی هەندێک لە خوداوەندەکانی سۆمەری، دیاردەی سەرەکی بوو لە بیروباوەڕی نەمریدا، چونکە ئەم مردنە ئەبەدی نەبوو. هەندێک لە خوداوەندەکان چوونە جیهانی ژێرزەوی، بەڵام ڕۆیشتنیان کاتی بوو، ئامانجەکانیش بریتی بوون لە نوێکردنەوەی جیهان و زیندووکردنەوەی بە پیت وفەڕکردنی و ئەمەش جۆرێکە لە نەمریی.

ئەوەش خوداوەندە سۆمەرییەکانن کە جار جارە دەمردن(دوموزی، نەنگشزیدە، دامۆ، لیل، ساتران، نینگیرسو، چابەک، ئابو) دەمرن.

## ٢- ناوەندیی بوونی شوێن و ماندالا

ماندالا (بازنەیەکە ناوەندێکی هەیە، مایەی زەریاکەی لێیەوە دەردەچێت ، یان دەچێتە ناویەوە) لە شارستانیەتی سامارای سەردەمی بەردینی نوێدا لە هەزارەی شەشەمی پێش زاییندا دەرکەوتووە ، ئاماژەبوو بۆ ناوەندیبوونی مرۆڤ یان خوداوەند لە سروشتدا، لە نیوۆلیتدا دەرکەوتنی لەگەڵ هێمای سواستیکای جووڵاودا بوو ، پاشان لە کالکۆلێتەکاندا هێمای خاچی جێگیر لەگەڵدا بوو. پاشان دەرکەوتنی لە کالکۆلێتەکاندا هێمای خاچی جێگیری لەگەڵدا بوو.

ماندالا تەنیائاماژە نەبوو بە ناوەندگەرایی مرۆڤ، خوداوەند، ئاژەڵ و ڕووەکەکان ، بەڵکو لە ناو سۆمەرییەکاندا پەرەی سەندووە بۆ ئەوەی ئاماژە بە ناوەندییەتی شوێنیش بکات، کە چەمکێکی هۆشەکی و گیانییە ، کە ئەفسانە و ڕێوڕەسمە سۆمەرییەکان ئاماژەی پێدەکەن. سۆمەرییەکان پێیان وابوو کە سۆمەر ناوەندی جیهانە ، کە بە زەریایەکی ئاوی دەورە دراوە (لە دەریای سەرەوە پێکهاتووە(دەریای ناوەڕاست -المتوسط) و دەریای خوارەوە (کەنداو) و ناوەندی سۆمەریش نوفەر (نیپور)ە، کە شارە پیرۆزەکەبوو ، کە تێیدا پەرسگای ئینلیل (ئیگور) لە ناوەڕاستیدا بوو، ئەم پەرسگایە وەک (ستوونی ئاسمان و زەوی) وابوو ، وەک چۆن نیپوور -نەفەر نوێنەرایەتی ئەم ستوونەی دەکرد.

لەبەر ئەوەی ئیگور ناوی (ماڵی چیا) بوو، هەر بۆیە ئاسمان و زەوی لە سەرلوتکەی ئەم شاخە یەکتریان دەگرتەوە.

لە نوففەردا شوێنێکی ترهەبوو گوزارشتی لە ناوەندگەریی گەردوون دەکرد، کە بریتییە لە (ئۆزمۆا) کە پێی دەگوترا پێبەستی نێوان زەوی و ئاسمان و ئەفسانەکان باس لەوە دەکەن کە (ناوکی زەوی)یە، چونکە دوا ناوچەیە کە تیایدا ئاسمان لە زەوی جیا بووەتەوە بەهۆی جوڵە و گەشەی خوداوەند (ئینلیل) خوداوەندی نیپوور -نففەر و خوداوەندی هەوا.

بیرۆکەکانی سەبارەت"شارە پیرۆزەکە"، "چیای پیرۆز"، "ناوکی زەوی" و "بەستنەوەی ئاسمان و زەوی" هەموویان دەربڕینی ماندالا شوێنەکی بوون ،کە پەیوەستن بە بیرۆکەی شوێنی ئەفسانەیی ئایدیاڵیەوە کە پێشترهەبووە و کە دەبێت هەمیشە بۆی بگەڕێتەوە ، چونکە لە دەرەوەی کات و شوێنە.

شوێنی ئەفسانەیی کە بە ماندالا شوێنییەکە دەربڕدراوە، هاندەرێکی قووڵی ئایینی بوو لای سۆمەرییەکان ، چیای گەردوونی بە ناوی (ئان-کی)، کە لە خوداوەندی

گۆی ئاو (نەممو )ەوە دەرکەوتووە، ئەم شاخە ناوەندی هەموو گەردوونە، هەر بۆیە خوداوەندەکان لەسەری دەرکەوتوون و شوێنی نیشتەجێبوونیان تێدا دروست کردووە.

### ٣- ناوەندی بوونی کات و ساروس

سۆمەرییەکان پێیان وابوو سەرەتای ساڵی نوێ سەرەتای خولێکی نوێیە بۆ کات هەمووی. بەم شێوەیە ڕۆژی سەری ساڵ ناوەندی کاتی ڕەهای پێکهێنا، بیرهێنانەوەی سەرەتای کات و سەردەمی دروستکردن-ئافراندن بوو بەدیاریکراوی.

لەسەر ئەم بنەمایە، ئاهەنگەکانی سەری ساڵی سۆمەرییەکان (زاگماک-ئەکیتو، ئیزنماخ) ئاهەنگێکی جارەوجاریی بوون، کە تێیدا کاتی یەکەم وەبیر دەهێنرایەوە و لێرەوە وشەی "جەژن" بۆ سۆمەرییەکان هەمان مانای وشەی "ساڵ"ی (ئیزن)هەبوو.

ئەم چەمکە سۆمەرییە لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی ڕیتمە ژیانییە گەردوونی-گەردوونییە کان بووە، و لە چوارچێوەیەدا سیستەمێکی فراوانتردا دەگرێتەوە، کە بریتییە لە سیستەمی پاککردنەوەی جارەوجاری (خاوێنی ، بەرۆژووبوون، دانپێدانان بە تاوان و... هتد) لە کۆتایی وەرزدا و نوێبوونەوەی جارەوجاریی ژیان.

ئەم نوێبوونەوەیە دروستکردنێکی نوێ بوو. واتە دووبارەبوونەوەی زانستی پەیدابوونی گەردوون-کۆسمۆگۆنیکی ژیان کە دووبارەکردنەوەی چیرۆکی دروستکردن-ئافراندن و نزاکردن بۆ خوداوەندەکانی ئەم چیرۆکە و ساڵانە دەرکردنی جنۆکە و نەخۆشی و گوناهەکان لەخۆدەگرێت (بڕوانە ئیلیاد ١٩٨٧: ١٠٠-١٠١).

جەژنەکان لە ڕوانگەی لیتۆرگی (ڕێوڕەسم) و میتۆلۆجی (ئەفسانەیی)ەوە، ناوەندی ڕەهای کاتیان نیشان دەدا و هەر بۆیە ناوەڕۆکەکانیان پیرۆز بوو، وەک هاوسەرگیری پیرۆز، دەرکردنی جنۆکە، نوێژ و ...هتد.

بەڵکو ئەم جەژنانە وەستانێکی ڕاستەقینەی ماوەیەکی دیاریکراو و سەرەتای قۆناغێکی تر بوو، واتە هەڵوەشاندنەوەی کاتێکی ڕابردوو و دووبارە

دروستکردنەوەی کاتێکی نوێ و ئەمەش بە واتای بنیاتنانەوەی کاتی ئەفسانەیی و سەرەتایی و پاکە ، و دەستپێکردنی دەرچوون لە ئاژاوە کایوس (Chaose)، واتە وندایی ، بۆ گەردوون-کۆزمۆس - الكوزموس (Cosmose)، واتە گەردوون.

سۆمەرییەکان تەنیا بەم سووڕی کاتە ڕازی نەبوون، بەڵکو هەموو کاتەکەی بەسەر چەند خولێکی ڕێکوپێکدا دابەش کردووە و گەورەترینی ئەو خولانە ناوی (شار ئو) بووە، بابلییەکانیش پێیان دەگوت (سار)، یۆنانیەکانیش پێیان دەگوت (سارۆس). )، کە نزیکەی ٣٦ هەزار ساڵە، بەو پێیەی خولێکی گەردوونییە و مرۆڤایەتی لە سەردەمی زێڕینی خۆیەوە دەست پێدەکات و بە ئاگر یان لافاو کۆتایی دێت.

ڕۆچوونمان بۆ ئەو نووسینە مێخییەی کە ئەم ژمارەیەی پێ نووسراوە، دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە لە شێوەی بازنەی مێخیی (٣٦٠٠)دایە و ژمارەی (١٠) لە ناوەڕاستیدایە، کە ئاماژەیە بۆ خوداوەند نینورتا (خوداوەند ی باهۆز)) و هەسارەی زوحەل، کەوا مژدەدەری ئاگر یان لافاوە. (بڕوانە ئەلماجیدی ١٩٩٨ بی تی: ٤١).

سووڕی گەردوونی بچووکتر هەیە، وەک سووڕی نیراس کە ٦٠٠ ساڵە و بە سۆمەری پێی دەوترێت (گیش ئو) و سووڕی ساسۆسی ٦٠ ساڵە و بەسۆمەری پێی دەوترێت (گیش)...هتد.

## ٤- گەڕانەوەی هەمیشەیی

بیری سۆمەری یەکەم جار بوو ئاماژەی بە بیرۆکەی گەڕانەوەی هەمیشەیی کرد، کە تێیدا تەواوی ڕێوڕەسمە ئاینییەکان وەک جۆرێک لە گەڕانەوە بۆ خاڵی دەستپێکن.

بەم شێوەیە مرۆڤی یەکەم (لولو)، خوداوەندی یەکەم (دنگر)، ڕۆژی یەکەم (ئوریا)، شوێنی یەکەم، شاری یەکەم، پەرسگای یەکەم، زمانی یەکەم و گەردوونی یەکەم (وندایی)، هەموویانن خاڵی دەستپێکی ئەفسانەیین کە دەکەونە دەرەوەی کات و دەرەوەی شوێن ، واتە سەر بە ڕەهایە و ئەمەش بەو مانایەیە کە سۆمەری کاتێک ڕێوڕەسمی پەرستنی خۆی دەکات، وەک ئەوە وایە هەوڵی گەڕاندنەوەی ئەو یەکەمانە بدات..

بۆیە لەم ساتەوەختەی گەڕاندنەوەدا، لە کاتی دیاریکراو و شوێنی دیاریکراو دووریان دەخاتەوە ، بەو مانایەی کە لە مێژووییبوونی خۆیان لادەدەن و ڕوو لە ڕەها دەکەن ، ئەمەش بە واتای هەڵوەشاندنەوەی کاتە مێژووییەکە یە و گەڕاندنەوەی سەردەمی ئەفسانەییە.

ئەمەیە کە ئێمە پێی دەڵێین گەڕانەوەی ئەبەدی.گومانی تێدا نییە کە پراکتیزەکردنی ئەم جۆرە ڕێوڕەسمە خولییە بەپێی بیرۆکەی گەڕانەوەی هەمیشەیی هۆکارێکی ڕوون بووە بۆ چەسپاندنی ئەو یەکەمانە ، یان نموونەبەرایییەکان لە نائاگایی-وشیاریی مرۆڤدا، کارل گوستاڤ یۆنگ نەیتوانی لەکتێبەکەیدا( مرۆڤ و هێماکانی) بە وردی پێیبگات. (بڕوانە یۆنگ ١٩٨٤).

ئەو نموونەبەراییانەی لە شێوەی هێما ئاینییە وەشاردووەکاندا –الباطنية- خۆیان دەردەبڕن، لە خەون، هونەر، یان شیعردا ئازاد دەبن.

ئەگەر لە کتێبی پێشوومانداا (ئاین و بیروباوەڕەکانی پێش مێژوو) هەندێکیانمان زانیوە، گومانی تێدا نییە کە ئایینی سۆمەری دەبێتە ڕێبەرێکی گرنگ بۆ ناسینی بەشەکەی دیکە و گرنگترینیانە، بەهۆی ئەوەی ئەم ئایینە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا پەیوەست بوو بە نووسین ، بەوەش شێوە و مانای ئەم هێمایانەی دامەزراند و ئاماژەی بە ڕابردوویانی دەکرد.

٥- خولیانەی دابەزین و سەرکەوتن و سەرهەڵدانی

## ئاینپەروەری-العرفان

دەکرێت سەیری ئەو خولگەی دابەزین و سەرکەوتنانە بکرێت، ئەوەی هەندێک لە خوداوەندە سۆمەرییەکان تێیدا هەڵکەوتوون، وەک دوموزی، ننگشزیدا، دامۆ و.. هتد، کاتێک فڕێدرابوونە ناو جیهانی ژێرزەوی بۆ ئەوەی لێی دەربچنەوە، بە مەرجێک کە خولیانە بۆی بگەڕێنەوە.

دەتوانین سەیری ئەم ڕیتمانەی دابەزین و سەرکەوتنە بکەین وەک ئەوەی ڕیتمەکانی دابەزین و سەرکەوتنی گیانی مرۆڤیی بن بۆ ڕێڕەوی باڵاچوونی و ئەمەش ڕاستەوخۆ بیرۆکەی ناوەوە و دەرەوە و نۆستالژیای یەک لە دوای یەکی نێوانیاندا دەنوێنێت .


ئەم بیرۆکەیە لە ئەفسانەی سۆمەریدا جیاوازییەکی زۆری نییە لەگەڵ بیرۆکەی سەرکەوتن بۆ ئاسمان و دابەزینی لێیەوە بۆ سەر زەوی، وەک ئەوەی (ئادابا و ئیتانا) وەک دوو پاشا کردوویانە، یا وەک ئەوەی (دوموزی و ننگشزیدا) وەک دوو خوداوەند کردوویانە،(ئادابا) لەو شوێنەی دەیاندۆزێتەوە کە بەرزترین دەروازەی ئاسمانە ،یا لە خزمەت خوداوەندی ئان (بڕوانە ئونکەر ١٩٥٣: ٤٥-٥٢)، بە تایبەت کە نەگۆڕەکە ئەوەیە بوونی ئەم دوو خوداوەندە لە جیهانی خوارەوەبن و جوڵەی خولیانەیان لەوێوە بۆ زەوی .. کەواتە چی بەرزیانی کردەوە بۆ ئاسمان؟ چی ئەوانی گێڕایەوە سەر زەوی یان ژێرزەوی؟ئەم جووڵە بەرز و دابەزینانە ، تیۆرییە ، ئاینپەروەرییەکانی (هرمسی و گنۆستیکی)مان بیردەخەنەوە کە دابەزینی خودی خوداوەندیی لەپێگەو پەیژەبەندی هەسارەیی و بەرزبوونەوەی خودی مرۆڤ لەپێگەو پەیژەبەندی هەسارەیی ڕوون دەکەنەوە، ئەمەش بە مانای ئاشکراکردنی چێژەکی (ئاینپەروەری -عیرفانیی) دێت ، نەک ئاشکراکردنی زانینەکی- مەعریفی بوونی خوداوەند و هەستکردنی مرۆڤ بەوە.

ئەم بیرۆکە ئاینپەروەرییە- عیرفانییانیە سۆمەرییانە، سەرچاوەی ئاینپەروەری ڕاستەقینە بوون ،لە فەلسەفەی هورمسی و گنۆستی و ئەفلاتونییەتیی نوێدا ، ((کولتوورە مێژووییەکان ئەم چەمکە بازنەییەی نەبون و دەرکەوتنەوەیان بە یەکەوە لە کولتووری مرۆڤایەتیدا هێشتووەتەوە .

له سەدەی سێیەمی پێش زاییندا، بێرۆسێ- بیروس Berose). له هەموو جیهانی هێلینیستیدا بڵاودەکردەوە و ـــلە وەوە لە نێو ڕۆمیی و بیزەنتینییەکاندا باو بوو - پەیوەندی بە (ساڵی گەورە)ەوە هەبوو.

لەم باوەڕەدا گەردوون بە نەمر دادەنرێت، بەڵام خولیانە نامێنێت و لە هەموو ساڵێکی گەورەدا دروست دەکرێتەوە (بۆ ئیلیاد ١٩٨٧: ١٥٧).بیرۆکەکانی پەیوەست بە ساڵی گەورە (سارۆس) لە بیرۆکەکانی بەرز و نزم بوونی خولیانی و کلیلی گنووسییەتی لە بارەی چییەتیی جیهان جیا ناکرێنەوە.

پیرۆس (بارعوشا)ی بابلی نەوەیەکی بیرکردنەوەی سەردەمی سۆمەر بوو و ڕەنگە پێش ئەویشەوە.




وێنەی (١٣) گۆدیا بە سەرۆکایەتی دوو خوداوەند کە لەسەر تاجەکەیان دووقۆچ هەیە بەڕێدەخرێت، پێدەچێت دوموزی و ننگشزیدا بن.

## بیروباوەڕی دوای مردن

### ١- چارەنووسی گیان (گیدیم)( gidim )( إطیمو\etemmu)

چارەنووسی گیانی مرۆڤمان زانی دوای مردنی کاتێک مرۆڤ لە گۆڕدا دەنێژرێت، بەڵام کاتێک نانێژرێت و جەستەی لەم گۆڕەداجێدەهێڵرێت، تەرمەکەی شی دەبێتەوە، بەڵام گیان لە سنگی مرۆڤەوە دێتە دەرەوە (لەگەڵ دوا هەناسەی) لە شێوەی باڵندەدا و بەرەو خۆرئاوا دەفڕێت، وا دیارە لەگەڵ خۆردا دەمێنێتەوە لە کاتی هەڵاتن و ئاوابوونیدا، بەڵام لە ڕۆژدا بە تایبەتی دەگۆڕێت بۆ گیانێکی خراپ و هێرش دەکاتە سەر زیندووەکان و دەبێتە هۆی زیان پێگەیاندنیان و نەخۆشی و تادەگاتە مردنیش.

سەبارەت بە گیانی مردووی نێژراو، لە شێوەی باڵندەیەکی گەرد وتۆزاویدا لە جیهانی ژێرزەویدا زیندانی دەکرێت، بەڵام بۆ ماوەیەک لە نێوان (٧-١٠) ڕۆژدا پەیوەندی بە جیهانی زیندووەکانەوە دەمێنێتەوە، ئەوانە دەبیستێت لەسەری دەگرین و لەگەڵیاندا دەگری، وەک لە دەقی مردنی ئورنمودا دەردەکەوێت (بڕوانە حنون ١٩٨٦: ١١٨).

لە چیرۆکی دابەزینی ئینکیدو بۆ جیهانی ژێرزەویی سۆمەرییەکان فێربووین ،کەوا گیانی ئینکیدو لە شێوەی تارماییدا هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی چاوی بەگلگامێش بکەوێت، بارودۆخی گیانی مردووەکان لە جیهانی ژێرزەویدا لە ڕووی ئاسوودەیی و خواردن و خواردنەوەیانەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بەپێی پێگەی مردوو لە ژیانیدا جیاوازە ، هەروەها بەپێی ژمارەی منداڵەکانی (هەرچەندە ژمارەیان زۆرتر بێت ، پێگەی بەرزتر دەبێتەوە)، هەروەها لەسەر ڕێوڕەسمەکانی پرسە، کە زیندووەکان بۆ گیانی ئەویان ئەنجامداوە.

ناوبەناو گیانی مردووەکان خواردن و خواردنەوەیان دەست دەکەوت کە لە ڕێوڕەسمی پرسە پێشکەشیان دەکرا. خواردن و خواردنەوە و ڕێوڕەسمەکان ، کە دەوەستێندران دە بووە هۆی ئەوەی گیانی مردووەکان پشت بە قوڕ ببەستێت بۆ خواردن و ئاوی شێلوو بۆ خواردنەوە.

بۆیە بەردەوامی ئەم پچڕانە دەبووە هۆی بێزاری ئەم گیانە ، پاشان توڕەیی و دەرچوونی لە دونیای ژێرزەوی بۆ دونیای زیندووەکان، خواردنی لە پاشماوەی

شەقامەکان و خۆخزاندنە نێو زیندووەکان  بۆ ئەوەی بیریان بخاتەوە وهەست بە پێویستیی ئەو  بکەن وباسی بکەن و مافی خۆی پێبدەن ، ئەم گیانە دەستی دەکرد بە زیانگەیاندن بەوان ،  یان تۆڵەسەندنەوە لێیان بەهۆی بێبەشکردنی لە پشوودان لە جیهانی ژێرزەویدا (بڕوانە حنون ١٩٨٦: ١٢٣).

**٢- جیهانی ژێرزەوی (کور)**

هەروەک چۆن چارەنووسی گیانمان زانی لە ئایینی سۆمەریدا زانیمان دوای مردنیش لێپرسینەوە و سزا و پاداشت نییە ( ئەم بیرۆکانەش دواتر ئایینی میسری هێناویەتی) ، بە هەمان شێوە دەزانین کە نە بەهەشت و نە دۆزەخ لە ئایینی سۆمەریدا نییە ( ئەو بیرۆکانەش ئایینی یەهوودییەتی هێناویەتییە ئاراوە).

جیهانی ژێرزەوی سۆمەری لە (جەهەنەم- دۆزەخ)ی یەهوودیان  ناچێت  یان (دۆزەخ)  بەڵکو زیاتر جیهانێکی کلۆرە  لەناو زەویدا پڕە لە تۆزوگەردی چڕی ئەستوور و  هیچ شوێنەواری تیشکی خۆر و تیشکی مانگی تێدا نییە  تەنانەت دوای خۆرئاوابوونیش (شەوان) یان ون بوونی مانگ لە ڕۆژدا. وا دیارە خۆر و مانگ وەک دوو خوداوەندی کاتی لەوێ دادەبەزن نەک وەک دوو  هەسارە.

لە زمانی سۆمەریدا چەندین ناوی جیهانی ژێرزەوی هەیە کە ژمارەیان نزیکەی بیست ناوە، لەوانە:

١- کور: چیا یان شوێنێکی چۆڵ.

٢- کی-ماخ: خاکی گەورە.

٣- کی.گاڵ Ki.gall: خاکی مەزن.

٤- ئاپسو Apsu: ئاوی قووڵایی و جیهانی ژێرزەوی.

٥- کی.سود ki.Sud: خاکی  دوور  .

٦-ئوروگاڵ  Uru.gall: شارە مەزنەکە.

٧- ئی دوموزی E.Dumuzi : ماڵی دوموزی.

(بڕوانە: تالکڤیست Tallqvist ١٩٣٤: ١٢-٢٣٠)

سەبارەت بە دەروازەکانی چوونە ژوورەوە بۆ جیهانی ژێرزەوی یان ڕێگاکانی چوونە ژوورەوەی، ئەوان بەم شێوەیەن:

١- گۆڕ.

٢- قۆرتی قووڵ لە زەویدا.

٣- دیوی ڕۆژئاوای خاکی دۆڵی میزۆپۆتامیا (بیابانی ڕۆژئاوا).

٤- دەروازە تایبەتەکان وەک دەروازەی ئوروک.

٥- پلیکانەی خوداوەندەکان کە جیهانی سەرەوە و جیهانی خوارەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، تەنها بۆ خوداوەندەکان تەرخانکراوە.

جیهانی ژێرزەوی لە ڕووبارێک پێکدێت کە دەورەی داوە و تێیدا بەلەم و کەشتیوانێک هەیە کە گیانی مردووەکان لە دەرگای گۆڕەکانەوە دەگوازێتەوە بۆ خاکی جیهانی خوارەوە.

جیهانی ژێرزەوی بە حەوت دیوار دەورە دراوە و پاسەوانێکی بەهێز لەسەر هەر دیوارێک لەبەردەم دەروازەکەی وەستاوە. لە ناوەندی جیهانی ژێرزەویدا، کۆشکی ئێریشکیگال هەیە، و پێی دەوترێت (ئی گالکینا)، کە بە واتای کۆشکی دادپەروەری، لە لازورد دروستکراوە. هەروەها کۆشکی بچووک هەن بۆ هەندێک گیانی گرنگ.

تۆزوگەردی ئەستوور زاڵە بەسەر ئەم جیهانەدا، هەروەها قوڕ و ئاوی شێلوویش هەیە.

بوونەوەرەکانی ئەم دونیایە جیاوازن هەیانە خوداوەندن (ئێریشکیگال و نرگال) و منداڵ و نەوەکانیان لەگەڵ ژنەکانیان، لەگەڵ خوداوەندە شوێنکەوتوەکانیان، کەم بایەخ، پەردەدار و خوداوەندەدوورخراوەکان کە جارجارە دەربەدەر دەکرێن وەک سزا بۆ کردەوەیەک کە ئەنجامیانداوە، و شەیتانەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە و گیانی مردووەکان.

٣- زیندووبوونەوە و زیندووکردنەوەی مردووەکان


زیندووبوونەوەی خوداوەندەکان لە جیهانی ژێرزەوی لە ئایینی سۆمەریدا پایەیەکی بنەڕەتی هەبوو لە باوەڕەکانی سەبارەت پاش مردن-ئیسکاتۆلۆژی ، کاریگەری گەورەی گیانی و پیت وفەڕو ئەفسانەیی هەبوو، ئەم زیندووبوونەوە هەشت خوداوەندی لەخۆگرتبوو کە باسمان کردن، ئەمە جگە لە زیندووبوونەوەی خوداوەندی ئینانا دوای دابەزینی لە جیهانی ژێرزەوی.


سەبارەت بە زیندووبوونەوەی مردووەکان لە مرۆڤەکان، لە باوەڕەکانی ئیسکاتۆلۆژیای سۆمەریدا نەخراونەتەڕوو و هیچ بەڵگە و ئاماژەیەک بۆ گەڕانەوەی مردووەکان بۆ جیهانی زیندووەکان نییە (یان گەڕانەوەی گیان گدم بۆ جەستەی مردوو، و پاشان هەڵسانەوەیان لە یەک پێکهاتەی زیندوودا).

سەبارەت بە ئاماژەکانی تایبەت بە خوداوەندی گولا (خوداوەندی شیفا لە ئێسێن) کە بەم شێوەیە وەسف کراوە (شاژنە کەی ژیان بۆ مردووەکان دەگەڕێنێتەوە)،ئەمەشیان تایبەتمەندییەکی توانبەدەرە-موعجیزەیی خوداوەندێکی پزیشکییە کە خەمی چاککردنەوەی نەخۆشەکان بووە، وەک زیادەڕەویکردن، بەم شێوە وەسف کراوە. (بڕوانە لانگدۆن Langdon ١٩١٩: ٣٠٦٠).

## بەشی سێیەم

## خوداوەندانی سۆمەریان






| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **Enlil** Nunamnir, Ellil[64][65] |  | Ekur temple in Nippur[66][67] | Northern sky[54][47] | Enlil, later known as Ellil, is the god of wind, air, earth, and storms[64] and the chief of all the gods.[68] The Sumerians envisioned Enlil as a benevolent, fatherly deity, who watches over humanity and cares for their well-being.[69] One Sumerian hymn describes Enlil as so glorious that even the other gods could not look upon him.[65][70] His cult was closely tied to the holy city of Nippur[67] and, after Nippur was sacked by the Elamites in 1230 BC, his cult fell into decline.[71] He was eventually paralleled in his role as chief deity by Marduk, the national god of the Babylonians,[71] and Assur, who fulfilled an analogous role for the Assyrians.[72] He was associated with lapis lazuli.[63][73] |

**(وشەی ئینلیل، ئەگەر بەر ئاسمان بکەوێت:**

**ئەمە ئەوسەرڕێژەییەیە،**

**کاتێ بارانێکی بەخوڕ لە سەرەوە دەڕژێتە خوارەوە ،**

**گەر دەستی بەرزەوی بکەوێت: ئەمە خۆشگوزەرانییە،**

**لە خوارەوە سەروەت و سامان زۆردەبن ، دەڕژێتە خوارەوە!**

**قسەی تۆ ڕووەکەکانن.. قسەی تۆ خۆشەویستییە!**

**قسەکەت سەرڕێژییەکەیە: ژیانی هەموو وڵات!**

**(لە هۆنراوەیێکی سۆمەرییەوە وەرگیراوە کە ئاراستەی ئینلیل کراوە)**

## چینبەندیی خوداوەندانی سۆمەری

خوداوەندەکانی سۆمەرییان بە یەکجار دروست نەبووین، بەڵکو ماوەیەکی زۆری خایاند بۆ دروست بوونیان ، کە نزیکەی دوو هەزار ساڵی خایاند.

ئەم خوداوەندانە یەکسان نەبوون و پلەوپایەیان هاوسەنگ نەبوو ، بەڵکو لە شێوەی کۆتایی خۆیاندا دەیانبینین، کە لە چەند چینێک یان پێگەیەک پێکهاتوون، کە دەتوانرێت لە ڕوانگەی جیاوازەوە لێکیان جیابکرێنەوە.

ڕوانگەی یەکەم ئەوەیە ، کە سۆمەرییەکان خۆیان سەیری خوداوەندەکانیان کردووە و لە پلەی جیاوازی گرنگیدا دایانناون، گەورەییەکەیان بەم شێوەیە پلەبەندی کراوە:

١-خوداوەندی چارەنووسە گەورەکان: ئەو حەوت خوداوەندانەن، کە بەسەر تەواوی گەردووندا زاڵن و دەسەڵاتی ڕەها و کاریگەریی هەمەلایەنەیان هەیە، بڕیارەکانیان جێبەجێ دەکرێن و ڕەت ناکرێنەوە.

ئەنجوومەنی ئەم خوداوەندانە پێکدێت لە خوداوەندێکی مەزن سەرۆکایەتی دەکات ئەویش خوداوەند (ئان)ە،( An/Anu )

یەکێک لە خوداوەندە باڵاکان؛ بە سۆمەری بە ئان و لە ئەکەدیدا بە ئانو ناسراوە.) خوداوەندی ئاسمان و خوداوەندی گەردوون و شەش خوداوەندی دیکە ، سێی یەکەمیان لە گەڵ (ئان) ئەوە پێکدەهێنن کە پێی دەوترێت (خوداکانی دروستکەر-ئافرێنەر)، ئەوانیش بریتین لە( کی) (کی Ki خوداوەندی زەوییە و هاوتای مێینەی ئان خوداوەندی ئاسمان بووە، کی Ki وشەیێکی سۆمەرییە بەواتای زەوی، وەک ڕەنگە بتوانیت بزانیت بابەتێک هەیە کە خوداوەند و خوداوەندەکان ناویان لێنراوە بەناوی ئەوەی کە خودا بوون یان... خوداوەندی... لە ئەفسانەی سۆمەریدا، ئان و کی کۆمەڵێک ڕووەکی زۆریان لەسەر زەوی ڕواندووە. لە بنەڕەتدا کی Ki , و ئان An , یەکگرتوو بوون کاتێک لە مێخوداوەندی ناممو Nammu لەدایک بوون. دوای ئەوەی کوڕەکەیان ئێنلیل پەروەردە کرد جیابوونەوە، ئان بوو بە فەرمانڕەوای ئاسمان و کی بوو بە فەرمانڕەوای زەوی. ) (نینهورساگ – ننخراساج- Ninḫursaĝ

(به سۆمەری: DNIN-ḪAR.SAĜ؛ Ninḫarsang) هەندێک جار بە (نینورساگ) Ninursag، Ninḫarsag ، یان Ninḫursaĝa، هەروەهاناسراوە بە Damgalnuna یان Ninmah، مێخوداوەندی دایکی سۆمەرییە کۆنەکانی شاخەکان بووە، و یەکێک بووە لە حەوت خوداوەندە گەورەکانی سۆمەر.

سەرەتا بە خوداوەندی پەروەردەکار یان منداڵبوون ناسراوە. سەرچاوەکانی سروودی پەرستگاکان وەک "خاتوونی ڕاستەقینە و گەورەی ئاسمان" دەناسێنن (ڕەنگە لە پەیوەندی هەبێت بە وەستانی لەسەر شاخەکان) و پاشاکانی لگش " شیری نینهورساگیان پێدراوە". ئەو خوداوەندی سەرپەرشتیاری چەند سەرکردەیەکی سۆمەرییە. )، ئینکی( Enki/Ea خوداوەندی ئاو و پەندزانی-حیکمەت و هونەر و جادووی زیانبەخشە کە لە زەریای ژێر زەویدا دەژی)، ئینلیل (Enlil/Ellil یەکێک بوو لە خوداوەندە باڵاکان. دەپ(لوح)ی چارەنووسەکانی دەرکرد، فەرمانەکەی نەدەکرا دەستکاری بکرێت و ئەو خوداوەندە بوو کە پاشایەتی بەخشی. پەرستگاکەی بەناوی é-kur، "ماڵی چیا "، دەکەوێتە شاری نیپور Nippur ، ناوەندی ئایینی میزۆپۆتامیا تا هەزارەی دووەمی پێش زایین.)و ئەم چوارە خوداوەندانی چوار توخمەکەی سروشتن (ئاسمان، خاک، ئاو، هەوا).

سەبارەت بە سێ خوداوەندەکەی تر، ئەوان خوداوەندی سێ هەسارەی گەورەن (ننار( نانا/سوێن/سینNanna/Suen/Sin (خوداوەند)

خوداوەندی مانگی میزۆپۆتامیا. بە سۆمەری پێی دەگوترا نانا Nanna ، بە زمانی ئەکەدییش بە سوعین Suen یان سین Sinناودەبرا. سەرەتاییترین نووسینەکانی لەبارەی هەردووکیان بە نزیکەیی هاوچەرخن، و بە شێوەیەکی ئاڵوطۆڕ ڕوودەدەن. ناوێکی زیادە کە تەنیا لە دەقە ئەدەبییەکاندا هاتووە ، بریتییە لە دیلیمبابار Dilimbabbar. ئیتیمۆلۆژیای ڕاستەقینەی هەردوو نانا و سوین تا ئێستا ڕوون نییە (کریبەرنیک ١٩٩٣-٩٨ب: ٣٦٠-٦٤).

ئوتو(ئوتو Utu- أوتو کە دواتر بە شاماش Shamash ناسرا، خوداوەندی کۆنی خۆرە لە میزۆپۆتامیا، کە هەروەها وەک خوداوەندی ڕاستی و دادپەروەری و ڕەوشت ڕێزی لێدەگیرا. کوڕی نانا و برا دووانەکەی ئینانا بوو. پێیان وابوو ئوتو هەموو ئەو شتانە دەبینێت کە لە ڕۆژدا ڕوودەدەن و یارمەتی مرۆڤە دەدات

**له ناهەمواریدان. شانبەشانی ئینانا، ئوتو جێبەجێکاری دادپەروەری خوداوەندیی بوو.)، ئینانا (ئینانا Inana/ئیستارIštar (مێخوداوەند)**

**ئینانا (سۆمەری)/ئیشتار - عشتار (ئەکادی) لە گرنگترین خوداوەندەکانە و گرنگترین خوداوەندە لە کۆڕی خواوەندانی میزۆپۆتامیادا. ئەو بە پلەی یەکەم بە خوداوەندی خۆشەویستی سێکسی ناسراوە بەڵام بە هەمان شێوە وەک خوداوەندی شەڕ دیارە. لە لایەنی ئەستێرەیی خۆیدا، ئینانا/ئیشتار هەسارەی ڤینۆس و ئەستێرەی بەیانی و ئێوارەیە.**

**) (مانگ و خۆر و زوهرە-ڤینۆس).**

**ئەم دابەشبوونە بەلای ئێمەوە لە پێکهاتەکان و پلەکانیدا گونجاوە، وەک چۆن پەروەردگاری پەروەردگارەکان (ئان) خوداوەندەکانی سروشت و دواتر خوداوەندەکانی هەسارەکان ملکەچی ئەون لە ئەنجومەنی خوداوەندەکاندا. ( [1])**

---

1(تێبینی تاهاباقر-دەنووسێت: دانیشتوانی وڵاتی دوو ئاوان – میسۆپۆتامیا ، سۆمەری و بابلی و ئاشوری .. هتد ، بایەخیان بە بنجی بوون و شتان داوە ، وەک چۆن لە هەموو ڕۆژگارێکدا مرۆ خەریکی بووە ، ئەویش: (کێشەی بوون) ە . سۆمەریەکان چەندان بۆچوونیان هەبوو سەبارەت بنجی خواوەندان و ئەفراندنی جیهان و مرۆڤ و ئاژەڵان و ڕووەک و ئاوەدانی و ژیان و مردن و دوای مردن ، لەگەڵ چەندان بابەتی دیکەی پەیوەست بە خواوەندان و پەرستن . سەبارەت ئەم بابەتانە پێشگۆکان (کهنە) و خاوەن بیر و بۆچوون و زانیاری ، بیر و بۆچوونی فرە جۆریان بۆ جێ هێشتووین ، لەشێوەی ئەفسانە و دەقی ئایینی و لەسەر دەپی قوڕین تۆماریان کردووە و زۆربەی بە هۆنراوەی چیرۆکئامێز داڕێژراون .

بێگومان ئەو دەقانەی بابلی و ئاشوری لەسەر بنچینەی دەقی سۆمەری ڕۆنراون ، چەندان دەقی ئەفسانە سۆمەرییەکان (لە نزیکەی هەزارەی دووەمی پ.ز) بە ئێمە گەئشتوون، سەبارەت ئەفراندن و بنجی گەردوون و شتان .

زانیاری گرنگی یان تێدایە ، سەبارەت بیر و بۆچوونی سۆمەریەکان سەبارەت بنجی جیهان . ئەم بیر و بۆچوونانە لە شێوازی ئەفسانەی ئایینی بە ئێمە گەیشتوون ، بەڵام دەکرێ لەم چوارچێوە و لەبەرگە ئایینیەی دەربێنین و وشیارانە لێکیان بدەینەوە و هەوڵ و کۆششی ئەوان لە بیرکردنەوە لە گەردوون و بنجی بوون و شتەکان بدۆزینەوە .

گەر لە بەرگ و چوارچێوە ئەفسانەییەکە سەیری بکەین بەمجۆرەیە :

١-سەرەتا خواوەند (نەموو – نمو – Nammu) هەبوو ، ئاوی بەرایی ، لە جووڵەیدا گەردوون دروست بوو .

٢-لە خواوەند نەممو ، خواوەند ئان – آن – An ، خواوەندی ئاسمان دروست بوو (کوڕی نەممو) و مێخواوەند (کی – KI) مێ خواوەندی زەوی دروست بوو ، واتە ئاسمان و زەوی بەیەکەوە (ئان – کی An – KI) ئان – کوڕی ڕاستەوخۆی (نەممو)ە ، دەستەڵاتی لەو وەرگرتووە ، پەرسگەی ناوی (ئی – ئەنا – ماڵی ئاسمان)ە لە ئوروک، ژنەکەی مێخواوەند (کی) مێ خواوەندی زەویە .

٣-لەوانەوە (لە ئان کی) ، خواوەند (ئینلیل – إنليل – ENLIL) خواوەندی هەوا دروست بوو ( ژنەکەی مێخواوەند (سود)ە ، دواتر ناوی بوو بە (ننلیل) .

ئینلیل ، باوکی (ئان) (خواوەندی ئاسمان) لە دایکی (کی) خواوەندی زەوی جیا کردەوە .

٤-(ننلیل) بینی گەردوون تاریکە ، خواوەندی مانگی بوو (نانا) (ننار) ، تا ئاسمانی پێ ڕووناک بکاتەوە خواوەندی مانگ (نانا) ناوێکی دیکەی هەیە (سوئین) لەوەوە ناوی (سین) خواوەندی مانگ پەیدا بوو .

ناسناوێکی دیکەی هەیە (ئەشیم بابار) واتە خاوەن تریفە و درەوشاوە ، ژنی خواوەندی مانگ (ننگال)ە واتە خانمی گەورە .

(نانا) لە ئور دەپەرسترا ، پەرسگەکەی ناوی (ئەکیشنوگال) و پەرسگەی لە (حەران) هەبوو.

لە شێوەی گایێکی خاوەن دوو شاخ (کەوانەی مانگ) وێنا کراوە ، هەروەها لە شێوەی کەشتی ئاسمان کەشتی و بارهەڵگری ئاسمان وێنا کراوە .

مانگ گیران ، وا لێک دراوەتەوە خواوەندی خراپەکار (سپیتو) مانگ دەدزێت و خواوەندی مانگ لە زەوی دەدات و دەیشارێتەوە . خواوەندی مانگ (نانا) دوو کوڕی بوون ، یەکێکیان (ئوتو) خواوەندی خۆر ، (شمش – ی بابل و ئاشوری) و ئەوەی دیکە خواوەند (گزالو) (ئوموشدا) ، هەروەها دوو کچی هەیە یەکێکیان هەساری ڤینۆس - زوهرە (ئینانا) ، مێ خواوەندی خۆشەویستی و جوانی (ئشتار

– عشتاری بابل) و ئەوەی دیکە مێ خواوەندی جیهانی ژێری (ئەرشکیگال) مێ خواوەندی تاریکی و مردن .

-دواتر خواوەندی هەوا (ئنلیل) لەگەڵ خواوەندی زەوی (کی) و بەیارمەتی (ئینکی – ENKI) خواوەندی ئاو و ژیان ، پەرسگەی لە (ئەریدو) بوو (ئی – ئینگورا – پەرسگەی قووڵایی) ، یا (ئی – ئابسو) و (ئوتو) ژیانی روەک و ئاژەڵ لەسەر زەوی پەیدا بوون .

خواوەند (ئینکی) مرۆی دروست کرد و خۆشی ویست و یاسا و ڕێسای پەندزانی خواوەندانی فێر کرد ، بوونەوەرەکەی خۆی بوونەوەری ماسیانە (ئەوانیس)ی بۆ نارد تاوەکو هونەرەکانی شارستانی فێربکات و نووسینی فێربکات و هەر ئەویش مرۆی لە لەناوچوون بەلافاوی گەورەی ڕزگار کرد .

لە ئەفراندنی مرۆ خواوەند (نممو) و خواوەند (ننماخ) (ناوێکی دیکەی خواوەندی زەویە) هاوبەشی دروستکردنی مرۆ بوون . بەڵام گەر بەرگی ئەفسانەیی لەم بابەتە لابەین دەبینین :

١-لە سەرەتادا ڕەگەزی (ئاو) هەبووە ، سۆمەریەکان بۆ ئەوە دەچوون هەتا هەتاییە و ئەفرێنراونییە .

٢-لە ئاوی بەرایی ڕەگەزی زەوی و ئاسمان بە یەکەوە پەیدا بوون ، سۆمەریەکان بۆ ئەوە دەچوون ئاسمان و زەوی مایەیەکی ڕەقە .

٣-لە ئاسمان و زەوی بە یەکەوە ڕەگەزێکی گازی ، هەوا پەیدا بوو و کشا و ئاسمان و زەوی لە یەک جیابوونەوە .

٤-لە هەوا مانگ و لە مانگ خۆر پەیدا بوو .

٥-زەوی بە جیا بوونەوەی لە ئاسمان ، جۆرەکانی ژیان پەیدا بوون لە ڕوەک و ئاژەڵ و مرۆ .

٦- سۆمەریەکان بۆ ئەوە دەچوون بنجی ژیان و شتان لە یەکگرتنی هەوا و خاک (زەوی) و ئاو و بە یاریدەی خۆر دروست بووە . ئەمەش تیۆری چوار ڕەگەزەکەیە .

واته لە پشێوی – العماء – کائوس – Chaos ، ڕێکخستنی گەردون و مرۆ ئەفراندن و شارستانی و ئاوەدانی پەیدا بوو .

واتە لە پشت ئەم بەرگە ئەفسانەییەی چیرۆکی ئەفراندن ، بارودۆخی خوارووی وڵاتی دوو ئاوان – میسۆپۆتامیا دەردەکەوێت بەتایبەتی بارودۆخی جوگرافی لە سەرەتای پێکهاتنی یەکەم شارستانیەتی لە مێژووی مرۆییدا .

ئاوی یەکەم و بەرایی و ململانێ و کێشەی نێوان خواوەندان مل ملانێی مرۆڤ پێشاندەدات لەگەڵ ژینگە سروشتیە بەراییەکە .

بەشی خوارووی میسۆپۆتامیا ئاوی دەریا داپۆشیبوو ، دواتر بە ڕەوتی سەدەکان لە قوڕ و لیتە وئاومالْکی هەردوو ئاوان وشکانی پەیدابوو .

پێکهاتنی وشکانی لە خوارووی میسۆپۆتامیا لە شێوەی زۆنگاو و زەلکاودا بوو و وشکانی لە شێوەی دوورگەی بچووک دەردەکەوتن دواتر بەرەبەرە فرەوان دەبوون و دەبوونە دەشتی بە پیت.   .

مرۆی میسۆپۆتامیا زەویێکی بە پیتی بینی ، بەڵام بۆ سوود لێ وەرگرتنی ئەرک و هەوڵ و کۆششی زۆری دەویست بەتایبەتی ڕێکخستنی ئاو و ئاودێری و بەنداوەکان ، لە ئەنجامی ئەم ململانێیە لەگەڵ ژینگە سروشتیەکەیان و سەرکەوتن بەسەر ئەم ژینگە یە یەکەم شارستانیان بنیاتنا (چیرۆکی ئەفراندن) ئەم ململانێ یە لە بەرگی ئەفسانەدا دەنوێنێت .

لە سۆمەریان چەندان دەقی لەسەر دەپی قوڕین نووسراومان بۆ ماونەتەوە ، بەڵام بەباشی نەپارێزراون و ناتەواون ، بەڵام بابلیەکان ، ئەوانەی لە سۆمەریەکان زانین و ئاین و کلتوریان بۆ ماوەتەوە لەوانە دەقی باشی ئەم ئەفسانانەمان پێگەیشتوون ، چیرۆکی ئەفراندنی (ئینوما ئیلیش) ی بابلی تەواوترین و درێژترین چیرۆکی ئەم بابەتەیە ، کەوا لە نێو زانایانی ئاشوریناسان ، بە نووسار(رقم) ی ئەفراندنی حەوت ناسراوە ، یا وەک بابلیان ناویان ناوە:




((ئینوما ئیلیش)) – لەوکاتەی لە باڵایاندا –

لەبەر ئەوەی یەکەم بەیتی هۆنراوەکە بەم دەستەواژەیە دەست پێدەکات ، ئەم ئەفسانەیە ، بە هۆنراوە نووسراوە کێشی هەیە ، بەڵام سەرواى نییە ، لەسەر شێوازی (دوو بەیت) ڕۆنراوە :

ئینوما ئیلیش ، لانبو شمامو

شابلیش ئامتم ، شومالا زکرات

لەوکاتەی لە باڵادا ، ئاسمان ناوی نەبوو (بوونی نەبوو)

لەژێریدا ، زەوی ناوی نەبوو (بوونی نەبوو) .

لەسەر حەوت دەپی قوڕین نووسراون ، هەزار دێڕ دەبن .

ئەم دەپانە لە کتێبخانەی پادشای ئاشووری (ئاشوور بانیپال) (٦٦٨ – ٦٢٦ پ.ز) لە نەینەوا و ئاشوور (قەڵای شرگات) و کیش و وەرکاء و شوێنانی دیکە دۆزراونەتەوە . لە هەموو ئەمانە چیرۆکێکی دروستی بابلی لە بارەی ئەفراندن و بنجی بوون پێکهاتووە . گەر لە چیرۆکی ئەفراندنی بابل وردبینەوە دەبینین بیرۆکەی بنەڕەتی لە دانانی ئەم ئەفسانەیە ، بەرز ڕاگرتنی خواوەند (مردوخ)ە ،

خواوەندی بابل ، چۆن توانی شوێنێکی باڵا لەنێوان خواوەندانی دیکەی هەبێت ، ببێتە تاکە مەزنی هەموان ، بووە گەورە و پادشای ئەوان و چۆن خواوەندانی دیکە وازیان لە سیفەت و تایبەتمەندی و ناسناوەکانیان هێناوە بۆ خواوەند مەروخ ، ئاماژەیە بۆ بەرزبوونەوەی پێگەی شاری بابل لەچاو وڵاتانی دیکە و بەرزبوونەوەی پلە و پایەی پادشاکەی حەمورابی لەچاو پادشایانی دیکە .

ئەوەش حامورابی لەپێشەکی یاساکانی نووسیویەتی (دێڕەکانی بەرایی پێشەکی ڕێسازییەکانی حەمورابی) . کاتی دانانی ئەم ئەفسانەیە ، سەردەمی بنەماڵەی یەکەمی بابل بوو ، بەتایبەتی شەشەم پادشای حامورابی . ئەو سەردەمی دەستەڵاتیان زۆر بوو و بابل بوو بە پایتەختی ئیمپراتۆریەتێکی گەورە ، دەشێ لەو سەردەمە داندرابێت کە یاساکانی داناون .

ئەم گۆڕانکارییە سیاسیەی لە بابل روویدا ، پێویستی بە گۆڕانکاری باوەڕی ئایینی بوو ، پێگەی خواوەند مەردوخ بەرزبوویەوە بۆ مەزنی خواوەندان و پادشای خواوەندان . پێشگۆکانی بابل (کاهینەکان) ئەفسانە سۆمەرییەکەیان کردۆتە چاوگی ئەفسانە بابلیەکە و گۆڕانکاریان تێدا کردووە ، بەتایبەتی پاڵەوانی ئەفسانەکە و خواوەند مردۆخ کراوەتە کاڵکی ئەفسانەکە .

سومر ١٩٤٩ ، ج ١ ، مجلد ٥ – چیرۆکی ئەفراندن (ئینوما ئیلیش) ،لاپەڕە١تا ١٠.

## 2- پەنجا خوداوەندە گەورەکان (ئەنونا):

ئەنجومەنی پەنجا خوداوەند بە سەرۆکایەتی خوداوەند ئینلیل (ژمارە ڕەمزییەکەی پەنجا، و ناوی پەرسگاکە پەرسگای پەنجاکانە). ئەم خوداوەندانەش پێیان دەگوترا خوداوەندی (ئەنوناکی) و ئەوان بەرپرسیار بوون لە زەوی و جیهانی -خاکی خوارەوە و ناوی ئەنونناکییەکان لە دوای سۆمەرییەکانەوە ،بوو بە ئاماژەکردن بۆ دادوەرەکانی جیهانی ژێرزەوی. ئەوان زۆربەی ئەوانەن ،کە ئێمە لەبارەی خوداوەندەکانی سۆمەرییەوە دەیزانین و میوەی داری خوداوەندەکانی  پێکدەهێنن.

## ٣- خوداوەندە لاوەکییەکان (ئیجیجی):

ئەوان خوداوەندە پایە بچووکەکانن، زیاتر لە ئاسماندا پەرش و بڵاو دەردەکەون. زاراوەی ئیجیجی لە دوای سۆمەرییەکان زۆر لەگەڵ زاراوەی ئەنوناکیی تێکەڵ بووە، بەڵام ئەگەری زۆرتر لەو دوو زاراوەیە ئیجیجییە کە ئاماژەیە بۆ ئاسمان و ئەنوناکییەکە بۆ زەوی.

ڕوانگەی دووەمی خوداوەندە سۆمەرییەکان لە دابەشبوونی خودی سۆمەرییەکانەوە بۆ خوداوەندەکانیان وەرگیراوە ، لەسەر بنەمای ئەوەی کە هەر شارێکی سۆمەری خوداوەندی خۆی هەیە و ئەم دابەشبوونەش لەگەڵ دابەشکردنی پێشوودا ناکۆکی نییە، بەڵکو تەواوکەری ئەوە. ئەم دابەشکردنە لەم خشتەیەی خوارەوەدا کورت دەکەینەوە، کە گرنگترین شارەکانی سۆمەری و خوداوەندەکانیان لەخۆدەگرێت.

ئەم دابەشبوونە لەخۆڕا نەبووە ،بەڵکو بەپێی سروشتی شارەکان و پێداویستییەکانیان

بەرەوپێش دەچوو، بۆ نموونە شاری ئێریدو  شارێک بوو کە دەیڕوانیە ئاو، هەروەها یەکەم شار بوو لە باشووری میسۆپۆتامیا، هەر بۆیە خواوەندی ئینکی خواوەندی ئاوبوو، و یەکێک بوو لە خوداوەندە کۆنەکانی سۆمەری.. ئەو خوداوەندی ئەو بوو.. ئەمە بۆ باقی شارەکان و خوداوەندەکانیان دەگونجێت.

## ڕوانگەی جاكۆبسن

## سەبارەت خوداوەندە

ڕوانگەی سێیەم سەبارەت خوداوەندە سۆمەرییەكان ئەوەیە ،كە جاكۆبسن وەك پۆلێنكردنێكی تایبەت بە پشتبەستن بە سروشتی جوگرافیای خاكی سۆمەر بۆی چووە (بڕوانە جاكۆبسن - Jacobsen ١٩٧٠: ١٢-٣٤) و ئەم گروپانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

**١-خوداوەندەكانی زۆنگاوەكان:** ئەو زۆنگاوانەی باشووری ڕۆژهەڵاتن كە خاكی دانیشتووی سۆمەر لە كەنداوی جیا دەكەنەوە كە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەریدۆوە دەست پێدەكات تا دەگاتە نینا (سەرگول). خوداوەندانێكی ئاوی لەخۆدەگرێت، كە خوداوەند( ئینكی) سەرپەرشتیان دەكات و ئەم خوداوەندانەش بریتین لە:

(ئینكی، ئاسڵووحی، دوموزی نانشە، ننمار).

**٢- خوداوەندانی بیستانەكان:** بریتین لە باخچەكانی باشوور، كە بەتەنیشت شەقامی كۆنی فوراتەوەین. خوداوەندەكانی ئەم باخچانە بە پەیوەندییان بە جیهانی ژێرزەوییەوەهەیە ، بەو پێیەی خوداوەندی خوارەوەیین، ئەوانیش بریتین لە (ننازو، ننگشێزیدا ، دامۆ).

**٣- خوداوەندانی شوانەكان:** ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، كە لە ئورەوە بەرەو ئوروك و ئومایە و ئەم خوداوەندانەش دوو جۆرن:

ا- خوداوەندە گاوانە باشوورییەكان : ئەوانیش (نانا، ننهار ئوتو، نێنسۆن، ئان).

ب- خوداوەندەكانی كەرەوانەكانی باكوور: بنەماڵەی خوداوەندەكان بریتین لە نینخورساگ Ninhursage (بێلیتیلی Belitili) كە خوداوەندی ئەدەب و كیشە ، لەگەڵ هاوسەرەكەی شولبی و كوڕەكانیان مولیل و ئەشێرجی و كچەكەیان (ئاگیم).



KURکور

**٤- خوداوەندەکانی کێڵگەکان:** ناوچە چیمەنییەکانی باکووریش ، هەتا ئەکاد و لە ڕۆژهەڵاتی بەشەکانی باکووری لگش دەگرێتەوە ، کە زەوییە کشتوکاڵییەکانن، هەر بۆیەش سیمای ئەم ناوچەیە جووتیارییە و خەریکی کشتوکاڵ و بەروبووم دەبێت، لە لوتکەی ئەم گرووپەدا خوداوەند( ئینلیل) هەیە، کە خوداوەندی نەتەوەیی سۆمەرە ، لەگەڵ هاوسەرەکەی، مێخوداوەند ئینلیل، و لەگەڵ ئەوانیشدا (نیسابا، نینورتا، باو، میسلامتای (نارگال)) هەن.

هەرچەندە جاکۆبسن لە هەمان کاتدا گروپ و گروپە سروشتییەکانی شارە لێک نزیکەکان لەبەرچاو دەگرێت، بەڵام ئەم دابەشکردنەی سەرمان لێدەشێوێنێت سەبارەت بە ڕیزبەندی خوداوەندەکان و ڕەچەڵەکیان لە یەکتر و گرنگییان، بە واتایەکی تر ئەو لەم پۆلێنکردنەدا، گرنگی بە سروشتی سومەر دەدا و گرنگی بە خوداوەندەکانی سۆمەر نەداوە.

ئەم پۆلێنکردنە ناتەواوانەی خوداوەندە سۆمەرییەکان ، تەنیا لە لایەن درەختی ڕەچەڵەکی خوداوەندە سۆمەرییەکانەوە چارە دەکرێت، کە لێرەدا وەک هەوڵێکی هەمەلایەنە بۆ پۆلێنکردنی خوداوەندە ناسراوەکانی سۆمەرییەکان دایدەنێین، کە بە تایبەتی لە دەقە ئەفسانەییەکاندا باسکراون.

## خوداوەندەکانی سومەر

**خوداوەندەکانی  زۆنگاوەکان**

ئینکی (ئاو)

ئوسلوحی (هەورەکان)

دوموزی ئاپسو (کوڕی ئاوە قووڵەکان)

نانشە (ماسییەکان)

ننمار (باڵندە)

**خوداوەندی باخچەکان**

ننازو (دار)

نێتگزێدا (تەخت هەڵگر)

دامو (بژێوی بەرزبووەوەی ڕووەکەکان)

**خوداوەندەکانی شوان**

مانگا (باشوور)

١- نانا (مانگ)

٢- ننهار (گرمەوڕەشەبا و باران)

٣- ئۆتۆ (خۆر) .

٤- نینسون (گا) .

٥- ئان (ئاسمان) .

**خوداوەندە شوانەکان**

کەر (باکووری)

ننخراساگ (زەوی سەرەوە)

شولبی (زەوی خوارەوە)

١- مۆلولیل (شەو)

٢-ئاشرجی

٣- ئاگیم

**خوداوەندەکانی کێڵگەکان**


ئینلیل + نێلیل (خوداوەندی هەوا) (مێخوداوەندی هەوا)

نینورتا موسلامتای (نرگال، خوداوەندی جیهانی ژێرزەوی)

و لەگەڵ ئەوانیشدا

١- نیسابا ( دانەوێڵە ) .

٢- باو (چاندن و شیفا)




خشتەی (٢) خشتەیەک یان هێڵکارییەک کە پۆلێنکردنی خوداوەندەکانی سۆمەری لەلایەن جاکۆبسن بەپێی ناوچە سروشتییەکانی سومەر نیشان دەدات لەلایەن نووسەر دیزاین کراوە.

## درەختی ڕەچەڵەکی خوداوەندانی سۆمەری

هەوڵماندا دارێکی ڕەچەڵەکی گشتگیری خوداوەندە سۆمەرییەکان ڕێکبخەین، ناتوانین لەم کتێبەدا بە هەموو وردەکارییەکانیدا بچینەوە، بەڵام دەتوانین ئاماژە بە کتێبەکەمان (دەقەکانی سۆمەر) ، کتێبی یەکەم بکەین(مێژوو، ئەفسانە ، خوداوەندناسی- اللاهوت و ڕێوڕەسمەکان) کە بچووکترین وردەکارییەکانی ئەم بوارانە بەسەر دەکەنەوە، وێنەیەکی گشتگیر لە خوداوەندەکانی سۆمەری دەکێشن. دەتوانین ئەم پوختە ئاسانەی داری ڕەچەڵەکی خوداوەندە سۆمەرییەکان دابنێین.

درەختەکە لە چەند ئاستێک پێکدێت، هەر ئاستێک کۆمەڵێک خوداوەند لەخۆدەگرێت کە زۆرجار لە یەک ڕەچەڵەکن ، هەندێکجاریش گرێدراوی یەک سروشتن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- خوداوەندەکانی هیولا (Hyle)بنج و یەکەم دروستکراو (خوداوەندەکانی ڕەگەکان-بنجەکان ):

(پەراوێز:هیولا یان هیولا (Hyle) وشەیەکی یۆنانییە بەگریمانە بە واتای بنج وسەرچاوە، یان مایە-مادده بەکاردێت وگوایە لە هەموو شتەکاندا هەیە ،لە نازیندوو و ڕووەک و زیندوودا وەک یەکە. بوونەوەرەکان تەنها لە وێنەکاندا جیاوازن. هیولا بۆ خۆی هیچ وێنە و سیفەتێکی نییە ، بۆیە پێویستی بە وێنە هەیە بۆ ئەوەی وای لێبکات وەسفبکرێت و دەرکەوێت و تایبەتمەندییەکانی دیاری بکرێت ، وێنە ئەو پرەنسیپەیە کە ماددەکە پێناسە دەکات و جەوهەرێکی تایبەتی پێدەبەخشێت، هیولاو وێنە لەیەکتر جیا ناکرێنەوە ، چونکە هەموو بوونەوەرێک لە هەردووکی پێکدێت. هیولا پێی دەوترێت جەوهەر-کاکڵی مایەکی-ماددی، لە فەلسەفەی ئەرستۆدا، شت، بە هیولاو وێنەکەیەوە، لەلایەن ئەرستۆوە بە وشەی –کاکڵ - جەوهەر ناودەبرێت. لە جەوهەرە جۆراوجۆرەکان، ڕاستی پێکهاتووە.)

ئەو خوداوەندە سەرەتاییەن، کە گەردوون لێیانەوە دروست بووە و لە هەمان کاتدا کۆن و ئەبەدییە ،چونکە جەستەکانیانن گەردوون و جیهان پێکدەهێنێت.

مێخوداوەند ( ناممو Nammu) دایکی خوداوەندەکانی سۆمەرییە و یەکەم خوداوەندی هیولایی گشتگیرە ، کە لە ئەنجامدا جوڵەکەی یەکەم شاخی گەردوون( آنکی- آن) (Anki-An )ی پێکهێنا، کە ئاسمان و زەوی لە دۆخی لکاندا ، یان یەکگرتندا دەگرێتەوە.

## ٢- خوداوەندەکانی چوار توخمەکە:

ئەو خوداوەندانەن، کە مایەی جیهانیان پێکهێناوە و پاشان ژیانیان پێکهێناوە، خوداوەندەکانی چارەنووسە سەرەکییەکانن:


(ئان، کی، ئینلیل، ئینکی) لەخۆدەگرێت و هاوتان لەگەڵ (ئاسمان، زەوی، هەوا، ئاو).




آلهة العناصر الأربعة

http://blog.milliyet.com.tr/uzayli-atalarimiz-anunnakileri-taniyalim--enlil/ Blog/?BlogNo=497663

## ئان AN



شكل (18): رموز الإله آن: 1. الجهات الثمان (رمز الألوهية) الألف الخامس ق.م
2. العلامة الكتابية دنگر (الإله، الألوهية) في الألف الرابع ق.م

ئان AN  : خوداوەندی ئاسمانە،  لە ئەفسانە سۆمەرییەکاندا وەک کوڕی ڕاستەوخۆی خوداوەندی (نمو) دەردەکەوێت،ئەوەی دواتر دەستەڵاتی بەسەر گەردووندا گرت، وەک ئەوەی ئەو کودەتایە پیاوانەمان بیر بخاتەوە ،کە لە سەردەمی کالکولیت(چاخی بەردینی کانزایی) دا ڕوویدا کاتێک پیاو دەستەڵاتی بەسەر کاروبارەکانی ژیانی لەو ژنە سەندەوە کە لە دوای دۆزینەوەی کشتوکاڵەوە زاڵ بوو بەسەر خوداوەندایەتی  و ژیاندا .

خوداوەندی (ئان) لە باوەڕی سۆمەرییەکاندا خوداوەندێکی گەردوونییە، کە بەرپرسیارە لە هەموو مرۆڤەکان و لە زەوی و لە ئاسمان.

خوداوەند ئان لە ئوروک پەرسگایەکی سەرەکی هەیە، کە ناوی (ئی-ئەنا)ە، بە واتای (ماڵی ئاسمان) و ژنەکەی کە خوداوەند (کی)یە کە زەوییە، لە جووتبوونیان ، ئینلیل (خوداوەندی هەوا)، ئینکی (خوداوەندی ئاو)، نیسکۆ (خوداوەندی ئاگر) و نینخرساج (خوداوەندی زەوی)  ئەمەش خوداوەندانی چوارتوخمەکانن.

هەروەها حەوت کچی هەیە کە بەرپرسیارن لە چاندن و چاکبوونەوە، ئەوانیش بریتین لە:

(باو، ننسينا، گولا، نناكارک، جتۆمدو (مزب)، ناناى، نينتى نۆگا) و خوداوەند ئان كوڕانى شەيتانى هەن لە جيهانى ژێرزەوى و كوڕانى فريشتەى هەن لە ئاسمان.




وێنەى (١٤) مێخوداوەند (باو)، خوداوەندى كشتوكاڵ و پزيشكى.

## داری ڕەچەڵەکی خوداوەندانی سۆمەری

نەممو   (دەریای یەکەم)

ئان-کی (شاخی گەردوونی یەکەم)

ئان (ئاسمان) کی (زەوی)

حەوت کچەکەی ئان (خوداکانی کشتوکاڵ و پزیشکی)

حەوت کوڕە باشەکەی ئان (جنۆکەکان)

حەوت کوڕە خراپەکانی  ئان (سپیتۆ)



ئینلیل ENLIL        (هەوا)

خوداوەندی زریان (نینورتا، نێگرسو)

خوداوەندی وەرزەکان (ئیمیش، ئینتین)

نانا + نانگال (مانگ)

چوار خوداوەندی جیهانی ژێرزەوی

(نرگال، کیبل، بابیل سانج، ننازو)

نانا + نانگال (مانگ)

ئینانا (زوهره) + دوموزی (شوانەکە)

ئۆتۆ + ئایا (خۆر)

ئێرێشکیگال + نیرگال (خوداوەندی جیهانی ژێرزەوی)

ئینانا (زوهره) + دوموزی (شوانەکە)

ئەشخارا (باعلقوب)

شارا(جەنگ)

لولان (خۆڵ)

ننخار (گرمەی هەور)

ئیشکر (بروسکە)

ئۆتۆ + ئایا (خۆر)

بونینا (وەزیری خۆر و شۆفێری گالیسکەکەی)

خار (کارداری ئاژەڵە کێوییەکان)

سموگان (کارداری گیا و گیانداره کێوییەکان)

سێسگاڵ (ڕاستگۆیی و ڕاستی)

مامۆ (خەونەکان)

ئێرێشکیگال + نیرگال (خوداوەندی جیهانی ژێرزەوی)

نمتار(نەخۆشیەکان)

ننازو(دەرمان)

خندەرساک (نەخۆشییەکان)

ننازو(دەرمان)

نێگشزێدا (تەخت هەڵگر)

دامو (شیلەی بەرزبووەوە لە ڕووەکەکاندا)

نێسکۆ (ئاگر) وەزیر ئینلیل

ئینکی ENKI (ئاو)

+ خوداوەندی بێهێز (لولو) کە خوداوەندی مردووە، واتە مرۆڤی یەکەم)

مرۆڤی ناتەواو

- مرۆڤی نیماخ

- مرۆڤی ئینکی

مرۆی تەواو: ئەو کەسەی ئێنکی پەندزانی-حیکمەت و پاشایەتی و یاساکانی پێ بەخشی.

+ حەوت خوداوەندی لەدایکبوون.

+ خوداوەندی ئاوەدانی (مەمۆ، نێنتی، ننکاسی، کەبتا، تیپاڵ، ماکیرسو، تەقوتووق و.. هتد)

+ ئەسڵووحی (خوداوەندی هەورەکان) کە خوداوەندی شیعر و میراتگری ئینکی و بنجی سۆمەریی مەردوخە .

+ خوداوەندانی ئاژەڵان (دوموزی، لهار، نێنسۆن، نانشا، ننمار، زەبابا، بێلیلی...هتد.

+ خوداوەندانی ڕووەکان  (ئابو، نیسەبا، نەنموخ، نینگیردا، ئاشنان، کاشتان ئانا، ئێنکیرو، نازی و.. هتد)

+ خوداوەندەکانی ئاو (دوموزی، ئەپسو، سیرار، ئەنپیلو، ئیسمۆد، نانداررا و.. هتد)

+ ئەو دوو خوداوەندە دووڕەگەزییە (کور کاڵا، کۆلاتۆر) کە بۆ ڕزگارکردنی ئینانا ڕەوانەی جیهانی ژێرزەوی کردوون .


کی  ki  (زەوی)

ننخرساگ (خوداوەندی دایک) (١٣ نازناو)

مێردێکی تری هەبووە بە ناوی شولبی لە جیهانی ژێرزەویدا، کە ٣ منداڵی کوڕی لێ بووە

مولیل –ئاشرجی- ئاگیم

# درەختی ڕەچەڵەکی خوداوەندەکانی سۆمەری




وێنەی (١٥)

خوداوەند ئینلیل لەسەر تەختی خۆی دانیشتووە (نووسگەیەکی لەگش)

**ئینلیل ENLIL:**

ئەو خوداوەندی هەوایە، کە بووە بە خوداوەندی نەتەوەیی سۆمەری و سیفاتەکانی هەموو جۆرەکانی هێز و دەسەڵات و مەزنی و پتەویی تیادایە و بەڵگەش هەیە کە دەسەڵاتە گەردوونیەکانی باوکی بردووە و سەرکەوتووەلە بەدەستهێنانی و ئینلیل وەک سەرۆکی گروپی ئەنونا (پەنجاکان)دەردەکەوێت ، کە زۆربەی ئەو خوداوەندانە لەخۆدەگرێت، کە بەرپرسن لە کاروباری زەوی، ئینلیل و درەختە هەواییەکەی بە سەرچاوەی مردن و تاریکی و جیهانی ژێرزەوی و هەوا و باوکی هەسارەڕۆشنەکان دادەنرێت، لەبەر ئەوەی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ئینلیل و دارەکەی ڕەنگی بنەماکانی پتەویی و هێز و مردن دەدەنەوە .

خوداوەند ئینلیل باوکی چوار کۆمەڵە خوداوەندانە:

(وەرزەکان: ئیمیش (هاوین) و ئەنتین (زستان)،

جیهانی ژێرزەوی و ئەوانیش میسلام تای (نارگال) و ئیلی جیل (گیبێل)، خوداوەندی ئاگر، ننازو ، خوداوەندی درەخت و پزیشکی، و بابیل سانگ (خوداوەندی دەروازە) و گروپی سێیەم بریتییە لە زریانەکەیە بە نوێنەرایەتی دووخوداوەندەکانی (ننگەرەسو و نینورتا ).

لە کاتێکدا گروپی چوارەم خوداوەندی میراتگری لەخۆدەگرێت، کە خوداوەندی (نانا)یە. ، خوداوەندی مانگ.



Ninlil

ژنی خوداوەند ئینلیل مێخوداوەند (سود)ە، کە ناوەکەی دوای هاوسەرگیری لەگەڵیدا بووە (ننلیل).

# ئینکی ENKI



وێنەی خوداوەندی
سۆمەری ئێنکی
نزیکەی ٢٣٠٠
پێش زایین



ئینکی ENKI: ئەو خوداوەندی ئاوە، خوداوەندی ژیانە و درەختەکەی هەڵگری هەموو ئەو خوداوەندانەیە ،کە دەرکەوتەکانی ژیان دەنوێنێت ، هەروەها بە هۆی پەیوەستبوونی ئاو بە زەویەوە و ژیان پەیداکردن بە خوداوەندی زەوی دەنرێت.

شاری خوداوەند ئێنکی ئێریدویە و پەرسگایەکی تێدایە پێی دەوترێت پەرسگای ئینگورا (ئی-ئینگۆرا) و هەروەها پێی دەوترێت پەرسگای قووڵاییەکان (ئی-ئەپسو) ، بۆ خوداوەند ئێنکی وەزیرێکە کە ناوی (ئیسیمو) یان (ئیسمۆد)ە و لە واقیعدا کچە و پەیوەندی بە ئاو و گەمیە و قامیشەوە هەیە و هەمیشە بە سەرێکی مرۆیی و دوو دەموچاوەوە دەردەکەوێت .

خوداوەند ئێنکی بووە ، کە مرۆڤی دروست کردووە و خۆشی ویستووە و یاساکانی پەندزانی-حیکمەت و خوداوەندەکانی پێ بەخشیوە و بوونەوەرە ماسییەکییەکەی (ئاوانیس)ی ناردووە بۆ ئەوەی فێری هونەری شارستانییەت و نووسینی بکات و هەر ئەویشە مرۆڤی لە لافاوەکەڕزگار کردووە.

وا دەردەکەوێت خوداوەند ئێنکی هەشت گروپی خوداوەندی هەن کە دواتر باسیان دەکەین، هەموویان پەیوەندییان بە ژیان و بەردەوامییەکەیەوە هەیە و هیچ شوێنەواری مردن بە هیچ شێوەیەک لە بنەماڵەیدا نییە، بەڵکو زۆربەی مێخوداوەندەکانی نەوەکانی دواتر بوون بە ژنانی خوداوەندەکانی نەوەکانی ئینلیلی و ئەمەش یەکێکە لە سیفەتەکانی ژیان چونکە ئەو بەخشەری مێینەییە.





وێنەی (١٦) نووسراوگەیێکە خوداوەند ئێنکی و خوداوەند ئوتو کۆدەکاتەوە، لە پشت خوداوەند ئێنکی، وەزیرەکەی خوداوەند (ئیسمۆد) کە دوو ڕووی هەیە، دەردەکەوێت و وا دیارە ئاو لە شانەکانی ئێنکیەوە بەرەو خوارەوە دەڕژێت، لە کاتێکدا تیشکەکان لە شانەکانی ئوتو بەرز دەبنەوە بۆ سەرەوە.

کی KI: مێخوداوەندی زەوییە، وەک خوداوەندێکی کۆن دەردەکەوێت ، بەڵام کەسایەتییەکەی تێکەڵ بە مێخوداوەندی نەخرساگ بووە، کە پێی دەوترێت (نێنکی)، واتە (خانمی زەوی) و ڕەنگە (نینکی) کچەکەی بووبێت ، لە هەموو حاڵەتەکاندا دەتوانین بڵێی ممێخوداوەندی نەخرساگ هاوتای کی یە، و بەمجۆرە ژنی خوداوەندی ئێنکی یە و چەندین نازناوی هەیە، کە بریتین لە (دامگال نونا، واتە ژنە گەورەکەی شازادە)،هەروەها (نێنماخ). ، کە بە واتای خانمە گەورەکە

دێت، (نێنتو، خانمی منداڵبوون)، و (ما می یان مامە، کە دایکە و (ماری ،کە کچەپاکیزەیە)، و (گاتوم دۆک، واتای مێخوداوەندی منداڵانە) ، و (بێلیتی، کە بە واتای خوداوەندی وەچە دێت)، (ئوراش، واتە زەوی)، (ئارورو، واتە ئەو کەسەی منداڵ لە منداڵدان دەهێنێتە دەرەوە)، (دنگیر ما، واتە خوداوەندی دایک) ، و (نیمێنا ،کە بە واتای خانمی کڵاوە خوداوەندییەکان دێت).

ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە، کە خوداوەندی سۆمەری نینخاراساگ خوداوەندی دایکە، وە ئەویش خوداوەندی پیتاندنە، سەبارەت بە (ئینانا)، ئەو کچێکی گەنجی بەنازە و خۆشەویستی بێباکانە دەکات، دواتر بە درۆ تایبەتمەندییەکانی نینخارساگی وەرگرتوە .ڕەنگە ئەمە لەگەڵ (دموزی) ڕوویدابێت، کە بە تایبەتی خوداوەندی لەوەڕگە و کۆزەکانە، سیفەتە بەپیتەکییەکانی ئێنکی بە ئەو بەخشراوە.

مێردێکی تری نەخرساگ هەیە، کە وەک خوداوەندیەک لە جیهانی ژێرزەویدا دەردەکەوێت، ئەویش (شۆڵبی)ە، کە دوو خوداوەندی لێ بووە، ئەوانیش بریتین لە (مولیل) و دەشێ (لیل)بووبێت، کە وەک دوموزی دەمرێت و زیندوو دەبێتەوە ، و ئەوی تریان (ئەشرگی) و مێخوداوەندێکیش (ئەگیم)ە.




وێنەی (١٧)مێخوداوەند نینخارساگ

## ٣- بنەماڵەی ئینلیل

دارە خوداوەندییەکەی ئینلیل پڕە لە خوداوەندەکانی، کە زیاتر نوێنەرایەتی توخمەکانی هەوا، تاریکی، هەسارەکان، وەرزەکان، با و مردن (جیهانی ژێرزەوی) دەکەن.

درەختێکی وشکە ، ژیان و نەرم و نیانی نییە ، هەر بۆیە سیفەتەکانی دڕندەیی و پتەویی و دەسەڵات و هێز بەسەر خوداوەندەکانیدا زاڵن.

ا- دووخوداوەندەکانی وەرزەکان، واتە (ئیمیش: هاوین) و (ئینتین: زستان) و ئەم دوو وەرزە گوزارشت لە دوو وەرزی گرنگ دەکەن لە سۆمەردا، کە بەهار لەگەڵ زستاندا تێکەڵ دەبێت، پاییز لەگەڵ هاوین.

پارچەیەک لە ئەدەبیاتی گەنگەشەی سۆمەری هەیە (بە سۆمەری پێی دەوترێت( ئادامانوگا Adamanduga) کە چیرۆکی دروستکردنی ئیمیش و ئینتین و کێبڕکێی نێوانیان لە بەردەم باوکیان (ئینلیل) دەگێڕێتەوە، کە ئیمیش (هاوین) بە دروستکردنی دار و کێڵگە و فراوانکردنی کۆزەکان و مۆڵگەکان و زیادکردنی بەرهەم لە کێڵگەکاندا وەسف دەکرێت، لە کاتێکدا ئینتین (زستان) وەسف دەکرێت بە وەی وادەکات مەڕوبزن بزێن کارو بەرخۆڵیان ببێت ، مانگا وگۆلک زیاد دەکات وشیر زیاد دەکات بزنەکێوی ، مەڕ، کەر، باڵندە و ماسی دڵخۆش دەکات ،هەنگوین زۆر دەکات (بڕوانە ١٩٨٩: ٢٨٧-٢٨٨). پاشان خوداوەند ئێنلیل زستان سەردەخات، کە نازناوی (جوتیاری خوداوەندەکان)ی پێدەبەخشێت.


ب- دووخوداوەندی زریان: ئەوانیش بریتین لە (نینورتا: خوداوەندی زریان) و (نانگروسو: خوداوەندی شاری تارسوس)، دوو خوداوەندن کە نوێنەرایەتی زریانی بەهێز دەکەن وپەیوەندیان بە شەڕ و مردن و لەناوچوونەوە هەیە، بەڵام نینورتا هەندێک تایبەتمەندی پیتاندنی کشتوکاڵی نیشان دەدات، بەهۆی پەیوەندییەکەی لەگەڵ هاوسەرەکەی (باو) یان (بابا)، کە کچی( ئان)ە و خوداوەندی کشتوکاڵ، پاشان بوو بە خوداوەندی پزیشکی و چارەسەرکردن و هێماکەی سەگە.خوداوەند ننگەرسو دوو کوڕی هەیە: (گال ئیلی شاگا)، خوداوەندی ڕاستی و دوورخستنەوەی خراپە و خوداوەندی پاشایەتی،ئەوی دیکەیش (شول شاگا) خوداوەندی هەڵڕشتە و قوربانییەکان، هەروەها خوداوەندی ژیان یان زیندوویە بەهۆی پەیوەندییەکەی بە خوێنەوە.سەبارەت بە خوداوەند ننگرسو، لە لگش

دەپەرسترا، و پەرسگاکەی ناوی (ماڵی بجارە) بوو و نەزرێکی زۆری بۆ دەدرا، هێمای باڵندەی بروسک ئەمدوگد (زو) بوو، کەوا بە سەری شێر و باڵی هەڵۆیەکەوە دەردەکەوێت.



شكل (١٨) الإله ننگرسو يمسك طير الصاعقة (أمدوگد)

وێنەی (١٨) خوداوەند ننگرسو باڵندەی بروسک (ئەمدوگید)ی گرتووە.





شكل (١٩) طائر الصاعقة (أمدوگد) يركب على أيلين

وێنەی (١٩) باڵندەی بروسک ئەمدۆگد ە سواری( ئیلین) بووە.

## ج- خوداوەندەکانی جیهانی ژێرزەوی



KURکور



مۆری  سۆمەری کۆن  خوداوەند دوموزید نیشان دەدات کە لە جیهانی ژێرزەویدا
لەلایەن  گالاکانەوە ئەشکەنجە دەدرێت

چوار خوداوەندن، ئەفسانەی ئێنلیل و نینلیل باسی چۆنیەتی لەدایک بوونی سێ خوداوەندی لەخۆیانبوویان کردووە، ئەوانیش میسلام گای، کە نارگالە، کە خوداوەندێکی خۆری بووە، بەڵام دواتر دابەزی بۆ جیهانی ژێرزەوی و هاوسەرگیری لەگەڵ ئارشێکیگال کردووە و بۆ هەمیشە لەگەڵیدا ماوەتەوە و حوکمڕانی جیهانی ژێرزەوی کردووە، (لۆگالجیرا، لۆگال جودوا، لۆگال ئەبیاک) و دووەمیان خوداوەند (گێرا) یان (گێرو)یە ،ئەم خوداوەندە دەتوانێت سەرچاوەی


چاکە یان خراپە بێت بۆ مرۆڤەکان بەپێی ئەو کاریگەرییەی کە ئاگر خۆی دروستی دەکات، وەک چۆن دەتوانێت لە ڕێگەی ئاگرەوە ڕووناکی و گەرمی دابین بکات ، یان ئاگرکەوتنەوە و بەڵا دروست بکات و هەندێک سەرچاوەش باس لەوە دەکەن کە کوڕی ئێنکییە ( ئەمەش وردنییە).

لە دەقەکان (ئۆتۆکۆ) کە دێوە خراپەکانن بە زمانی سۆمەری و ئەکەدی، جوبەیڵ لەگەڵ خوداوەند ئێنکی دەردەکەوێت، کاتێک بەرەو ئاسمان بەرز دەبنەوە بۆ دۆزینەوەی نهێنی حەوت دێوە خراپەکە (سپیتۆ)، ئەو بوونەوەرانەن خوداوەند ئانن بەبێ ئاگاداری ئینکی دروستی کراون. و پاشان ئینکی گێبێل دەنێرێت بۆ ئاسارلۆحی کوڕەکەی، ئەویش ئەو جادووانەی کە پێویستن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی (سپیتۆ) بۆ دابین دەکات. (بڕوانە ئێدزارد ١٩٨٧: ٨٤).

سەبارەت بە خوداوەندی سێیەمیش، ئەو خوداوەند( ننازو)ە، ناوەکەی بە سۆمەری واتای (بەڕێز دکتۆر)ی هەیە، ئەم خوداوەندەش هەمیشە وەک کوڕی ئارشیکیگال و نارگال دەردەکەوێت نەک، کوڕی ئێنلیل وەک ئەفسانە کە باسی دەکات ، خوداوەندی شیفا و خۆشۆرینە لە جیهانی ژێرزەویدا، لە ناوچەی دیالە تا سەردەمی شانشینی سێیەمی ئور بە بەربڵاوی پەرستراوە ، دواتر خوداوەند (چبەک) جێگەی گرتەوە.

سەبارەت بە خوداوەندی چوارەمیش، ئەو خوداوەندێکی زۆر کۆنە بە ناوی (بابیل سانگ)، پێدەچێت پێش لافاوەکە خوداوەندی شاری لارەک بووبێت، وەک لە گێڕانەوەی سۆمەرییەکاندا هاتووە، هەروەها هاوسەری مێخوداوەندی شیفاکار (نینسینا)یە، کە هەندێک جار پێی دەگوترا (خاتوونی لاراک).

## د - خوداوەندی مانگ نانا




وێنەی (٢٠) خوداوەند (نانا)، خوداوەندی مانگ

ناوێکی کۆنی هەبوو (سوئین)، کە دواتر بووە ڕەگی ناوە سامییەکەی (سین) و یەکێک لە نازناوەکانی سۆمەری ئەو(ئەشیم بابار)ە کە بە واتای خاوەنی دەرکەوتنی درەوشاوە دێت، هەروەها پێی دەگوترا (تومیر ئێنلیل)، و هاوسەری خوداوەندی مانگ (نانگال)ە، واتە خانمە گەورەکە.

(نانا) لە پەرسگای ئور بە ناوی (ئەکیشنو گال) دەپەرسترا، هەروەها لە پەرسگای (الهلهول) لە حەران، کە خوداوەندی نۆسکۆ (خوداوەندی ڕووناکی و ئاگر) وەک کوڕی ئەو دەپەرسترا.

وەک گایەک وێنا کراوە و دوو قۆچی هەبووە، کە بریتین لە مانگی یەکشەوەیی، هەروەها وەک کەشتیی ئاسمان ، یان کەشتی هەڵگری کاڵاکانی ئاسمان وێنا کراوە.


سۆمەریەکان وەک سەرچاوەیەک بۆ زانینی کات بەکاریان هێنا، چونکە چوار قۆناخەکەی کە لە مانگی یەکشەوەییەوە دەست پێدەکات (شەمباتارا)، و لەم وشەیەوە زاراوەی (تارخ)پەیدابووە، پاشان نیوە مانگ (تەکر) یان (ئینسۆن)، واتە گامێشی کێوی، پاشان مانگی پڕ (سێن یان شین)، پاشان نیوە مانگ، پاشان مانگی یەکشەوەیی ، پاشان مانگی نوێ (بۆبۆلۆ). چوار قۆناغی دەرکەوتنی مانگی یەکشەوەیی ،هەریەکەیان هەفتەیەکی تەواویان پێدەچوو، لێرەدا پێوەری هەفتە بە حەوت ڕۆژەوە دەرکەوت، قۆناغی کۆتایی، یان قۆناغی ونبوون، (٢-٣) ڕۆژی دەویست، بەم شێوەیەش مانگ تەواو دەبوو.

بەم شێوەیە مانگ بوو بە پێوەرێک بۆ ساڵنامەی مانگیی سۆمەری و خۆر بەهۆی بەردەوامیی هەمیشەیی خۆیەوە بەکارنەهێنرا.

ئەمەیش لە ناوە سامییەکەی تری مانگدا مایەوە، کە بریتییە لە (وارخ) یان (تارخ) کە ئاماژەیە بۆ ڕێکەوتەکە، مانگگیرانیش بە ئەفسانەیەک ڕوونکرایەوە، کە دەڵێت خوداوەندە خراپەکان (سپیتۆ) خوداوەندی مانگ دەدزن ولەزەوی دەدەن و دەیگرن ودەیشارنەوە.

هە ڕوە ها ونبوونی مانگ بۆ ماوە ی سێ ڕۆژ لە کۆتایی هە ڕ مانگێکدا لە ماوە ی ونبوونەکە دا، کە پێی دە وترا (پۆپۆلۆ)بەوە ڕوون دەکرایەوە، کە دێوەکانی جیهانی ژێزەوی دە ستیان بە سە ر یدا گرتووە بەدیلی و بە شێوە یە کی کاتی دە یبەنە ئە وێ، هە ندێک ڕێوڕە سمیش بۆڕزگارکردنی لە دیلی بە ڕێوە دە چوو.

وا دەبینین کەوا وشەی (نێنسون) کە ئەو خوداوەندەیە کە پێی دەوترێت مانگای کێوی، پەیوەندی بە ناونانی نیوە مانگەوە هەیە (ئەنسۆن) کە بە واتای گا کێویەکە دێت. ڕەنگە نێنسون لەم قۆناغەدا هاوسەری ئەنسۆن بووبێت، هەرچەندە خوداوەند (نێنسۆن) وەک هاوسەری خوداوەندی خۆر دەردەکەوێت کە باوکی خوداوەندیی گلگامیش بووە، چونکە دایکی بووە.




وێنەی (٢١) خوداوەند (ناگال)، هاوسەری خوداوەندی مانگ




وێنەی (٢٢) نووسگەیەک کە خوداوەندی مانگ (نانا) نیشان دەدات کە بە مانگی یەکشەوەیی (شەمپا تارا) ڕازاوەتەوە.

ڕۆڵەکانی خوداوەندی مانگ: مانگ دوو کوڕی هەیە، یەکێکیان هەسارەیە (ئوتو) خوداوەندی خۆرە، ئەوی دیکەشیان خوداوەندی گازالو (نومشدا)یە، خاوەنی دوو

کچە، یەکێکیان هەسارەی ڤینۆسە کە (ئینانا)یە خوداوەندی خۆشەویستی و جوانییە، ئەوی دیکەشیان خوداوەندی جیهانی ژێرزەوی (ئارشەکیگال)ە، کە خوداوەندی تاریکی و مردنە.

وە خوداوەند (ئینانا) گەورەترین ڕۆڵی لە نێو خوداوەندەکاندا بینیوە، بەو پێیەی ئەفسانە و چیرۆکەکانی و تواناکانی کاریگەری لەسەر خوداوەندەکان دیکە دانابوو، ئەکەدیەکان و پاشان بابلییەکان پێیان دەگوت (ئیشتار) و پەرستنەکەی زوولە هەزارەی چوارەمی پێش زایین لە ئۆروک دەرکەوت.

لە ئوروک و ماری و نوزی پەرسگای هەیە و دەتوانین بە وردی سێ تایبەتمەندییەکەی دیار بکەین: یەکەمیان:

خوداوەندی خۆشەویستی و فریودان و جووتبوون و جوانییە.

دووەمیان : ئەوەیە کە خوداوەندی شەڕ و خواستەکانی لەناوبردن و شەڕکردنە.

سێیەمیان: ئەوەیە، کە ئەو خوداوەندی ئەستێرەی ڤینۆسە، کە پێی دەوترێت ئەستێرەی بەیانی، یان ئەستێرەی ئێوارە.

سەبارەت بەو تایبەتمەندییەی کە هەندێک لە توێژەران پێی دەدەن کاتێک تایبەتمەندییەکانی پیت وفەڕ و خوداوەندی دایکی پێ دەبەخشن ، ئەوانە لە ویدا ڕەسەن نین.

لەلایەن خوداوەندی دایکی سۆمەری (نێنخێرساگ)ەوە پێی بەخشراوە، کەوا باسی لە دوای سۆمەرییەکان کاڵبوویەوە .

ڕەنگە بەناوبانگترین چیرۆکەکانی (ئینانا) ئەفسانەکانی لەگەڵ خوداوەندی (دوموزی) و خۆشەویستەکەی و مێردەکەی و لە هەمان کاتدا بکوژەکەی بێت ، ئەو خوداوەندی شوانە بەرپرسە لە کۆزی مەڕ و بزنان، هەروەها تایبەتمەندی پیت وفەڕی لە خوداوەند ئێنکی وەرگرتووە، بەتایبەت لە نێو ئەکەدییەکاندا کاتێک بووبە (تەموز) ،هەروەها وەک یەکێک لە دانیشتوانی جیهانی سەرەوە (ئاسمان) وەک پاسەوانێکی دەروازەی ئان ، لەگەڵ خوداوەند نەنکشزیدە ناوی دێت ، هەروەها یەکێکە لە دانیشتوانی جیهانی خوارەوە لەگەڵ هەمان خوداوەند.

بۆچوونێکی تایبەتمان هەیە لەسەر ئەو هۆکارە قووڵانەی کە بوونەتە هۆی مردنی دوموزی و دوورخستنەوەی بۆ جیهانی ژێرزەوی، کە باس لەوە دەکات کە ئەم خوداوەندە تاکە خوداوەندی نێرینەیە لە بنەماڵەی ئێنکی (ئەو کوڕی ئێنکییە) کە

هاوسەرگیری لەگەڵ خوداوەندێکی مێینە کردووە لە بنەماڵەی ئێنلیل، لە کاتێکدا زۆربەی کچەکانی ئێنکی هاوسەری نێرینەکانی بنەماڵەی ئێنلیل بوون، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بنەماڵەیە لە ئێنلیل هێز و ستەم و پیاوسالاری و مردنی دەنواند و بنەماڵەی ئێنکی بە نەرمی و میهرەبانی و مێینەیی و ژیانی دەنواند و ئەوەی لە نێوان دوموزی و ئینانا ڕوویدا تاکە نائاساییەکە لەو یاسایەدا و هەر بۆیە پێویست بوو سزای دوموزی بدرێت و بڕیاری مردنەکەی بدرێت.

خوداوەند (ئینانا) پێنج کوڕی لە دوموزی (و ڕەنگە لە کەسانی دیکەش) هەن، و ئەوان خوداوەند (ئیشخارا)ن، کە لە ئیلام و سەردەمی سێیەمی ئوردا باسی لێوە کراوە.

ئەو خوداوەندە تایبەتمەندن لە دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی ئەو پەیمانانەی لەبەردەم خوداوەندەکاندا دەدرێن، هەر لەبەر ئەو هۆکارەش پێی دەوترێت خانمی دادوەری و قوربانیدان، خاوەنی چەندان سیفەتی جەنگییە و هێماکەی دووپشکە، خاوەنی حەوت کوڕ یان دێوە.

سەبارەت بەو چوار منداڵەی کە ماونەتەوە، ئەوانیش (شارا)ن، کە هەندێک جار تێکەڵ بە سیفەتەکانی (ئیشخارە) دەبن، کە خواوەندی شاری ئوما یە، خواوەندی جەنگە و لەوانەیە پەیوەندی بە (هاوسەرگیری)ەوە هەبووبێت.

خوداوەند (لولال) خوداوەندی (تراک)ە، خوداوەند (ننخار) خوداوەندی گرمەی هەور و زریانەکانە، خوداوەند (ئیشکر) خوداوەندی برووسکەیە، کە لە سیفەتەکانییەوە کسایەتی خوداوەندی سۆمەری ئاداد دەرکەوتووە ، دواتر هدد، یا حدد ی سامییەکان دەرکەوتووە ، مۆرێکی لوولەیی هەیە لە تەل ئەلریماح لە سەدەی هەژدەهەمی پێش زایینەوەبە و باسی خوداوەندی (ئیشکور-ئادۆ) دەکات ، وەک ناوێکی ئاوێتە لە دوو ناوی خوداوەندی زریان ، ئەویش هاوسەری خوداوەندی (شاڵا) یان (شالاش) یان (ئامگرۆ) خوداوەندی ئاگرە.




وێنەی (٢٣) (ڕ) مۆرێک کە خوداوەندی خۆر دەنوێنێت ، بەرامبەر خوداوەندی ئاداد، شەنەی برووسکی بە دەستی چەپەیەوە هەڵگرتووە و لەسەر پشتی گایەکی باڵدار وەستاوە (لە نوزییەوە لە کەرکوکی ئێستا).




وێنەی (٢٣) (ب) خوداوەند (ئیشکور - ئەدو) خوداوەندی زریان / لە تل الرماح / سەدەی ١٨ پێش زایین .


بەم شێوەیە بنەماڵەی (ئینانا) تایبەتمەندییەکانی بنەماڵەی ئێنلیلی هەوایی، ئاگرین و کوشندەیان پاراست.

سەبارەت بە کوڕەکانی خوداوەند (ئوتو) خوداوەندی خۆر لە ژنەکەی (ئایا)ەوە شەش کوڕن، یەکەمیان (بونینا) وەزیر و شوفێری گالیسکەی خۆر و (خار) شوانی ئاژەڵە کێوییەکان و (سموتان) پارێزەری ڕووەک و ئاژەڵە کێوییەکان و (سیستال) خوداوەندی زریان و (نتجینا) خوداوەندی ڕاستگۆیی و ڕاستی، و ( مامو) خوداوەندی خەونەکان.دوو خوداوەندەکە ئەشکار و خوداوەندی ئوتو بە خوداوەندی پێوارزانیی و و لێکدانەوەی خەونەکان دادەنران.

خوداوەندی (ئارێشکیگال) وێنەی (٢٤) خوداوەندی مەرگ و جیهانی ژێرزەوییە، و ناوەکەی بە واتای (خانمی گەورەی زەوی) دێت، گێڕانەوەکانی سۆمەری باسی دوو مێردەکەی دەکەن، ئەوانیش (گوگال ئانا) (بە واتای گا گەورەکەی ئاسمان) و (نارگال) و لە دووەمیان سێ کوڕی هەیە، کە دوویان وەک وەزیری ئەو و بۆ نارگال، و ئەوانیش( نیمتار) دیارخەری چارەنووس، و خوداوەندی شەست نەخۆشی و وەزیرەکەی، خوداوەندی دووەم (کیندەر ساک) خوداوەندی مەرگ و

وەزیری نەرگاله، له کاتێکدا کوڕی سێیەم خوداوەند (نانازو)ه، که له گێڕانەوەیەکی تردا وەک کوڕی ئینلیل و نەلیل دەردەکەوێت خوداوەندی پزیشکی و خوداوەندی درەختە.

کچی خوداوەند (ننشگزیده)، هەڵگری تەخت، و ناوەکەی به واتای (خاتوونی درەختی دادپەروەری) دێت، و ڕەنگه مەبەست لێی (دارەکەی ژیان) بێت، له ستایشەکانی خوداوەندیدا پێی دەوترێت (خزمەتکاری زەوی فراوان) و (جووڵێنەری کورسی زەوی فراوان)، هەروەها هاوسەری خوداوەند ئەزیموا (مێخوداوەندی ناوچەیەک له لگش)، کوڕێکیان هەیە (دامۆ)، خوداوەندی شیلەی بەرەو سەرەوه چووله ڕووەکەکاندا، که له دەقەکانی دیکەدا وەک کوڕی خوداوەندی چاکبوونەوە (نانسینا)یه له هاوسەرەکەی (بابل سانگ)، و پەیوەندییەکەی به پزیشکی و چاکبوونەوە ڕوون بوو.




وێنەی (٢٤) سێ وێنەی خوداوەندانی باڵداره که له یەکەمدا دەردەکەون که دوو بزنی لەگەڵدایه و له سێیەمیشدا دوو کوندەبۆو و دوو بێچووەشێری لەگەڵدایە، پێدەچێت مێخوداوەند ئارکیگال بێت ، چونکه ڕووته و لەبەر ئەوەی هێماکانی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە و تاجێکی قۆچداری هەیە.

## ٤- بنەماڵەی ئینکی

دووەم بنەماڵەی سەرەکی لە درەختی ڕەچەڵەکی مێخوداوەندی سۆمەریدا، بنەماڵەی ئێنکییە، کە گوزارشت لە ژیان و ئاو دەکات و ئاماژەیە بۆ لایەنی تەواو پێچەوانەی بنەماڵەی ئێنلیل دەکات ، بەو پێیەی پڕە لە خوداوەندەکانی کە ئەرکەکانیان پەیوەندی بە مێینەیی، لەدایک بوون، پیت وفەڕ، ڕووەک، ئاژەڵ و مرۆڤەوە هەیە.

وا گونجاوترە ئەم خوداوەندانە، کە نەوەی ئێنکی و نیخراساجن ، بۆ هەشت پۆل پۆلێن بکرێن:

ا- ئەو دوو خوداوەندە بێ ڕەگەزە نەژنونەمێردە (کۆڵاکاڵا) و (کۆلاتور) کە ئێنکی لە پیسی ژێر نینۆکەکانی دروستی کردوون، بۆ ڕزگارکردنی (ئینانا) لە جیهانی ژێرزەوی.

ب. خوداوەندەکانی ئاو بریتین لە:

١- دوموزی ئاپسو: خواوەندی دوموزی نییە، خوای ئاوە قووڵەکانە، بە ئەگەرێکی زۆرەوە خوداوەندێکی مێینەیە لە دەوروبەری لگشەوە، خوداوەندی شاری (کینرشا) و پەیوەندی بە خوداوەندی زەریای سازگارەکانەوە هەیە (ئەپسو)، لە دوای سەردەمی بابلی کۆن گرنگی خۆی لەدەستدا بەهۆی کەمبوونەوەی ڕۆڵی سیاسی شاری لگش. (بڕوانە ئادزازد ١٩٨٧: ٩٨).

٢- ئەنبێلۆ: خوداوەندی ئاو و کێڵگەیە، وە خەمی ئاوەڕۆ و بەنداو و جۆگاوەکانیشی هەبووە، جگە لە باران. خوداوەند ئێنکی بۆ سەرپەرشتیکردنی دیجلە و فورات هەڵبیژاردووە و شێوەیێکی مێینەی هەیە،شێوەی خوداوەندی سۆمەری بێلۆ، کە بە مەشکەی ئاو هێمای بۆدەکرێت و بە دوژمنایەتییەکەی لەگەڵ خوداوەند دوموزی ناسراوە (بڕوانە حداد: ٨: ١٩٩٣).


٣- سیرار: خواوەندی کەنداوی عەرەبیە، باوەڕ وایە نەوەی بێلۆ بێت کە پێی دەوترێت (سێرۆ).

٤- ئیسمۆد: خوداوەندی دوو ڕووی ئیسیمۆیە، وەزیری خوداوەند ئێنکییە.

٥- ناندارا: باجگری دەریایە و هاوسەری خوداوەند نانشا و نازییە.

ج- خوداوەندەکانی ڕووەک ئەمانەن:

1-ئابۆ: پادشا و خوداوەندی ڕووەکەکانە، ئاگاداری سەوزایی و گژوگیا بچووکەکانە، لە شانشینی ئەشنۆنە (ناوچەی دیالە) دەپەرسترا، هەروەها لە تەل ئەسمەر پەیکەری خۆی و هاوسەرەکەی دۆزرایەوە، کە ئاماژەش هەیە بۆکوڕەکەی.




وێنەی (٢٥) خوداوەند ئاپو و هاوسەرەکەی

٢- دوموزی ئەما ئەشموگاڵ ئەنا: ئەو هێزە پیتاندنەیە کە لە خورمادا دایە و دەبێتە هۆی هەڵاڵە و پیتاندنی. ئەوە خوداوەندی دوموزی شوان نییە.

٣- ئینکی مدو: خوداوەندی جووتیارە.

٤- نیسابا: خوداوەندی دانەوێڵە، پاشان خوداوەندی نوسین و ژمارە لە سۆمەردا.

٥- ئاشنان: خوداوەندی دانەوێڵە.

٦- نێنموخ: خوداوەندی دارستانەکان

٧- نەنگیر دا (نانکیری، نینسوتۆ): هاوسەری خوداوەند ننازو.

٨- گاشتین ئانا: خانمی دارمێوپارێزی و خوشکی خواوەند دوموزی.

٩- نازی: ژنی خواوەندی نندارا.

١٠- ئازیموا: ژنی خواوەندی نکشزیدە.

١١- نانکیری ئوتو: مێخوداوەندێکی ڕووەکییە.

١٢- ننسار: خانمی سەوزە و ڕووەکی کە دەخورێت.

١٣- ننمو: خانمی ڕووەکەکانی ریشاڵی .

١٤- ئیمر: خوداوەندی دانەوێڵە.

١٥- ئەزینۆ: خوداوەند یان مێخوداوەندی دانەوێڵە و کات.

١٦- کۆسو و پاسکیل: دوو خوداوەندی دانەوێڵە.

ئەو لە ئاستی خەڵکدادا بەناوبانگترین خوداوەندە، بەو پێیەی ڕێوڕەسم و ڕێوڕشوێن ودابونەریتەکانی پەرستنەکەی بە شێوەیەکی بەرفراوان پەیڕەو دەکران ، ( مورگات) پێی وایە کە دوموز و باوەڕە ئایینییەکەی بنەمای بیروباوەڕی ئایینی سۆمەرییەکانە و بنەمای بابەتە نەمرەکانی تێیدایە (بڕوانە مورتگات ١٩٨٥).

## د. خوداوەندانی ئاژەڵپارێز

١- دوموزی: شوانی مەڕ و بزنەکانە، (دومو بە واتای کوڕە، زای بە واتای دڵسۆزە)، بە هەمان شێوە کوڕی چاکەکارە، هەروەک چۆن زو بە واتای فریادڕەس یش دێت، بە هەمان شێوە کوڕی فریادڕەس دێت ، هەروەک چۆن زی بە واتای ئەو کەسەی بەرز دەبێتەوە دێت ، کەواتە ئەو کوڕەیە کە بەرز دەبێتەوە.

ڕەنگە ئەفسانەی دوموزی لەگەڵ (ئینانا) لە بەناوبانگترین ئەفسانەی خۆشەویستی و جوانین، هەروەها ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریی پیرۆزی.

٢- لاهار (خار): خواوەندی مەڕ و کۆز و بەرهەمەکانیانە.

٣- نینسوون: مانگای کێوییە، هەندێکجاربە دایکی خواوەند دیموزی دادەندرێت (پێی دەوترێت سورتور)، هەروەها دایکی گەڵگامیش و شازادە گودیایە.

٤- نانشا: خوداوەندی ماسی.

٥- نانمار: خوداوەندی باڵندە.

٦- زبابا: خواوەندی مەڕ و کێڵگەکانیان و ئەوکەسەی بەرپرسیارە لە سەربڕینیان، خوای جەنگە لە کیش.

٧- بێلیلی: ڕووخساری مێینەی ئێنبیلیلۆ، نیشاندانی دانیشتووی کۆزەکانی ئاژەڵ.

هـ- خوداوەندەکانی ئاوەدانی

١-میمو: خوداوەندی پیشە و لێهاتوویی.

٢- نێنتی: خوداوەندی مانگەکان و پارێزەری کات، ئەو خوداوەندەیە کە زیندوو دەکاتەوە، سەرچاوەی بیرۆکەی حەوا بووە لە ئایینی عیبریدا، چونکە خوداوەندی پەراسووە.

٣- ئینشاگ: خوداوەندی دلمون، هەروەها پێی دەوترێت (ئینزاک).

٤- نێنسیگلا: خوداوەندی دلمون و مەگان (عومان).

٥- ننکاسی: خوداوەندی شەراب (خوداوەندی پیاڵە).

٦- گبتا: خوداوەندی بیور و خشت(قرمید).

٧- کۆلا: خوداوەندی کەرپووچ و کارسازییەکەی.

٨- مشدامە: خوداوەندی خانووبەرە.

٩- هایا: خوداوەندی پەرسگە، مێردی نسابا.



شكل(٢٦) الإلهه ننسون

وێنەی (٢٦) مێخوداوەند نێنسۆن

١٠- نندوب: خوداوەندی تەلارسازی و نەخشەسازیی پەرسگاکان.

١١- ننکورا: خوداوەندی بۆیەکان.

١٢- ئاتوو: خوداوەندی ڕستن وچنین.

١٣- ئەشموگال گلاما: خوداوەندی میوزیک (قیسارە).

١٤- تیبال (تاپیرە): خوداوەندی کانزاکان.

١٥- مێرسو: خوداوەندی ئاودێری.

١٦- تەقتووک: خوداوەندی پیشەسازی.

١٧- سەتران: خوداوەندی شاری دێر.

١٨- نیراح (نیرە): هێزی پارێزەری مرۆڤە و وەک مار وێنا کراوە.

و – ئەسلوحی Asalluhe

کوڕی میراتگری خوداوەند ئێنکییە، هەورە گرمەدارەکان دەنوێنێت، ڕەگی سۆمەریی خوداوەند مەردوکە (کوڕی ئایا ی ئەکەدی) ، چونکە هەمان سیفەتەکانی ئەوی هەڵگرتووە، بەڵام ناوی مەردوک لە دوو بڕگەی سۆمەری (Amar-utu)ەوە هاتووە، کە بە واتای ( گوێرەکەی خۆر) یان (منداڵی خۆر) دێت ، ئەم زاراوەیە ئاماژە بە هەسارەی موشتەری دەکات ، کە مەردوک نوێنەرایەتی دەکات ، ئسلۆحی یان (ئاسارولوخی) خوداوەندێکی جادوو و پەناگرییەکان (التعاویذ)بوو کە لە ئێنکی باوکییەوە بۆی ماوەتەوە.

ز- حەوت خوداوەندکانی منداڵبوون

حەوت خوداوەندی لاوەکین ، کە تەرخانکراون بۆ منداڵبوون و هاوکاریکردنی خوداوەندی نماخ لە کاتی لەدایکبوونی خوداوەندەکان یان مرۆڤدا و ئەوانیش بریتین لە:

١) نن- ئیما. ٢) نن- مادا. ٣) نن- بارا. ٤) نن مموتک.

٥) نن تونا. ٦) سوزی ئەننا. ٧) موسار گابا.

ح- خوداوەندی کە دەمرێت ، یان لاواز (مرۆڤ: لوللو Lullu)

مرۆڤ لە کولتووری ئایینی سۆمەریدا بە کوڕی خوداوەند وەسف کراوە و بە تایبەتی کوڕی خوداوەند ئێنکی یە، بەڵام ئەم پیاوە خوداوەندێکە دەمرێت، یان لاوازە، واتە چارەنووسی مردنە، و لە بابەتی بەشی داهاتوودا ئەفسانەی دروستکردن و لەدایکبوونی مرۆڤ ڕوون دەکەینەوە.

وشەی (لولو) لە بڕگە سۆمەرییەکانی (Lu-ux-L) وەرگیراوە، کە بە واتای (کەسی دوور یان هەرە دوور) یان مرۆڤی ئاسایی دێت. هاوواتا ئەکەدییەکەی (ئاوێلو) ئۆیلۆیە، کە پەیوەستە بە ناوی خوداوەند (وێ-ئیلا) (awelu)یە و واتە (ئەو خوداوەندەی کەسایەتی هەبوو)، کە پەیوەستە بە ناوی خوداوەند(وی -ئیلا) (We-ila) و ئەو خوداوەندەیە کە لە (ئۆزمۆا) لە نیپوور-نفر سەربڕدرا و لە خوێنی ئەو و گڵ مرۆڤ دروستکراوە، کە ئەفسانەیەکی ئەکەدییە و سەرچاوە و شوێنی سۆمەرییە .

# هێماکانی خوداوەندەکانی سۆمەری


بە کورتی دەتوانین بڵێین کە هێماکان لە میزۆپۆتامیا لە سەردەمێکی زوودا دەرکەوتوون، لە شارستانیەتی سامەرا (٥١١١-٤٩٠٠) پ. ز ، ڕەنگە لە شارستانیەتی حەسونەدا کە لەپێش سامەرا بووە (بروانە المجیدی ١٩٩٧: ١٠١)، ئەم هێمایانە زیاتر سروشتێکی ئایینیان هەبوو و لە سەردەمی کالکولیتدا پەرەیان سەندووە.

سەبارەت بە سەردەمی سۆمەرییەکان، هێماکانی خوداوەندەکان زۆربە قەبارەیەکی فراوان و گەشەسەندوو دەرکەوتن و ئێمەش بە پێی گرنگی و پێگەی خوداوەندەکان بە پشت بەستن بەو درەختی ڕەچەڵەکی خوداوەندە سۆمەرییەکان، کە دامانناوە پێداچوونەوە بەو هێمایانەدا دەکەین، تەنیا هێما سۆمەرییەکان باس دەکەین، پرسی گەشەسەندنی دواتریان لە بابل و ئاشوور - بۆ کتێبەکانی داهاتوو بەجێدەهێڵین.

١-هێمای خوداوەندی ئاسمان (ئان) : هێمای گرنگی خوداوەندان، کە دواتر بووە بە نیشانەی دینگەر(Dinger)، کە ئاماژەیە بۆ خوداوەندەکان بە گشتی، لە هێمای خوداوەندی ئان پەرەی سەندووە، کە ئاماژەیە بۆ هەشت ئاڕاستەبکات ، ئەمەش لە دەوروبەری ساڵی ٣٢٠٠ پێش زایین بووە ، پاشان باسکەکانی ئاڕاستەکان بەو شێوەیەک دەورە دران ،کە ئەستێرەیەکی هەشت نووکدار پێکدەهێنێت کە لەناویدا هێڵەکانی ئاراستەکان دەردەکەون.

نووسینی مێخیی سۆمەری فۆرمێکی نزیک لەم شتەی پاراستووە کاتێک بە چوار مێخی یەکتربڕ نووسراوە ، کە ئاماژە بە هەشت ئاڕاستەکەش دەکەن.

ژمارەی هێمایی خوداوەندی ئان (٦٠) بووە، بە نیشانەی مێخێکی وەستاو نووسراوە، ئەم ژمارەیەش بۆ سۆمەرییەکان پیرۆزە، چونکە گوزارشت لە کامڵبوون دەکات، بیرکاریی سۆمەری پێی دەگوترا بیرکاری شێستەکی ، کە تا ئەمڕۆش بوو بە بنەمای بیرکاری فەلەکناسی و ئەندازیاری.




وێنەی (٢٧) هێماکانی خوداوەند ئان


هێماکانی خوداوەند ئان ٣٢٠٠ پێش زایین

هەشت ئاراستەکە ٣٢٠٠ پێش زایین

نیشانەی خوداوەندی بە مێخ (دنگر) ٣٠٠٠-١٥٠٠ پێش زایین.

٢- هێمای خوداوەند ئێنلیل: هێمای خوداوەند ئێنلیل دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هەزارەی پێنجەمی پێش زایین، ئەو کاتەی ئەم خوداوەندە بە شێوەی دوو سێگۆشەی بەرانبەریەک وبەیەکەوە بەستراو یان بە شێوەی بیوری دووسەر نیشان دەدرا.

ئەمەش ئاماژەبوو بۆ ئەفسانەی دروستکردنی بیور بۆ ئێنلیل، بەو پێیەی بە وەستای کار دادەنرێت ،کە بیوری بە خەڵکی سۆمەر داوە تا شارستانیەتەکەیان پێی بنیات بنێن، هەروەها ئاماژە بە هێز و توانی بکەن. ژمارەی هێمایی ئێنلیل (٥٠)ە، ئەمەش بەو مانایە بوو کە ئێنلیل سەرۆکایەتی پەنجا خوداوەندی زەمینی دەکات ، کەوا ئەندامی ئەنجومەنی ئەنونناکیی سۆمەریین. ئەم ژمارەیە بە میرات بۆ دوو کوڕەکانی نینورتا و نینگەرسو مایەوە.




دوو سێگۆشەی بەرانبەربەیەکی بەیەکەوە لکاولە کۆتایی هەزارەی پێنجەمی پێش زایین .


بیوری دووسەر کۆتایی هەزارەی پێنجەمی پێش زایین

وێنەی (٢٨) هێماکانی خوداوەند ئێنلیل

وێنەی: عه لی محمد ئال تاجر

٣- هێمای خوداوەند ئێنکی: بە دەفرە ئاوهەڵدێرەکە دەربڕدراوە، کە لە هەرمێ دەچێت، دە هێڵی ئاوی لێیەوە لە هەردوو لاوە دەردەچن. چونکە خوداوەند ئاوە وبە داری (کشکانۆ) دەربڕدراوە ، کەوا (داری ژیان)ە وبەناوی ئەم خوداوەندەی هەبوو لەبەر ئەوەی خواوەندی ژیان وپیت وفەڕە.

سەبارەت بە ژمارە هێماییەکەش (٤٠)ە، ئەم ژمارەیەش چەندین واتای هەڵگرتبوو، لەوانە پێگەیشتن، پەندزانی-حیکمەت، پێشبینی و.. هتد.




وێنەی (٢٩) دەفرە ئاوهەڵدێرەکە (سەدەی بیست و سێیەمی پێش زایین) نیگاری: عە لی محمد ئال تاجر

٤- هێمای خوداوەند نانا (مانگ): هێمای سەرەتایی خوداوەند نانا لە سەردەمی سۆمەرییدا شێوەی مانگی یەک شەوە بووە ولە ناوەڕاستی ئەستێرەیەک هەبووە کە دوازدە تیشکی هەبووە، شەش تیشکیان نووکدار بوون و شەشەکەی تریان لە شێوەی شریتێکی تیشکیدا بوون کە لە سێ هێڵ پێکهاتبوو، هەروەها قۆچەکانی مانگی یەک شەوە ئاماژن بۆ قۆچەکانی گا، بەو پێیەی پێی دەگوترا (گای ئاسمان)، هەروەها لەسەر دوو لێواری (کەشتی ئاسمانی)دا.


ژمارەی هێمایی خوداوەند نانا بریتییە لە (٣٠)، کە ئاماژەیە بۆ ڕۆژانی مانگ، کە بە خولی مانگانەی مانگ پێوانە دەکرا، هەروەها ئاماژەیە بۆ بیرۆکەی کردنی بە سەرچاوەی مێژوو و کات.




وێنەی (٣٠) هێمای خوداوەند نانا، سەدەی بیست و دووی پێش زایین . نیگاری: عە لی محمد ئال تاجر.


٥- هێمای خوداوەند ئۆتۆ: هێمای خوداوەندی خۆربوو لە سەرەتای نیگارەکانی میزۆپۆتامیادا دەرکەوتووە، لە هەزارەی پێنجەمدا بە شێوەی خاچ و خاچێکی ماڵتی دەرکەوتووە، بە شێوەی ڕم و ئەستێرەی هەڵواسراو دەرکەوتووە ، دواتر لە سەردەمی ئەکادیدا لە شێوەی (مشار) کە تاریکی دەبڕێت، لە شێوەی ئەستێرەیەکدا بە شانزە تیشکەوە دەرکەوتووە ، کە وا هەشتیان لە شێوەی سێگۆشەی نووکدار و هەشتەکەی تریش لە شێوەی تیشکی شەپۆلداردا بوون.

بەم شێوازە جیاوازە دەرکەوتنی لە سەردەمی ئەکەدییەکاندا ،پێگەی ئەوی لە نێو ئەکادییەکاندا وەک خوداوەندی نەتەوەیی خۆیان پشتڕاستکردەوە. ژمارەی هێمایی ئەو (٢٠)بوو.




خاچی هەزارەی پێنجەمی پێش زایین.

خاچی ماڵتایی ،هەزارەی پێنجەمی پێش زایین





ئەستێرەی بە شازدە تیشک، هەزارەی سێیەمی پێش زایین.

مشار، هەزارەی سێیەمی پێش زایین. ڕم و ئەستێرە، هەزارەی سێیەمی پێش زایین.

نیگاری (٣١) هێماکانی خوداوەندی خۆر (ئوتو)

٦- هێماکانی خوداوەند ئینانا: خوداوەند ئینانا سێ هێمای بنەڕەتی سۆمەری هەیە، کە لە سەردەمی وارکا و جەمەدت نەسردا دەرکەوتووە، واتە لە سەردەمی پرۆتۆلیتریت، هاوشێوەی مێژوویی، کە سەردەمێکی سەرەتایی سۆمەرییە. هێمای یەکەم هێما نووسراوەکەیەتی، کە دوو قەمیشی یەک لە دوای یەک بە ئاراستەیەکدا، بە چەماوەیی و شریتێکی ئاوریشمی بە ملی هەریەکەیانەوە هەڵواسراوە. هێمای دووەم بریتییە لە قەمیشێکی نووکدار کە شەش ئەڵقەی لە هەردوو لایەکەیدا هەیە. هێمای سێیەم بریتییە لە گوڵی بەیبوون، کە پێکهاتووە لە هەشت گەڵای نووکدار کە شێوەی لۆزنەیی و ڕووله ناوەندێکی خڕ ڕێکخراون. ئەم هێمایە ئاماژەی بە درەختی ژیانی ئێنکیش دەکرد.

سەبارەت بە ژمارەی هێمایی خوداوەند ئینانا، ژمارە (١٥)یە، کە نیوەی ژمارەی باوکی، مانگە، وەک ئەوەی ئاماژەیە بۆ مانگی پڕ، کە ئاماژەیە بۆ سیفەتی جوانی بۆ ئینانا، بە هەمان شێوە ئەم ژمارەیە ئاماژەیە بۆ سەرچاوەی ناوەکەی دواتری (ئیشتار- عشتار) لە ناوی سۆمەری (تەشدار)ەوە، کە مانای کەڵێن ونێرکە هێمای ( ئەندامی نێرینە) وهێمای مێینە لەخۆدەگرێت، هەروەها ئاماژەن بۆ خۆشەویستی و جەنگ (بڕوانە ئەلماجیدی ١٩٩٥).




دوو قامیشی چەماوەی  هەزارەی چوارەمی پێش زایین.


ئەو قامیشەی شەش ئەڵقەی هەیە، هەزارەی چوارەمی پێش زایین.

گوڵی بەیبوون، هەزارەی چوارەمی پێش زایین.

وێنەی (٣٢) هێماکانی مێخواوەندی ئینانا

نیگاری: عە لی محمد ئال تاجر

٧- هێمای خوداوەند دوموزی: سەرەرای بەربڵاوی پەرستنی خوداوەند دوموزی و ئەفسانە و ڕێوڕەسمەکانی هاوسەرگیری پیرۆز و ماتەمینی بۆی، یەک هێما هەیە کە پێدەچێت تایبەت بێت بەو، ئەویش دارخورمایە کە ئاماژەیە بۆ خوداوەند دوموزی (ئەما ئاشمگاڵ ئانا)، بریتیە لە پیتاندنی دارخورما و هەڵاڵەکانیان، لە لوتکەی ئەم دارە هێمای خوداوەندیی بوونی هەیە، کە چەرخێکە لەناو خۆیدا ئەستێرەیەکی هەشت تیشکی نووکانی تێدایە کە و ناوەندێکی هەیە. خوداوەند دوموزی ژمارەیەکی هێمایی نەبوو.





بەژنی دارخورما وهێمای خوداوەندی، لە کۆتایی هەزارەی سێیەمدا. ز.

وێنەی (٣٣) هێمای خوداوەند دوموزی

نیگاری: عە لی محمد ئال تاجر

٨- هێمای خوداوەندی ئیشخارا: هێمای دووپشک زۆر زوو دەرکەوتووە، یەکێک بووە لە یەکەم هێماکانی شارستانیەتی سامەرای سەردەمی بەردینە نوێیەکان لە هەزارەی شەشەمی پێش زایین و ئاماژەی بە خوداوەندی دایک داوە، لە دەفرە گڵینەییەکانی سامەرایدا دەرکەوتووە بۆ ئاماژەکردن بە نیشانەی خاچی چەماوە (سواستیکا) کە هێمای خوداوەندی دایک بووە، هەروەها لە سەمای ئاکیتۆ (سەمای

باران بارین ،یا نزای باران)دا دەرکەوتووە بۆ ئاماژەکردن بە خوداوەندی دایک چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دووپشک لەدایکبوونی منداڵەکانیەتی لە هێلکەکانی ناو جەستەیەوە، بۆ ئەوەش کاتێک دەهاتنە دەرەوە دوای هەڵێنانی هێلکەکانی ناوەوە ناچارن پشتی بدڕێنن و لەسەر پاشماوەی جەستەی بژین لەکاتێکدا دووپشکی دایک دەمرێت ،ئەم هێمایە بە یەکێک لە یەکەمین هێماکانی قوربانیدان و دایکایەتی دادەندرێت ،پێدەچێت خوداوەندی ئەشخارا بە دووپشکەوە ئاماژەی پێدراوە ، وەک درێژەپێدەری پاراستنی نەریتی خوداوەندی دایکی ، هەرچەندە ئەم هێمایە ئاماژەیە بۆ خوداوەند شارا ، کە بەهۆی نزیکیی ناوەکانیان و ئەو ڕاستییەوە تێکەڵ بە خوداوەندی ئەشخارا بووە ، کە ئەوان منداڵی خوداوەند ئینانان. یەکێک لە هێماکانی دووپشک (هاوسەرگیری) بووە، کە ئیشخارا نوێنەرایەتی دەکرد.





وێنەی (٣٤) دووپشک هێمای مێخواوەند ئیشخارایە

نیگاری: عە لی محمد ئال تاجر.

٩- هێمای خوداوەند ئیشکر: هێمای خوداوەند ئیشکور کە ئاماژەیە بۆ برووسک وهەورەتریشقە، لە سەرەتای شارستانیەتی سامەرا لە سەردەمی بەردینە نوێیەکاندا لە شێوەی پیتی U بە دوو قۆڵەوە دەرکەوتووە (بڕوانە المجیدی ١٩٩٧: ١١١).

پاشان، لە سەردەمی سۆمەرییەکان لە نیوەی دووەمی هەزارەی سێیەمی پێش زایین پەرەی سەند و لە شێوەی شەنەیێکی دووانە کە دەسکێکی لە ناوەڕاستی هەبوو، کە بووە ئاماژەیە بۆ برووسک وهەورەتریشقە وەک چەکێک لە دەستی خوداوەند ئیشکور ، کە دواتر بوو بە خوداوەند( ئاداد).

ژمارەی هێمایی خوداوەند ئیشکر بریتییە لە (٦).





وێنەی (٣٥) هێمای خوداوەند، ئیشکر (برووسک وهەورەتریشقە)


وێنە ی: عە لی محمد ئال تاجر

١٠- هێمای خوداوەندی باو (بابا) : هێمای قازە، کە ئاماژەیە بۆ خواوەندی باو، لە سەرەتای شارستانیەتی حەلەفدا دەرکەوتووە، بەڵام لەگەڵ هاتنی شارستانیەتی سۆمەری بووەتە ئاماژەیەک بۆ ئەم خوداوەندە ی بایەخ بە کشتوکاڵ دەدات ، بەڵام ڕووخساری دیکەی باو ڕووخساری پزیشکییە - کە تێیدا ناوی بابا یە( پزیشکی سەر ڕەشەکانە) -لە هێمای سەگدا بەرجەستە بوو (کە بەهۆی لێسینەوەی

برینەکانییەوە بە هۆکاری چاکبوونەوە دادەنرێت)، ئەم هێمایە ئاماژەی بە هەموو خوداوەندەکانی چاکبوونەوە و کشتوکاڵ دەکرد، کە لە هەمان کاتدا حەوت کچی خوداوەند ئانن ، لە کاتێکدا قاز هێمای (باو)ە بە تایبەتی.





باو لەگەڵ دوو قاز (هێمای خۆی) لگش- هەزارەی سێیەمی پێش زایین.




وێنەی (٣٦) هێمای مێخواوەند باو، هێمای باو، لە کۆتایی هەزارەی پێنجەمی پێش زایین. نیگاری: عە لی محمد ئال تاجر

١١- هێمای خوداوەند نانگرسۆ: ئەو کوڕی ئێنلیلە، هەڵگری سیفەتەکانیەتی، بەو پێیەی خوداوەندی زریانە، هەروەها خوداوەند (نینورتا)ش نوێنەرایەتی دەکات ، تەنها ئەوە نەبێت کە خوداوەندی شاری (تارسو)ە بەتایبەتی . لە سەرەتای سەردەمی میسلمدا (نزیکەی ٣٠٠٠ پ.ز) هێماکەی لە شێوەی داردەستێکی دووانەی کە سەرەکەی ئەستوورەوو ملەکەی گرنی گرنی بووە، ئەمەش نیشانەی دەسەڵات و بەهێزییە، بەڵام لە نیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەمدا پێش زایین،شێوەی (ئامدوجد)، خوداوەندی ڕەشەبای ، کە بە سەری شێر و باڵەکانی

هەڵۆ نیشان دەدرێت، بووەتە هێمای خوداوەند نانگروسۆ.ژمارەی نهێنی خوداوەند نانگراسۆ (٥٠)بوو، وەک دایکی خوداوەند ئێنلیل.




هەڵۆیەک بە سەری شێر (ئەمدۆگد) نیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەمی پێش زایین.

داردەستی دووانە (٣٠٠٠ پێش زایین) وێنەی (٣٧) هێماکانی خوداوەند نانگراسۆ


نیگاری عەلی محەمەد ئال تاجر

١٢- هێمای خوداوەند نانگشزیدە: کوڕی نەننازو خوداوەندی پزیشکییە ،کە سیفەتەکانی هەڵگرتووە، لە ناوەڕاستی هەزارەی سێهەمی پێش زایین بە دوو مار، کەخۆیان لە لقێکی دارێک لوولداو، هێمای بۆ کراوە، دوو مارەکە دوو کلکەیان بەیەکەوە گرێدراوە و ڕوویان بەرانبەریەکە و دوو ئەڵقەی لووتیانبەیەک دەگەن ، زانراوە کە مار هێمای چاکبوونەوە و نەمری دەکرد، بەو پێیەی ژەهرەکەی دژە ژەهرێکی پزیشکییە و دووبارە دروستبوونەوەی پێستی ئاماژەیە بۆ نەمری و نوێبوونەوەی گەنجی.

ئەم هێمایەی نەنگشەزیدە بووەتە هێمایەکی جیهانیی پزیشکی، بەو پێیەی نیشانەی پزیشکی سۆمەری (کادیکیۆس)، کە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بڵاوبووەتەوە و لە یۆنان ڕەگی داکوتاوە و بووە بە هێمای خوداوەندی پزیشکی یۆنانی (ئەسکلیپیۆس) و... دروشمی پزیشکیی یۆنانی.

لە سەردەمی نوێماندا هێشتا هێمای پزیشکی ئەو دوومارەیە کە خۆیان لە لقی دارێک لوولداوە ،هێمای دەرمانخانەش مارێکە کە خۆی لە دەوری کووپەڵەیێکدا لوولداوە و سەری خستۆتە سەر کووپەڵەکە.. ئەو دروشمەیە کە لەسەر دەرگا و تابلۆکانی دەرمانخانەکان دەیبینین (بڕوانە الماجدی ١٩٩٦: ١٥٠).

لای ڕۆمییەکان پەیوەست بوو بە گوڵە گەنم وەک هێمای پیت وفەڕ و یۆنانییەکان و ڕۆمییەکان پێیان دەگوت (کادیکیۆس).





وێنەی (٣٨) دوو مارەکەی خۆیان لە لقی دارێک لوولداوە ، هێمای خوداوەند نانگێشزیدا، سەدەی بیست و دووەمی پێش زایین.

نیگاری: عەلی محەمەد ئال تاجر

١٣- هێمای مێخواوەندی ئەشنان: گوڵەگەنم هێمایەکی کۆنی مێخواوەندی دایک بووە لە سەردەمی نیۆلیت و کالکولیت، بەڵام لە سەردەمی سۆمەریدا بە تایبەتی ، هێمایەک بوو بۆ خوداوەند ئاشنان، خوداوەندی دانەوێڵە و ڕووەک. گوڵەگەنم


گوڵەگەنمێکی جیاوازە ، پێکهاتووە لە بەژنێک، کە سێ لقەکەی وەک لەپی دەست چەماونەتەوە وەک ئەوەی نیشانە بەخشین بێت، گوڵەگەنمەکەش لە شەش لقی دیار پێکهاتووە، لە ناوەڕاستدا شێوەیەکی ئەندازەیی هەیە لە نۆ چوارگۆشە پێکهاتووە، ڕەنگە ئاماژەیەک بێت بۆ مانگەکانی لەدایک بوون و پیت وفەڕ ، ڕوونە کەوا ژمارەی (سێ) لە شێوەی ئەم ڕووەکەدا دووبارە دەبێتەوە، ژمارەیەکە هێمای زۆری و پیت وفەڕە.




وێنەی (٣٩)گوڵەگەنم: هێمای مێخواوەندی ئەشنان

وێنه ی: عه لی محەمەد  ئال تاجر

14- هێمای خوداوەندی نانشا: ماسی هێمایەکی سەردەمی بەردینە نوێ بووە کە لە شارستانیەتی سامەرادا دەرکەوتووە بۆ ئاماژەکردن بە خوداوەندی دایک لە هەندێک گۆزەی کۆفەدا کە وێنەی هەشت ماسی لەسەر بوو کە بە ئاراستەی دژە کاتژمێر بە دەوری چوار ماسی چەقۆدراودا دەسوڕانەوە لەگەڵ سەنتەری سواستیکی. لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا ئەم هێمایە بووە بە ئاماژەیەک بۆ خوداوەندی نانشا، خوداوەندی ماسی و کچی ئینکی .





وێنەی (٤٠) هێمای مێخواوەندی نانشە

وێنه ی: عه لی محمد التاجر

١٥- هێمای مێخوداوەند نینمار: باڵندەکان بە گشتی ئاماژەیان بە خوداوەندی دایکی سەردەمی بەردینی نوێیەکان دەکرد، تەنانەت هەڵۆبەهێزەکانیش پێشتر ئاماژەیان پێدەکرد، وەک لە (شەتال حەیوک)دا لە ئەنادۆڵی سەردەمی بەردینە نوێکاندا، بەڵام

هەڵۆ و سیسارکەکەکان بوونە ئاماژەیەک بۆ نێرە بەهێزەکە خوداوەندی باوک کە بە خوداوەندی هەوا دەناسرا لە سەرەتای کالکولێتدا، باڵندە ماڵییەکان بەتایبەتی خوداوەندی دایکیان نیشان دەدا و مێخواوەند نینامار خوداوەندی باڵندەکان بووە، کە لە سەردەمی سۆمەریدا هێمای ئەو بووە.




وێنەی (٤١) هێمای مێخواوەندە نینمار

نیگاری: عە لی محەمەد ئال تاجر

١٦- هێمای خوداوەند لاهار (لەخار): ئەو خوداوەندی ئاژەڵە بەگشتی و لەوانەیە بە تایبەتی مەڕ، هەربۆیە هێماکەی مەڕ بوو،

ئەگەر مەڕەکە لەگەڵ دانەوێڵەکە یا گوڵەگەنمەکان دەرکەوتن ،


ئەوا ئەمە ئاماژەیە بۆ پەیوەندی دوو خوداوەندی خوشک (لهار) مەڕەکە و (ئەشنان) دانەوێڵەکە ، وەک چۆن هەڵبەستێک مشتومڕێکی سۆمەریان لە هەمان کاتدا باس لە پەیوەندییەکانیان و کێبڕکێی نێوانیان دەکات.

١٧- هێمای خوداوەندی چاو (دژە ئیرەیی): ئەم خوداوەندە لەناو کۆڕی خوداوەندانی سۆمەری باو نەبووە، بەڵام لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا و سەرەوەی فورات باو بووە، هەزاران پەیکەری بەردینی ئەو لە پەرستگای چاودا دۆزراونەتەوە (لە گردی بوراک لەسەرووی خابوور) کە بە جووتێک چاوی چاولێکەر(زەق) و هێمای (چاوی چاولێکەر) نەخشێنراوە، وەک خوداوەندێک کە ئیرەیی و خراپە دوور دەخاتەوە.




وێنەی (٤٢)مێخواوەندی چاو و هێماکەی


١٨- هێمای کۆتری ئاسمانی (ئایاهو): ئەم هێمایە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بەو پێیەی ئاماژەیە بۆ ئەو کۆترە ئاسمانییەی کە باڵندەیەکی پیرۆز بووە و بە یەکێک لە پێغەمبەرانی ئاسمان دادەنرا، بە سۆمەری پێی دەوترێت (ئایاهو Iahu)، ئەمەش لە ڕێگەی تایبەتییەکانی خوداوەند ئێنلیلەوە ڕوویدا، کە زیاتر ئەگەری ئەوە هەبوو سەرچاوەی کۆترە ئاسمانییەکە بێت، یان ئەوەی کە جۆرێکە لە دەرکەوتن یان نێردراوی ئەو بێت لە ئاسمانەوە سیفاتەکانی خوداوەندی (ئینلیل) وەکو زریان و توڕەیی و هێز، بە تایبەت کە (ئینلیل) خوداوەندی نەتەوەیی سۆمەرییە.




وێنەی (٤٣) هێمای کۆترە ئاسمانییەکە (ئایاهو)، سەدەی ١٨ی پێش زایین.

نیگاری: عه لی محەمەد ئال تاجر

١٩- هێمای بیور (کار): یەکێکە لە هێماکانی خوداوەندەکان، کە لە ئەفسانەی بیوری تایبەت بە خۆی بەرجەستە بووە، بەو پێیەی ئەو دیاری خوداوەندی ئینلیلە بۆ گەلی سۆمەری بۆ ئەوەی سۆمەری پێ بنیات بنێن بە کارکردن، و گاسن بیرۆکەی کارکردنیشی بەرجەستە دەکرد.



شكل (٤٤)
الفأس رمز العمل
رسم: علي محمد آل تاجر

وێنەی (٤٤): بیور هێمای کارە

نیگاری: عە لی محەمەد ئال تاجر

٢٠- هێمای بیناسازی: هێمایەکە پێکدێت لە دارێک کە پەتێکی بە شێوەی ئەڵقە لە تەنیشتیەوە چەمابێتەوە، کە پارچە پەتێکی نوشتاوی پێ هەڵواسراوە. ئەم هێمایە لە سەدەی بیست و دووی پێش زایین دەرکەوتووە.




شكل (٤٥)
العصا والحبل رمز البناء
رسم: علي محمد آل تاجر

وێنەی (٤٥): دار و پەت هێمای بیناسازین

نیگاری: عە لی محەمەد ئال تاجر


٢١- هێمای دەسەڵات: هێمایەکی دێرینە کە یاوەری خوداوەندی ئان، پاشان خوداوەندی ئێنلیل دەردەکەوێت، پاشان لەگەڵ پاشاکان دەردەکەوێت. پێکدێت لە داردەستێک کە ئەڵقەیەکی بازنەیی لە تەنیشتیدایە.




وێنەی (٤٦)داردەست و ئەڵقە هێمای دەسەڵاتن

نیگاری: عه لی محەمەد ئال تاجر


٢٢- هێمای دەروازەی پەرسگا: کە بە شێوەی دوو ستوونی نووکدار لە کۆتاییدا لە ڕێگەی گومبەتێکی بچووکەوە لە سەرووی هەریەکەیانەوە دەردەکەوێت، لەسەر سێیەکی سەرەوەیان نیوە ئەڵقەیێکی لایی هەیە. ئەم هێمایە لە دەوروبەری ساڵی (٢٤٧٥) پێش زایین دەرکەوتووە.




وێنەی (٤٧) ڕمی دووانە هێمای دەروازەی پەرسگا

نیگاری: عه لی محەمەد ئال تاجر٢٣


- هێمای ئاوی پیرۆز: دەفرێکە بۆ ڕشتنی ئاوی پیرۆز، کە وەک جامێکی کەمەردار دەردەکەوێ کە دوو میوەی لە هەر لایەکەوە پێ هەڵواسراوە، لقەدارخورمایێکپێکهاتووە لە گەڵای بچووکی لاوەکی لێیەوە ئاوهەڵدەقوڵێت. ڕەنگە ئەم شێوەیە جام و دارخورما بووبێت.




وێنەی (٤٨) جام و دارخورما، هێمای ئاوی پیرۆز

نیگاری: عه لی محەمەد ئال تاجر

٢٤- هێمای ئاگردانی پیرۆز: دەفرێکی درێژە کە بڵێسەی ئاگری لێ دەردەچن، یەکێکە لە هێماکانی پەرسگا، بەڵام لە سەردەمی ئەکەدییەکاندا ئاماژەی بە خوداوەندی ئاگر(نێسکو) کردووە ، هەروەهاخوداوەندی پزیشکی (ناگشزیدە) .




وێنەی (٤٩) دەفر و بڵێسە: هێمای ئاگردانی پیرۆز

نیگاری: عه لی محەمەد ئال تاجر

## بەشی چوارەم

## ئەفسانە سۆمەرییەکان

**ئینانای پیرۆز ویستی لە ئاسمانەوە دابەزێت**

**بۆسەر زەوی**

**بۆ ئەوەی جیاوازی لە نێوان خراپەکاران و چاکەکاراندا بکات،**

**بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە دڵەکاندابکات لە نیشتماندا،**

**بۆ ئەوەی ڕاستیی و ناڕاستی لەیەک جیا بکاتەوە ،**

**هەر لەبەر ئەم هۆکارانەوە بڕیاریدا دابەزێت بۆ سەر زەوی،**

**چەندان چیرۆک لە بارەی ئەوە وتراونەتەوە!**

**چەندان گێڕانەوەش دووبارە بوونەتەوە!**

**(لە ئەفسانەی ئینانا و شۆکالیتودا )**

ڕەنگە پێویست بێت دووپاتی بکەینەوە کەوا  زۆر ئەفسانەی سۆمەری هەن کە هێشتا ونن، وەک چۆن زۆر ئاماژە هەن بۆ چەندان ئەفسانە کە هێشتا نەدۆزراونەتەوە.

سەرەڕای ئەمەش، ئەو ئەفسانە سۆمەریانەی کە لە دەستماندان، بیرۆکەیەکی ڕوونمان پێدەبەخشن لەبارەی سیستەمی ئەفسانەیی سۆمەرییەوە.

ئەوە پۆلێنکردنی ئەفسانە سۆمەرییەکانە کە ڕێنماییمان دەکات بۆزانینی ئەم سیستەمە و یارمەتیمان دەدات لە شێوە و پێکهاتەکەی بگەین. ئێمە پۆلێنکردنێکمان پێشنیار کردووە کە پێمان وایە دەرفەتێکی لەو شێوەیە دەڕەخسێنێت یان لانیکەم ڕێگەیەکی بۆ دەکاتەوە، کە بەم شێوەیە:

١) ئەفسانەکانی ئافراندن(سەرهەڵدان)  Myths of Gensis

و- ئەفسانەکانی دروستبوونی گەردوون (کۆزمۆگۆنی Cosmogony)

ب- ئەفسانەکانی دروستبوونی خوداوەندەکان (تیۆگۆنی) ( Theogony)

ج - ئەفسانەکانی دروستبوونی مرۆڤ(ئەنترۆپوگونی) (Anthropgony)

٢) ئەفسانەکانی ڕێکخستنی گەردوون (Mythes of Organization)

ا- ئەفسانە پەیوەندیدارەکان بە خوداوەند ئێنلیل.

١- ئەفسانەی دروستکردنی بیور.

٢- سەفەری نانا بۆ نیپور.

٣- ئێمیش و ئینتین.

٤- لاهار و ئاشنان.

ب- ئەفسانە پەیوەندیدارەکان بە خوداوەندی ئێنکی.

١- ئێنکی و ڕێکخستنی سۆمەر.

٢- ئێنکی و ئێریدو و گەشت بۆ نیپور.

٣) ئەفسانەی لەناوبردنی گەردوون Myths of Destruction

و- لافاو (ئەفسانەی لەناوچوونی لە جیهانی سەرەوە دێت).

ب- ئەژدیها (ئەفسانەی لەناوچوون لە جیهانی ژێرزەویەوە دێت).

١- ئەژدیهای کور و خوداوەندەکانی ئێنکی و ننورتا و ئینانا.

٢- ئەژدیهای ئەساج و خواوەندی نینورتا.

٤) ئەفسانەی ئینانا Myths of Inanna

١- ئینانا و خوداوەندەکان (ئان، ئێنلیل، ئێنکی).

٢- ئینانا و دوموزی.

٣- ئینانا و پادشاکانی سۆمەر (گیلگامێش شولگی، شۆسین، ئیدین داگان، ئیشمی داگان).

٤- ئینانا و مرۆ (شۆکالی تودا، بێلولو).

٥- ئینانا و جیهانی دیکە.


١- ئینانا و چیای ئیبیاخ Instant.

٢- ئینانا و کۆر.


٣- دابەزینی ئینانا بۆ ناو جیهانی ژێرزەوی.

بە کورتی باسی هەموو ئەم ئەفسانە دەکەین.

١-ئەفسانەکانی ئافراندن(سەرهەڵدان) Myths of Gensis




1-سومەر
2-زەوی (کی)
3-دەریای سەروو(سپی ناوەراست)رۆژئاوا
4-واڵایی (ئێل)
5-ئاسمان (ان)
6-بارەگای خواوەندانی جیهانی سەروو(ئانونا)
7-ئاوی یەکەم Nammu
8-دەریای قووڵ(ئاپسو)
9-جیهانی ژێرزەوی (کور kur)
10-بارەگای خواوەندانی جیهانی خواروو (ئیگالگینا)
11-دەریای ژێری (کەنداو)رۆژهەڵات
متوون سومر-ل 85 - 2022



تۆمارەکانی سۆمەری ئەفسانەیەکی تایبەت سەبارەت بە دروستکردنی گەردوونمان پێنابەخشن، بەڵام لە پێشەکییەکانی شیعر و ئەفسانەکانی ترەوە دەزانین کە گەردوون لە چاوی سۆمەرییەکان لە خوداوەندی یەکەم دایکە (نەممو Nammu)ی سۆمەرییەوە دەرکەوتووە ، ئەو خوداوەندێکی گشتگیرو وندایە کە تێیدا ویستی ئافراندن ودروستکردن جووڵا وجووڵە لەگەڵ جێگیری ونەجووڵاندا ململانێی کردوو و لە ئەنجامدا بووە هۆی دروستبوونی گەردوون (ئان - کی) کە بە واتای (ئاسمان-زەوی) دێت، و شاخێکی گەردوونییە لە ناوەڕاستی ئاوی (نەممو Nammu)دا سەراوە.

سۆمەریەکان یەکەم کات کە تیایدا ئافراندن- دروستکردن دەستی پێکردووە بە یوریا ناویان دەبرد (Uria) و ئەمەش بەو مانایەیە کە سێیانەی یەکەمی دروستکردن لای سۆمەریەکان تەواوکەری یەکتر بوون، کە لەوێدا مادەی یەکەم ((نەممو Nammu))، یەکەم کات یوریا(Uria)، و شوێنی یەکەم (ئان-کی)... و بە ئەم سێیانەی یەکەمی دروستکردن بوون بە گشتی دەجووڵێت و یادکردنەوەوگەڕاندنەوەی هەمیشەیی ئەمە لە ڕێوڕەسم و ڕێوشوێنە ئایینییەکاندا دەبێتە تەوەرەی ئەم ڕێوڕەسمانانە.

(نەممو Nammu) وندایی- پشێوی (ئاژاوە) دەنوێنێت (کائوس Chaos)، لەکاتێکدا (ئان-کی) گەردوون دەنوێنێت (کوسموس Cosmose)، کاتی گواستنەوە لە وندایی- پشێوی (کاۆ س Chaos)بۆ گەردوون(کوسموس Cosmose) کاتی یەکەمە یوریا (Uria).

جەژنەکانی سەری ساڵی سۆمەرییەکان هەوڵێکیان بوو بۆ گەڕاندنەوەی یەکەم کات (یوریا)، هەربۆیە ئەم جەژنانە دووبارە گێڕاندنەوەی چیرۆکی دروستکردنیان لەخۆگرتبوو، تەنانەت ئەوەیشی لەخۆگرتبوو کە ئاماژەیە بۆ دەرچوون لە وندایی- کوێرەوەری بۆ گەردوون لەڕێگەی گەڕانەوەی جیهان بۆ وندایی- کوێرەوەری و پاشان بەرەبەرە هەنگاونان بۆ ڕێک وپێکی وسیستەم.(

[1]1

---

[1](تێبینی:بە سۆمەری (زاگموک - Zagmuk ) (بەپیتی لاتینی: ZAG.MU، بە واتای(ڕِووناك)و 'ساڵی نوێ' )، کە بە واتای "سەرەتای ساڵ" دێت، فێستیڤاڵێکی


کۆنی میزۆپۆتامیایه   ئاهەنگ دەگێڕدرێت بۆساڵی نوێ.زاگموک - له ئوروک
فێستیڤاڵەکه پەیوەست بوو به خوداوەند  ئان، خوداوەندی سۆمەری ئاسمانی شەو.
له بنەڕەتدا فێستیڤاڵی "ئەکیتو   - Akitu"ی ئەکەدی هەمان شتن. ئەکیتو
**Akitu** یان ئەکیتو  م  **Akitum** به واتای(ڕووناک) وئاهەنگی سەری ساڵ
).

هەروەها دروستکردنی پەرسگاکان و چواندنیان بە شاخەکانی گەردوونی و ناونانی بە(پەیوەندییەک لە نێوان زەوی و ئاسمان) بە واتای گەڕاندنەوەی دروستکردنی شوێنی یەکەم بووە. زیگوراتەکانی سۆمەری ئەم شاخە گەردوونییە (ئان-کی)یان زیندوو کردەوە، سۆمەرییەکان وەک ناوەندی جیهان و ناوکی گەردوون سەیریان دەکردن. زاراوەی (دور-ئان-کی) کە ئاماژەی بە زیگوراتەکانی نیپور، لارسا، ئور و ئەوانی دیکە دەکرد، بە تەواوی نوێنەرایەتی ئەم ڕێبازەیان دەکرد و زۆرجار پەرسگاکان لە نزیک ئاوەکان یان لە سەرووی ئاوەکانەوە دروست دەکران، کە نواندنی یەکەم ساتی دروستکردن و گەڕاندنەوەیەتی (بڕوانە ئەلیاد ١٩٨٨: ٣٧).

پرۆسەی دروستکردن تەواو دەبێت کاتێک (ئان) نوێنەرایەتی ئاسمان و (کی) زەوی دەکات لە شاخی گەردوونی (ئان-کی)، لە حاڵەتی جووتبوون و لکاندان کە (ئان) توخمە نێرەکەیە و ( کی) توخمە مێینەکە، و کوڕەکەیان (ئینلیل) لەوە لەدایک دەبێت. مانای (گەورەی هەوا) کە لە نێوانیاندا لەدایک دەبێت و گەورە دەبێت تا بە تەواوی جیایان دەکاتەوە، تا خوداوەند (ئان) خوداوەندی ئاسمان بەرز دەبێتەوە بۆ سەرەوە و مێخوداوەند (کی) خوداوەندی زەوی بۆ خوارەوە دادەبەزێت.

پاشان خوداوەند (ئان) جارێکی تر مێخوداوەندی (کی) لە ڕێگەی بارانەوە دەپیتێنێت ، ئەمەش هەوا بەشدارە لە جوڵەی و دەبێتە هۆی لەدایک بوونی مێخوداوەند (ئینکی) کە خوداوەندی ئاوە و زەوی پڕ دەکات و هەروەها لەگەڵ مێخوداوەند (کی) دەبێتە خوداوەندی زەوی.

بە لەدایکبوونی ئەم چوار خوداوەندە، گەردوون، بە مانا سەرەتاییەکە، تەواو دەبێت، چۆن خوداوەندەکان (ئان، کی، ئێنلیل، ئێنکی) جیا کراونەتەوە و هەریەکەیان بوون بە خوداوەندی یەکێک لە چوار لایەنەکەی سروشت (ئاسمان، زەوی، هەوا، ئاو)، کە چوار توخمە بنەڕەتییەکەی تەواوی گەردوونن.




بەم شێوەیە گەردوون بە وردەکارییەکانیەوە بەردەوامە لە ڕێکوپێک بوون، بەو پێیەش گەردوونی سۆمەری لە کۆتاییدا لە سەرووی دەریایەکی وندایی - هیولی ئاوەوە دەردەکەوێت ، کە خوداوەندی دایکی سۆمەری (نەممو ) نوێنەرایەتی دەکات. سەبارەت بە خودی گەردوونیش لە پێنج بەشی بنەڕەتی پێکدێت:

1-دونیای باڵا (ئەنوننا Anunna)، کە بریتیە لە پانتایی سەرووی ئاسمان، کە خوداوەندەکان تێیدا نیشتەجێن لە شوێنی نیشتەجێبوونیان، کە پێی دەوترێت (ئەنوننا) کە بە سۆمەریی واتای (تۆوی ژیانی میرانە) و ڕوونکردنەوەی ئاسان نییە، بەڵام ئاماژەیە بۆ ئەو خوداوەندە زۆرانەی لە ئاسمان و زەویدا هەن، و پێدەچێت ئەم ناوە سەرچاوەی ناوی (ئەنوناکی) ئەکەدی بێت، کە خوداوەندەکانی جیهانی زەمینی و پاشان جیهانی ژێرزەوی دەگرێتەوە، هەروەها (ئیجیجی). کە خوداوەندەکانی ئاسمان دەگرێتەوە. واتە (ئەنوننا)ی سۆمەری ئەوانی بەیەکەوە گرتەوە (بڕوانە اذزارد ١٩٨٧: ٧١).

٢- ئاسمان (ئان) (An) ، کە ڕووبەرێکی ڕەقە لە شێوەی گومبەتێک کە دەوری خڕۆکەی زەوی ژێرەوەیدا داوە ، سۆمەرییەکان پێیان وابوو کە لە مایەی تەنەک پێکهاتووە، چونکە مانای وشەی تەنەک لە زمانی سۆمەریدا بریتییە لە (کانزای ئاسمان) (بڕوانە کریمەر بی تی: ١٤٩).

٣- بۆشایی (لیل Lil)، بۆشاییێکە لە نێوان ئاسمان و زەویدایە، کە پڕە لە ماددەیەک کە پێی دەوترێت (لیل)، واتە هەوا، کە ئاماژەیە بۆ تاریکی، وەک چۆن ئاماژەیە بۆ خود و گیان. هەسارە و ئەستێرەکان لە هەمان مادەی هەوا پێکهاتوون لەم مایەدا مەلە دەکەن، بەڵام ڕووناک و ڕۆشنن.

٤- زەوی (کی) : خڕۆکەیێکی خڕ و پانە و لەسەر زەریایەکی ئاویدا سەراوە وئاو لەدەورەبەری و لەژێریدایە ، سۆمەرییەکان پێیان وابوو ئەم زەریا ئاوییە لە باکوورەوە وەک کەوانەیەکی ئاوی درێژ دەبێتەوە، و ناویان لێنابوو دەریای سەرەوە، . کە دەریای سپی ناوەڕاستە، و لە باشوورەوە دەریای خوارەوە کە کەنداوە، سەبارەت بە دەریای ژێر زەوی دەریای قوولّە و پێی دەوترێت (ئاپسو)، کە خوداوەندی ئێنکی لەوێ نیشتەجێیە.

٥- جیهانی خوارەوە- کور (Kur)، ئەو بۆشاییەیە کە دەکەوێتە ژێر زەوی و ئاپسو، خوداوەندەکانی جیهانی ژێرزەوی تێیدا دەژین و گیانی مردووانیش لە شێوەی باڵندەی تۆزاویدا تێیدا نیشتەجێن . جیهانی ژێرزەوی لە ڕووبارێکی گەورە پێکهاتووە کە ناوی (خەبەر)ە و دەورەی داوە و حەوت دەروازە ، لە ناوەڕاستیدا کۆشکی مێخوداوەندی ئێرێشکیگاڵ و خوداوەندی نێرگاڵ هەیە.

پێدەچێت ئەفسانەی تایبەتی هەبن کە لە بارەی لەدایک بوونی هەر بنەماڵێیکی خوداوەندی ، یان کۆمەڵێک خوداوەند ڕۆنراوەی هەیە ، ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە و سەیری درەختی ڕەچەڵەکی خوداوەندەکان بکەین (لە بابەتی پێشوودا)، ژمارەی ئەو ئەفسانەمان بە خەیاڵدا دێت کە باسی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی خوداوەندەکانیان کردووە ، بەڵام ئەفسانەی تیۆگۆنیکی (پەیوەندیدار بە سەرهەڵدانی خوداوەندەکانەوە) لە ژمارەدا تا ڕادەیەک زۆر نین ،کە هاوتا بن لەگەڵ قەبارەی لەدایکبوونە خوداوەندییەکان لە یەکترەوە، وەک لە دارەکەدا دەیبینین.

دوو دایک و باوکی گەورەی خوداوەندەکان بریتین لە (ئێنلیل) و (ئێنکی) و دوو ئەفسانەی تیۆگۆنیکی هەیە کە هەریەکەیان بەستراوەتەوە بە یەکێکیانەوە:

**1-ئەفسانەی دروستبوونی خوداوەند ئێنلیل:**

ئەفسانەی (ئینلیل، نینلیل، و لەدایک بوونی خوداوەند نانا، خوداوەندی مانگ)ە، کە بە وەسفی شاری (نێپوور) دەست پێدەکات، پاشان دایکی خوداوەند نینلیل دەردەکەوێت و پێی دەوترێت (ننبار شوکونو)، خۆی خوداوەندی (نیسابا) یە، خوداوەندی دانەوێڵە و زانین)، کە ئامۆژگاری کچەکەی دەکات کە جلەکانی دانەکەنێت و لە ڕووبارەکەدا مەلە نەکات لە ترسی ئەوەی ئینلیل ببینێت، بەڵام ننلیل وا دەکات، بۆیە ئێنلیل دەیبینێت و پێی سەرسام دەبێت ، پاشان فەرمان بە وەزیرەکەی (نێسکۆ) دەدات کە بیهێنێتە بەلەمەکەی ، بۆیە دەیهێنێت و لەگەڵیدا لەناو بەلەمەکەدا جووت دەبێت و لە سکیدا تۆوی خوداوەندی مانگ (نانا) دەچێنێت. بەڵام کاتێک ئەنجومەنی خوداوەندەکان ئەمە دەزانێت، بە تاوانی دەستدرێژی دەزانێت و بڕیار دەدات خوداوەندی ئێنلیل بۆ جیهانی ژێرزەوی دووربخاتەوە.

کاتێک خوداوەند ئێنلیل دەچێتە جیهانی ژێرزەوی، نینلیل بەدوایدا دەڕوات لەکاتێکدا دووگیانە بە کوڕەکەی کە مانگە، لە دەروازەی جیهانی ژێرزەویدا، ئێنلیل دەروازەوانەکە دەبینێت، بۆیە شێوەی خۆی دەگۆڕێت خۆی وەک ئەو لێدەکات و فەرمانی پێدەکات خۆی بشارێتەوە، ئەویش وەک دەروازەوانەکە دەوەستێت، کاتێک ننلیل دێت، ئێنلیلی خۆ گۆڕیو ڕازی دەکات کە ئەگەر بیەوێت تۆوی خوداوەندی مانگ ڕزگار بکات، دەبێت لەگەڵیدا جووتبێت بۆ ئەوەی خوداوەندێکی ببێت کە جێگرەوەی خوداوەندی مانگە، پاشان ئەو دەتوانێت بچێتە ناو جیهانی ژێرزەوی بەبێ ئەوەی کوڕەکەی بکاتە قوربانی، بۆیە بە ئەوقسەیە ڕازی بوو.

ئەمەش سێ جاران دووبارە دەبێتەوە و بەم شێوەیە خوداوەندە ننلیل چوار منداڵیان لەدایک دەبێت - خوداوەندی مانگ نانا، خوداوەندی نارگال (مسلامتیا) کە خوداوەندی جیهانی ژێرزەویە ، خوداوەندی ننازو کە خوداوەندی دارو خوداوەندی پزیشکییە لە جیهانی خوارەوە و خوداوەند(ئیجبیل)کە خوداوەندی ئاگری جیهانی ژێرزەویە.

بەم شێوەیە سێ خوداوەندی کۆتایی لە جیهانی خوارەوەدا دەمێننەوە و دەتوانرێت سێ خوداوەندە گەورەکە ئازاد بکرێن بۆ جیهانی سەرەوە و ئەوانیش( ئێنلیل و

نینلیل و نانا )ن. چونکە بڕیارەکانی جیهانی خوارەوە وا دەخوازێت کە ئەگەر خوداوەندەکان دابەزن بۆ جیهانی خوارەوە، ئەوا بەجێی ناهێڵن، مەگەر جێگرەوەی خوداوەندی بەناوی خۆیانەوە بهێنن، بۆئەوەی لە جیهانی خوارەوەدا لە شوێنی ئەوان بمێننەوە.

ئەم ئەفسانەیە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن چوار لە خوداوەندە گرنگەکان لە درەختی ئێنلیلدا لەدایک بوون،هەروەها پەیوەندی هۆکارەکیانەی وردی لەناودایە و ئەفسانەیەکە بارگاوییە بە هێما و واتای قووڵ.

**٢- ئەفسانەی دروستبوونی خوداوەند ئینکی:**

ئەفسانەی (ئینکی و نەخراساج لە دیلمون)ە، کە بە وەسفی (دڵمون) و جێگیربوونی خوداوەند ئێنکی و خوداوەند نەخراساج تێیدا دەست پێدەکات، و چۆن ئەم خاکە خراپەی تێدا نەبووە، ناشیرینی و پیری و نەخۆشی تێدا نەبووە ، هەموو شتێک زۆر بوو، جگە لە ئاوی شیرین کە خاکەکەی دەپیتێنێت، بۆیە خوداوەندەکان داوای ئاو لە ئێنکیەوە دەکەن ، ئێنکی داوای ئەوە لە خوداوەندی خۆر (ئوتو) دەکات، ئەویش وا دەکات و کانیاو و بیرەکان دەتەقنەوە و و زۆنگاوەکان دەردەکەون و خاکی دڵمون چاک دەبێتەوە ، بۆ تەواوکردنی ئەم بەپیتییە سروشتییە، خوداوەند ئێنکی لەگەڵ مێخوداوەند نەخراساج جووت دەبێت، کە دوای نۆ ڕۆژ( کە یەکسانە بە نۆ مانگ) بەبێ ئازار مێخوداوەند نیناسار ( خاتوونی سەوزە و ڕووەکەکانی دەخورێن)لەدایک دەبێت.

کاتێک نینسار گەورە دەبێت و باوکی دەیبینێت کە بە درێژایی زۆنگاوەکەدا دەڕوات، سەرسامی دەبێت و لەگەڵیدا جووت دەبێت، خوداوەندی (نێنمۆ)ی لێ لەدایک دەبێت، ئەویش (خاتوونی ڕووەکە ڕیشاڵدارەکانە)، ڕووداوەکەش لەگەڵ نەوەکەیدا دووبارە دەبێتەوە، ناشیاو، بەجۆرێک کە ئەو (نانتورا)ی لێ دەبێت، خانمی بۆیەکان کە لەگەڵیدا جووت دەبێت، (ئاتۆ)ی لێ دەبێت، خوداوەندی ڕستن وچنین، دوای چەند ونازوخۆنواندنێک لەگەڵیدا جووت دەبێت، و هەشت جۆر ڕووەکی لێ دەبێت ، کە ئێنکی بڕیار دەدات ناویان لێ بنێت، بۆیە وەزیرەکەی (ئێسمۆد) بەشێکی لە هەر ڕووەکێک دەبڕێت و کاتێک ئێنکی تامیانی کرد، هەریەکەیان ناوێکی لێدەنێت.

وا دیارە ئەم ڕووەکە قەدەغەکراوانە (بەهۆی تاوانە دووبارەبووەکانی ئێنکی لەگەڵ کچ و نەوەکانی) ڕووەکی ژەهراوی بوون. بەهۆی ئەمەوە نەخراساج ئێنکی بۆ چارەنووسی ناچارەکی خۆی بەجێدەهێڵێت و ژەهرەکەش کاری خۆی لە جەستەی ئێنکیدا دەکات و ئینکی دەکەوێتەبەر هەڕەشەی مردن و لەو کاتەدا کۆڕی خوداوەندەکان خەمبار دەبن، بەڵام ڕێوی دەچێتە لای ئێنلیل و داوای لێدەکات پاداشتێکی بداتێ لە بەرامبەر ئەوەی ئینکی ڕازی بکات



وێنەی خوداوەندی سۆمەری ئێنکی نزیکەی ٢٣٠٠ پێش زایین

بگەڕێتەوە، بۆیە ئێنلیل بەڵێنی پێدەدات بۆ ئەوەی دارێکی (کشکانو)ی بۆ بچێنێت، ئەوەش دارە پیرۆزەکەی ئێنکییە و بەڵێنی پێدەدات بەناوبانگ بێت.

ڕێویەکە سەرکەوتوو دەبێت لە ڕازیکردنی نینخارساج بۆ گەڕانەوە بۆ لای ئێنکی، کە بەهۆی خواردنی ئەو ڕووەکە ژەهراویانەی قەدەغەکراوبوون تووشی هەشت نەخۆشی بووە، ئەویش دەست دەکات بە پشکنینی و لێی دەپرسێت چی دەبێتە هۆی ئازاری، بۆیە هەشت ناوچە لە جەستەیدا دەژمێرێت کە بەهۆی هەشت ڕووەکەکە نەخۆش کەوتن، مێخوداوەند نینخارساج بۆ هەر نەخۆشییەک لە ئەندامەکانیدا

هەشت خوداوەند دروست دەکات و بەم شێوەیە خوداوەند ئێنکی لە نەخۆشییەکانی چاک دەبێتەوە، دواتر بڕیار لەسەر چارەنووسی ئەم هەشت خوداوەندە دەدات بۆ ئەرکی دیکە سەرباری ڕۆڵی پزیشکی و چارەسەری کە بەهاوتوانایی ئەوانی سەلماندووە ، ئەم خوداوەندانەش بریتین لە:

1-ئاپا-یا(ئاپو): نەخۆشی سەری چارەسەر کرد و بوو بە پاشا یا خوداوەندی ڕووەک.



شكل (61) الإله أبو وزوجته (من تل أسمر في إشنونا 2600 ق.م)

٢- نەنسێگلا, ننتون: لە نەخۆشی شەویلاک چاکی کردەوە و بوو بە خوداوەندی (ماگان) واتە عومان و خوداوەندی پارێزەری (دلمون).

٣- نانکیری, ننسوتو: لوتی چاک کرد و بوو بە ژنی خوداوەند ننازو لە جیهانی ژێرزەویدا.

٤- نینکاسی: دەمی چاک کردەوە و بوو بە خوداوەندی خواردنەوە یان (ئەو خوداوەندەی کە چێژی دڵ تێر دەکات).

٥- نازی: قورگی چاک کردووە و بووە بە ژنی خواوەند (ننداره ).

٦- ئازیمۆ: باسکی چاک کردەوە و بوو بە ژنی خواوەندی نانگشزیدە.



نووسگەی سۆمەری شکل (62)رقیم سومری

٧- نێنتی: پەراسووی چاک کردووە و بووە بە مێخوداوەندی مانگەکان، مێخوداوەندی پەراسووەوە و لە هەمان کاتتدا ئە و مێخوداوەندەیە کە زیندوو دە کاتە وە (ژیێنەوە).

٨- ئینشا ئیج-ئینشاج-ئینزاک: شانەکانی چاک کردەوە و بوو بە خوداوەندی دلمون (بڕوانە کریمر بی تی/ئە ٢٣٩-٢٤٩).

ئەم ئەفسانەیە ڕۆشنایی دەخاتە سەر پەیوەندی ئینکی و نینخراساج، بەو پێیەی باس لە ڕەچەڵەکی ڕووەکی خوداوەند ئێنکی دەکات هەندێک لە هێماکانی ئاماژەیەکی قووڵ بۆ نهێنییەکانی ئێنکی لەخۆدەگرێت.

ئەفسانە سۆمەرییەکان سەبارەت بە دروستکردنی مرۆڤ (ئەنترۆپۆگۆنی) هەمەچەشنن، و ئاماژەن بۆ کۆمەڵێک تێڕوانینی ئەفسانەیی بەرفراوان سەبارەت بە سەرهەڵدان و سەرچاوەی مرۆڤ.

ڕەنگە ئەنترۆپگۆنیای(دروستکردنی مرۆڤ) گڵیی ئاوی کە لە ئەفسانەی (ئینکی، نەممو، نەنماخ، و قوڕی ئاپسۆ)دا بەرجەستە بووە، لە نێویاندا بەناوبانگترینیان بێت،لە کۆی ئەم ئەفسانەیە باسی ئەو خوداوەندە گەنجە کرێکارانە دەکات کە لە کار و ماندووبوون بێزارن، بۆیە بە نائومێدیەوە دەچنە لای خوداوەند ئێنکی بۆ

ئەوەی چارەسەرێک بۆ ئازارەکانیان بدۆزنەوە، بۆیە خوداوەند ئێنکی مرۆڤ دروست دەکات و ئامۆژگاری دایکی مێخوداوەند (نەممو) دەکات کە ئەو سەرپەرشتی ئەم دروستکراوە بکات و خوداوەند نینماخ لەو کارەدا یارمەتی بدات.

واتە خوداوەند ئێنکی بڕیاری لەسەر شێوەی مرۆڤیدا و بڕیاریدا بەشێک لە پەندزانیی-حیکمەتی ئینکی پێ ببەخشێت، سەبارەت بە لەدایک بوونی، سەرەتا بۆ حەوت خوداوەندی لەدایک بوون و بۆ خوداوەند نیماخ و مێخوداوەند نەمموی بەجێهێشت.

خوداوەند (نومو) بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەم دروستکردنە و خوداوەندی نیماخە لەوەدا یارمەتی دەدات. واتە خوداوەند ئێنکی بڕیاری لەسەر شێوەی مرۆڤ دا و بڕیاریدا بەشێک لە حیکمەتی ئینکی پێ ببەخشێت، سەبارەت بە لەدایک بوونی، سەرەتا بۆ حەوت خوداوەندی لەدایک بوون و بۆ خوداوەندی نیماخ و گەشەی خوداوەندی بەجێهێشت.

لە ئاهەنگێکی گەورەی خوداوەندییدا، مێخوداوەند ننماخ شەش جۆر مرۆڤ دروست دەکات، بەڵام ئێنکی، کاتێک پشکنینی بۆ کردوون، بینیویەتی کە شێوێنراون، بۆیە بڕیاری چارەنووسیان دا و کردیان بە خزمەتکارانی خوداوەند و پاشاکان.

پاشان ئێنکی بوونەوەرێکی مرۆڤیی دروست کرد بە ناوی (ئۆمۆڵ)، واتە (ڕۆژێکی دووری من)، ئەویش بەدەست چەند کەمئەندامییەکیشەوە دەیناڵاند ، بۆ ئەوەی (نینماخ) شەرمەزار بکات لە چۆنێتی دیاریکردنی چارەنووسی و ننماچ لەم کارەدا شکست بهێنێت.

وا دیارە ئەم ئەفسانەیە ڕکابەریی نێوان ئێنکی و نانماخ لە دروستکردنی مرۆڤ و دانانی چارەنووسیدا نیشان دەدات، بەڵام مادەی دروستکردنی لە قوڕەوە بووە ،کە لە ئاوی قووڵاییەکاندایە (ئەپسۆ).

ڕەنگە بیرۆکەی شێوێنراوی بەشەکانی جەستە ئاماژەی بە

کەموکورتیی مرۆی یەکەم و نەخۆشیەکەی و ناتەواویی کردبێت.

سەبارەت بە ئەفسانەکەی تریش، سەرچاوەی ڕووەکیی مرۆڤ ڕوون دەکاتەوە، کە خوداوەندی ئێنلیل سەرەتاکانی مرۆڤایەتی (واتە تۆوەکانی) دەخاتە ناو درزەکانی

زەویەوە، پاشان مرۆڤەکان وەک گیاوگۆڵ دەستیان کرد بە دەرچوون لەو درزانەوە. پێدەچێت سەرچاوەی ئەم ئەفسانەیە زۆرکۆن بێت و ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ هەزارەی شەشەمی پێش زایین، ئەو کاتەی باوباپیرانی سۆمەرییەکان لە ناوچەکانی باکووری میزۆپۆتامیا بوون کاتێک (لەگەڵ کۆتایی سەردەمی بەردینە نوێکان) گرنگیی هەوا و و بارانیان زانی لە کارەکانی کشتوکاڵیدا، هەربۆیە خوداوەندی ئێنلیل (هەوا) لەو سەردەمەدا گرنگییەکی ناوازەی لە دروستکردنی جیهان و مرۆڤدا بەدەستهێنا (بڕوانە ڕەشید ١٩٨١: ٢٠).

پێشەکیی شیعرێک هەیە، کە ئاماژە بە بنەچەی ئاژەڵیی مرۆڤ دەکات، لەسەر چیای خوداوەندان (ئان-کی) مرۆڤ وەک ئاژەڵێک دروست بووە ،کە لەسەر دوو دەست و دوو پێ دەڕوات.

مرۆڤانی یەکەم هێشتا نەیانزانیوە نان بخۆن

نەیاندەزانی جل و بەرگ لەبەر بکەن

لەسەر دەست و پێی خۆیان دەڕۆیشتن

وەک مەڕ بوون چیمەنیان دەخوارد

لە رووبارەکانەوە ئاویان دەخواردەوە)) (ڕەشید ١٩٨١: ٢٠).

ئەم بەیتانە مرۆڤ وەک ئاژەڵێک وێنا دەکەن، بەڵام دواتر خوداوەندەکان مرۆڤ لەسەرئەم شاخە گەردوونییە دەهێننە خوارەوە بۆ سەر زەوی بۆ ئەوەی فێربێت چۆن بتوانێت لە ئاژەڵەکان جیاببێتەوە و سوودیان لێ وەربگرێت.

سەبارەت بە ئەفسانەی بنەچەی خوداوەندیی مرۆڤ، لە ئەفسانەی خوداوەندانی( لمگا )دا بەرجەستە بووە، بەو پێیەی ئاماژەیە بۆ ئەوەی خوداوەندەکان، دوای ئەوەی لە کار بێزار بوون، خوداوەند ئێنلیل پێی گوتوون ئێوە چیتان دەوێت؟ لە وەڵامدا وتیان دەیانەوێت خوداوەندانی( لمگا ) (خوداوەندانی کار) لە ناوچەی (ئۆزمۆا) لە (نیپوور) سەرببڕن و لە خوێنی ئەو خوداوەندانە مرۆڤ دروست بکرێت کە لە شوێنی خوداوەندەکان کارەکە ئەنجام بدات، ئەم ئەفسانەیە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم خوداوەندانەی کارە خوداوەندانێکی بچووکن جگە لەوەی کاردەکەن بۆ خزمەتکردنی خوداوەندە گەورەکان و بەمجۆرە ئەو بیرۆکەیەش دێتەدی کە خوێنی خوداوەندەکان هەڵدەگرێت، وەک چۆن ئەو مرۆڤەی کە لەم خوێنە دروستکراوە هاوشێوەی دەبێت .

بەم شێوەیە کێشەی کاری خوداوەندەکان و ماندووبوونیان چارەسەر دەبێت، هەروەها مرۆڤ لێرەدا تەنها خزمەتکار و کرێکارە لە پێناو خوداوەندەکاندا. پێدەچێت ئەم ئەفسانەیە بنەچەی ئەکەدی هەبێت.

ئاماژە هەیە کە سۆمەریەکان ئەنترۆپگۆنی وشە- لۆگۆسیان ناسیوە، واتە مرۆڤ هەر کە خوداوەندەکان بۆ دروستکردنی مرۆڤ وتیان (مرۆڤ ببە بوو) بەبێ کەرەستەی خاو وەک قوڕ و ئاو و تۆو و خوێن دروست بووە.

لە یەکێک لە چیرۆکە سۆمەرییەکانی گیلگامێشدا دەستەواژەیەک هەیە (دوای دیاریکردنی ناوی مرۆ) و ئاماژەی دیکەش هەیە و ئەمەش بەو مانایەیە کە بیرۆکەی دروستکردن لە (وشەوە - الكلمه) لە کەلەپووری سۆمەریدا بە قووڵی هەبووە.

**٢-ئەفسانەکانی ڕێکخستنی گەردوون Myths of Organization**

**ا- ئەفسانەکانی ڕێکخستنی گەردوون پەیوەست بە خوداوەند (ئینلیل).**

ئەم جۆرە ئەفسانانە ئەوانەن کە پەیوەندییان بە کار و وەرزەکان و دابەشکردنی کار بۆ ئاژەڵ و دانەوێڵە و گەشتی مانگ بۆ نیپور کە شوێنی باوکییەتی .

لە ئەفسانەی بیوردا خوداوەند (ئینلیل) بیوری بە دیاری دەدات بە گەلی سۆمەر بۆ ئەوەی کاریان پێبکەن و زەویەکانیان چاک بکەنەوە و شارەکانیان بنیات بنێن.

بیورو سەبەتە شارەکان دروست دەکەن

خانووی کۆڵەکە جێگیر بە بیور دروست دەکرا

خانووی جێگیر بە بیور دامەزراوە)) (کریمەر ١٩٧١: ٨٢).

لە ئەفسانەی هاوین، زستاندا، ئێنلیل (ئیمیش)ی دروستکرد بۆ ئاگاداربوون لە هاوین و (ئینتێن) بۆ ئاگاداربوون لە زستان، و ئیمیش ناونرا بە شوانی خوداوەندەکان و ئینتین بە جووتیاری خوداوەندەکان، بەڵام ڕکابەرییەک لە نێوانیاندا ڕوویدا ، بۆیە دادیان بردە بەر خوداوەند ئێنلیل کە کشتوکاڵ و زستانی لە لەوەڕاندن و هاوین پێ باشتر بوو.

لە ئەفسانەیەکی هاوشێوەدا ئینلیل (لاهار) مەڕ دروست دەکات و (ئەشنان) بەرهەم و دانەوێڵە بۆ خزمەتی پێداویستیی خوداوەندەکان دروست دەکات، بەڵام کێبڕکێ

دەکەن و داوای ناوبژیوانی ئینلیل دەکەن، ئەویش لایەنگری ئەشنان، خوداوەندی دانەوێڵە دەکات، بەسەر لاهاردا ، خوداوەندی مەڕەکان.

ئەم دوو ئەفسانەیە وەک بەشێک لە ئەدەبیاتی هاوچاوی سۆمەرییەکان (ئەدمانوتا) سەیر دەکرێن، بەو پێیەی وتووێژەکەیان شانازیکردن و جیاکاری لە نێوانیاندا لەخۆدەگرێت.

لە ئەفسانەی گەشتی خوداوەند نانا (مانگ) بۆ نیپور، خوداوەندی مانگ دەردەکەوێت کاتێک خۆی ئامادە دەکات بۆ سەردانی باوکی، خوداوەند ئینلیل، لە شاری نیپور ، بۆیە لەناو گالیسکە کەوانەییەکەیدا جۆرەها دار و ڕووەک و گیاندارەکان هەڵدەگرێت و لەم سەفەرەدا لە پێنج شاردا دەوستێت کە خوداوەندی پارێزەری هەر شارێک و پێشوازی لێدەکات تا دەگاتە شاری نیپور، بۆیە دەروازەوانەکە لە ئێنلیل ماڵی ئێنلیل دەکاتەوە، پاشان چاوی بە باوکی دەکەوێت و داوای لێدەکات ئاوی پێبدات لە ڕووباردا و لە کێڵگەی گەنم و لە زەلکاوەکان چیمەن و زەل، و لە باخی خورما و باخی ترێدا هەنگوین و شەربەت، لە کۆشک تەمەن درێژی، بۆیە باوک ئەوەی ویستویەتی پێی دەبەخشێت، دواتر خوداوەندی مانگ دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی (ئور).

**ب- ئەفسانەی ڕێکخستنی گەردوون پەیوەست بە خوداوەند (ئینکی)**

دوو ئەفسانەی سەرەکی لەم بوارەدا بریتین لە ئەفسانەی ڕێکخستنی سۆمەر و دانانی خوداوەندەکانی تێدا، هەروەها ئەفسانەی سروودی ئێریدو.لە ئەفسانەی ڕێکخستنی سۆمەردا خوداوەند (ئینکی) توانای خۆی بۆ پیتاندنی زەوی و ڕووەک و گیاندارەکان لە سروشتدا نیشان دەدات و کاتێک ئینکی دەگاتە سۆمەر، چارەنووسی بەم شێوەیە بڕیار دەدات:

((هۆ سومەر: ئەی وڵاتی گەورە، گەورەترین وڵاتی جیهان

تۆ بە ڕووناکی هەمیشەیی داپۆشراویت و مرۆڤەکان لە خۆرهەڵاتەوە تا خۆرئاوا گوێڕایەڵی یاسا پیرۆزەکانتن.

یاساکانت بەرزن و تێگەیشتنیان ئاسان نییە

دڵت قووڵە و لە نهێنییەکانی ناگەیت

ئەگەر... وەک ئاسمان، بەدەست نەهاتووە

پاشایەکەت، خۆی بە زێڕوزەبەندی هەمیشەیی دەڕازێنێتەوە

ئەو پەروەردگارەی کە تۆ هەتە تاجێک دەخاتە سەر سەری

پەروەردگارت پەروەردگارێکی مەزنە ، لەگەڵ (ئان)دا لە شوێنی پیرۆز لە ئاسمان دادەنیشێت.

پاشا چیای گەورەیە، ئەو باوکە ئێنلیلە)) (کرێمەر ١٩٧١: ١٠١).

دوای ئەوە ئێنکی شاری (ئور) ڕێکدەخات، کە لە دوا قۆناغەکانیدا پایتەختی سۆمەر بووە، پاشان خوداوەند ئێنکی چارەنووسی کۆمەڵەیەکی گەورەی وڵات و شوێن و شتەکان ڕێکدەخات و بڕیاریان لەسەر دەدات، بۆیە پیتوفەڕ بە مۆلۆخا دەدات، و خوداوەند(ئەنبیلولو) بۆ ڕووباری دیجلە و فورات دیاری دەکات و پڕیان دەکات لە ماسی. خوداوەند (سیرار) وەک پارێزەری ئاوەکانی کەنداو، خوداوەندی (ئیشکور) وەک پارێزەری دڵی زیوین لە ئاسمان دادەنێت، خوداوەندی ئێنکیمدو بە بەرپرسی گاسن و کێڵگە و سەوزە دادەنێت. خوداوەند ە خوداوەند (ئەشنان) بە بەرپرسیار لە بەرهەم و دانەوێڵە دادەنێت ،

خوداوەندی (گبتا) دادەنێت بە بەرپرسیار لە بیور و قاڵبی خشت، هەروەها بۆ ئامرازەکانی بیناسازی دادەنێت(گوگنن) ، خوداوەند (مەشدامە)ش دادەنێت بیناسازی خوداوەندی ئێنلیل بەرپرسیارە لێیان،

(سموگان) پاشای چیا دادەنێت بۆ بەرپرسی گیا و گیاندارەکانی دەشتەکان. (دوموزید) دادەمەزرێنێت بە بەرپرسی تەوێلەومولگەی ماڵاتەکان...هتد.

سەبارەت بە ئەفسانەی دووەم، ئەوەیان گەشتی ئێنکییە لە ئێریدووە بۆ نیپور و ناوی (سروودی ئێریدو)یە، کە بە ستایشی خوداوەندی ئێنکی و چۆنیەتی دەستکردن بە دروستکردنی خانوویەکی زیو و کەڤری لازوەرد لە شارەکەی خۆیدا ( ئێریدو) و بە زێڕ ڕازاندەوە، بەڵام دوای ئەوە پێویستی بە پیرۆزکردنی گەورەترین خوداوەندە، خوداوەندی سومەر (ئێنلیل)، ئەو لە نیپورە و بۆ ئەوەش بەلەمەکەی بۆ ڕێبواری ئامادە دەکات و لە ئاوەکانی ئیپسۆ دێتە دەرەوە کە بارەگاکەی تێدایە کە پێی دەوترێت ماڵی قووڵ (ئی- ئەنگۆرا).

ئەفسانەکە باس لەم خانووە دەکات کە لە کەناراوەکانی شاری ئێریدو بە جوانی و شکۆمەندییەکی زۆرەوە دروستکراوە:

((كەس ناتوانێت سنوورەكانت ببەزێنێت

قوفڵەكەت شێرێكی ترسناكە

كۆڵەگەكانی بانەكەت گایێكی  ئاسمانییە! بە جل و بەرگ درەوشاوە خۆت بخەملێنە

پەردەكانت لە لازوەرد دروستكراون، جوانین بۆ كۆڵەگەكان

... گایەكی كێوی، قۆچەكانی بەرز دەكاتەوە

هاتنە ژوورەوەت شێرێكە ڕێ لەخەڵك دەگرێت.

پۆشاكی دەرگەت شێرێكە حوكمڕانی خەڵك دەكات))

(فالكنشتاین ٩٥١: ١٨٧).

پاشان خوداوەند (ئێنكی) دەگاتە نیپور و (ئینلیل) دەدۆزێتەوە، بە بۆنەی دروستكردنی ماڵەكەی و هاتنی بۆ نیپور ئاهەنگێكی گەورەی بۆ سازكردووە. خوداوەندە گەورەكانی بانگهێشت كردوە و خوداوەندەكان پێك بۆ ئێنكی و ماڵەكەی دەخۆنەوە ، پاشان ئێنلیل پەسنی ئێنكی دەكات.

پرۆفیسۆر ئەی. فالكنشتاین ئەم ئەفسانەیە و هێما و ناوەڕۆكەكانی شیكردەوە (بڕوانە فالكنشتاین ١٩٥١: ١٨٧-١٩١).

## ٣) ئەفسانەی وێرانكردنی گەردوون Myths of Destruction

### ئەفسانەی لەناوچوون

لە قووڵایی بەرهەمهێنانی ئەفسانەیی هەر گەلێكی زیندوودا، وردە وردە بیرۆكەی خولیانەی گەردوونی دەبینین، كە خۆیان لە ئەفسانەی دروستكردندا دەردەبڕن، پاشان ئەفسانەی بنیاتنانی گەردوون، پاشان ئەفسانەی كۆتایی و وێرانكردنی گەردوون، پاشان دووبارە دروستكردنەوەی.

ئەم كاتە بازنەییە، كە بە شێوەیەكی خولیانە و بێكۆتایی نوێ دەبێتەوە، دوای دەستپێكردنی، (سەردەمی زێرین)ی تێدایە، كە نزیكە لە (سەردەمی نموونەیی)،كە كاتی یەكەم پێكهاتنیەتی ، دوای سەردەمی زێرین، سەردەمی بنیاتنان دەبینین، كە

گەڕاندنەوەی ڕێکخراوی  سەردەمی نموونەیی و زێڕین لەخۆدەگرێت، بۆ زیندووکردنەوەی ئەو ساتە مردووانەی مێژوو کە وزەی خۆیان لەگەڵ ڕۆیینی کاتدا لەدەست دەدەن، بۆ کۆتاییهێنان بە خولی گەردوونیی  لەگەڵ سەردەمی لەناوچووندا  ، کە لە ڕێگەی لافاو، ئاگرکەوتنەوە، یان تەقینەوەی جیهانە وەشارتییەکان(الباطنیە)، وەک جیهانی ژێرزەوی.

ڕەنگە گونجاوترین ڕێگا بۆ باسکردنی ئەم ڕێگایە ئەو تایبەتمەندییە بازنەییە بێت کە تایبەتمەندی کاتە گەردوونییەکانە و ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە بینەری دووبارەبوونەوەی بێکۆتایی هەمان دیاردەی (دروستکردن - لەناوچوون - دروستبوونی نوێ) دەبین.

ئەگەر لە بەشی یەکەمدا مامەڵەمان لەگەڵ ئەفسانەی سەردەمی نموونەیی کردبێت کە ئەفسانەی دروستکردن و پێکهاتنن و لە بەشی دووەمیشدا مامەڵەمان لەگەڵ ئەفسانەی سەردەمی زێڕین کردبێت کە ئەفسانەی بنیاتنانن، ئەوا لەم بەشەدا مامەڵە لەگەڵ ئەو ئەفسانەکانی وێرانکردن دەکەین کە لە کولتووری سۆمەریدا دەیبینین بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشکراون:

ا- لافاو (ئەفسانەی وێرانکردن کە لە جیهانی سەرەوە دێت)



دەقی سۆمەریی لافاوەکە لە شاری (نیپور-نفر) دۆزرایەوە، و لە دۆخێکی شکاودابوو ، دوای یەکەم سی و حەوت دێرە سڕاوەکانی ، خوداوەند (ئینکی ) دەردەکەوێت کە دەیەوێت مرۆڤایەتی لە لەناوچوون ڕزگار بکات. پاشان دەقەکە باسی دروستبوونی مرۆڤ لەسەر دەستی دوو خوداوەندی ئان و ئێنلیل و خوداوەند نەنخراساج دەکات، پاشان بۆشاییەک دێتە پێشەوە، دوای ئەوە دەقەکە باس لە دابەزینی پاشایەتی لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان خوداوەندەکاندادەکات بەجۆرێک کە هەر خوداوەندێک لە شارێکی دیاریکراودا حوکمڕانی بکات.

ڕێکخستنی شارەکان لەگەڵ لیستی پاشا و شارەکانی سۆمەری پێش لافاوەکەدا یەکدەگرێتەوە، لەگەڵ ناوهێنانی خوداوەندی شارەکە.

پێدەچێت ئەنجوومەنی خوداوەندەکان بە هۆکارێکی ناڕوون کۆببێتەوە و بڕیاریانداوە نەوەکانی مرۆڤ لەڕێگەی زریان و بارانێکەوە لەناوببەن کە دەبێتە هۆی لافاو، هەروەها ئەو پاشایەتییەی کە خوداوەندەکان بە مرۆڤیان بەخشیوە، دەبێت بڕوخێنرێت. ئەم پاشایەتییە لەو سەردەمەدا لە شاری شروباک جێگیر بووبوو، کە لەلایەن پاشایەکی ژیرەوە بەڕێوەدەبرا کە ناوی (زیوسودرا) بوو، بە واتای ناوەکەی (ئەوەی ژیانی درێژ کردبووەوە). پاشان خوداوەند ئێنکی بە نهێنی پەیوەندی بە زیوسدرا Ziusudra دەکات (ڕەنگە لە ڕێگەی خەونێکەوە بووبێت)و ئاگاداری دەکاتەوە لە بڕیاری خوداوەندەکان بۆ لەناوبردنی زەوی لە ڕێگەی لافاوەوە، و ئامۆژگاری دەکات کە کەشتییەک دروست بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ خێزانەکەی و ئەوانەی خۆشی دەوێن ڕزگاربن.

پاشان لافاو دێت و هەموو شتێک لەناو دەبات.

هەموو زریان و باوبۆرانی وێرانکەر هاتن

زریانەکان پایتەختەکانی گرتەوە

دوای ئەوەی زریانەکان بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ و حەوت شەو وڵاتی گرتەوە و زریانە وێرانکەرەکان وایان لە کەشتییەکە کرد لە ئاوە بەرزەکاندا ئەملاوئەولابکات (و کاتێک لافاوەکە کۆتایی هات)، خۆر هەڵهات و زەوی و ئاسمانی ڕووناک کردەوە.

(ئەوکات) زیوسدرا دەریچەیەکی لەناو کەشتییەکەدا کردەوە

بۆیە تیشکەکان چوونە ناو کەشتییەکە

زیو سیدرا لەبەردەم خوداوەندی خۆردا ئەژنۆی دا

پاشا (زیوسدرا) ژمارەیەکی زۆر گا و مەڕی سەربڕی))

( عەلی ١٩٧٥: ١٢١)

دوای ئەوە زیوسدرا لە بەردەم دوو خوداوەند ئان و ئێنلیل دا ئەژنۆ دائەدات،ئەوانیش پاداشتی دەدەنەوە و ژیانی هەتاهەتایی پێدەبەخشن، واتە (نەمریی) و لە وڵاتێکی سەر دەریا، لە (دلمون) نیشتەجێی دەکەن، کە بەهەشتی خوداوەندی سۆمەرییە .

گێرانەوەی بابلی بۆ لافاوەکە لە بنەڕەتدا پشت بەم چیرۆکە لافاوە سۆمەرییە دەبەستێت، بەڵام وردەکارییەکانی زیاد دەبن و جیا دەبنەوە ( ئەمەش لە زۆربەی ئەفسانە بابلییەکان کە لەسەر بنەمای بنەچەی سۆمەرییەوە ڕۆنراون ڕوودەدەن).

ب- ئەژدیها (ئەفسانەی وێرانکاریی کە لە جیهانی ژێرزەویەوە بەرپادەبێت)

ئەو وێرانکارییەی کە لە جیهانی ژێرزەویەوە دێت، هاوشێوەی ئەو وێرانکارییە نییە کە لە دونیای سەرەوە دێت لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان ئەوەیە کە وێرانکاریی جیهانی سەرەوە لەناوچوونێکی هەمەلایەنە و خولیانەیە کە پێدەچێت ملکەچی ڕیتمێکی گەردوونیی بەرفراوان بێت کە لەلایەن خوداوەندەکانەوە بڕیاری لەسەر دراوە (ڕۆڵە گەردوونییەکان). سەبارەت بە وێرانکاریی جیهانی خوارەوە، لەناوبردنی بەشەکییە و هیچ ڕیتمێکی نییە و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک نایەت، لەلایەن ئەژدیها و دێوودرنج و شەیتانە گەورەکانەوە ئەنجام دەدرێت کە لە جیهانی خوارەوە نیشتەجێن.

سەبارەت بە هۆکاری دووەمیش ئەوەیە کە وێرانکاری باڵا دەگۆڕێت بۆ جۆرێک لە کۆتایی جیهانێکی کۆن و سەرەتای جیهانێکی نوێ و چالاک، ساتێکی مردن و ژیانە لە یەک کاتدا، سەبارەت بە وێرانکاری خوارەوە، ئاماژە بەو شتە ناکات، بەڵکو ئاماژەیە بۆ ساتێکی سەرلێشێواوی یان پشێوی لە یاساکانی جیهان و ساتێک لە ناهاوسەنگی و تێکچوون و سەرسوڕمان، دوای ئەوە ژیان بە خێرایی دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێشووی و درێژە بە ڕابردووی خۆی دەدات. وەک ئاگادارکردنەوە و زەنگی مەترسیی وایە.

**دوو ئەفسانەی سەرەکی سەبارەت بە ئەژدیهای سۆمەری هەیە:**

**١- ئەژدیها کور(Kur) و ئەفسانەکانی لەگەڵ خوداوەندەکان:**

ئەژدیها (کور) وەک بوونەوەرێکی گەورەی مارئاسا وەسف دەکرێت کە لە بنی بنەوەی جیهانی ژێرزەویدا دەژی، کە بەستراوەتەوە بە ئاوەکانی دەریای سەرەتاییەوە، و پێدەچێت ئەم بوونەوەرە زاڵ بێت بەسەرئاوی دەریای سوور، یان کانزایی یە ، بۆیە ، کاتێک کوژرا، ئەم ئاوە بەرزدەبووەوە بۆ سەر زەوی و ڕۆیشتنی ئاوی شیرینی ڕاگرت و وشکەساڵی بەر زەوی دەکەوت ، تا خوداوەندەکان چارەیان دەکرد و شتەکان ئاسایی دەبوونەوە. هەموو جیهانی خوارەوەش بە (کور) ناودەبرا.

ئەفسانەی کور لەگەڵ ئێنکی، کە لە پێشەکی داستانی سۆمەری گیلگامێش و ئینکی دودا دێت ،سەبارەت بە جیهانی ژێرزەوی، کە لە دروستکردنی گەردوون دەست پێدەکات و چۆن کور مێخوداوەندی ئێرەشکیگاڵی وەک بارمتە بردووە و ڕفاندویەتی بۆ جیهانی ژێرزەوی، بەڵام خوداوەند ئێنکی گەمییەیێکی ئامادە کرد وبەدوایداچوو ، بۆیە کور بەردی بچووک و گەورەی تێدەگرت ، وا دیارە کە ململانێیەک لە نێوانیاندا ڕوویدابێت، بەڵام ئێمە نازانین دەرئەنجامی ئەم ململانێیە چییە، هەرچەندە ئەفسانەکانی دیکە باسی مێخوداوەند ئێرێشکیگاڵ دەکەن لە جیهانی ژێرزەوی و هاوسەرگیری کردنی لەگەڵ خوداوەندی نارگاڵ کە لە نەنلیل لە جیهانی ژێرزەویدا لەدایکبووە.

ئەفسانەکەی دیکەش دەربارەی (کور) و (نینورتا)یە، ئەفسانەیەکی درێژە کە لە زیاتر لە (٦٠٠) دێڕ پێکهاتووە، لەوێ بە سروودی ئایینی دەست پێدەکات، پاشان (شارو)، چەکی خوداوەند ئێنلیلە ، بەرجەستە بووە لە شێوەی یاریدەدەر ، یان وەزیر، لەگەڵ (نینورتا) قسەدەکات و شکۆمەندی دەردەبڕێت و هانی دەدات بۆ هێرشکردنە سەر( کۆر) و کوشتنی ، بۆیە نینورتا خۆی ئامادە دەکات بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆر).

کاتێک چاوی پێی دەکەوێت وەک باڵندەیەک لەبەردەمیدا شکست دەهێنێت،بەڵام (شاوار) هێور نابێتەوە، بۆیە دوای ئەوەی باشترخۆی ئامادەکاتەوە ، جارێکی تر (نینورتا) هان دەدات، دواتر بۆ جاری دووەم چاوی پێدەکەوێت و هێرشی دەکاتە سەر و سەری دەبڕێت.

دوای مردنی کور (که پێشتر بەسەر ئاوە سەرەتاییەکاندا زاڵ بوو) کۆنترۆڵی ئەم ئاوەی لەدەست دەدات، و بە توندوتیژی لە جیهانی خوارەوە بەرەو ڕووی زەوی بەرز دەبێتەوە، بەهۆی ئەمەوە ڕۆیشتنی ئاوی شیرین بۆ کێڵگە و باخەکانی میوە دەوستێت و نائومێدی دەکەوێتە دڵی خوداوەندەکانی زەوی و ئەوانەی کاریان تێدا دەکەن و ئەوانەی بەرپرسن لە ئاودێری و ئامادەکردنی بۆ کشتوکاڵ و ڕووباری دیجلە دەبێتە چەمێکی کەم ئاوی بێ سوود .

خوداوەند (نینورتا) چارەی ئەم کێشەیە دەکات بە دانانی کۆمەڵێک چەوووبەرد لەسەر تەرمی (کور) و لەسەر یەک کۆکردنەوەی تا دەبێتە جۆرێک لە بەنداو، رێدەگرێت لە لێشاوی ئاوی بەهێزی لە خوارەوە هەڵدەقوڵێت، لە ئەنجامدا ئاوی پاک و ڕوون بەرز دەبێتەوە ،کەوا ئاوە پیسەکەی (کوڕ) ڕێی لێ گرتبوو، بۆیە (نینورتا) ئاوی شیرین کۆدەکاتەوە و دەیڕێژێتە سەر دیجلە، بۆیە زەوی و کێڵگەکان ئاودەدرێن، زەوییەکە بەرهەمی دەبێت، دانەوێڵە، و بەری خورما، و ترێ، و لە دەشت و گردەکاندا کۆدەبنەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئاسوودەیی خوداوەندەکان، بۆیە مێخوداوەند نەخرساج (نیماخ) کە وادەردەکەوێت دایکی نینورتا یە، بە سەردانەکەو بینینی ئەوەی کردوویەتی ، نینورتاش شانازی بە کارە قارەمانانەکەی دەکات و ننخرساج دەکاتە شاژنی ئەو شاخەی کە دروستی کردووە.

گومانی تێدا نییە کە ئەم ئەفسانەیە ڕەنگدانەوەی هەوڵەکانی سۆمەرییەکانە بۆ سنووردارکردنی بەرزبوونەوەی سوێری لە زەویەکانیاندا ، هەروەها ئاماژەیە بۆ کێشەی نەهێشتنی پیت وفەڕو ژیان لەسەر زەوی .

سەبارەت بە ئەفسانەی (کۆر و ئینانا)، یەکێکە لە ئەفسانەکانی ئینانا و پەیوەندییەکەی بە جیهانی ژێرزەویەوە، تیایدا ئینانا بڕیار دەدات لەگەڵ ئەژدیها کۆردا زۆرانبازی بکات، سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی لەلایەن خوداوەند (ئان )ەوە ، بەڵام ڕووبەڕووی دەبێتەوە و بە ڕمە درێژەکەی تێدەگرێت و ئاگری تێبەردەدات و بیورە برۆنزییەکەی لە سەریدا دەچەقێنێت و دەیکوژێت، پاشان پێیەکانی دەخاتە سەری و نازناوی (لەناوبەری کۆر) بەدەست دەهێنێت.

ئەم سێ ئەفسانەیە ململانێی خوداوەندەکانە لەگەڵ مارە ئاوییەکانی جیهانی ژێرزەویدا نیشان دەدەن ، کە لەسەر یەکەم ئاوی سوێردا ڕازاوە ، ململانێی سێ خوداوەند دەردەبڕێت کە بە ڕێژەی جیاواز نوێنەرایەتی پیت وفەڕ دەکەن، خوداوەند ئێنکی خوداوەندی پیت وفەڕ و ژیانە، خوداوەند نینورتا، خوداوەندی

زریانه كه پەیوەندی به بارانەوە هەیە، هەروەها خوداوەند ئینانا وێنەی پیت وفەڕی وەرگرت ، ئەفسانەكانی ململانێی نێوان سوێری و شیرینی یە، هەروەها له نێوان بێ بەرهەمی و پیت وفەڕدا.

**٢- ئەژدیهای ئەساج و نینورتا**

ئەم ئەفسانەیە نزیكە له دەقێكی دەستكاریكراوی ئەفسانەی (كۆر و نینورتا)، كه (ئەساج) وەك وەزیری یاریدەدەری (كور) دەردەكەوێت، بەمجۆرە لەبری ئەوەوە شەڕ دەكات و هەربەو شێوەیەش (شارو) دەردەكەوێت، وەزیری یاریدەدەر و چەكی بەهێزی (نینورتا)، كه هانی دەدات شەڕی (ئەساج)بكات و ململانێی نێوان ئاساج و نینورتا دەست پێدەكات، بۆیه سەرەتا نینورتا دەشكێنێت، دواتر ئاساج شكست پێدەهێنێت، بۆیه ئاوی كور له شوێنی خۆیەوە هەڵدەقوڵێت و نینورتا شاخی بەردین وەك بەنداوێك له نێوان ئەم ئاوە و سومەردروست دەكات، بەڵام ئەم ئەفسانەیە پیرۆزكردنی نیخرساجی تێدانییە بۆ كارەكانی نینورتا، ئەو ئەفسانەیە به پیرۆزكردن و ستایشكردنی نینورتا بۆ كارە قارەمانییەكانی كۆتایی دێت.

# ئەفسانەکانی ئینانا Myths of Inanna

ئینانا (خوداوەندی خۆشەویستی و جوانی، خانمی هەسارەی ڤینۆس و خوداوەندی جەنگ) لە ژمارەیەکی زۆر ئەفسانە و شیعر و سروودا ناوازەیە... کە لاپەڕەیەکی گرنگی ئەفسانە و ئەدەبیاتی سۆمەری پێکدەهێنن.

دەتوانین ئەفسانە سۆمەرییەکانی ئینانا لەسەر بنەمای پەیوەندیی ئیننا بە (خوداوەندەکان، دوموزی، پاشاکان، سۆمەر، مرۆڤ و جیهانی ژێرزەوی) دابەش بکەین بۆ پێنج بەش، بەو پێیەی ئەم دابەشکردنە جۆرێک لە هەماهەنگیمان بۆ دابین دەکات لە بابەتەکانی ئینانادا، کە، بەڕای ئێمە، پێویستی بە کتێبێکی جیا هەیە.

## أ- ئینانا و خوداوەندە گەورەکان

پەیوەندی ئینانا لەگەڵ خوداوەند  ئان بابەتی مشتومڕی لێکۆڵەرە سۆمەری ناسەکان بوو، بۆچوونەکانیش لەسەر ئەوە کۆک بوون، کەوا ئینانا کچی خوداوەند  نانا (مانگ)ە، بەڵام بەهۆی ئەو پێگە گەورەیەی کە هەیبوو، لە هەندێک ئەفسانەدا پەیوەندی بە خوداوەندی ئانەوە هەبوو وەک ژن یان دۆست. ئەفسانەیەک کە بە زمانی سۆمەری و ئەکەدی نووسراوە، ناوی ئەوی گێڕاوەتەوە (خانمی پایەبەرزهەر ئەو، بە تەنیا مەزنە). خوداوەند ئان ئینانا لە ژێر ڕۆشنایی داواکاری خوداوەندە گەورەکاندا بەرزکردەوە بۆ پلەی هاوسەرەکەی (ئەنتوم) کە هاوتای پلەکەی بوو، کردییە ئەستێرەی ئاسمان (ڤینۆس) و نیشانە خوداوەندییە گونجاوەکانی بۆ دابین کرد . پاشان خوداوەند ئێنلیل سەروەری بەسەر زەویدا پێبەخشی ، پێدەچێت

خوداوەند (ئینانا) سەرەڕای ئەمەش هاوپەیمانی لەگەڵ براکەی، خوداوەندی خۆر (ئۆتۆ) و لەگەڵ باوکی، خوداوەندی مانگ (نانا)بەست،  سێینەیێکی هەسارەییان دژی خوداوەندی ئاسمان (ئان) پێکیان هێنابێت ، بەڵام کاتێک هەستی بە شکستی هەوڵەکەی کرد، پاشەکشەی کرد و لە کۆتایی ئەفسانەدا لەگەڵ (ئان) وەستا وخەونی بە باڵادەستی ئاسمانەوە دەبینی (بڕوانە ئێزارد ۱۹۸۷: ٥٩ ).

سەبارەت بە خوداوەند ئینلیل، خوداوەند  ئیننانا بە هیچ ئەفسانەیەکی دیاریکراوەوە پەیوەست نییە بەوەوە جگە لەوەی لە ئەفسانەی پێشوودا باسی لێوەکرا، بەڵام بە

ڕەچەڵەکێکی ڕوون پەیوەستە بەوەوە، بەو پێیەی لە درەختی ڕەچەڵەکیدا نەوەکەیەتی.

ڕەنگە بەناوبانگترین ئەفسانەی ئینانا لەگەڵ خوداوەندە گەورەکان ئەفسانەکەی بێت لەگەڵ خوداوەند ئێنکی (ئەفسانەی یاسا پیرۆزەکان (می)) ، ساموێل نوح کریمر پێی وایە ئەم ئەفسانەیە ((گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی گەشەسەندنی شارستانی، چونکە لیستێکی لەخۆگرتبوو کە زیاتر لە سەد فەرمانی پیرۆزی تێدا ئاماژەی پێکرابوو بۆ ڕێکخستنی هەموو ئەو دەستکەوتە کولتوورییانەی کە نووسەران و بیرمەندانی سۆمەری پەرەیان پێداوە ، ئەم لیستەش سەرەڕای شیکاریە ڕووکەشییەکەی، کەم تا زۆر، تانوپۆی تەیمانەی شارستانیەتی سۆمەری پێکدەهێنێت )) (کرێمەر ١٩٧١: ١٠٧).

ئەفسانەکە بە خواستی ئینانا بۆ خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی زیاتری بۆ شارەکەی (ئوروک) دەست پێدەکات، و بڕیار دەدات بچێتە شاری (ئەریدو) کە ماڵی دێرینی شارستانیەتی سۆمەرییە و شاری خوداوەندی (ئینکی)یە. دەچێتە ئابسو، ماڵی ئێنکی، کە ئێنکی لەوێ دەیبینێت، ئەویش سەرسام دەبێت بە جوانییەکەی، و نێردەکەی (ئیسمۆد) بانگ دەکات و فەرمانی پێدەکات کە کێکی جۆ لەگەڵ کەرە و ئاوی سارد و شەرابی خورمای پێشکەش بکات ، ئیسمۆد ئەوە دەکات، هەردوو خوداوەندەکە لەگەڵ یەکتر دادەنیشن و سەرخۆش دەبن، ئینانا،بە خوداوەند ئێنکی وت: ئەگەر بتوانێت یاسا پیرۆزە خوداوەندیەکانی پێ ببەخشێت،ئەویش دوای ئەوەی لە سەرخۆشی شەراب و سەرخۆشی جوانییەکانی ون بووە ، ئەوا یەک لە دوای یەک دەیانگەیەنێتە دەستی، دوای ئەوەی لە سەرخۆشی شەراب و سەرخۆشی جادووەکانیدا نوقم بووە ، یاسا پیرۆزە خوداوەندیەکانی یەک لەدوای یەک ڕادەستی دەکات.

(ئینانا) یاسا پیرۆزەکان (می) وەردەگرێت و دەیانخاتە ناو گەمیەکەیەوە کە پێی دەوترێت (گەمیەی ئاسمان) ولە کەنارەکانی ئێریدووە بەرەو ئوروک دەڕوات ، کاتێک ئێنکی سەرخۆشی نامێنێت، دەزانێت چی ڕوویداوە، بۆیە فەرمان بە وەزیرەکەی (ئیسمۆد) دەکات کە بە گەمیەیێکدا بەدوایدا بڕوات و بوونەوەرەکانی (ئینکۆم) لەگەڵ خۆیدا ببات بۆ ئەوەی یاسا پیرۆزەکان بگێڕێتەوە، کاتێک ئەمانە هێرش دەکەنە سەرگەمیەکەی ئینانا ، ئینانا فەرمان بە وەزیرەژنەکەی (نینشوبەر) دەکات، کە ناوی دەنێت (شاژنی ڕۆژهەڵات)، بۆ ئەوەی گەمیەکە لەم بوونەوەرانە

ڕزگار بکات، بۆیە نانشوبەر هاوارێکی بەهێز وزایەڵە دەکات ئەم بوونەوەرانە لەترسان پاشەکشە دەکەن و شکست دەهێنن.

ئینانا بە گەمیەکەی دەڕوات و بە چەند بەندەرێکی نێوان ئێریدو و ئوروکدا تێدەپەڕێت،ئینکیش پێنج هەڵمەتی دیکە ئامادە دەکات بە سەرۆکایەتی بوونەوەرەکان (ئورو، لاخاما، کۆتال تال، ئۆنۆنۆن، ئاتور ناتال) ، ننشوبر ، شکستیان پێدەهێنێت تا گەمیەکە بە سەلامەتی دەگاتە دەروازەی نانگولا لە ئوروک. بۆیە ئاهەنگ وخۆشییەکان لە ئوروک دەگێردرێت ، ئینکی دەزانێت ، بۆیە وەزیرەکەی دەنێرێت بۆ ئوروک، پاشان خۆی دەچێتە ئوروک بۆ ئەوەی پیت وفەڕ بخاتە سەرکەوتنی بەدەستهێنانی یاسا پیرۆزەکان (می) لەلایەن ئینانا ،کە لە بەلەمی ئینانا بەتاڵ دەکرێنەوە بۆ ئەوەی لەلایەن ئوروکەوە پارێزگاری لێبکرێت، و ئێنکی برایەتی لە نێوان ئێریدو و ئوروکدا دروست دەکاتەوە.ئەم ئەفسانەیە ئاماژەیە بۆ گواستنەوەی دەسەڵات و پاشایەتی لە ئێریدو بۆ ئوروک.

پشکنین لە پەیوەندی ئینانا لەگەڵ خوداوەندە گەورەکان (ئان، ئێنلیل، ئێنکی) ئاماژە بە خوازیاری خوداوەند ئینانا دەکات بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتەکانی ئاسمان کە لەلایەن (ئان)ەوە نوێنەرایەتی دەکرێن یان دەسەڵاتەکانی سەروەری لەسەر زەوی کەوا (ئێنلیل) نوێنەرایەتی دەکات ،یان دەسەڵاتەکانی یاسا پیرۆزە خوداوەندییەکان کە لەلایەن (ئێنکی)ەوە نوێنەرایەتی دەکرێت. دەتوانین ئەم تێبینییە وەک کلیلی چارەسەرکردنی ئەو هۆکارە بزانین کە وای لە ئینانا کرد جیهانی هێڕ بکاتە سەرجیهانی ژێرزەوی و دابەزینی بۆئەوێ، ئەمەش نهێنییەکە سەری لە زانایان و لێکۆڵەران شێواندووە،

خۆشحاڵین کە دەڵێین هەوڵەکانی ئینانا بۆ کۆنترۆڵکردن و هێنانەدی حەزەکانی ، و تەنانەت خوازیاری بۆ زاڵبوون بەسەر هەموو شتێکدا، لە پشت دابەزینیەوە بوو بۆ ناو جیهانی ژێرزەوی ، دوای ئەوەی ئاسمان و زەوی داگیرکرد و یاسا پیرۆزەکانی دزی و نزیک بوو لە شکستهێنان لە هەموو هەوڵەکانیدا، ناچار بوو بیر لە داگیرکردنی ئەو تاکە جیهانە بکاتەوە کە بە داخراویی مابووەوە و هەر بۆیەش بە هیوای کۆنترۆڵکردنی هەڵمەتی بۆ برد ، واتە نەک لە خۆشەویستی ڕزگارکردنی دوموزی ، یان زیندووکردنەوەی مردووەکان ، یان ڕزگارکردنی دیلەکانی جیهانی ژێرزەوی ،وەک هەندێک لە توێژەران بۆی دەچن.

بەم شێوەیە دوای ئەوەی هەڕەشەی کرد  لە  شانشیی خوداوەندە گەورەکانی سەرەوە، چووە بۆ هەڕەشەکردن لە شانشینی مێخوداوەندی ژێرزەوی (ئارشیکیگال)، کە لە ئەفسانەکانی ئینانا و جیهانی ژێرزەویدا باسی دەکەین.

**ب- ئینانا و دوموزی**

ئەفسانەکانی ئینانا و دوموزی هەموو جیهانی کۆنیان بەخۆیان خەریک کردبوو، کاکڵی هەموو ئەفسانەی خۆشەویستی و جوانی بوون لەنێو گەلانی تردا.
پەیوەندی تایبەتی نێوان ئینانا و دوموزی، لە لایەنە دڵخۆش و خەمناکەکانیدا، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بڵاوبوونەوەی چیرۆکی خۆشەویستی تراژیدی و بێ شەرمانە لە ناو بەناوبانگترین خۆشەویستان  لە مێژوو و ئەفسانەدا لە جیهانی کۆندا هەبووە ،بەڵکو پێمان وایە ئەو ڕێوڕەسمانەی لەتەک ئەفسانەکانی ئینانا و دوموزی هەبوون، لە ڕووی خۆشی و شادگرییەوە ،بنجی هونەری درامای کۆمیدی بوون و لە ڕووی خەمناکی و کارەساتبارییەوە  بنەڕەتی هونەری درامای تراژیدی بووە،

ئەمەیە لە یۆنان ڕوویدا، درێژەپێدەری ئەو نەریتانەی  خۆشەویستیی بێشەرمانە و خوێناوییەی ، کە لە سۆمەرەوە بە ئینانا و دوموزی دەستی پێکرد. کە لە نیۆلیت و کالکۆلیتەوە بەردەوامە،   مۆرەکانی  کە لە تەپەگورا دۆزراونەتەوە هەندێک ڕواڵەتەکانی هاوسەرگیری پیرۆز نیشان دەدەن .

ڕەنگە ئێمە نهێنییەکمان دۆزیبێتەوە لەکاتێکدا ئەو کاکڵە شاراوەیە دەدۆزینەوە کە هاندەری ئینانا بووە بۆ ئەوەی دوموزی تێوەگلێنێت لە چوون بۆ جیهانی ژێرزەوی و تەنانەت پاڵی پێوە بنێت بۆ چارەنووسە ناچارەکییەکەی، وەک ئەفسانەکە دەڵێت،




چونکە پشکنینی ئێمە بۆ داری ڕەچەڵەکی خوداوەندە سۆمەرییەکان هانیداین بۆ وەستان لە بەرانبەریەک حاڵەتی دەگمەندا، کە هاوسەرگیریکردنی خوداوەندێکی پیاوە لە نەوەکانی ئێنکی ( دوموزییە)، لەگەڵ خوداوەندێکی مێینە لە ڕەچەڵەکی ئێنلیلەوە (کە پێشتر باسمان کرد)، لەکاتێکدا ڕێساکە ئەوەیە کە کچەکانی ئێنکی شوو بە نێرەکانی ئێنلیل دەکەن، جا مناڵەکانیان بن یان نەوەکانیان... چونکە ڕەچەڵەکی ئێنلیل بە گشتی مەیلێکی پیاوانەی بووە، نێرەکانی هاوسەرگیریان لەگەڵ مێینەگەلێک کردووە، زۆربەیان لە ڕەچەڵەکی ئێنکین، سەبارەت بە هاوسەرگیریی ئینانای بەڕەچەڵەک ئینیلیەوە ،لە دوموزی کوڕی ئینکی ، حاڵەتێکی تاکانەیە... ناچار بوو بە چارەنووسێکی شێواو کۆتایی پێبێت،

ئەمەش کاتێک هاتەدی کە ئیننا دوموزی بەرەو جیهانی ژێرزەوی برد. بەهۆی تاوانە گەورەکە و سروشتی دوموزی کە خوداوەندیەتەکەی بە تایبەتمەندیێکی مرۆڤیی هەیە ،پەڵەدارە، ئەم خوداوەندە نەیتوانی لە جیهانی ژێرزەوی ڕزگاری

بێت، یان ئەوەی کە بۆ ماوەیەکی کورت ڕزگاری بوو بۆ ئەوەی ڕیتمێکی خولییەکیی دابەزین و سەرکەوتن بگەڕێنێتەوە بۆجیهانی ژێرزەوی.



نیگاری (٥١) شوانی خوداوەندیی کە پێدەچێت دیمۆزی بێت، بە هێماکانی ئینانا دەورە دراوە.

ئەفسانەکانی ئینانا و دوموزی بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشدەکرێن، یەکەمیان شادییە و خۆشیگری، مامەڵە لەگەڵ چیرۆکی خۆشەویستی نێوانیان چارەدەکات و دواتر هاوسەرگیرییە پیرۆزەکەیان ، دووەمیشیان خەمناک و تراژیدییە کە باس لە چیرۆکی مردن چوونەخوارەوەی دوموزی دەکات بۆ ناو جیهانی ژێرزەوی.

١- ئەفسانە و شیعرەکانی خۆشەویستی نێوان ئینانا و دوموزی

دەتوانین ئەم ئەفسانە و شیعرانە ڕێکبخەین بە پێی ئەو ڕیزبەندییەی واتا کە دەیگەیەنن ، هەر بۆیەش دەبینین ئەو هۆنراوە ئەفسانەییەی کە سەبارەت کێبڕکێی نێوان دوموزی (خوداوەندی شوان) و ئێنکمدو (خوداوەندی جووتیار) بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی ئیننا یە ، دەتوانێت دەستپێکی ئەم ئەفسانە و شیعرانە بێت.

ئەم پارچەیە کاتێک دەست پێدەکات کە خوداوەندی خۆر (ئوتو) قسە لەگەڵ خوشکەکەی (ئینانا) دەکات سەبارەت بەو کەتانەی کە تۆوەکانی لە زەویدا چاندووە، و چۆن کاتێک بەرەکەی دەدات، بەرەکەی بۆ دەهێنێت،بۆیە ئینانا لێی دەپرسێت (براکەم، دوای ئەوەی کەتانەکەم بۆ دەهێنیت، کێ بۆم بچنێت) و زنجیرە وەڵام و پرسیارەکان لە نێوانیاندا بەردەوام دەبێت تا ئۆتۆ پێی دەڵێت کە دەسرۆکەی هاوسەرگیرییەکەی بۆ دەهێنم، بۆیە لێی دەپرسێت کێ دوای ئەوە لەگەڵیدا دەخەوێت. پێی دەڵێت دوموزی ئەو کەسەیە کە لەگەڵیدا دەخەوێت، بەڵام ئەو ڕەتیدەکاتەوە و پێی دەڵێت ئینکمدو پیاوی دڵیەتی، بۆیە ئامۆژگاری دەکات کە

دوموزی باشترینە. زنجیرەیەک دیالۆگی پەسندزانیی لە نێوان دوموزی و ئێنکیمدو لە بەردەم ئینانا دەست پێدەکات تا دڵنیا دەبێتەوە کە دوموزی شایستەترینە و دوموزی و ئێنکیمدو خەریک بوو شەڕ بکەن، دواتر ئاشت دەبنەوە و دوموزی ئینکیمدو بانگهێشت دەکات بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری. دوموزی بەڵێن بە ئینانا دەدات کە دیارییەکی هاوسەرگیری بۆ بهێنێت کە بریتییە لە گەنم و نیسک و شتی تر.




نیگاری (٥٢)

لە سەرەوە: دوموزی لە گەمیەیێکدا دیارییەکانی ئینانایان هەڵگرتووە

خوارەوە: پێشگۆکان دەچنە پەرسگای ئینانا

لە هۆنراوەیێکی تردا ئینانا بە شانازییەوە پەسندی بنەچەی خۆی دەکات و سوکایەتی بە دوموزی دەکات، بۆیە دوموزی پێی دەڵێت:

((ئینانا، واز لە گەنگەشە بێنە

باوکم، ئینکی، لە باوکت، نانا کەمتر نییە

وە دایکم سورتور لە دایکت نانتگال کەمتر نییە

گاشتان ئەنا ی خوشکم وەک خوشکەکەتە

با بگەینە لێکتێگەیشتن ئەی شاژنی کۆشک" (الشوک ١٩٩٢: ٥١)

پاشان ناکۆکییەکە لە نێوانیاندا نامێنێت و داوای لێدەکات ڕووی زەویەکەی و بیرەکانی پڕ بکاتەوە لە ئاو و ئەو بەردەی کە جەستەی پیرۆزی خۆی تێیدا دەپێچێتەوە بیکێڵێت، دواتر ناز دەکات، بەتایبەتی بە سمێڵی ئازۆردییەکەیەوە هەڵدەدات.

لە هۆنراوەیێکی تردا، دوای ئەوەی هۆکارەکانی ئەو دیدارە بە تەواوی لە نێوانیاندا ئامادە دەکرێن، ئینانا دوموزی بۆخوداوەندیی وڵات هەڵدەبژێرێت و ئەمەش ئاماژەیە بۆ گۆڕانکارییەکی گرنگ لە کارەکەی دوموزیدا. خوداوەندی لەوەڕاندن و تەوێڵەکان بوو، بەڵام بوو بە خوداوەندی ئوروک و بەم شێوەیە پیشەکەی لە شوانی مەڕ و مانگا گۆڕا بۆ شوانی خەڵک و پاشایان.

لە هۆنراوەیێکی تردا ئینانا داوای ڕەزامەندی باوکی مانگ (نانا) دەکات، دوای ئەوەی ئینانا بە تەواوی ڕازاوە و خشڵەکان و بەردەبەهادارەکانی دەبەر دەکات، دەچێتە دەرەوە بۆ بینینی دوموزی کە لە دەرگای بەردی لازوەردی (دەروازەی جیبار) بۆی وەستاوە )، لەو کاتەدا پەیامێک بۆ باوکی دەنێرێت و پێی دەڵێت کە دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ دوموزی بکات:

((من پیاوی دڵم دەبەم بۆ ئەوێ

ئەمما ئەشمو گال ئەننا دەبەم بۆ ئەوێ ،

دەستی دەخاتە ناو دەستی منەوە

دڵم دڵی لەخۆدەگرێت

کەدەستی دەخاتە ناو دەستم - دڵ دەبووژێنێتەوە

باوەشێکی دڵ بە دڵ--خۆشییەکەی زۆر شیرینە)) (کرێمەر ١٩٨٦: ١١٢)

پاشان لە هۆنراوەیێکی تردا ئینانا داوای ڕەزامەندی دایکی نانگال دەکات، دوای ئەوەی دوموزی بە دیاری شیر و سەرتوێژ و بیرە دێتەماڵەکەی بۆ ئەوەی داوای دەستی لێبکات، ئینانا دوودڵی نیشان دەدات لە قبوڵکردنی هاتنی، بەڵام دایکی هانی دەدات کە ڕێگەی پێبدات بچێتە ژوورەوە، دواتر مێخوداوەندی ئینانا خۆی ئامادە

دەکات بۆ پێشوازی دوموزی، بۆیە جەستە و جلەکانی دەڕازێنێتەوە و دەرگای بۆدەکاتەوە و لە باوەشی دەگرێت.

هۆنراوەیێک هەیە باس لە دیداری نهێنی ئیننا و دوموزی دەکات کە بە نهێنی لە ژێر تیشکی مانگدا ژوان دەبەستن و لەبەر ئەوەی مێخوداوەندێکی بە نازوفیزە، لەناکاو هەوڵی خۆدزینەوە لێی دەدات وگوایە لە ترسی دایکی داوای گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە دەکات!!

بەڵام دوموزی دەزانێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بۆیە پێی دەڵێت (فێرت دەکەم چۆن ژن درۆ دەکەن) و ئامۆژگاری دەکات کە بە دایکی بڵێت کە بە گۆرانی و سەما لەگەڵ کچە هاوڕێکەی کاتێکی خۆشی بەسەر دەبرد.

هۆنراوەکە درێژەی هەیە و باس لە دراوسێکەی دەکات کە لەبەردەم دایکیدا بە قازانجی دوموزی قسە دەکات، کەوا چۆن زەویەکەلەبەر پێی ئاو ڕژێندەکات بۆ ئەوەی پێشوازی لێبکات، هەروەها دەڵێت دوموزی شایستەی سنگ وباوەشی پیرۆزی ئینانایە، دراوسێکەش پێشبینیی دەکات کە دوموزی دەبێتە زاوای نانا.

دراوسێکەی دەکات کە لەبەردەم دایکیدا بە قازانجی دوموزی قسە دەکات، هەروەها چۆن زەویەکە دەپرژێنێت بۆ ئەوەی پێشوازی لێبکات، هەروەها چۆن دەڵێت دوموزی شایستەی سنگی پیرۆزی ئینانایە، دراوسێش پێشبینییەکەی ئازاد دەکات کە دوموزی دەبێتە زاوای نانا.

کۆمەڵێک هۆنراوە و سروودی هاوسەرگیری پیرۆزلە نێوان ئینانا و دوموزی هەیە کە ژمارەیان دەگاتە دوازدە هۆنراوە کە وا شیرینترین و کۆنترین هۆنراوە ی خۆشەویستی دەنوێنن لە مێژووی کۆندا و تا ئەمڕۆش شیرینی و ناسکی خۆیان پاراستووە.

هۆنراوەکان باسی لایەنەکان یان قۆناغەکانی ژیان دەکەن کە دوموزی و ئینانا لە کاتی هاوسەرگیری پیرۆز و دوای هاوسەرگیریپیرۆزدا تێیدا دەژین.

پێشگۆکان ( کەتانپۆشەکان ) پەرسگاکە ئامادە دەکەن و بە ئاو دەیشۆن، پاشان ئینانا دەچێتە ناو پەرسگاکە و لەسەر تەختەکەی یان جێگا فەرەکەی دادەنیشێت، پاشان، دوموزی بەرەو ڕووی دێت ، ئینناش بەڵێن دەدات کە خۆشگوزەرانی بۆ وڵات و گەل بەدەست دەهێنێت و دادپەروەری زاڵ دەبێت، دوموزی داوای لێدەکات خواردن و خواردنەوە دابەش بکات.

لە پەرستگای ئینانا خوداوەندی ئاگر (ئەلیگێبل) جێگەی تەرخانکراوبۆ ئەو دوو خوداوەندە پاک دەکاتەوە و بە بەردی لازوەرد دەیڕازێنێتەوە و داوا لە ئینانا دەکات کە دوموزی پیرۆزبکات ، پاشان وەزیری ئینانا (نینشوبەر) خوداوەند دوموزی بەرەو باوەشی بووکەکەی دەبات، بەو هیوایەی کە فەڕوپیت بەرفەرمانڕانی وڵاتی سۆمەرو هاوسێکانی بکەوێت و هاوسەرگیریەکەیان بەپیتی خاک و منداڵدان زیاد بکات، پیت وفەڕیزۆر هەمووان بگرێتەوە.

لە هۆنراوەیێکی تردا ئاشنا دەبین بە ڕێوڕەسمی جووتبوون و سروودی هاوسەرگیری، کە ئینانا خۆی شۆردووە و جلەکانی لەبەر کردووە، پاشان خۆی دەخاتە بەردەمی و داوای لێدەکات لەگەڵی جووتبێت و هەر کە ئەمە کرا ، لە باوەشی دوموزی (ئاوی دڵ) دەڕژێت، کە (تۆم)ی دوموزییە:

لە لایەکانیدا ڕووەک شین بوون و لە لایەکانیدا خۆشەویستی ڕوا:

لەنزیکییەوە بە گەشەکردنی ڕوەکەکانی دەشت ودەرمێرگەکان پڕبوون !

لە کاتێکدا لە ماڵی ژیاندا، لە کۆشکی پاشایەتی،

ژنەکەی لە تەنیشتی دانیشتبوو، دڵی پڕ بوو لە خۆشی.

لە ماڵی ژیاندا، لە کۆشکی شاهانەدا

ئینانا پڕ لە خۆشی لە تەنیشتی مایەوە)) (الشواف ١٩٩٦: ١٢٣).

هۆنراوەی تریش هەیە دەربارەی بەختەوەری ئیننا، لەوکاتەی: لە نزیک دوموزی خەوتووە، هەروەها باس لە مۆسیقای ئەو مەشکەژەن کە ئینانا دەوروژێنێ و دڵخۆشی دەکات و سەبارەت بە کوژاندنەوەی مانگ و ئەستێرەکان لەلایەن ئینانا وە(دوای ئەوەی مانگ و ئەستێرەکانم کوژاندەوە، و دەرگام کلۆم دا...وەرە).

دەربارەی ئەو پیاوە هەنگوینییەی کە قژی جوانی وەک کاهوو کە لە نزیک ئاودا دەڕوێت، ئەڵقە دەکات، هەروەها هۆنراوەیێک لەسەر سنگی بەرزی ئینانا و هۆنراوەیێک سەبارەت بەوەی ئنانا چووەتە ناو باخچەی دوموزی، کە سەوزە و خۆشەویستی بۆی بەرهەم هێناوە لە بەپیتی خۆیەوە، و هۆنراوەێک کە تیایدا دوموزی لەگەڵ خوشکەکەی گشتان ئانا گاڵتە دەکات کاتێک بزن و بەرخی گەڕۆک دەبینن، هەروەها بولباڵ (شیعرێکی دیالۆگی) سەبارەت بە گەڕانەوەی دوموزی بۆ کۆشک دوای جووتبوون و لە کۆتاییدا ئەو هۆنراوەی کە تێیدا ئاماژە بە هەڕەشەی ئینانا دەکات لە دوموزی، سەرەڕای پەیوەندی خۆشەویستی و

سێکسی تێدایە، کە ئینانا دەڵێت: ((ئەی کوڕی پاشاکان، واتە (براکەم ڕووخسارجوانەکەم ):

من ژیانتم ڕزگار کرد، ژیانتم ڕزگار کرد

بەڵام سەیرکە، تۆ بوویت بە ئامانجی چارەنووسێکی ئەوپەڕی دڕندەیی!

لە دەرەوەی دیوارەکانی شار ژیانتم ڕزگار کرد، براکەم

بەڵام، سەیرکە، بوویت بە ئامانجی چارەنووسێکی ئەوپەڕی دڕندەیی!

تۆ کە دوژمن خۆی نەیتوانی دەستی لە دژی تۆ بەرز بکاتەوە،

سەیرکە، تۆ بوویت بە ئامانجی چارەنووسێکی لەڕادەبەدەر دڕندانە!)

(شەواف ١٩٩٦: ١٤٠).

ئەم هێمایە زانیارییەکی دیکەمان پیشان دەدات، وەک ئەوەی وا دیارە دوموزی لە دەرەوەی دیوارەکانی شار بە دەستی دوژمنان تووشی مردن بووبێت، بەڵام ئینانا ڕزگاری کردبێت... ئەم ڕووداوە دەتوانێت هۆکاری خۆشەویستی ئەوان و دواتر هاوسەرگیریەکەیان بێت ، بەڵام دوای ماوەیەک دوموزی بەجێهێشت وەک ئەوەی لە خەو هەڵسابێتەوە، و پێویست بوو دوموزی جارێکی تر ڕووبەڕووی چارەنووس بێتەوە، وەک ئەوەی چارەنووسی خۆی دواخستبێت بۆ ئەوەی لەگەڵیدا چێژ وەربگرێت و دواتر بیخاتەوە بۆ ئەم چارەنووسە، بە تایبەتی هەوسبازی وسەرەرۆیی وکات بەسەربردن لە تایبەتمەندییەکانی ئینانا یە .

هێمایەکی دیکە هەیە لە هەمان هۆنراوەدا دەردەکەوێت کە ئاماژە بە ناوەڕۆکێکی تر دەکات:

- برام بێ گومان من بوومەتە هۆی چارەنووسێکی وا دڕندە،

براکەم، خاوەن ڕووخساری جوان

دەستی ڕاستەت خستە سەر زێی من

دەستی چەپەت  بە قژم دادەهێنا

دەمت توند دەخستە سەر دەمم

لێوەکانم  خستبوە سەر دەمت

لەبەر ئەمە بووم بە ئامانجی چارەنووسێکی وا دڕندە!

ئەمەیە کە دەبێت، ئای ((بخۆر))ی (؟) ژنان، ئای براکەم))
(شەواف ١٩٩٦: ١٤٠).

ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە بۆ چارەنووسی کوشندەی دوموزی، وەک ئینانا دان بەوەدا دەنێت کە ئەو هۆکاری ئەم چارەنووسە بووە کاتێک دوموزی بە جوانی وجەستەی خۆی ڕایکێشاوەبۆ ئەم چارەنووسە ، دوموزیش پەلە لەگەڵیدا جووت دەبێت بەشێوازی مرۆڤییەوە ، دەبوو بەردەوام ئاستی خوداوەندیی پەیوەندییەکەی بپاراستایە .

بەڵام لەبیرمانە کە خوداوەندەکان خۆشەویستی جەستەییجووتبوون دەکەن (وەک لە ئەفسانەکانی ئێنلیل و نینلیل، و ئێنکی و نخراساجدا، هەر بۆیەش دەبینین کە ئەم ئاماژەیە مانایەکی دیکەی هەڵگرتووە، ئەویش ئەوەیە کە ئینانا مێخوداوەندێک بووە، لە کاتێکدا دوموزی نەخێر.

ئایا دوموزی مرۆڤ بووە... ئایا ئەمە هۆکاری مردنی بووە ؟

دەتوانین بڵێین دوموزی مرۆڤ بووە ،بەڵام کراوە بەخوداوەند، واتەمرۆڤێکی خوداوەندکراوە، لە کاتێکدا ئەفسانەکان باس لەوە دەکەن کە کوڕی ئێنکی بووە، هەروەها مرۆیش بە کوڕی ئێنکی وەسف کراوە. لەبەر ئەوەی ئینانا بنەچەی ئەو دەزانێت، بانگهێشتی دەکات بۆ ئەوەی ئەوە لەبیر نەکات، خۆشەویستی لەگەڵیدا دەکات، لەگەڵیدا جووت دەبێت ، وەک چۆن خوداوەندەکان لەنێو خۆیاندا دەیکەن، تەنانەت ئەگەر ئەویش لەخشتەی بردبێت و بانگهێشتی کردبێت بۆ ئەوەی ئەو کارە بکات.

ئینانا دەیویست لە جووت بوون دوور بکەوێتەوە، و خۆشەویستی لەگەڵیدا بکات بەبێ ئەوەی هەستونەستی هەستیاری بورووژێنێت. ئەو دەیویست نەکەوێتە ناو کوورەی ئەم خۆشەویستییە جەستەییە گەرمە... چونکە بە سادەیی هیچ لەگەڵ خوداوەندەکاندا تامی نەکردبوو... بەڵکو لەگەڵ دوموزی (مرۆڤە خوداندراوەکە) تامی کرد..

ئەمەش وای لێکرد بیر لەوەبکاتەوە دوای جووت بوون ، ڕزگاری بێت لەم جۆرە خۆشەویستییە ڕاستەقینە و جۆری بەردەستە... بەم شێوەیە بیری لەوە کردەوە کە ڕزگاری بێت لە دوموزی، وەک دەبینین. بەڵام دوای ئەوە زۆر پەشیمان بووەوە ، چونکە خەریک بوو بەهۆی گریانەوە لەسەر خۆشەویستەکەی بمرێت، کە لە تروووکەیێکی تووڕەبوون وبەرچاو تاریک بوون لەدەستی دا.

ئەو بووە هۆی ئەوەی نەتوانێت بەدروستی بیربکاتەوە لە خوداوەندییەتییەکەی لەوکاتەی لەگەڵیدا جووت دەبوو ئەو (ئافرەت خۆرە) وەک وەسفی دەکات. خوداوەندییەکەی لەبیر دەبردەوە کەلە جیهانی نموونەییدایە نەک لە جیهانی ڕاستەقینە .

## ٢- ئەفسانەو و لاواندنەوەکانی دوموزی



پەیکەری کۆنی
سۆمەری
دوو لە پێشگۆکان
)-priests
الکهنة )ی
گالا، مێژووەکەی
دەگەڕێتەوە بۆ
٢٤٥٠ پێش
زایین، لە
پەرسگای ئینانا لە
ماری دۆزرایەوە

دوای ئەوەی ئینانا دابەزی بۆ جیهانی ژێرزەوی بۆ ئەوەی دەستی بەسەردا بگرێت و سزای مردنی پێدرا و دواتر زیندووکرایەوە، مەرجی شاژنی جیهانی ژێرزەوی بۆ گەڕانەوەی ئینانا بۆ جیهانی سەرەوە ئەوە بوو کە جێگرەوەیێکی هەبێت لە جیهانی ژێرزەویدا ، بۆیە ئینانا دوموزی هەڵبژارد وەک جێگرەوەی چونکە ئەو شتەی بەسەریدا هاتووە لە کاتێکدا کە لە ژێرزەویدا بووە کاریگەری لەسەر دوموزی نەبووە، هۆنراوەکە باس لەوە دەکات کە چۆن ئینانا دوموزی بینیوە، لەکاتێکدا لەسەر تەختە گەورەکە دانیشتووە، جل و بەرگی ڕازاوەی لەبەردایە، ئینانا لەوێ فەرمانی بەو دێوەکانی (گالا) کردووە کە یاوەری بوون دەست بەسەر دوموزیدا بگرن وەک جێگرەوەیەک بۆ ئەو، پاشان دوموزی داوای لە (ئۆتۆ) کرد کە قۆڵەکانی بکاتە باسکی مار و پێیەکانی بکاتە پێی مارێک (واتە وەک مارێک بێت کە نەگیرێت)، ئەمەشی بۆدەکرێت و بەرەو ماڵی خوشکەکەی گاشن ئەنا هەڵدێت.

پێش ئەوەی دوموزی بگاتە ماڵی خوشکەکەی، بە هۆی بەرکەوتنی بەم چارەنووسەوە خۆی ماتەمینی خۆی دەگێڕا، پاشان لە توندی ماندوێتییەکەیەوە خەوی لێکەوت و خەونێکی ترسناکی بینی،ئەوا گیای زەل بە شێوەیەکی بەرفراوان لە دەوری گەشە دەکات و قامیشێکی دووڕەگی گەشەسەندووم بینی کە

لقی یەکەمی نەما، پاشان لقەکەی دووەمی ون بوو و بینیم ئاو بەسەر ئاگردانە پیرۆزەکەدا دەکرێت و بینیم مەشکەی دەدڕێت، پیاڵەیشەرابی دەکەوێت، دارەکەی نامێنێت، هەڵۆیەک بەرخێک دەڕفێنێت، بزنەکان ڕدێنە لازوەدردییەکانیان لەسەر خاکەکە دەکێشا و کۆزی مەرگەلێکم بینی کە بادا فیشکەی تێدادەکرد.

کاتێک دوموزی و خوشکەکەی لە خەو هەڵسا، ئەم خەونەی بۆ خوشکەکەی گێڕایەوە، بۆیە هەموو دیمەنێکی بە وردی بۆ ڕوونکردەوە، هەمووخەونەکە دەیگوت ئەو دەمرێت.

دوای ئەوە دوموزی و خوشکەکەی و هاوڕێیەکەی دەچنە سەر گردەکە و سەیری ڕێگاکەکە دەکەن و بینیان دێوەکانی گالا دێن و پارچە دارێکیان هەڵگرتووە بۆ ئەوەی ملی پێببەستن، خوشکەکەی ئامۆژگاری دەکات کە خۆی بشارێتەوە وبەڵێنی پێدەدات لەگەڵ هاوڕێیەکەی باسی ئەو لای گالا نەگێڕێتەوە. کاتێک ئەوان گەیشتن خوشکەکەیان فریودا ودواتر ئەشکەنجەیان دا، بەڵام ئەو باسی شوێنی ئەوی نەکرد، بەڵام هاوڕێکەی بە دیاری دانەوێڵە دێوەکەکان پێیان دا فریوی خواردو ، بۆیە دوموزییان دەستگیر کرد، کە هاوار دەکرد ( خوشکەکەم ژیانی منی ڕزگار کرد...هاوڕێکەم هۆکاری مردنمە) کاتێک گشتان ئانا بینییانی، گریا و چڕنووکی لەچاو و دەم و ڕانەکانیگرت ، لە کاتێکدا گالاکان بەسەر تانۆکەکەی لە قامیش دروستکرابووسەردەکەوتن، دوموزییان دۆزیەوە و لێیاندا و شوێنەکەییان تێکدا، بەوەی تێیدابوو، جل و بەرگی (می)یان لە جەستەی داکەند، کە جل و بەرگی یاسا پیرۆزە خوداوەندییەکانە، تاجە پیرۆزەکەیان داکەند و داردەستەپیرۆزەکەی کەوتە سەر زەوی، و پێڵاوە پیرۆزکراوەکانیان داکەند، بە ڕووتی لەگەڵخۆیان برد.

کاتێک گالاکان گەمارۆیان دا و لێیان دا، دوموزی دەستی بۆ (ئۆتۆ) بەرزکردەوە تا بیکات بە ئاسک، بۆیە ئۆتۆ وەڵامی دایەوە و هەڵات بۆ ماڵی پیرەمێردەکە (بێلایلی)، بۆیە پەنای بۆ برد و ئای پێدا بۆ ئەوەی بیخواتەوە و ئاردییپێدا بیخوات، پاشان پیرەمێردەکە ماڵەکەی بەجێهێشت ( پێدەچێت دێوەکانیگالای لە شوێنی دوموزی ئاگادارکردۆتەوە) کاتێک گالاکان هێرشیان کردە سەری، لێیان هەڵدێت بۆ پەناگەی خوشکەکەی، ئەوانیش بەدوایدا چوونە ئەوێ.

بەم شێوەیە لەگەڵیان چووە جیهانی ژێرزەوی وەک جێگرەوەیەک بۆ ئینانا. لێرەوە لاواندنەوەکانی ئینانا دەست پێدەکات، چونکە لە خەیاڵپڵاوییەکەی بەئاگا هاتۆتەوە و بەڵا بەسەر ئوروکدا هات و خەم و پەژارە بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ بوو و

ماتەمینی لە شارەکەدا ڕوویدا و ئینانا زۆر بەکوڵ بۆ مێردەکەی و ماڵەکەی وشارەکەی گریاوە . دایک و خوشکەکەی لەگەڵیدا دەگریان کاتێک خوشکەکەی چاوی بە ژنەکەی دەکەوێت، شوێنی ئەو نازانن و لە کوێوە چووەتە ژێرزەوی و لەو کاتەدا مێشەکە دەردەکەوێت و بەسەر سەری ئینانادا دەسوڕێتەوە و دەڵێت (ئەگەر پێت بڵێم دوموزی لە کوێیە، چیم پێشکەش دەکەیت) ئیننا وەڵامی دەداتەوە (ئەگەر پێم بڵێیت، واتان لێدەکەم زوو زوو بچیتە مەیخانەکانی بیرە، و ئەو میوانخانانەی کە گوێت لە گفتوگۆی داناکان و گۆرانی گۆرانیبێژان دەبێت ) بۆیە مێشەکە دەڵێت کە ئەو لەوێیە لە نزیک بیابانەکەدایە، بۆیە خوشک و هاوسەرەکەی دەچنە ئەوێ و لە دوا ساتەکانی دابەزینیدا بۆ جیهانی ژێرزەوی دەیدۆزنەوە، ئینانا دەستی دەگرێت و پێی دەڵێت:

تۆ دەچیتە جیهانی ژێرزەوی

نیو ساڵ

خوشکەکەت بەپێی ویستی خۆی،

نیوەکەی تریش خوشکەکەت لەوێ بەسەردەبات

لە و ڕۆژەی بانگ دەکرێیت ،

لەوڕۆژیدا دەتبەن.

لەو ڕۆژی گشتن ئەنا بانگهێشت دەکرێت

لە ئەو ڕۆژیدا ئازاد دەکرێیت.

ئینانا دوموزی داوەتە دەستی هەتاهەتایی)) ( شوک ١٩٩٢: ١١٢).

بەم شێوەیە دوموزی دادەبەزێت بۆ ژێرزەوی، خۆی دەداتە دەست چارەنووسی خۆی ، لەوێ نیوەی ساڵی زستان لەوێ دەمێنێتەوە، دواتر لەگەڵ دەستپێکردنی بەهاردا دێتە دەرەوە و نیوەکەی تری ساڵەکە بەسەر دەبات، کە خوشکەکەی وەک جێگرەوەیەک لە جیهانی ژێرزەویدالەبری ئەو دەمێنێتەوە .

لە درێژەی ئەم چیرۆکە خەمناکەدا، بە ئەفسانەی پیرە پیاوەکە، بێلیلی (بیلیلۆ) تەواوی دەکەین، ئەفسانەکە بە وەسفکردنی شوێنی دوموزی و ئەوەی بەسەری هاتووە دەست پێدەکات، پاشان خوداوەند ئینانا دێتە شوێنەکە و مەڕە

پەرشوبڵاوەکانی دوموزی کۆدەکاتەوە و لاواندنەوەیێک بۆ دوموزی دادەڕێژێت و داوای زیندووبوونەوەی و هەستانەوەی لە ڕازانی لێ دەکات.

پاشان لەو شوێنەدا تووشی بنەماڵەی بێلیلی (کە خیانەتیان لە دومزی کرد) بووە و ئەوەی وای لێکردووە بە ئاو و ئاردەوە سەرقاڵبێت هەواڵی سەبارەت شوێنی دوموزی دایە گالاکان.

کوڕەکەی واتە گرگیر کە دزی ئاژەڵ و دانەوێڵە و نەوەکەی (سێرۆ) ئەو کوڕەی کە هیچ هاوڕێیەکی نییە، لەبەر ئەوەی ئینانا دەیزانی پیرەمێردەکە چی کردووە، تووڕەیی خۆی بەسەر ئەم خێزانەدا ڕشت و پیرەژنەکەی کوشت و پێستی کردە کوندەی ئاوی سارد و کوڕەکەی لە تەنیشتیەوە هاواری دە کرد، و نەوەکەی والێ کرد بە چۆلیدا بسووڕێتەوە ، ئاوبڕێژێ و ئاردی پێدابکات، پاشان دوو شوێنی پشوودانی دانا.

پێدەچێت ئینانا ئەمەی کردبێت بۆ ئەوەی یادەوەری (دوا ژەمی ئێوارە)ی دوموزی کە پێکهاتووە لە (ئاو و ئارد)، بە تازەیی لەم خێزانە و لەم بیابانەدا بمێنێتەوە ، نەوەکەی ئاو و ئارد پێشکەش بکات وەک یادکردنەوەی دوموزی.

بە دڵنیاییەوە ئێمە لە زیاتر لە شوێنێکدا لە کارەساتی دوموزی و لاواندنەوەکانیدواوین، لە داهاتوودا بە درێژایی لەسەر ئەم بابەتە قسەدەکەین.

## ح- ئینانا و پاشاکانی سۆمەر

ئەفسانە و سروود و ڕێوڕەسمەکانی هاوسەرگیری پیرۆزی نێوان ئینانا و دوموزی لە جەژنی سەری ساڵی سۆمەرییەکاندا ڕەنگدانەوەی هەبوو، و پاشاکان ژنەپێشگۆکانی باڵاکانیان وەک هاوتای ئینانادادانادەنا، هۆنراوەی خۆشەویستیی سەرسوڕهێنەر دەرکەوتوون، هۆنراوەکانی چوار پاشامان پێگەیشتووە، شولگی، پاشای دووەمی ئور (٢٠٩٣-٢٠٤٦) پێش زایین. ، شا شوسین، چوارەم پاشای ئور (٢٠٣٦-٢٠٢٨) پێش زایین. ، و شا ئیدین-داگان، پاشای شاری ئێسێن (١٩٧٤-١٩٥٤) پێش زایین. ، و شا ئیشمی داگان، پاشای شاری ئێسێن (١٩٥٣-١٩٣٥) پێش زایین.

زۆربەیان هاوشێوەی دەقە ڕەسەنەکانی نێوان ئینانا و دوموزین

پاشای سۆمەری گیلگامێش کە پێش هەموویان بوو دوو ئەفسانەی تایبەتی لەگەڵ ئینانا هەبوو کە ئەفسانەی گای ئاسمانی و ئەفسانەی درەختی خولبو ( سۆگەر).

لە ئەفسانەی گای ئاسمانییدا کە لە یەکێک لە چیرۆکە سۆمەرییەکانی گیلگامێشدا ئاماژەی پێکراوە، ئینانا خۆشەویستیی خۆی دەردەبڕێت بۆ گیلگامێش، بەڵام ئەو ڕەتیدەکاتەوە، بۆیە ئینانا لە خوداوەندەکە دەپاڕێتەوە  کە گا ئاسمانییەکە بنێرێتە سەر گلگامێش و شارەکەی ، ، ئەو کارە دەکات ، گیلگامێش ڕووبەڕووی گا ئاسمانییەکە دەبێتەوە و لە زەوی دەدات (بڕوانە باقر ١٩٨٠).

سەبارەت بە ئەفسانەی درەختی خولبو، ئینانا کە ئەم درەختە لە باخەکەی خۆیدا دەچێنێت بە هیوای ئەوەی کورسی و جێگایەکی لێ دروست بکات ، سەری سوڕدەمێنێت کە دارەکە، دوای ئەوەی گەشە دەکات، باڵندەی برووسکی (زۆ) تێیدا نیشتەجێیە ) لەسەر لقەکانی، هەروەها لە ناوەوەی لەلایەن شەیتان (لیلیت)  و مارەکە لە بنکەکەیدا نیشتەجێن ، بۆیە گلەیی لەم بابەتە دەکات بۆ براکەی کە پێشنیار دەکات داوای یارمەتی لە گیلگامێش بکات، کە مارەکە دەکوژێت و وا لە لیلیت و زو دەکات لەوێ  هەڵبێن ، پاشان کورسی و جێگایەکی بۆ دروست دەکات و لە بەرامبەردا ئینانا لە لقەکانی دارەکەوە تەپڵ (یەکو) و دەسکی(مێکو) بۆ گیلگامێش دروست دەکات تا چێژ لە لێدانیان وەربگرێت (بڕوانە کرامەر ١٩٧١).


**د- ئینانا و مرۆڤ**

ئەفسانەی (ئینانا و شو کالیتۆدا) چیرۆکی دابەزینی لە جیهانی سەرەوە بۆ پشوودان و خەوتن لە باخچەی جووتیارەکەدا دەگێڕێتەوە، شو کالیتۆدا ، کە بە جوانی جەستەی سەرسام دەبێت، بۆیە لەگەڵیدا جووتدەبێت لە کاتێکدا کە خەوتووە،وە کاتێک ئینانا لە خەو هەڵدەستێت و هەست دەکات ئەوەی بەسەری هاتووە، سێ کارەساتی بەسەر زەوی دەهێنێت بۆ ئەوەی جووتیارەکە بدۆزێتەوە، یەکەمیان بناوکردنی بیرەکانی زەوییە بە خوێن، دووەمیان ڕەها کردنی بای وێرانکەر بۆسەر زەوی، سێیەمیان ڕێگای وڵات بە ئاو  گرتن ، یان قووڵایی جیهانی ژێرزەوی  تەقاندنەوە، جووتیارەکەش هەموو جارێک خۆی دەشاردەوە بۆ ئەوەی لە تۆڵەی ئەو خۆی ڕزگاربکات ، پاشان پەنا دەباتە بەر ئێنکی، ئینانا لێی دەپاڕێتەوە کە جووتیارەکەی ڕادەست بکات، کاتێکیش خۆی ڕادەستی دەکات ئەو، سەریدەخات بۆ بەرزایی ئاسمان و دەیکاتە ئەستێرەیەکی ئاسمانی،  دەبێتە یادەوەرییەک وەک بەڵێنی بە ئێنکی داوە لەسەر لێوشوانەکان و لە هۆنراوەی

هۆنەراندا لە کۆشکەکاندا ودەنگی داوەتەوە .  ئەفسانەی (بیلولو) ی هاوشێوەی شو کالیتۆدا دەگێڕێتەوە ،کە بێلولو بووبە کورتە باڵاییێک ، کە بەردەوام بچووکتر و بچووکتر دەبووەوە تاوەکو هیچ بوونێکی ڕوونی نەما .

ئەم دوو ئەفسانەیە ئەو تۆڵەسەندنەوەیە دەردەخەن ، کە ئینانا ئاراستەی ئەو کەسانەی دەکات ،کە لە نێو خەڵکەوە هێرشیان کردووەتە سەری، و ڕەنگە بۆ ئەوانەیش لە نێو خوداوەندە بچووکەکانەوە هێرشیان کردووەتە سەری، وەک چۆن بۆچوونێک هەیە دەڵێت: شو کالیتۆداو بێلولو خوداوەندی بچووکن!

## ی- ئینانا و جیهانی ژێرزەوی



مۆری  سۆمەری کۆن  خوداوەند دوموزید نیشان دەدات کە لە جیهانی ژێرزەویدا
لەلایەن  گالاکانەوە ئەشکەنجە دەدرێت

باسی ئینانا و کورمان کرد، یان ئینانا و چیای ئێبیچ Ebich ، کە لە دوژمن یان چیاییێکی خراپ دەچێت، چونکە ڕەتیدەکاتەوە ملکەچی دەسەڵاتی ئینانا بێت (وەک ئەوەی وەک دێوەکانی ئاساکۆ بێت).

سەبارەت بە ئەفسانەی هەرە گەورە، ئەوە ئەفسانەی دابەزینی ئینانایە بۆ جیهانی ژێرزەوی، ئامۆژگاری خوێندنەوەی دەقەکەی دەکەین کە لە زۆرێک لە سەرچاوەکاندا هەیە ئەوانەی لە ئەفسانە سۆمەرییەکان دەکۆڵنەوە (بڕوانە کرامر ۱۹۷۱، عەلی ۱۹۷۳، حنۆن ۱۹۸٦، ئەلسەواح  ۱۹۸٦، ئەلشوک ۱۹۹۲).

پوختەی چڕی ئەفسانەکە لە خواستی خوداوەند ئینانا بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهانی ژێرزەوی دەردەکەوێت،  کاتێک خەریکە دەچێتە ئەویٚ، پاسەوانی دەروازەکانی جیهانی ژێرزەوی داوای لێدەکات پابەند بێت بە یاساکانی ئەم جیهانە و لە هەریەکێک لە حەوت دەروازەکەدا شتێک کە لەبەری دایە لەبەربکاتەوە ، دابکەنێت ، بەم شێوەیە کاتێک دەگاتە دەرگای حەوتەمەوە، خۆی ڕووت دەبینێتەوە ، کاتێک دەگاتە تەختی خوشکەکەی، خوداوەندی ئارشکێگال ، شاژنی جیهانی

ژێرزەوی، بە نیگایەکی مراندنەوە سەیری دەکات، بۆیە ئینانا دەمرێت و تەرمەکەی بە ستوونێکی وەستاو هەڵدەواسرێت.

ئینانا ئامۆژگاری چوار فەرمانڕەواکانی خۆی کردبوو (بە دوموزیشەوە) کە ئەگەر زیاتر لە سێ ڕۆژ نەهاتەوە، ئەوا خەمبار بن و خۆیان لە خۆڵدا وەربدەن.

نینشوبەر، وەزیرەکەی، بڕیارە بچێتە لای خوداوەندەکان (ئینلیل، نانا، ئێنکی) بۆ ئەوەی یەکێکیان بتوانێت لە مردن ڕزگاری بکات، بۆیە نینشوبەر، وەزیری یەکەمی ئەو، ئەم کارە دەکات، بەڵام ئێنلیل و نانا ڕەتیدەکەنەوە یارمەتی بدەن. سەبارەت بە ئێنکی، ئەو دوو بوونەوەر لە گڵ دروست دەکات کە لە ژێر نینۆکەکانیدایە و ئەوانیش بوونەوەری نەنێرنەمێن و دەچنە ناو جیهان ژێرزەویەوە ،خۆراک و ئاوی ژیاندەبەن ، کاتێک ئەو دوو بوونەوەرە دادەبەزن بۆ جیهان ژێرزەویەوە،

شەست جار خواردن و ئاو بەسەر جەستەی ئینانادا بڵاودەکەنەوە، بۆیە لە مردنەکەی هەڵدەستێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی بێتە دەرەوە، دەبوو جێگرەوەیەک دابین بکات بۆ خۆی، وەک لە یاساکانی جیهانی ژێرزەویدا هاتووە، بەم شێوەیە ئینانا لەگەڵ سەربازەکانی جیهانی ژێرزەوی (گالو) دەچێتە دەرەوە بۆ ئەوەی جێگرەوەی خۆی بهێنێت.

کاتێک دەچیتە چوار شارەکەی، بۆی دەردەکەوێت کە فەرمانڕەواکانی ئەم شارانە ماتەمینیان بۆ گێڕاوە و خۆڵیان بەسەر سەریان داکردوە، جگە لە دوموزی کە پێشتر جلوبەرگی ڕازاوەی لەبەر دەکرد و لەسەر تەختێکەکەی دادەنیشت ، بۆیە وەک جێگرەوەیەک ئەو هەڵدەبژێرێت و فەرمان بە گالۆیەکانی یاوەری دەکات کە ببیەن بۆ جیهانی ژێرزەوی.

لەم خاڵەدا ئەفسانەی دابەزین کۆتایی دێت، بەڵام دەقێکی تر هەیە کە چارەنووسی خوداوەند دوموزیمان پێدەڵێت، کە دۆزرایەوە دابەشکراوە لەسەر (٢٨) دەپ و پارچە کە ئەو شتە پێکدەهێنن لە (ئەفسانە و لاواندنەوەکانی دوموزیدا باسمان کرد)، کەپاشماوەی چیرۆکی دابەزینی ئینانا بۆ جیهانی ژێرزەوی تەواو دەکات.

## بەشی پێنجەم

## ڕێوشوێنە سۆمەرییەکان

بۆ پێشبارییە-قوربانییە پیرۆزەکان

بۆ (پێشبارگە- المذبح )ی پڕگڕی ئاگر

بۆ پێشبارییەکانی نانی زۆر

بۆ گوڵدانەکانی فرەوان و پڕەکان،

دڵدار خۆشەویستەکەی لە باوەش دەگرێت...

(لە هۆنراوەی هاوسەرگیریی پیرۆزی شولگی)

ڕێوشوێن و ڕێوڕەسمەکان لایەنی کرداریی هەر ئایینێکن، لە کاتێکدا هەندێک لە لایەنە خوداوەندییەکانی ئایین جێبەجێ دەکەن، بەڵام لەسەر بنەمای ئەفسانەکان دامەزراون ،کە ئەو بابەتە زیندووەیە کە پەرستیار دەیناسێت و پەیڕەوی لێدەکات.

ڕەنگە ڕەگ و ڕیشەی هۆکارەکانی ڕێوڕەسمەکان لەبیر بکرێن، بەڵام پەیڕەوکردنیان بۆ ماوەیەکی زۆر زیندوو دەمێنێتەوە، هەرچەندە بەپێی سروشتی ئایینە کانی هاتوون و ئایینەکانی تێکەڵاویان بووین،، تا ڕادەیەک یان پلەیەکی دیکە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، یا ئەو گۆشەگیرییەی کە بە هۆکارە تایبەتەکان تێیدەکەون گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.ڕێوشوێنە سۆمەرییەکان بە گشتی بەسەر سێ جۆری بنەڕەتیدا دابەش دەکرێن: ئەو ڕێوشوێنە نەریتیانەی ڕۆژانە مرۆڤی سۆمەری ئەنجامیان دەدات، وەک نوێژ، ڕۆژوو، شۆردن، سروودخوێندن، پاککردنەوە، بخور سووتاندن، ڕشتنی تراو-سائل، ڕێوڕەسمی کردنەوەی دەمی خوداوەند و شۆردنی، ڕێوڕەسمی خۆراکدانی خوداوەندەکان، و ڕێوڕەسمی فوهو (جێگرەوە).

هەروەها، ڕێوشوێنی ئەو بۆنانەی پەیوەندییان بە لەدایکبوون و دروستکردنی ماڵ و هاوسەرگیری و مردنەوە هەیە و ڕێوشوێنی خولیانەی وەک جەژن و ئاهەنگەکانی سۆمەری. هەر چەشن و جۆرێک لەم ڕێوشوێنانە ئاماژەی خوداوەندناسی(لاهوتیة) و ئەفسانەییان هەیە، کە هەوڵی بەسەرکردنەوەیان دەدەین.

## ١- ڕێوشوێنی ڕۆژانه

ئەم جۆرە ڕێوشوێنە لەلایەن مرۆڤی ئاسایی و مرۆڤی پەرسکار و پێشگۆ پیادە دەکرا، لە کرداردا ئەم ڕێوشوێنانە ئەوانە بوون ژیانی ئایینی مرۆڤیان ڕێکدەخست و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاکاری کۆمەڵایەتی و جیهانیانەی مرۆڤ هەبوو.

یەکەم ڕێوڕەسمیش شۆردن و دەستنوێژ بوو، کە تەنها پێشەکییەک نەبوو بۆ نوێژکردن ، بەڵکو پێویست بوو بۆ پەیڕەوکردنی هەموو ڕێوشوێن و ڕێوڕەسمێکی ئایینی. ڕێوڕەسمی ڕژاندنی ئاو، کە خوداوەند ئێنکی نوێنەرایەتی دەکات، جۆرێک بوو لە دووبارە دروستکردنەوەی (پەیدابوونی) مرۆڤ لە بیروباوەڕی سۆمەرییەکاندا و لەبەر ئەوەی سەرچاوەی پەندزانیی -حیکمەت و چاکبوونەوە-شیفا بوو .

سەبارەت بە نوێژ، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ڕۆژانە و لە کاتە دیاریکراوەکاندا ئەنجام نەدەدرا، هەروەها دەقەکەی جێگیر نەبوو.

بەڵکو جۆرێک لە دەقی ئایینیی هانابردن بوون، کە بۆ خوداوەندێکی دیاریکراو دەکران و مرۆڤ هەرکاتێک لە پەرسگا، یان لەبەردەم پەیکەری خوداوەندەکەیدا بوو لە ماڵەوە، یا لە کۆشکدا، یان لە هەر شوێنێکی تردا دووبارەی دەکردەوە.

وێنەی پێشگۆ سۆمەریەکان هەیە، کە لە کاتی ئەنجامدانی نوێژەکاندا دەستەکانیان دەخستە سەر یەکتر وەک ملکەچی و بەپیرۆزگرتنێک بۆ خوداوەند، بە تاک یان بە یاوەری پێشگۆ نوێژەکانیان ئەنجام دەدا. نموونەی بارودۆخی پەرستیارەکان گەیشتوونەتە ئێمە لە کاتێکدا کە لەبەردەم پەیکەری خوداوەندەکاندا لەسەرئەژنۆن ، لە کاتی نزاکردندا دەستیان بەرز دەکردەوە، نزای پەشیمانی- تۆبەیان هەبوو، بخوریان دەسوتاند و تراوی پیرۆزیان دەڕشت، نزایان بۆ هەموو خوداوەندەکان هەبوو، (الاحمد ١٩٨٨: ٤٧).

سەبارەت بە ڕۆژوو، لەسەر بنەمای قەدەغەکردنی خواردنی جۆرێکی دیاریکراو لە ئاژەڵ یان سەوزە دامەزرابوو ، بە هۆکاری ئایینی ڕواڵەتی پەیوەست بە ئەفسانەیەکی دیاریکراوەوە بوو، سەبارەت بە هۆکارە قووڵەکان ئەوا ئابووری بوون ، لە هەوڵێکدا بۆ سنووردارکردنی خواردنی جۆرێک لە گۆشت یان ڕووەک، بە تایبەت لە کاتی وشکەساڵی و پاشەکشەی بەروبوومدا ، ڕۆژوو نەریتێکی جێگیر و خولیانە نەبوو.

سرروودەکانی سۆمەری جیاوازن لە نزا و نوشتەوپەناگری- التعاويذ ، چونکە سرروودەکان ڕێوڕەسمی و گیانین بارگاوی بوون بە ڕامان و دابڕان لە سیفەتەکانی خوداوەندێکی دیاریکراودا ، بەپیرۆزگرتنی دەسەڵاتەکانی و هانابۆ بردن بۆ خۆشەویستی و پەیوەندیکردن .

سەبارەت بە نزاوپاڕانەوەش، نزاکردنە بۆ خوداوەند ، پەناگری لەسەر بنەمای دەرکردنی شەیتانەکان ڕۆنراوە ، سرروودەکان بە گشتی ستایشی خوداوەندیین ، کە بە میوزیکەوە ئەنجام دەدرێن و سیستەمێکی ڕیتمیی تایبەتیان هەیە.

سوتاندنی بخور یەکێک بوو لە ئامرازەکانی پاککردنەوە لە پەرسگاکان، یاماڵەکان، یا کۆشکەکاندا، لەلایەن پێشگۆپاککەرەوەکانەوە ئەنجام دەدرا، بەڵام پێشگۆکانی پەناگری (ئەشیبۆ) سووتاندنی بخوریان بەکاردەهێنا بۆ دەرکردنی گیانە خراپەکان ، چونکە پێیانوابوو کاتێک بخور بڵاودەبێتەوە لە شوێنەکەدا، ئەو گیانانە گەمارۆدەدات وبەناچاری لە پەنجەرە یان دەرگاکانەوە هەڵدێن.

لە پەرسگاکاندا جگە لە پێشبارگەی پێشبارییەکان پێشبارگەی بخور هەبوو، هەروەها پاککەرەوە ، یا پەناگریکارەوە ئەو ئاگردانە پیرۆزەیان بەکاردەهێنا کە لە گوڵدانێک دەچوو، هاوکات هێمای دوو خوداوەندی نسکۆ (خوداوەندی ئاگر) و خوداوەند ننگشزیدا (خوداوەندی پزیشکی و دار)بوو.

ڕەنگە ئەم ئاوێتەیە ئاماژە بێت بۆ ئەوەی کە ئاگردانی پیرۆز وەک نسکۆ ڕووناک دەکاتەوە و وەک ننکشزیدەش چاک دەکاتەوە... ڕەنگە!

سەبارەت بە ڕێوڕەسمی ڕشتنی تراو (ئاو و ڕۆن)، پێشتر ڕۆژانە ئەنجام دەدرا، بە تایبەت لە هاوسەرگیریدا، کە پێشگۆ تراوێکی بەسەر سەری بووکدا دەڕژاند بۆ ئەوەی پیتوفەڕی پێ ببەخشێت. ڕۆن پێداکردن وتێدان لە پاشاکاندەدرا کاتێک پیرۆز دەکران. بە دەفری پێداکردنی ئاوی پیرۆز یان ڕۆن، هاوشێوەی جامێک بوو چڵەدارخورما لێیەوە دەردەچێت و دوو بەری لە هەرلایەکدا پێ هەڵواسراوە.

سەبارەت بەو ڕێوڕەسمانەی کە لەلایەن پێشگۆ تایبەتمەندەکانەوە ئەنجام دەدرا (جگە لە بخوور سووتاندن و تراو ڕشتن)، سێ ڕێوڕەسمی تایبەت و گرنگ هەبوون، کە بریتین لە:

١-کردنەوەی دەمی پەیکەری خوداوەند و شۆردنی: پێشتر دوای ئەوەی هونەرمەندان،یا پەیکەرتاشان، دارتاشەکان، یان داڕێژەرەکان پەیکەری خوداوەندەکانیان دروست دەکرد، لە کۆتایی دروستکردنیاندا هێشتا پەیکەری

دونیای ئاسایی بوون، بەڵام دوای ئەنجامدانی ئەم ڕێوڕەسمە دەبوون بە پەیکەری ئایینی پیرۆزی و خاوەن کاریگەریی ئایینی، ڕێوڕەسمی بردنی پەیکەرەکە لە شوێنی دروستکردنییەوە لەلایەن پێشگۆکانەوە بە وتنەوەی نزاودەستەواژەی ڕێوڕەسمێکی تایبەت

پەیکەرەکە دەبرێتە کەناری ڕووبارەوە و دەخرێتە سەر حەسیرێک لە قامیش دروستکراوە و پەیکەرەکە ڕووی لە ڕۆژهەڵاتە لە ژێر کەپرێکدا، چەند جارێک قوربانییەکانی بۆ ئەنجام دەدرێن. قوربانییەکان ئاژەڵی وەک بەران وڕووەکی وەک گیاوگوڵ

وکەرەستە وداری ئەرزو پێشکەشکردنی زێڕ و زیو، ڕشتنی بیرە و شتی دیکە. کۆی ئەم ڕێوڕەسمە ئاڵۆزانە وەک ئەوە وایە گیانی پیرۆز بخەیتە ناو ئەو پەیکەرە ڕەقەوە کە پیشەگەرەکە دروستی کردووە.

**2- ڕێوڕەسمی خۆراکدانە خوداوەندەکان:** باوەڕیان وابوو کاتێک پەیکەری خوداوەندەکان لە پەرستگا دادەنرێت، پێویستیان بە خواردن دەبێت، هەر بۆیەش دوو ژەمی بنچینەیی لە پێشکەشکراوان بۆپەرستگاکە یان پێشکەش دەکرا، پێدەچێت خوانەکە لەبەردەم پەیکەری خوداوەندەکەدا دادەنرا ئەم ژەمە ڕێوڕەسمیانە سەرچاوەی خۆراک بووین بۆ پێشگۆکان و لەوانەیە پاشاکانیش.

**٣ - ڕێوڕەسمی فوهو (جێگرەوە):** ئەم ڕێوڕەسمە لەسەر دوو بناغە دامەزراوە، یەکەمیان ئەفسانەیەکە کە ئەفسانەی دوموزی وەبیر دێنێتەوە، کە خراپە یان نەخۆشی لە کەسی تووشبووەوە دەگوازرێتەوە بۆ جێگرەوەیێک (بوکەڵە یا ئاژەڵەکان) کە ئەم خراپەیە دەبات و دەیباتە جیهانی ژێرزەوی (وەک دوموزی کە بووە جێگرەوەی ئینانا لە جیهانی ژێرزەویدا ) و دووەمیان جادووییە،دوو بنەماکەی جادوو (پەیوەندی یا لێکچوون) وەبیر دەهێنێتەوە. لە حاڵەتی ئەوەی جێگرەوەکە بووکەڵە بوو، پێشگۆ ئەم بووکە شووشەیەی کە لە دار،یا هەویر، یان مۆم دروستکراوە بۆ ماوەی شەوێکی تەواو لەگەڵ نەخۆشەکەدا دەیهێشتەوە و لە حاڵەتی ئەوەی جێگرەوەکە ئاژەڵ بوو (وەک بزن)، ئەویش هەروەها بە درێژایی شەو لە سەر جێگای نەخۆشەکە و لەگەڵیدا دەمێنێتەوە و بە هەمان چەقۆ جێگرەوە ئاژەڵەکەی سەردەبڕی یان ملی بووکەڵەکەی دەپچڕی، پاشان جل و بەرگی نەخۆشەکەیان دەبەر دەکردو بە پیرۆزی دەیاننێژتن. بەم شێوەیە لەو باوەڕەدابوون

نەخۆشی یان خراپە بۆ ئاژەڵەکە یان بووکەڵەکە دەگوازرێتەوەو نەخۆش ڕزگاری دەبوو .

ئەگەر ناشتنی بووکەڵە یان ئاژەڵەکە لایەنی ئەفسانەیی دەنواند لە ڕێگەی دوموزییەوە ، ئەوا لایەنی جادوویی لە سەربنەمای بەرکەوتن ئەنجام دەدرا(نەخۆشەکە بۆ ماوەی شەوێکی تەواو لەگەڵ جێگرەوەکە دەبوو) و لە لە سەربنەمای لێکچوون ئەنجام دەدرا (سەربڕین لە یەک کاتدا، ئاڵوگۆڕی جل و بەرگ، بەپیرۆزی ناشتنی تەرمی جێگرەوەکە، ڕاگەیاندنی مردن و هتد).


پێشکەشکردنی پێشبار-قوربانی لای سۆمەریەکان سەرەتا جەختی لەسەر پێشباریکردنی ڕووەک دەکردەوە، پاشان پێشباریکردنی ئاژەڵ، سەبارەت بەو پێشبارییە مرۆییانەی کە بیرۆکەکەیان لەدۆزینەوەی گۆڕستانی ئورەوە بەناوبانگ بوو و ئەوەی ئاشکرا بوو ئەوەبوو دەستەی پێکارانی پاشاکان نێژرابوون ، بێ گومان لایەنێکی گرنگی باوەڕی ئیسکاتۆلۆژی دەنوێنێت کە پەیوەندی بە بنەماڵەی ئوری یەکەمەوە هەیە ، بەڵام پێش یان دوای ئەم بنەماڵیە(نزیکەی ٣٠٠٠ پێش زایین) ، یەکێکی هاوشێوەی نەدۆزراوەتەوە، ئەمەش بەو مانایەیە کە لە سەرەتای ژیانی سۆمەرییەکاندا دەگمەن بووە ، یان لەناوچووە (بڕوانە Wolley ١٩٦٣).



نیگاری (٥٧) پێشگۆییێکی سۆمەری لەڕێوڕەسمی نوێژکردن وکەوتنەسەرئە ژنۆ لەبەردەم خوداوەندەکە یدا

شكل (٥٧) كاهن سومري يؤدي طقس الصلاة والركوع أمام الإله.

نیگاری (٥٧) پێشگۆیێکی سۆمەری لەڕێوڕەسمی نوێژکردن وکەوتنەسەرئەژنۆ لەبەردەم خوداوەندیدا




نیگاری (٥٨)پێشگۆیێکی سۆمەری ڕێوڕەسمی  تراوڕشتن ئەنجام دەدات

## ٢- ڕێوشوێنی بۆنەکان

ئێمە شوێنێکی تایبەتمان بۆ ئەم ڕێوڕەسمانە دیاری کرد چونکە ناچنە چوارچێوەی ئەو ڕێوڕەسمە ڕۆژانەیانەی کە کەسێک یان پێشگۆیەک نیمچە ڕۆژانە ئەنجامی دەدات، هەروەها لەبەر ئەوەی ساڵانە ڕوونادەن، بۆیە خولیانەنین کە خەڵک وەک دووبارەکردنەوەیەک پەیڕەوی بکەن وەک دووبارە بوونەوەی خولیانەی گەورەی کات.

ئەوان ڕێوڕەسمێکن کە مرۆڤ نزیکەی  جارێک لە ژیانیدا پێیدا تێدەپەڕێت، وەک لەدایکبوون و مردن یەکجار ڕوودەدەن. سەبارەت بە هاوسەرگیری و بیناسازی، ڕەنگە دووبارە ببنەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ملکەچی بۆنەیەکەن، نەک ڕێوڕەسمی ڕۆژانە ، یا ڕێوڕەسمی خولیانەی ساڵانە .

ڕێوڕەسمی منداڵبوون لای سۆمەرییەکان لە سەرەتای دووگیانییەوە ڕێوڕوشوێنی خۆی هەبوو، ژنەکە لە سەرەتای دووگیانییەوە، بە درێژایی دووگیانی خۆی پێشکەشییەکانی-تقدمات دەدا بە مێدیۆی خراپەکار (لاماشتوو).

ئەم مێدیۆی خراپەکارە پێشکەشییەکانی گۆشت و دیاری و بووکەڵەی دەویست، کە وای لێدەکات بیانبات وڕابکات و ژنە دووگیانەکە لەخراپەی ڕزگاری بێت ومنداڵەکەی لەبار نەچێت.

مامان بە زمانی سۆمەری ناوی( شا-زو sha-zu) بوو، ئەو کەسە بووسەپەرشتیی منداڵبوونی دەکرد، لە کاتی کارەکەیدا نوێژێکی دیاریکراوی دەخوێندەوە، لە کاتی منداڵبووندا سەری ژنەکەی دەبەستەوە، پاشان ژنە دووگیانەکەی دەخستە سەر سەکۆیەک لە خشت ، مامانەکە ڕۆڵی خوداوەندی (نێنتو) یان (ئارورو) دەگێڕێت، کە دوو وێنەی خوداوەندی دایکی سۆمەری نینخرساگن ، وێنەکەی تریش وەک پەروەردەکارێکی منداڵانە لە شێوەی خوداوەندی (گاتم دک)دا دەنوێنێت .

سەبارەت بە ڕێوڕەسمی دروستکردنی (خانوو، کۆشک و پەرسگاکان)، بە دانانی شتگەلێکی وەک پەیکەر، مووروو، یان نووشتەو تەلیسمی قوڕین و بەردین لە بناغەکانیاندا بۆ دەرکردنی خراپەکارییەکان دەستی پێدەکرد ، هەروەها هێما یان پەیکەری خوداوەندی چاووزاری کە خراپەکاری دەردەکات لەسەر سەردەری ماڵەکان دادەنرا ، لە هێمای خوداوەند سیبتو (کە لە حەوت چاو پێکهاتووە) دادەنرا ، نەریتی دانانی بەردی حەوت چاو لە سەردەرگای ماڵەکان بە مەبەستی ڕێگریکردن لە چاوپیسان و ڕێگەیەک بۆ دەرکردنی خراپەکاری تا ئێستاش بەردەوامە.

چەندان ئاماژەی سادە هەیە بۆ پێشکەشکردنی پێشبار، بە تایبەت لە کاتی دروستکردنی پەرسگاکاندا، چونکە دروستکردنیان بە مانای ڕووداوێکی گەورە بووە، ڕووخاندنی پەرسگا بە مانای نیشانەیەکی خراپ بوو.

سەبارەت بە ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریی سۆمەری، دەتوانین بەسەر دوو جۆری تەواو جیاوازدا دابەشی بکەین:

١-ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریی نەریتی خەڵک.

٢- ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریی پیرۆزی پاشاکان.

ڕێوڕەسمی نەریتیی هاوسەرگیری نێوان ژن و پیاو بە خوێندنەوەی هەندێک دەستەواژەی پیرۆز بە تایبەتی لەلایەن بووکەوە دەستی پێدەکرد. سەبارەت بە هاوسەرگیریش، زاوا سوێندی هاوسەرگیریی دەخوارد، دواتر ژنەکە وەک بووک دەگوازرایەوە بۆمێردەکەی، مێردەکەش سەرپۆشی بووکەکەی بەرز دەکردەوە و دەیخستە سەر سەری خۆی وەک نیشانەی ڕێزگرتن لە بووکەکە، لە کاتێکدا ژنەکە لەلایەن پێشگۆوە پیرۆزیی پێدەبەخشرێت بە ڕۆن ڕشتن بەسەر سەریدا.

لەڕێوڕەسمی هاوسەرگیریدا زاوا یان خێزانەکەی دەبوا هەندێک لەخۆگیراو-نەزر و کەلوپەلی بەنرخ پێشکەشی پەرسگاکە بکەن، لە ڕۆژی زەماوەنددا ئاهەنگێک دەگێڕدرا ،تیایدا ئەو خواردنەی زاوا دەیهێنایە ماڵی بووک پێشکەش دەکرا ، شەراب دەڕژێنرایە سەر زەوی یان سەر جەستەی پێشبارییەکان بۆ ڕێزگرتن لە خوداوەندەکان. ئەم ڕێوڕەسمە پێی دەوترێت تراوڕشتن یان (بەخشندەیی کیرروم Kirrum )، ئەو خوداوەندەی کە پاڵپشتی هاوسەرگیری دەکرد ئیشخارا بووە.

سەبارەت بە ڕێوڕەسمەکانی هاوسەرگیریی پیرۆزی تایبەت بە پاشاکان، ڕەگ و ڕیشەی ئەفسانەیی خۆیان لە هاوسەرگیریی (ئینانا و دوموزی) وەرگرتووە، کە باسمان کرد.

پاشا ڕۆڵی دوموزیی دەگێڕێت ، پێشگۆی باڵا ڕۆڵی ئینانای دەگرتە ئەستۆ و ئەمەش لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی سۆمەرییەکان لە ٢١ی ئاداری هەموو ساڵێکدا ڕوویدا.

ئەگەر جەژنی گەورەی سۆمەرییەکان ئەکیتۆ و جەژنی گەورەی سۆمەرییەکانی زەگمەک ئەنجامدانی ئەم ڕێوڕەسمە گەورە بەکۆمەڵە لەخۆ بگرێت کە تێیدا پاشا و پێشگۆی ژن چەقی ڕێوڕەسمەکەن، ئەوا ئەمە بەپێی بیرهێنانەوەی خولیانەی ڕێکخراوی ڕووداوێکی ئەفسانەییە کەبەباوەڕی ئەوان لە پشت پیتاندنی سروشت و ڕووەک و ئاژەڵەکانەوە بووە و لە پشت زۆربوونی مرۆڤەکان و گەشەسەندنی شارستانیەتەوە بووە.

وا دیارە سەرهەڵدانی ئەم ڕێوڕەسمە سۆمەرییە لە شاری ئوروکدا بووبێت لەگەڵ دەرکەوتنی شا دوموزی کە بووە بە هاوسەری خوداوەندی ئینانا و دواتر خوداوەندبوونی پێبەخشیوە و هەر بۆیەش ئەم ڕێوڕەسمە لە ویژدانی سۆمەرییەکاندا ماوەتەوە، ئەمەش ڕووداوێکیان بیردەخاتەوە کە دووبارەکبوونەوەی نییە (لەکەتواردا- واقیعدا) و دووبارەکردنەوەی ئاسانە (لە ئاهەنگگێڕاندا).

ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریی پیرۆزی سۆمەرییەکان هۆکاری ئەوەبوو هەموو ساڵێک پیرۆزکردنەوەی پاشا سۆمەرییەکان دووبارە بێتەوە ، بابەتەکەش لە نێوان بابلییەکان جیاواز بوو کاتێک ڕێوڕەسمی دیکە لەگەڵ ئەم ڕێوڕەسمەدا لە شەوی سەری ساڵدا دەرکەوتن، وەک ڕفاندنی مەردوخ بۆ جیهانی ژێرزەوی، دانپێدانانی شاهانە لە گوناهەکانی بۆ پێشگۆکە و... هتد.

پاشای سۆمەری دوای ئەوەی لەگەڵ مێپێشگۆی باڵا جووت دەبوو کە نوێنەرایەتی ئینانا ی دەکرد

(مێپێشگۆی باڵایەکە خاوەن کولتورێکی زۆری ئایینی و ئەدەبی بوو)، لە ڕێگەی مێپێشگۆی باڵا گوێی لە بڕیارەکانی خوداوەند ئینانا دەگرت. بۆ نموونە ئەم بڕگەیە لە سروودی (شولجی پاشا پیرۆزدەکات) وەردەگرین، کە سروودێکی تایبەتە بۆ هاوسەرگیریی پیرۆزی ئەم پاشا سۆمەرییە:

(من ڕێبەرت دەبم لە شەڕەکاندا، و هەڵگری

چەکەکەت دەبم لە شەڕدا

پاڵەوانەکەت دەبم لە کۆڕی خوداوەندەکاندا

من لەسەر ڕێگاکان دەبم و پارێزگاریتان لێدەکەم!

تۆ ،ئەی شوانی بۆ چادرە پیرۆزەکە هەڵبژێردراو

بەردەوامیت لە دابینکردن وتەیارکردنی ئیانا

تۆ، گەورەترین ڕازاندنەوەی پەرسگای ئان یت

تۆ شایانی هەموو شکۆیێکی

تۆ بۆ ئەوە دروست بوویت کە بە شانازییەوە

لەسەر سەکۆی شکۆمەندی پشوو بدەیت

تۆ بۆ ئەوە دروست بوویت کە تاج بخەیتە سەر سەرت

تۆ بۆ ئەوە دروست بوویت کە جەستەت بە جل و بەرگیئاڵوااڵ بڕازێنیتەوە

تۆ بۆ ئەوە دروست بوویت کە لە پۆشاکی شاهانەدا دەبەربکەیت

تۆ بۆ ئەوە دروست بوویت کە هەڵگری داردەست و چەک بیت

تۆ بۆ ئەوە دروست بوویت کە تیری کەوانەکەت بۆئامانجەکە بهاوێژیت

تۆ بۆ ئەوە دروست بوویت کە داردەستی-هاوێشتن وبەردەقانی لە تەنیشتتەوە هەڵواسیت

تۆ بۆ ئەوە دروست بوویت کە داردەستی شاهانەی مەزن لە دەستەکانتدا بگرێت

تۆ بۆ ئەوە دروست بوویت کەپێڵاوی پیرۆز لەسەر پێیەکانت بکەیت

تۆ بۆ ئەوە دروست بوویت کە پێشبڕکێ بکەیت و سوارەکەت بە پەلە پەلە بکات.

تۆ بۆ ئەوە دروست بوویت کەکێبەرکێ بکەیت و سوارییەکەت تاودەیت

تۆ بۆ ئەوە دروست بوویت بەتوندی خۆت بە باوەشمەوە بگریت

جوان، وەکو گوێرەکەیێکی گرانبەها

دڵی میهرەبانت با زۆر بژی" (الشواف ١٩٩٦: ١٦٧).

لە سەرەتای هەر ساڵێکدا ئەمە چارەنووسی هەموو پاشاکانی سۆمەر بوو کە بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییە پیرۆزە بێت کە پاشا و سروشت وخەڵکی دەگرتەوە و لەو چوارچێوەیەشدا جەژنەکانی سەری ساڵ لە هەموو جیهانی کۆندا بەردەوام بوو.

سەبارەت بە ڕێوشوێنی مردن لای سۆمەرییەکان، گرنگییەکی تایبەتیان هەبوو، بەو پێیەی لە میراتیکی دەوڵەمەندی شارستانیەت یان کولتوورە کۆنەکانی باکوور و باشووری عێراقەوە پێکهاتبوو.

شوێنی ناشتنی مردووان لای سۆمەرییەکان لە ڕووی پلە و گرنگییەوە لە نێوان ناشتنی لە ژێر زەوی خانووەکاندا،یا لە کۆشکی شاهانەدا، یان لە گۆڕستانە گەورەکاندا جیاواز بوو. گڵکۆی ماڵ ناوی (کی ماخ Ki Makh) بوو، کە بە واتای خاکی مەزن دێت.

پاشاکان سەرەتا لە کۆشکەکانی پاشایەتیدا دەنێژران، دواتر بیرۆکەی گۆڕی شاهانە دەرکەوت، بەناوبانگترینیان لە ئور دۆزرایەوە.

تەرمی مردووەکە  لەناو چەندان حەسیردا دەپێچرایەوە و بە دەرزیلە جێگیر دەکران، تابووتی دار بۆ ناشتنی مردووەکان لە گۆڕستانەکاندا بەکاردەهێنرا، هەروەها گۆزەی گڵێنە بەکاردەهێنرا، بەتایبەتی بۆ منداڵەکانی کە وەک چۆن لە سکی دایکیاندا بووین ئاوا لەناو گۆزە کاندا دادەنران . هەروەها گۆزەی  دووانە و سەبەتە    بۆ ناشتن بەکاردەهێنرا.

سەبارەت بە گۆڕەکان، بە شێوەیەکی سەرەکی دابەش بوون بەسەر گۆڕی خەڵکی ئاسایی و گۆڕی پاشاکان. گۆڕی خەڵکی ئاسایی لە گۆڕە سادەکانەوە دەستی پێدەکرد کە لە زەویدا بە قووڵاییەکی ناجێگیرەوە هەڵکەندرابوون و باوترینیان بوون.  ئەو گۆڕانەی کە بە خشت یان خشتی سوورکراوە دروستکراون کە لە سەردەمی عوبێدەوە دەرکەوتوون، پاشان لە ئێریدوو ژێژەمینی  تاقدار کە خشتی قوڕیان تێدا بەکاردەهێنرا (بڕوانە حنون   ١٩٨٦: ٢٣٣-٢٣٦).



دیمەنێکی گشتی گۆڕستانی شاهانە لە ئور، لە کاتی هەڵکۆڵینەکاندا.

سەبارەت بە گۆڕی پاشاکان، ئەوا باو بوون، بەڵام ئەوەی دۆزراوەتەوە لە گۆڕە پاشاییەکانی هەندێک لە پاشاکانی ئوری سێیەمن ، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زایین.

بەگشتی هەر گۆڕێکی گۆڕستانی شاهانەی پاشاکانی ئور پێش یەکەم بنەماڵەی ئور پێکهاتووە لە زەمینەیێکی پان کە تێیدا تابوتێک هەیە کە لاشەی شاهانەی تێدایە، هەندێک جار لەتەکیدا مۆریلوولەیی هەیە کە ناوی ئەوی لەسەرە، کۆمەڵێک پەیکەری پیاوان هەن کە پێدەچێت خزمەتکاری پاشابن، چەندان پەیکەری ژنان هەن، هەندێکیان تاجێکی زێڕینیان هەڵگرتووە.وە ژمارەیەکی زۆر لە کەلوپەل و دۆزراوە و دەنکۆڵە و زین و نزای پەناگیری وخشلی ڕازاندنەوەی کەسی و خەنجەر هەن . ڕەنگە ژمارەی پێکارانی بگەنە نزیکەی ٤٥ کەس و لە هەندێک گۆڕیشدا گالیسکە شاهانەییەکان هەن بە هەریەکەیان سێ گا یان کەر بەستراون هەروەها هاژۆ و ڕامەوانەکەش لە پێشیانەوەیە و گیتاری مۆسیقیش هەیە... و هتد .

لیۆنار وولی، دۆزەرەوەی گۆڕستانەکە، پێی وایە ئەم گۆڕستانە ئاماژەیە بۆ ڕێوڕشوێنەکانی مرۆڤ کردنە پێشباری- قوربانی بەکۆمەڵ لە کاتی مردنی پاشا و ناشتنی دەربارەکەی لەگەڵیدا (بڕوانە وولی Woolley ١٩٦٥: ٦٠). سەبارەت بە ئەنتۆنی مۆرتکات فیری ، پێی وایە ئەم گۆڕستانە ئاماژەیە بۆ ڕێوڕەسمەکانی هاوسەرگیری پیرۆز لە ئور، بەڵام ئەم بۆچوونە بەڵگەی پێویستی نییە.

سەبارەت بە گۆڕی پادشای ئوری سێیەم ، تەرمیان تێدا نییە، بەڵکو مۆری شاهانە وچەندان پەیکەری بچووکی تێدایە، ئەم گۆڕگەیانە بە خشتی سوورکراوە دروستکراون، لەسەر ژێرزەمینی –سردابی ناشتنی تەرمەکان گۆڕگە یا پەرسگای پرسەباری دروستکراون کە چەندین ژووری هاوشێوەی وێستگە باوەکانی پەرستگاکانیان تێدایە. ئەم گۆڕانە وەک خانوو وان، بەڵام تایبەتن بە ناشتنی تەرم نەک بۆ نیشتەجێبوون.

ڕێوڕەسمی پرسەباری سۆمەرییەکان سێ ئامرازی لەخۆگرتبوو بۆ هێورکردنەوەی گیانی مردووەکان لە ڕێگەی (خواردن و ئاو و ناوەوە).

ڕێوڕەسمی پێشکەشکردنی خواردن بۆ گیانی مردووەکان پێی دەگوترا (کەسبە)، کە مەڕەکان سەردەبڕدران و ڕۆن و بۆن و بخور و شەرابی سپی و میوە پێشکەش دەکران.

سەبارەت بە ڕێوڕەسمی (ئالمی نقۆ)، ڕێوڕەسمی ڕشتنی ئاوە بۆئەوەی مردووەکان تینوێتیان نەمێنێت و ئەمەش بە ڕشتنی ئاو لەسەر خاکی مردووەکان یان لە ڕێگەی بۆرییەکی گڵییەوە کە دەچووە خوارەوە بۆناو گۆڕەکە.

ڕێوڕەسمی سێیەم ڕێوڕەسمی (شوماز کارۆ)، واتە ( ناوهێنان)، کە تێیدا گیانی مردووەکە دڵنیا دەکرێتەوە بە هەمیشە ناوهێنانەوەی بۆ ئەوەی ئاگاداربکرێتەوە کە هێشتا لە نێویاندا ئامادەیە، یان بە ناونانی ناوی مردوولە منداڵێکی تازە لەدایکبوو.

ڕێوڕەسمی پرسەباری مانگێک دوای مردنی مردووەکە دەگێڕدرا و لەو ڕۆژەی کە مانگ وندەبێت، لەوێ گیانی مردووەکان کۆدەبنەوە و زیندووەکان پێشبارییەکان پێشکەشدەکەن و ڕێوڕەسمەکان ئەنجام دەدەن.

سەبارەت بە ڕێکەوتی ساڵانەی ڕێوڕەسمی پرسەباری، لە سەرەتای مانگی ئابدا ئەنجام دەدرا، کە پێشبارییەکان بەکۆمەڵ پێشکەش دەکران و مەشخەڵ بۆ گیانی مردووەکان بەرز دەکرایەوە و ئاهەنگەکان لە ڕۆژی نۆیەمی ئابیدا دەگەیشتە لوتکە.

سەبارەت بە ڕێوڕەسمی ماتەمینی، لە لایەن بنەماڵەی مردووەکەوە دەکرا بە بەجێهێشتنی پرچ بە پەشێوی یان پرچ ڕنینەوە و گریانی بە دەنگی بەرز و لە دەموچاودان و ڕنینەوەی ڕوومەت وبەهەردوودەست لە زەویدان و دڕاندنی جل و بەرگ.

پێشگۆ تایبەتمەندەکان (کالا-ماخ)، و(کالا) و (کالا -تۆر) ڕێوڕەسمی خەم وماتەمینییان بە ژەنینی تەپڵ و قیسارە و سروود و لاواندنەوەپێشکەشکردن ئەنجام دەدا.

### ٣) ڕێوڕەسمی خولیانە(الدورية)

ڕێوڕەسمی خولیانە بە یەکێک لە گرنگترین ڕێوڕەسمە بەکۆمەڵەکان دادەنرێت کە پێشتر گروپەکانی دەخستە ناو بەستەیێکی ڕێوڕەسمی بەیەک ڕیتمی گیانیی پێچراوەوە، لەم ڕێوڕەسمانەدا کۆمەڵگەی شارەکانی سۆمەری جارجارە کات و شوێنی یەکەمین دروستکردن ئافراندنیان بەبیر دەهێنایەوە، گرنگی ئەم ڕێوڕەسمانە لەوەدایە کە ئەوان ئەو یادەوەرییە ئایینییەن کە پەیوەستن بەو سەردەمە نموونەییانە یان ئەفسانەییانەوە، بەو پێیەی لەگەڵ مێژووی یەک لە دوای یەک و پلەبەندیدا یەکتر دەبڕن، کاتێکی ڕەها و هەستێکی بێکۆتایی بە ژیان و بوون بۆ خۆیان دروست دەکەن. ئەم جەژن وئاهەنگ و ڕێوڕەسمانە لەسەر بنەمای بیرۆکەی گەڕانەوەی هەمیشەیی(العود الابدی) دامەزراون، کە بەهۆیەوە گەڕانەوەی خولیی (هەفتانە، مانگانە، وەرزی، یان ساڵانە) بۆ یەکەم کات -جار ڕوودەدات، ئەو کاتەی گۆڕانی بوون لە تاریکییەکە-کائووسییەوە ،بۆ شێوە ی وردی گەردوونی -

کۆزمۆسی ڕوودەدات ، لە شانە جیانەکراوەکانەوە- Undiffrintiated tissue - نەتەنراوەییەکانەوە بۆ شانە جیاکراوەییەکان -تەنراوەکان.

ئەم حەسرەتە قووڵەی لە مرۆڤدا هەیە بۆ گەڕانەوەی هەمیشەیی بۆ سەردەمێکی نموونەیی یان سەرەتایی، وەک سەردەمی یەکەم دروستکردن، یامنداڵی، یان کوڕینی، هەمیشە بە شێوەی جیاواز مانای گەڕانەوەی هەمیشەیی هەڵدەگرێت.

جەژن و ڕێوڕەسمەکانی سۆمەری بەسەر سێ جەژنی سەرەکیدا دابەش دەکرێن:

١- جەژنی کۆتایی هەفتە(پشوو) (جەژنی ئیش ئیش ): ئەم جەژنە پەیوەست بوو بە مانگەوە، سۆمەرییەکان مانگیان وەک بنەمایەک بۆ ساڵنامەکەیان دادەنا، چونکە بۆیان دەرکەوت کە دەگۆڕێت و دەتوانرێت ڕۆژەکانیان لە ژێر ڕۆشنایی قۆناغەکانیدا بزانن، وایان دادەنا خۆر، لە خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابووندا بەردەوام و جێگیرە.

سۆمەرییەکان ڕۆژەکانی مانگیان بەسەر چوار هەفتەدا دابەشکرد، یەکەمیان بە دەرکەوتنی کەوانەی مانگ دەستپێدەکات، دووەمیان بە نیوە مانگ، سێیەمیان بە مانگی پڕ و چوارەمیان بە ئاوابوونی نیوە مانگ تا دەگۆڕێت بۆ ئاوابوونی کەوانەی مانگ ، (جەژنی ئیش ئیش )یان هەیە و شەممە ڕۆژی ئاهەنگ و جەژن پشوو بوو لە کار.

سەبارەت بە کۆتایی مانگ، دوای دیارنەمانی کەوانەی مانگ ، سۆمەرییەکانیش ئاهەنگیان دەگێڕا، ماتەمینی بۆ هێرشی دێوەکانی جیهانی ژێرزەویەوە بۆ سەرمانگ و شاردنەوەی مانگ لە جیهانی ژێرزەویەوە بۆ ماوەی دوو سێ ڕۆژ، لەو ماوەیەدا سۆمەرییەکان پێشبارییەکانیان پێشکەش دەکرد و کوشتییەکانیان دەبەخشی بۆ ئەوەی مانگ لەگەڵ دەستپێکردنی مانگێکی نوێدا دەرکەوێتەوە.ئەم ئاهەنگانە ئاماژەیان بە لەدایکبوونی نوێی مانگ دەکرد، ئەمەش ئەوەیە کە لە ناخی بیرۆکەی گەڕانەوەی هەمیشەییدایە، کە تێیدا مردن بە مانای لەدایکبوونی نوێ بوو.([1]1 )

---

[1]( تێبینی : (شایانی باسە، جەژنی پشوو( ئیش ئیش Ish-Ish Feast): جەژنی هەفتانەی پەیوەست بە مانگەوەیە، چوار قۆناخی مانگ (دەرکەوتن، گەورەبوون ، کەمبوونەوە و دیارنەمان) و پاشان دووەم دەرکەوتنی مانگ دوای سێ شەوی تاریک. ئەم دیاردە خولییە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە داڕشتنی چەمکە

بازنەییەکان. سۆمەرییەکان هەر قۆناغێکیان بە ناوێک ناوبرد و بۆ هەر قۆناغێک حەوت ڕۆژیان دانا، ڕۆژی حەوتەم ڕۆژی (ئش ئش)ە، واتە ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی تەواوبوونی قۆناخێک لە قۆناخەکانی مانگ و ئەمەش دەق سەرچاوەی بیرۆکەی کۆتایی هەفتەیە، و لێیەوە وشەی(السبت) شەممە هاتە ئاراوە، سەرچاوەکەی (سابیتۆ)یە بە زمانی بابلی، بە واتای (حەوت)، لە ڕۆژی حەوتەم واتە شەممە خەڵک پشوو دەدەن لە کار و ئاهەنگ دەگێڕن بۆ کۆتایی قۆناخێکی نوێی مانگ. ئەم ڕوانگەی مانگانەیە درێژدەبێتەوە بۆ قووڵایی بیری مرۆڤی سۆمەری، وەک چۆن مردن یان سڕبوونی زستانەیان وەک مردنی خولیانە- دەورەیی مرۆڤینتی دەبینی، وەک پێویستیی مردنی مانگ لە سێ ڕۆژی نوێدا کە پێش لەدایکبوونەوەی مانگ دێت، ئەمەش مانای ئەوەیە مردن ئامادەکارییەکە بۆ لەدایکبوونەوە.

سۆمەرییەکان لە ڕوانگەی ئەفسانەییەوە پێیان وابوو کە  ونبوونی مانگ  بە واتای هێرشی گیانی خراپ و دێوەکانە بۆ سەر مانگ و بردنیەتی   بۆ ژێرزەوی و لەوێ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دەمینێتەوە.)

( قاسم مرزا الجندي، عيد (Zag-mug) أكيتو رأس السنة السومرية البابلية الاشورية – الايزيدية، الحوار المتمدن )

٢- جەژنی زاگ-موک-کا (Zag-muk-ka) : بە سۆمەری پێی دەوترێت جەژنی زا-موا (زاموء Za-mu-a). جەژنی ساڵی نوێی سۆمەرییەکانە، کە دووجار لەلایەن سۆمەرییەکانەوە ئاهەنگیان بۆ دەگێڕا.

ئێمە پێمان وایە کە وشەی سۆمەری "زاموء" یان "ساموء" پەیوەندی بە وشەی عەرەبی "سمو"وە هەیە، بەو پێیەی جەژنی "سومو-واتە باڵا" یا (بەرزی)یە. هەروەها وشەی بابلی (شرو- Shurru) کە ئاماژەیە بۆ مانگی تشریت Tishrit ، کە تیایدا دووەم ئاهەنگی ئەکیتو ی دووەم لە پاییزدا ئەنجامدراوە، کە شورو ئاماژەیە بۆ دەستپێکردن ، ئێمە پێمان وایە ئەم لێکدانەوەیە تەنیا لەیەک چوونێکی ڕواڵەتی وشەکانە).

جەژنی بەرزیی (زامو) لە ساڵێکدا دوو جار دەکرا یەکەمیان لە چلەی بەهار بەڕێوەچووە، کە لە ٢١ی ئازارەوە دەستی پێدەکرد (سەرەتای ساڵی سۆمەرییە)، تێیدا هاوسەرگیریی ئینانا و دوموزی لە ڕێگەی ڕێوڕەسمەکانی هاوسەرگیری پیرۆز یاد دەکرانەوە، کە پاڵەوانەکەی پاشا (نوێنەری دوموزی) و پێشگۆی باڵا (نوێنەری ئینانا) بوو و جەژنێکی پڕبەزم وڕابواردن بوو شەرابی تێدا دەخورایەوە و گیانی بەهار و سەوزایی بەسەردازاڵ بوو.

سەبارەت بە جەژنی بەرزیی (زامو)ی دووەم لە ناوەڕاستی ساڵی سۆمەری (٢١ی ئەیلول) بەڕێوەدەچوو، کە جەژنی چاندن و زەردبوونی دارەکانە، کە تێیدا چلەی پاییز ڕوودەدات و هەر وەک دانەوێڵە تێیدا دەچێنرێت و تەرمی دوموزی دەنێژرێت و ڕێوڕەسمی خەم و ماتەمینی بەکۆمەڵ بەڕێوەدەچێت.

[1]1

---

[11]( تێبینی : لە لاپەڕە ٤٧٩ ی الحضارة البابلية ،د.خەزعەلماجیدی دەنووسێت: بە ئەکەدی زاگموکا Zag-mu-ka و بە سۆمەری زاموا - za-mu –a ، سۆمەرییەکان لە چاو دێریان بۆ درێژیی شەووڕۆژ، زانیویانە لەساڵێکدا دووجار یەکسان دەبن،جاری یەکەم لە ٢١ ئادار و جاری دووەم لە ٢١ ئەیلوول ، لەدوای٢١ ئادار شەو کورت دەبن وڕۆژ درێژ دەبن ،کەچی دوای٢١ ئەیلوول شەو درێژ دەبن و وڕۆژ کورت دەبن.

بۆیە جەژنی سەری ساڵی سۆمەریان خستە ٢١ ئادار (مانگی ئادار بە سۆمەری واتە (شوکورکو ) و ناویان نا زگمەکی یەکەم جەژنی (زاموای یەکەم (واتە جەژنی لەدایک بوون و نوێبوونەوە و لە ئەفسانەدا بووبە جەژنی لەدایک بوونەوەی دوموزی و هاوسەرگیریی پیرۆز لەگەڵ مێخوداوەند ئینانا .. ولە ٢١ ئەیلوول جەژنی زگمەکی دووەم (زاموای دووەم ) بوو ە ئەفسانەدا بووبە بۆنەی مردنی دوموزی لەگەڵ ئبنانا وونە جیهانی ژێر زەوی و کۆڕی ماتەمینی.. لە کۆتاییەکانی چاخی بنەماڵەی ئووری سێیەم جەژنی (زاموای یەکەم (ناونرا بە (ئەکیتۆ) ولەگەڵ نەمانی دەسەڵاتی سیاسیی سۆمەرییەکان بەرەبەرە جەژنی (زاموای دووەم ) نەما .)

2

**(شایانی باسە د.مەولود ئیبراهیم حەسەن دەنووسێت:**

(چۆن جەژنی نەورۆز هە مان جەژنی – زەگمەک – ی( داستانی دەمموززو عەشتار) ی سۆمەریەکانەو تەمەنی ١٢٠٠٠ هە زار ساڵەو شووێنی هاتنەوەر سەر دنیای دەمموزیش کەدەکاتە ڕۆژی نەورۆز (شاری ژێر زەمینی هە شت چین لە ژێرچینی دێرێنکۆیۆ) ی باکووری کوردستانە، هە ر بۆیە نەورۆز جەژنێکی کوردستانیە)(دێرینۆکیۆ)شاری ژێر زەمینی چین لەژێر چین، تا دەگاتە هەشت چین و هەندێک دەڵێن زیاتریشە، ئەم شارە ژێر زەمینییە تەمەنی ١٢ هەزار ساڵە، مەزەندەی ئەوە دەکرێت کە جێگای (٣٠-٥٠) هەزار کەسی تێدا ببێتەوە بە مەڕوماڵات و گوێدرێژ و ئەسپەوە! ١٥ هەزار کلاو ڕۆژنەی هەواگۆڕێی تێدایە، شەست دەرگای هەیە، دەرگاکان لە دیوی ژوورەوە دادەخرێن و دەرگاکە بەردێکی خڕی یەک تۆنی و نیو تۆنیە، هیچ کەس لەدیوی دەرەوە بۆی ناکرێنەوە!
لەژوورەوەی ئەم شارەدا جێگای هەموو پێویستییەکانی ژیانی ئەوێ ڕۆژێی تێدایە، تا دەگاتە پەرستگاش؛ هەربۆیە پسپۆڕان ئەم شارە بە ( شاری جنۆکەکان) ناو دەبەن.

شوێنەوارناسان دەڵێن: «ئەم شارە زۆر لە هەرەمەکانی میسر گرنگترە؛ لەبەرئەوەی تەمەنی ئەم شارە ژێرزەمینییە ١٢ هەزار ساڵە، بەڵام تەمەنی هەرەمەکان هەر چوار هەزار ساڵ دەبێت!(٦). جگە لەوەش چەندین شوێنی تر لە کوردستان هەن کە هەموویان تەمەنیان ١٢ هەزار ساڵ و زیاترە وەک ( ئۆرهان تەپە – گرێ کچەڵ) و ( حەسەن کیف ) زۆری تریش کە هەموو ئەم شوێنانە

پێمان دەڵێن: (ئەو شارانە بەرهەمی سەرهەڵدانی شارستانیی بەردن)(٧). بە چەندین هەزار ساڵ پێش (شارستانیی قوڕ) ئەم(قوڕو بەرد)ەش بەهۆی جیاوازیی جوگرافیای شارستانیەتەکەیە، دەنا هەر ئەو مرۆڤانەن کە باپیرانی سۆمەریەکانیان پێ دەڵێن و ئەو باپیرانە بوون کە بەچەند هۆیەک لە کوردستانەوە بەرەو خوارەوە رۆیشتن و لەوێ (شارستانیی قوڕ) یان دروستکرد. کە چووونە خوارەوە کەلتورەکەی خۆیان لەگەڵ خۆیاندا برد و چەند گۆڕانکارییەکیان تێداکرد. بەپێی پێویستی ئەو جوگرافیا نوێیە. بۆنموونە : (کشتوکاڵی بارانی) یان کرد بە ( کشتوکاڵی ئاودێری) بەشێوەی بەرزی شاخەکان بۆ پەرستگا ( زەقورە) یان دروستکرد، ناوی شارە نوێکانیان بە هەمان کەلتوری کوردستان ناونا؛ بۆنموونە : (ئوربل) کە شاری هەولێری ئێستایە و پێشتر لە کوردستان بەم ناوەوە دروستیانکردبوو، هاتن شاری (ئور- و- ئورکو ئەرەک) یان دروستکرد، کە دەبینین(ئور)(٨) وەک ناوی شوێن و شار لە هەردوو قۆناغدا دووبارەبۆتەوە و چەندانی تر.

دەبێت ئەوەش بزانین ئەوانەی چوونەتە خوارەوە، هەموو خەڵکەکە نەبوون کە دواتر بە (سۆمەرییەکان) ناسران، بەوهۆیەوە ئێستاش ساڵانە لەهەموو کوردستان شوێنەواری پێش چوونە خوارەوە و سەردەمی چوونە خوارەوە و دوای چوونە خوارەوەشیان دەدۆزرێنەوە.)

د.مەولود ئیبراهیم حەسەن, پێویستە ساڵنامەی نەورۆزی بکرێت بە رەسمی و جیهانی

https://knwe.org/KU/Details


## ٣- جەژنی ئەکیتو Akitu:



**Swastika**-سواستیکا

لە کۆتاییەکانی سەردەمی سۆمەریی نوێ (سێیەم شانشینی ئور)، سۆمەرییەکان (و پێش ئەوان ئەکەدییەکان) یەکەمین جەژنیان (زاموای یەکەم )یان بە ناوی (ئەکیتو ) ناوبرد. لەگەڵ کۆتایی سیاسیانەی سۆمەرییەکان، جەژنی (زامۆی دووەم) وردە وردە لەناوچوو.

(بەمجۆرە یەک جەژنی خولیانە مایەوە جەژنی ئاکیتۆ)



سۆمەرییەکان لە ۲۱ی ئاداری هەمووساڵێک ئاهەنگی بۆ دەگێڕن و ئەوەش سەرەتای ساڵنامەیان بوو ،ئەکەدییەکان ودواتر بابلییەکان لەسەرەتای مانگی نیسان ئاهەنگیان بۆ دەگێڕاو بووبە سەرەتای ساڵنامەی سامییەکان بەگشتی و ۱۲ رۆژی دەخایاند.)

جەژنی ئاکیتۆ لای بابلییەکان بووە جەژنی سەرەکی بۆ ساڵی نوێ (هەرچەندە ئاماژە هەیە بۆ دوو جەژن لە بەهار و پایزدا کرابێت).

جەژنی ئاکیتۆ ڕەگ و ڕیشەی دووری سەردەمی بەردینە نوێیەکانی لە سامەراوە هەڵگرتووە، وەک لە دەفری گڵێنەیی کەوا وێنەی چوار ژنی لەسەرکێشراوە کە قژیان بە چوار ئاراستەدا بڵاوکردۆتەوە و نیشانەی خاچی چەماوەی –سواستیکا- swastika - ی دروستکردووە کە ئاماژەبوو پیت وفەڕ . ئەم سەمایە واتای نزاکردنی دەدا بۆ باران بارین . (بڕوانە ئەلنعیمی ۱۹۹۰: ۱۱٤-۱۱٥).




نیگاری (٥٩) دەفرێکی بەردین ئاماژەیە بۆ ڕێوڕەسمی باران باراندن لە سومەر، یان بۆ ئینانا و ئارشیکێگال.

ئەم جەژنە لە سەرەتادا بۆ خوداوەندی ئینانا و دوموزی ئەنجام دەدرا، کە لە یازدەهەمین ڕۆژی مانگی ئاکیتۆی سۆمەرییەکان پێشبار-قوربانی پێشکەش بە ئینانا دەکرا. بەهۆی سەرهەڵدانی ئور وەک پایتەختی سۆمەرییەکان، ئاهەنگەکە وردە وردە گۆڕا بۆ دەربڕین لە خوداوەند نانا (سین) و هاوسەرەکەی نانگال. لەبەر ئەوەی نانا لە کۆتایی مانگدا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ون دەبوو. ئەم نەریتە لەگەڵ خوداوەند مەردوخ بەردەوام بوو کاتێک فێستیڤاڵەکە بوو بە بابلی، لەوێ مەردوخ دەرفێندرا بۆ جیهانی ژێرزەوی و هاوسەنگی گەردوون و کۆمەڵگا تێک دەچوو تا کچی خوداوەند نەبۆ لە جیهانی ژێرزەوی ڕزگاری دەکرد.

دەفرێکی بەردینی نەخشێندراو (٢٥٠٠-٢٧٠٠) پێش زایین ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک هێما و وتێفرۆسمانی (الإيحاءات) تێکبەستە ی وەک ئاو، گا، مار و ڕووەکەکان، کە بە بڕوای هەندێک لە توێژەران ئاماژە بەوە دەکەن کە جۆرێکە لە ڕێوڕەسمی نزای باران باراندن بێت، وەک دوو پیاو (ڕەنگە دوو ژن!) لە هەردوو لای دەفرەکەدا دەردەکەون، کراسێکی شێوەتۆڕئاسایان لەبەردایە کە ئاماژەی بە دوموزی یان پێشگۆکانی کردووە، یەکێکیان دوو ماری لە دەستدایە کە لەسەر دوو شێر وەستاون و ئەستێرەیەکی شەش نووک لەبەردەمی دەردەکەوێت.

ئەوی تریان دوو لووزەوی ئاوی ڕژاوی هەڵگرتووە کە لەبەردەمیدا گایەک و ڕووەک هەیە. ئەستێرەیەکی شەش نووک لەبەردەمیدا دەردەکەوێت، کەوانەی مانگێکی لە سەرە . چەند پارچە بەردێک لە پەرسگای خوداوەند سین لە تەل

ئەسمەردا هەیە کە هاوشێوەی ئەم هێمایانەی لەسەرە. ڕەنگە ئەو دوو ژنە ئاماژەیان بە دوو خوداوەندەکە کردبێت، ئینانا و ئارشیکیگال.

هێماکانی نزای باران باراندن، چ لە ئاکیتۆ یان بەتەنها، ڕێوڕەسمی ناسراو بوون لە باشووری عێراق، هەرچەندە پێمان وایە پاشەکشەیان کردووە یان تێکەڵ بە ڕێوڕەسمی گەورەتر بووین کە بە ڕوونی لە فێستیڤاڵی ئاکیتۆدا دەربڕدراون.

(تێبینی : جەژنی ئەکیتو Akitu (سۆمەری ) یان ئەکیتو م Akitum (ئەکەدی):

(وشەی ئەکیتو بەشێوەیێکی تایبەتی واتای جەژن و واتای شوێنی ئاهەنگ گێرانی ئەم جەژنەشی دەگەیاند ،لەدەقە مێخییەکاندا وشەی ئەکیتۆ بەم شێوازانە هاتووە:

- ئاکیتە A-ki-te

-ئاکیتی a-ki-ti

- ئاکیتگا a kit g- a

-جەژنی ئەکیتو م (ezen)a-ki-tum

وشەی ئیزەن – ezen بەسۆمەری واتە جەژن – و لەئەکەدی بووە بە ئاسنو Isinnu ).


(کۆنترین شێوازی لە نزیکەی ٢٤٠٠ پ.ز بەئێمە گەیشتووەلەشێوەی ئا- کی –تی ئاکیتی a-ki-ti ،نیشانەی ئا واتە ئاو وبە خوازە واتە باران و کی واتە زەوی و تی کردارە بەواتای نزیک دەکاتەوە ،واتای وشەکە بە تەواوی ئاو لە زەوی نزیک کردنەوە واتە نزای باران باراندن.. ))

(لاپەڕە٣١٧ –متون سومر -٢٠٢٢)

٤- جەژنی ئیزەنماخ (Ezen-mah): واتە ئەو جەژنە گەورەیەی کە هەندێک نووسگەی سۆمەری باسی دەکەن و هەندێک جار تێکەڵ بە جەژنی بەهاری دەکرا.

# بەشی شەشەم

# ئاکار و یاساکان



پیاوی چاکەکار شارستانییەتی فێردەکرد کە وەک

یەک پیاو بێت،

دایک هیچی لە دژی کوڕەکەی نەگوت،

کوڕەکە دژایەتی  دایکی نەکرد

ئەو کۆیلەیەی گەورەکەی توڕە کرد، لە سەری نەدا.

(لە دەقی لوولەکی گۆدیا ).

توێژەران ئاکار و یاساکان بە پێکهاتەی لاوەکیی ئایین دەزانن، بەو پێیەی ناچنە ناو ناوەرۆکەکەی، بەڵکو شتێک وەک بواری کۆمەڵایەتیی ئەو پێکدەهێنن. ئایینەکان بە درێژایی مێژوو سەرچاوەیەکی بنچینەیی ئاکار و یاسادانان بووین.

کۆمەڵگای سۆمەری بە سیستەمێکی ئاکاریی بەرز و تایبەتمەند ناسرابوو، ژیانیشی بە کۆمەڵێک داب و نەریت ڕێکدەخست، پاشان یاساکانی ئاماژە بوون بۆ شارستانیەتی و کولتوور.

سۆمەری پێش هەموو شتێک مرۆییکی بەئایینە، لە خوداوەندەکانی دەترسێت و لە تووڕەیی ئەوان دەترسێت و خوداوەندەکانیش لە ڕوانگەی ئەوسەرچاوەی دادپەروەری و ڕاستین و هاوسەنگی بابەتە باش و خراپەکان لە کۆمەڵگادا ڕادەگرن، هەروەک چۆن هاوسەنگی ماف و ئەرکەکانی لەگەڵ ئەواندا هەیە، بۆیە ئەرکەکانی بەرامبەریان ئەنجام دەدات لە ڕێگەی پیرۆزکردنیان و ئەنجامدانی نوێژ و ئەنجامدانی ڕێوشوێن و ڕێوڕەسم و پێشبیی بۆدان ، وەک چۆن دروستیی ئاکاری خۆی لەگەڵ ئەوەی دیکەدا بە بابەتێک دەزانێت کە دڵخۆشکەر بێت بۆ خوداوەندەکان.

مێخوداوەند نانشا لە سۆمەردا مێخوداوەندی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بوو ، گۆدیا میری لگش بە دایکی خۆی دادەنا، باوەڕی پێی هەبوو و ڕێزێکی زۆری لێدەگرت و بەپیرۆزی دادەنا . ئەم مێخوداوەندە بە لێکدەرەوەی خەونەکان و مێخوداوەندی ماسی و پارێزەری شاری نینا (سەرگل) دادەندرێت.

هەروەها خوداوەند نینگەرسو لە لگشدا وەک پارێزەرێکی دادپەروەری دەردەکەوێت، وەک چۆن دەبینین لایەنگری چاکسازییەکانی پاشای سۆمەری ئوروکاگینا بووە ((  مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٦٠٠ی پ.ز. ئەم پاشایە خۆی بە ڕاسپێردراو لەلایەن خوداوەند نینگەرسو دەزانی بۆ نەهێشتنی چاوچنۆکیی پێشگۆکان و بەرپرسان، کەوا لە سەردەمی دەسەڵاتی پێش خۆیدا بڵاوبووەوە)) (هوک ١٩٨٧: ١٦٦).

وا دیارە بنەماڵەی فەرمانڕەوا لە لگش  کە لەلایەن (ئورنانشیە)وە دامەزراوە، گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر لە گەندەڵی کارگێڕی و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و هەر بۆیە ئەم چاکسازیخوازە گەورەیە (ئوروکاگینا **Uru-ka-gina** کە ئێستا ناوەکەی بە ئۆرۆ-ئەنمکینا دەخوێنرێتەوە) هاوسەنگیی ڕاستی و دادپەروەری گەڕاندەوە .

ئوروکاگینا ئازادی ئەو هاووڵاتیانەی گەڕاندەوە کە دوچاری زۆر نادادپەروەری ببوونەوە، سەرپەرشتیاری کەشتیوانەکانی لە سەرپەرشتیکردنی کەشتییەکان دوورخستەوە، سەرپەرشتیاری ئاژەڵداری لە سەرپەرشتیکردنی ئاژەڵە گەورە و بچووکەکان دوورخستەوە، ئەرکی سەرپەرشتیاری باجی ماسی هەڵوەشاندەوە و زیو کۆکەرەوەی دوورخستەوە ، کە پارەکەی بەسەر بڕینی خوری مەڕی سپیدا

سەپێندرابوو. ئەگەر پیاوێک لە ژنەکەی جیاببێتەوە ئەوا مافی ئیشاکوی نییە (کە فەرمان ڕەوایە) و وەزیرەکەی مافی وەرگرتنی هیچ باجی نییە ، ئەگەر خاوەنی بۆن (بۆنفرۆش) جۆرێک بۆن ئامادە بکات، نە ئیشاکو و نە وەزیرەکەی و نە چاودێرەکەی کۆشک مافی ئەوەیان نییە هیچ باجێکی لێ وەربگرن.


بەڵام ئەگەر مردوویەک لە گۆڕستاندا بنێژرێت، ئەو پارەیەی کە کارمەندەکان پێشتر لە خێزانی مردووەکانیان وەردەگرت کەمتر بووە لەوەی کە لە ڕابردوودا وەردەگیرا، لە هەندێک حاڵەتدا بۆ کەمتر لە نیوەی ئەوەی وەردەگیرا کەمکرایەوە ، موڵکی پەرستگاکە پارێزراوبوو و ڕێزێکی زۆری لێگیراوە. ئیتر باجوەرگرێک لەو سەری وڵاتەوە بۆ ئەوسەرەکەی تر نەمابوو (بڕوانە کریمەر ب ت /ب: ١١١).

چاکسازییەکانی ئوروکاگینا یەکەم ئاماژە بوو بۆ سەرەتای سەردەمی یاسادانانی مرۆیی و هێشتا نازانین ئەم چاکسازییانە لە شێوەی یاسادا نووسراون یان نا.

ئوروکاگینا لەبەردەم خوداوەند نینگەرسو، خوداوەندی شاری لگش ، پەیمانێکی بەستبوو کە ڕێگە نادات سێوی- یتیم و بێوەژنەکان ببنە نێچیری ستەمی بەهێزەکان.

چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکانی لەوە زیاتر بوون، یاسایەک یان داب و نەریتی دەرکرد کە ئەگەر ژنێک لە گەڵ زیاتر لەپیاوێک هاوسەرگیری بکات بەردباران بکرێت ، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کەوا پێش ئەوسەردەمی ژن دەیتوانی مێرد بە زیاتر لە یەک پیاو بکات.

ئەمەش واتە خێزانی ڕێکخستووە و لە پەرشوبڵاوی و ئەگەری پچڕانی سنووردار کردووە. لە کۆتاییدا بەسە ئاماژە بەوە بکەین کە وشەی ئازادی (ئامەرگی) لە چاکسازییەکانیدا ئاماژەی پێکراوە، ئازادییەکی بەرەڵا یان ئازادییەکی پەشێویانە نەبووە، بەڵکو (ئازادی لە سنووری یاسادا) بووە ، وەک ساموێل نوح کریمر باسی دەکات.




نیگاری (٦٠) پەرسکارێکی سۆمەری

خواستی سۆمەرییەکان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە کە خوداوەندەکان ئاگاداری بن و سزای ئەو کەسانە بدەن کە سەرپێچی دەکەن، لە تێگەیشتنی سەرەتایی ئەوان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دیار بوو.

ئەمەش لە تۆماری سیاسی شارەکانی بەرایی سۆمەرییەکاندا ڕەنگدانەوەی هەبوو، بەو پێیەی یەکەمین (پەرلەمان)ی سیاسی ناسراو بوو لە مێژووی مرۆیی تۆمارکراولەلایە سۆمەرییە کاندا، کە "لە دانیشتنێکی گرینگدا لە نزیکەی ٣٠٠٠ پێش زایین کۆبووەوە، وەک پەرلەمانی ئێمە، ئەویش لە دوو ئەنجومەن پێکهاتبوو: لە ئەنجومەنی پیاوماقووڵان، واتە ئەنجومەنی پیران و لە ئەنجومەنی گشتی (نوێنەران)، کە لە هاووڵاتیانی پیاو پێکهاتبوون لە ئەوانەی توانای چەک هەڵگرتنیان هەیە.کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ جەنگ بوو، بۆ بڕیاردان لەسەر بابەتێکی گرنگی پەیوەست بە شەڕ و ئاشتی کۆکرابووەوە. ناچار بوو لە نێوان ئاشتی بە هەر نرخێک بێت، یا شەڕ هەڵبژێرێت بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ، سەبارەت بە ئەنجومەنی پیران کە لە پیرە کۆنەپەارێزەکان پێکهاتبوو، بڕیاری خۆی ڕاگەیاند کە لە لایەنی ئاشتییە، بە هەر نرخێک بێت. بەڵام پاشا نارەزایی دەربڕی بەرامبەر بەم بڕیارە و دوای ئەوە بابەتەکە خرایە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران و ئەم ئەنجومەنە شەڕی بۆ ئازادی ڕاگەیاند و پاشا پشتگیری لە بڕیارەکەی کرد (کرێمەر پ ت / بی: ٢٨).

یاسادانانی سۆمەریەکان بە ڕوونی لە یاسای پاشای سۆمەری ئورنەممو (٢٠٩٦-٢١١٣) پێش زایین دەرکەوتووە. دامەزرێنەری بنەماڵەی ئور سێیەم شایەنی باسە کە ئەم یاسایە دەکرێ بە (یاسای مانگ) ناوببرێت بە هۆکاری پەیوەست بە ناوەڕۆکەکەی و بەو خوداوەندەی کە پارێزگاریی دەرکەوتنی کردووە، کە خوداوەندی (نانا)ە، خوداوەندی شاری ئور و پادشا ئورنەممو، بە پێچەوانەی یاسای حەمورابی، کە دەتوانرێت ناوی لێ بنرێت (یاسای خۆر) بە هۆکاری پەیوەست بە ناوەڕۆکەکەی و ئەو خوداوەندەی کە پارێزگاریی دەرکەوتنی کردووە و ڕادەستی حەمورابی کردووە کە خوداوەندی (شەمش)ە ، خوداوەندی خۆر و خوداوەندی دادپەروەری لە بابل.

سەبارەت بە دژایەتی سەرەکی نێوان ناوەڕۆکی ئەو دوو یاسایە، ئەوە لە سروشتی ئەو سزایەدایە کە تاوانبارەکە سزای پێدراوە کاتێک زیانی بە تاوانبەرانبەرکراوەکە گەیاندووە، یاسای ئورنەمموداد سزا کە پێدانی پێبژاردنێکی دارایی گونجاوبوو، لەکاتێکدا یاسای حەمورابی بە پێی یاسا (چاوێک لە بەرامبەر چاوێک و ددانێک بۆ ددانێک)ە، واتە بە گەیاندنی هەمان زیان بە جەستەی تاوانبارەکە بوو، دەبینین یاسای ئۆرنامو زیاتر مرۆڤدۆستانە وشارستانیترە لە یاسای حەمورابی لەم ڕووەوە. بێگومان ئەمەش لە جیاوازیی گیانیی و ئاکاری و ئایینی نێوان سۆمەری و سامییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، سۆمەرییەکان گەلێکی ئاشتیخواز بوون کە یەکەم شارستانیەتی مرۆییان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پێکهێنا و شارستانیەتێکی درێژخایەنیان هەبوو (نزیکەی ٢٠٠٠ ساڵ)، لە کاتێکدا سامییەکان خەڵکانێکی جەنگدۆست بوون و میراتێکی شارستانیی فراوانیان نەبوو.

ئەمانەی خوارەوە هەندێک لەو بڕگانەن کە پەیوەندییان بە سزای داراییەوە هەیە لە یاسای ئۆرنامودا (بڕوانە کریمەر ب ت /ب: ١٢١):

((ئەگەر پیاوێک دژی... بوو.. بە ئامێرێک.. پێی بڕییەوە، دەبێت (١٠) شیکڵ – شیقل زیو بدات

ئەگەر پیاوێک بە چەک ئێسکی کەسێکی تری شکاند، یەک (مین - من ) زیو بدات.

ئەگەر پیاوێک بە گێسبو لوتی پیاوێک ببڕێت، دوو لەسەر سێی (مین) زیو دەدات.))

نەریتەکانی یاسادانانی سۆمەرییەکان بەردەوام بوون، یاسای ئەشنۆنا کە بە زمانی سۆمەری نووسرابوو، دەرکەوت، پاشخانی یاسایی و ئاکاری کۆنی وەبەرهێنا، دواتر یاسای (لیبەت ئیشتار) دەرکەوت، کە بە زمانی سۆمەری نووسرابوو.

## ئایینزانبی -فیقهی سۆمەری

ئەگەر بە شێوەیەکی زاراوەیی ئایینزانبی پێناسە بکەین، ئەوا ئەگەری بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە بۆ ئەو قۆناغانەی کە تێیدا وەک زاراوەیەک ناسراو نەبووە،لە بەکارنەهێنانی دەخەینە لاوە ، بەڵام وەک بارودۆخێکی ڕەواناسی و یاسایی و نەریتی بوونی هەبووە و ئایینزانبی- فیقهیش بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت ((زانینی بڕیارەکانی ڕەواناسی -شەریعەتی کرداری کە لە بەڵگە وردەکانیانەوە بەدەستهێنراوە ، یان ئەوە خۆی ئەم بڕیارانەن، بڕیارەکان کۆی بڕیارە بەواتای جێگیرکردنی فەرمانێک، پاشتیک یا کاروبارێک دێت بە شێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی، وەک ئەوەی کاتێک دەڵێین خۆر هەڵاتووە یان نا، ئاوەکە گەرمە یان گەرم نییە ، مەبەست لە بڕیارەکان لێرەدا ئەوە دەسەلمێنێت کردەوەی ئەو کەسانەی ڕاسپێردراون چییە: پابەندبوون ، پێشنیاربوون ، ناڕەوابوون، یا ڕەوابوون، ڕێگەپێدراوبوون، گەندەڵ بوون، یان نادروست بوون (زیدان Zaidan ١٩٦٤: ٦).

لە ڕێگەی بەدواداچوونمان بۆ هەرسێ یاسای سۆمەری (ئورنامو، ئەشنوننا و لیبێت ئیشتار)، هەوڵ دەدەین ، بۆ نموونە هەندێک بڕگەی ئایینزانبی سۆمەری لە هاوسەرگیری، جیابوونەوە، زینا و میراتدا وەربگرین.

لە هاوسەرگیریدا ڕەزامەندی باوک و دایکی کچەکە بەپێویست داندراوە ، هەروەک لە ماددەی ٢٧ی یاسای ئەشنونندا هاتووە کە (ئەگەر پیاوێک بەبێ ئەوەی داوای لە باوک و دایکی بکات ژنێک بێنێت و خوان وئاهەنگی هاوسەرگیری ئەنجام نەدات و گرێبەست لەگەڵ باوک و دایکی نەکات ، ئەوا ئەم ئافرەتە ژنی ئەو نییە تەنانەت ئەگەر ساڵێکی تەواو لە ماڵەکەیدا ژیابێت.)

سەبارەت بە مادەی ٢٨یش دەڵێت: "ئەگەر گرێبەست لەگەڵ باوک و دایکی بکات و خوانێک ساز بکات و بیهێنێت ، ئەوا (لەم حاڵەتەدا) ژنێکی یاساییە و ئەگەر لە باوەشی پیاوێکی دیکەدا بینرا، ئەوا ئەو ژنە دەبێت بمرێت و بەردەوام نەبێت لە

ژیان".ئەم یاسا ئاکارییە ئاماژەیە بۆ ڕەزامەندی بنەماڵەی کچەکە و قەدەغەکردنی زینا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ سروشتی کۆمەڵگەی سۆمەری.

گرێبەستی هاوسەرگیری پێویست و چارەنووسساز بوو، کۆمەڵەیەکی زۆر لە گرێبەستی هاوسەرگیری سۆمەری دۆزراوەتەوە.

پێش مارەییەکە سۆمەرییەکان (دیاری زاوا) یان دەدا ، وەک دیارییەکی دەزگیرانی و پێش هاوسەرگیری و بە سۆمەریش پێی دەگوترا (نی-می-وس-سا ni - mi - us - sa).مارەییش پێی دەگوترا(کودام توکو Ku - dam - tuku) واتە زیو بۆ ژن هێنان.

سەبارەت بە تەڵاق، لای سۆمەریەکان پێی دەوترێت (تاک Tag) واتە (وازهێنان)، کە بەهۆی ڕەفتاری خراپی ژنەکەوە ئەنجامدراوە، یان ژنەکە جووت بوونی لەگەڵ مێردەکەی ڕەتکردۆتەوە ، یان دیارنەمانی بۆ ماوەیەکی زۆر، یان بەهۆی نەزۆکییەکەیەوە. باس لە حاڵەتەکانی گێڕانەوەی ژنەکە کراوە دوای جیابوونەوەیان.

ژن مافی جیابوونەوەی هەبووە لە مێردەکەی ئەگەر لە ڕێگەی شایەتحاڵەکانەوە بیسەلمێنێت کە مێردەکەی خراپ مامەڵەی لەگەڵ کردووە،یا ناپاکی لێکردووە، یان تۆمەتباری کردووە کەچی ژنەکە لێی بێتاوانە (بڕوانە عەقراوی ۱۹۷۸: ۱۱۰-۱۱۲).

پابەندبوونی دارایی هەبووە، واتە ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین مارەیی دواخراو لە ئەگەری جیابوونەوەدا و هەندێک یاسا بەهای ئەم مارەییەیان دیاری کردووە. منداڵەکان بەپێی یاسای ئەشنۆنا لە کاتی جیابوونەوەدا لەگەڵ دایکیان دەستیان بەسەر هەموو موڵک و ماڵی باوکیاندا گرتوە.

سەبارەت بە میراتیش لای سۆمەریەکان بە (نک ئی ئەبا) ناسرابوو، کە بریتیە لە سامانی باوک یان سەرۆکی بنەماڵە کە لە ماوەی ژیانی باوک یان دوای مردنیدا دابەش دەکرا، زۆرێک لە یاساکان ئەم بابەتەیان ڕێکخستبوو.

میراتگر بە سۆمەری بە(ئیبیلا Ibila) ناودەبرێت، کە بۆ مێینە و نێرینە بەکاردێت و پشکی یەک میراتگریش پێی دەوترێت (هالا ha-la). ڕێسای یاسایی هەیە بۆ پشکی منداڵی نێر و مێ و پشکی ژن لە میرات وموڵک و ماڵی هاوسەرەکەی (بڕوانە عەقراوی ۱۹۸۷: ۱۲۳-۱۳۰).

ئەمە تێڕوانینێکی گشتی سادەیە بۆ هەندێک لایەنی ڕێچکەزانیی -فیقهی سۆمەری لە باری کەسیدا و دەتوانرێت ئەم بابەتە لە کاروباری گشتی و هەندێکی تردا بە شێوەیەکی بەرفراوان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

**دادپەروەریی خوداوەندی**

سۆمەرییەکان گەردوونیان وەک دەوڵەتێکی دادپەروەرانە وێنا دەکرد کە خوداوەندەکان فەرمانڕەواییان تێدا دەکرد، و خوداوەندەکان سیستەمێکی پلەبەندییان هەبوو کە تێیدا هاوسنگیی بەرپرسیارێتی و ئەرکەکان ڕوون بوو، بەڵکو لەو قووچەکەیدا ڕەنگدانەوەی هەبوو، کە ئێمە لە درەختی ڕەچەڵەکی خوداوەندەکانەوە دەمانزانی، جۆرێک لە هاوسەنگی قووڵ لە نێوان سروشت و نهێنییەکانیدا و چەمکەکانی گونجاو لەگەڵ ئەم سروشتەدا، کە لە خوداوەندەکاندا دەربڕدراون ،لەوکاتەیدا (ئان) خوداوەندی ئاسمان لە شوێنە باڵاکەیەوە سەیری هەموو ڕووداوەکانی گەردوون دەکات ، ئەواخۆی تێکەڵ ئەرکەکانی ئێنلیل نەدەکرد،

کە دەسەڵاتەکانی چۆلایی دەوروبەری زەوی بەدەستەوە بوو، سروشت و هەسارەکان و تاریکی و باکانی ڕێکدەخست، سەرپەرشتی جیهانی ژێرزەوی دەکرد و خوداوەندەکانی لە نەوەکانیەوە بۆ هەموو ئەم کەرتانە دیاری دەکرد و بەهۆی دەستگرتنی بە دەسەڵاتەکانەوە ببووە سەرچاوەی دەسەڵاتی پاشاکان، بۆ ئەوەش لەلایەن خەڵکەکە لێی دەترسان وچونکە بە فەرمانڕەوای ڕەهایان دەزانی و بە دادپەروەریان دەزانی، دادپەروەریش هاوسەنگی ناسکی نێوان تەنها ماف و ئەرکەکان نەبوو ، بەڵکو دەسەڵات و ئاماژەکانی توندیی ودڕندەیی بوو بۆ ئەوەی پاشاکان زێدەڕۆیی نەکەن و خەڵک هەڵە نەکەن.

سەبارەت بە (ئینکی)، ئەو خاکی بە تایبەتی لە ئەستۆدابوو و چاکە و ژیان و شارنشینی لە سۆمەر پەرەپێدا ، ئەفسانەی ڕێکخستنی سۆمەر لەلایەن ئێنکیەوە ڕۆشنایی دەدا کە چۆن ئەم خوداوەندە (( وڵاتی سۆمەری خستە جووڵەوگۆڕانەوە، و ئەم وڵاتەش ئەوکات ناوەندی کاریگەری جیان بوو). بۆیە ئەو ڕێڕەوی دوو ڕووبارەکەی ڕادەستی خوداوەند (ئەنبیلولو) کردبوو و ڕەوتی زەلکاوەکانی دەوڵەمەند بە ماسی هەڵکەوتوو لە باشووری وڵاتی ڕادەستی خوداوەند (نانا) کردبوو ، ناوچەی دەریای ڕادەستی خوداوەند و بۆ (نانشە) کردبوو ، سیستەمی بارانی ڕادەستی خوداوەند (ئیشکور) کردبوو ، کارگەی خشتی ڕادەستی خوداوەند (کۆڵا) کردبوو ، بیناسازی بینا ڕادەستی خوداوەند (مەشدامە) کردبوو ، ئاژەڵە

کێوییەکانی ڕادەستی خوداوەند (سوموقان) کردبوو ، بەخێوکردنی ئاژەڵی ڕادەستی خوداوەند (دوموزی ) کردبوو ، هەموو کەرتی جلوبەرگی ڕادەستی خوداوەند (ئاتوو) کردبوو ، هەموو شتێک کە پەیوەندی بە بەرهەمە کانی مرۆڤەوە هەیە ڕادەستی خوداوەند (ئارۆرۆ) کردبوو ، کاری دارستان ڕادەستی خوداوەند (ننموخ) کردبوو ،..هتد هەموو جیهان بەپێی ئەم شێوازە، بە وردی وەک شانشینییەک و بەپێی ڕێکخستن و پلەبەندیی دەسەڵات بەرەوپێش دەچوو . (Botero ۱۹۹۰: ۲٦۲ بوتیرو ).

ژان بۆتێرۆ لەوەداسەرکەوتوو بوو کاتی سەبارەت کارەکانی ئەم خوداوەندانە وتوویەتی: هەریەکەیان لەم سەمفۆنیایە گشتگیرەدا لە شوێنی خۆیدا ئامێرەکەی دەژەنێت، لە ژێر سێبەری ئەو کەسانەی کە جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە.

دادپەروەری زەمینی و هاوسەنگی زەمینی لە دادپەروەری خوداوەندیی و ئەم یەکدەنگییە سەرسوڕهێنەرە لە کاری خوداوەندەکاندا وەرگیراوە.

بۆیە ئەو هەڵانەی لە دژی ئەم یاسا هەمەلایەنە ئەنجامدەدرا، یەکسان بوو بە هەوڵدان بۆ پێشێلکردنی ئەم یاسایە و زیانگەیاندن بەو سروشتەی کە دەیپارێزێت، لە ژێر ئەم تێگەیشتنەدا ئاکاری سۆمەری بە هێمنی و دڵنیایی و ئاشتیانە گەشەی کرد،تەنیا بە دەستێوەردانی گەلانی دراوسێ دەشێوێندرا، کە خوازیاری ناوەندگەرایی و فراوانبوون و حوکمڕانی بوون .

سۆمەرییەکان جیاوازییان لە نێوان ئەو گوناهە ئاینییە دەکرد کە تووڕەیی خوداوەندەکانی دە وروژاند و ویژدانی لەکەدار دەکرد و ناویان لێنابوو (سپیدا Sepeda SE. BI. DA)، و جیایانکردەوە لە تاوانە سیاسی و ئاکارییەکان کە ناویان لێنابوو ( نام تاگ

NAM. TAG) ، واتە ئەو گوناهەیە کە دژی یاسا شارستانییەکان ئەنجام دەدرێت. (بڕوانە لانگدۆن Langdon ۱۹۵۸: ۵۳۲).

سۆمەرییەکان پێیان وابوو کە گوناه لەگەڵ بوونی مرۆڤدا بوونی هەیە و هەمیشە دوچاری دەبێت، وەک یەکێک لە دەقە سۆمەرییەکان باسی ئەمانەی خوارەوەی کردووە:

((ئەوان (واتە داناکان) قسەی ڕاست دەڵێن:

هیچ منداڵێک بێ گوناه لە دایک نەبووە

له هەرهەبووەوە-ئەزەلەوە هیچ منداڵێک بەبێ گوناه نەبووە.

(کریمەر Kramer ١٩٦٤: ١٢٨)

تەنها خوداوەندەکان بە تەواوی ئاگاداری ئەو گوناهانەن، بەڵام مرۆڤ ئاگاداری هەندێکیانە و بەو هۆیەوە دەکەوێتە ژێر سزا بە هۆکارێک کە نایزانێت و خوداوەندەکان دەیزانن، وەک یەکێک لە نزاپەناگرییەکانی سۆمەری دەڵێت:

((خواوەندا هەڵەکانم قورسن و گوناهەکانم زۆرن).

مرۆڤ (هەرچییەک بێت) چی دەزانێت

نازانێ کارێکی چاکی کردووە یان کارێکی خراپ.

(لانگدۆن Langdon ١٩٥٨: ٥١٨)

ئەوە مرۆڤە لە نەریتی سۆمەریدا، دوچاری گوناه دێت، گوناهەکانی نازانێت و بە لای وی خوداوەندەکانن کە هەموو شتێک دەزانن.

ئەگەر تاوانێکی کرد (بە ئاگاداری یان نەزانی) خۆی دەخاتە بەر سزای خوداوەندەکان چونکە یاسای ئەوانی پێشێل کردووە، سزای خوداوەندەکان جیاواز بوو، لە زیانێکی سادە دەستی پێکردوە و بە نەخۆشی و مردن کۆتایی هاتووە،بەڵام ئەگەر گوناهبار لەبەردەم خوداوەندەکەیدا دان بە گوناهەکەیدا بنێت، سزاکەی کەم دەکرێتەوە. ئەگەر پێشبارییەکانی بۆ بکات و ئەگەر پەرسگایەکی بۆ دروست بکات، ئەوا کەم دەکرێتەوە یان نامێنێت.

پێدەچێت پەرسگا ئەو شوێنە بووە کە تاڵەکانی دادپەروەری تێدا کۆبوونەتەوەە، جا خوداوەندیی بێت،یا شاهانە بێت یان گشتی بێت، چونکە پەرسگای سۆمەریەکان بە گەورەترین دامەزراوەی گیانیی و ئاکاری و یاسادانان دادەنرێت و ئەم دەزگایە ماف و ئەرکی پاشا و مرۆڤەکانی لەبەردەم خوداوەندەکاندا ڕێکدەخات و کۆشکەکەش رکابەری پەرستگای نەدەکرد تەنها کاتێک نەبێت کە هەندێک لە پاشاکانی ئەکەدی خۆیان بە خوداوەند دانا و ئەمەش بووە هۆی تێکچوونی ئەم داب و نەریتە سۆمەرییە. .

## فەرهەنگۆکی

## هەندێ

## زاراوەی سۆمەری

**ئاداب :** Adab or Udab ئاداب یان ئوداب (شارێکی سۆمەریی کۆنە لەنێوان تەللو ونیپورە )، ئەلبسمایەیە لە پارێزگای واسیتی عێراق.

**ئاداپا** A dapa : کوڕی خوداوەندی دانایی و حیکمەت ئینکی -"ئەیا"یە و خوداوەندی شاری (ئەریدۆ)ی سۆمریەکانە، بە گوێرەی ئەفسانەی سۆمەری، ئاداپا کاتێک لە کەنار دەریا خەریکی راوە ماسی بوو، باڵندەی گەردەلوول هێرشی دەکاتە سەر، بەڵام ئاداپا توانی باڵی باڵندەکە بشکێنێت، ئەمش بووە هۆی توڕەیی و نارەزایی خوداوەندان، بۆیە "ئەیا" لە دوای ئاداپای نارد و بۆ ئەوەی رق و توڕەیی (ئانۆ)ی خوداوەندی ئاسمانی پێ رابگەیەنێت، هەروەها پێش چونی ئادابا بۆ جیهانی ژێرەوە، ئامۆژگاری کرد و پێیگوت: خوداوەندان خواردن و خواردنەوەی مردنت دەدەنێ، نەکەی وەریبگری. بەڵام کە دەچێتە ئەوێ، خوداوەندی ئاسمان "ئانۆ" نان و ئاوی ژیانت پێشکەش دەکا، کەچی (ئاداپا) لەسەر قسەی باوکی وەریان ناگریت و نایخوات، گەڕاوە سەر زەوی و نەمری دۆڕاند و لە دەستی دا. ئەم ئەفسانەیە سەرچاوە و بنەرەتی کەوتنی مرۆڤ و چیرۆکی (ئادەم و حەوا) پێک دێنێت تێبینی لەیەکچونی هەردوو ناوی (ئاداپا—ئادەم) بکە.

**ئادەم :**ادم،لەتەورات,لەسۆمەری(ئەلولم),یا(ئەبولم),بولیم,لە بابلیدا لولو lullu=مرۆ.

**ئاسالوهی- ئاسالوحی** ( Asalluhi (god)   : کوڕی ئێنکی/ئێیا  Enki/Ea و خوداوەندی جادوو و سیحرە، هەندێک جار لەگەڵ مەردوک  تێکەڵ بووە. ئیتیمۆلۆژیا و مانای ناوەکەی ڕوون نییە.

**ئاگێگی:** اجیجي (کۆمەڵە خوداوەندەکان) زاراوەی "ئەگیگی" بۆ یەکەمجار لە سەردەمی بابلی کۆن (نزیکەی ١٨٣٠ پێش زایین - ١٥٣١ پێش زایین)

بەبەڵگەکراوە ، ئەم زاراوەیە بەزۆری ئاماژەیە بۆ خوداوەندە سەرەکییەکان ، کە دەسەڵاتی گەورەیان هەیە، بەڵام دواتر ئاماژەبوو بۆ هەموو خوداوەندەکانی ئاسمان بەگشتی لە هەندێک حاڵەتدا، زاراوەی "ئەنونناکی" و "ئەگیگی" بە هاوواتای یەکدی بەکارهێنراون.

**ئامرازی بەردی** :( Pebble Tools)

**ئامرازە وردەکان:** Micro lithic

**ئان** : ان **An (ئانۆ Anu)** خوداوەندی ئاسمانی میزۆپۆتامیا، یەکێک لە خوداوەندە باڵاکان؛ بە سۆمەری بە ئان و لە ئەکەدیدا بە ئانو ناسراوە،لە ئەفسانەی سۆمەریدا یەکەم پانسیۆنی خوداوەندی نێرینە بە سەرۆکایەتی خوداوەندی ئاسمان(ئان) دامەزرێنرا، کە زۆربەی خەسڵەتەکانی یەکەمین دایکی خوڵقێنەری خستە پاڵ خۆی. ناوی ئەم خوداوەندە بە نووسینی بزماری لە شێوەی ئەستێرەی هەشت ئاراستە(ڕوو) دەنوسرێت. ئەو ئەستێرەیەش هێمایە بۆ خوداوەند و بۆ ئاسمان لە یەک کاتدا. بۆیە ئان(ئانۆ) خوداوەندی ئاسمانە لە ئەفسانەی سۆمەریدا و بە گەورەترین خوداوەندی سۆمەریەکان دانراوە، چونکە خوداوەندی هەموو خوداوەندەکانە. ئانۆ باوکی زۆربەی خوداوەندەکانە، وەک خوداوەندی با "ئانلیل" و خوداوەندی ئاوهەوا "ئاشکور" و خوداوەندی ئەڤین و ژیان (ئینانا). هەروەها باوکی خواچەخوداوەند (پاپا)شە، کە خوداوەندی شاری (لەکش)ە و ژنی خوداوەند (نەنگرسۆ)یە، هەروەها باوکی خوداوەند (نەسابا)یە، کە خوداوەندی دانەوێڵەیە. لە هەمان کاتدا ئان(ئانۆ) باوکی هەندێک دێو و ئەژدیهای شەڕانی و و گیانە بەدەکانیش بوە، لەوانە حەوت دڕنجەکان کە بە (سیبیتۆ)ناسراون. جگە لە مە، ئانۆ خوداوەندی نەخۆشیە و مردنی بۆ مرۆڤ داناوە. بۆیە سۆمەریەکان بڕوایان وابوو کە ئان سەرچاوەی خێر و شەڕە و هۆکاری ئەو کارەساتانەیە کە بەسەر مرۆڤدا دێت واتە هەڵوێستی لە بەرامبەر مرۆڤ خراپە. شاری "ئۆرۆک" مەڵبەندی پەرستنی ئەم خوداوەندە و (ئینانا)ی کچی بووە. دروشمی ئەم خوداوەندە بریتی بوو لە: تاجی شاخدار کە لە سەر بەرزاییی(دکە)یەک دادەنرا. ئەفسانەیەکی سۆمەری بۆمان باس دەکات، کە خوداوەند ئانۆ گەنم و جۆی لە ئاسمانەوە بۆ زەوی هێناوە و "ئەنلیل"یش هەڵساوە بە کۆکردنەوەیان و لە وڵاتی چیاکاندا داینا وە و چیاکانی داخستوە، هەر وەک چۆن دەرگایەک دادەخرێت. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە سۆمەریەکان ئەستێرەی هەشت ئاراستەیان لە پێش ناوی خوداوەندەکان داناوە، کە ئاماژەیە بۆ هەموو ئاراستەکانی جیهان.

**ئوتو ناپشتم:** ut napishti واتە ئوتو هەیەتی ,ناپشتم ژیان , نەمری.

**ئوتوکۆ Utukku:** ناوی گروپێکە لە دێو و ئەهریمەنەکان، لە ئەفسانەی بابلی و ئاشووریدا، بابلیەکان بڕوایان وابوو کە گیانەبەدەکان لە ناو هەموو بوونەوەر و شتێکدا هەن و خۆیان مەڵاسداوە بۆ هێرش کردنە سەر مرۆڤ. هەر دێوێک لە مانە ناوی تایبەت و ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەبووە، وەک: لیلیتو کە گیانێکی ئەهریمەنیە و لە شەودا کارەکانی ئەنجامدەدات و "ئیکی" کە ئەمەش دێوێکە لە ناو گۆڕستانەکاندایە و هێرش دەکاتە سەر ڕێبواران. هەروەها"رابیۆ و لاباتۆ"ش دوو ئەهریمەنی دیکەن کە ئازاری کەسە نووستوەکان دەدەن.

**ئور Ur :**(دەکەوێتە شوێنی تەل المقیر ی تازە لە باشووری عێراق، پارێزگاری زیقار) - نانا NANNA– مانگ، سەکورەی هەیە ، لەبەر ئەوەی قیری زۆر تیا بەکار هاتووە لە قوڕ دروستکراوە بە ئاجور و قیر سواق دراوە ، ناوچەکە بە (تل المقیر-مگیر) ناسراوە ،چاخی عوبیدی تیایە ،پاشماوەی لافاوی تیایە لە ٤٠٠٠ پ.ز ڕووی داوە ، گۆڕستانی شاهانەی تیایە . خەنجەری زێڕ و قیسارە و پیاڵەی زێڕ و ملوانکەی مووروو و بەردی بەنرخ ....

**ئوروک Uruk :**دەکەوێتە دووری ٣٠ کم ی ڕۆژهەڵاتی (السماوە- لە پارێزگای (المثنی))) ئینانا INANNA - آن Anu -الزهرە، السماء)

**ئوما Umma :** تل جۆخا Jokha (لە پارێزگای زیقار)- شارا- جەنگ.

**ئۆتۆ Uttu :** خوداوەندی (خۆر) ە ، بە پێی بیروباوەڕی سۆمەرییەکان، ئۆتۆ لە شەودا نوقمی دەریاکان دەبێت و بەیانیانیش لە نێوان چیاکانەوە هەڵدێت.
ئەکەدییەکان ئەم خوداوەندەیان بە (شمش) ناوبردووە. بە گوێرەی دەقە مێخیەکان ئۆتۆ کوڕی خوداوەندی مانگە. ئەو هێما بزماریەی بۆ ئەم خواوەندە بەکارهاتووە، لە هەمان کاتدا بۆ وشەی ڕۆژ بەکارهاتووە. (ئینکی= ئەیا) ژنی خوداوەندی ڕۆژ(ئۆتۆ)یە. ئۆتۆ بە خوداوەندی داد و حەق داندراوە، چونکە بە هۆی تیشک و ڕووناکیەکەی هەموو شوێنە تاریکەکان دەبینێت و ڕووناکدەکاتەوە، هەروەها ئۆتۆ بە خوداوەندی پێشبینیکردن و پێوارزانی -عرافە داندراوە. بە گوێرەی باوەڕی سۆمەریەکان هەڵوێست و ڕەفتاری خوداوەند (ئۆتۆ=شمش) بەرامبەر مرۆڤەکان باش بووە و نیازی پاکی بەامبەر مرۆڤ هەبووە، هەروەک لە داستانی گلگامیشدا دەردەکەوێت، کە لە پرۆسەی کوشتنی (خەمبابا)ی دێو، یارمەتی گلگامیش و ئەنکیدۆی داوە.

**ئۆرکاجینا :** اورکاجینا،پاشای سۆمەری ئۆرکاجینا لە (٢٣٥٥ پ.ز)فەرمانڕەوابووە,بۆ یەکەم جار بوو,رێگری کرد ژن زیاتر لە یەک پیاوی هەبێت.

**ئێرا (خودا)** Erra (god) :خودای شەڕ و بەڵاکان، کە دواتر پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ خوداوەندی جیهانی ژێرزەوی نێرگال Nergal دا دروستکرد

**ئیرش - کی گال (مێخوداوەند** Ereškigal (goddess :)**:** ناوی (ئیرش - کی گال) لە زمانی سۆمەریدا واتە (شاژنی جیهانی ژێرەوە)یان (خودانی زەوی گەورە). لە ئەفسانەی سۆمەریدا، خواچەی جیهانی ژێرەوەبووە، هەروەها خوشکی خواچە ئینانایە، لەگەڵ خوداوەند نرگال ژن و مێردن. (ئیرش - کی گال) خۆی و لەگەڵ چەندان دەست و پێوەند و شەیتانەکان لەوێ(ژێر زەوی) لە کۆشکێکدا دەژین، کە لە بەردی (لازوەرد) بنیات نراوە و سۆمەریەکان پێی دەڵێن(ای- گال- کی- نا) واتە (کۆشکی داد). لە ئەفسانەیەکی کۆنی سۆمەریدا هاتووە، کە (ئیرش - کی گال) لەلایەن (کور) خوداوەندی جیهانی ژێرەوە ڕفێندراوە و کردی بە ژنی خۆی و شاژنی جیهانی مردوان، هەروەک لە دەقی ئەفسانەکەدا هاتووە: "پاش ئەوەی ئاسمان لە زەوی دوورخرایەوە.

**ئیسین Isin:** شوێنێکی شوێنەوارییە لە پارێزگای دیوانیە لە عێراق.

**ئیشکور\ ئاداد : (خوداوەند)Iškur/Adad ( إشکور / اداد) )** خوداوەندی زریانی میزۆپۆتامیا، پەیوەستە بە هەردوو تایبەتمەندی ژیانبەخشی و وێرانکەری باران و لافاو،خوداوەندی کەشو هەوایە لە ئەفسانەی سۆمەریدا، هاوتای خوداوەند(حدد)-ە، لە ئەفسانەی ئەکەدیدا، ئیشکۆرخوداوەندی باران و بروسکەیە و بە برای خوداوەندی خۆر داندراوە. لای ئەکەدیەکان ئەم خوداوەندە نمایندەی هێزی سروشت بووە، بە خێر و شەڕەوە. توانای هەیە رووەکەکان سەوز بکات.
ئیراخنە(Erachne): کیژێکی جوانە، لە بواری تەشی رێسیدا دەکەوێتە رکابەری ئاتنە و ئاتنە غەزەبی لێ دەگرێ و دەیکات بە جاڵجاڵۆکە.

**ئیمیز Emes:** خوداوەندی گەشەکردنی رووەکە لە ئەفسانەی سۆمەریدا، خوداوەند "ئینلیل" ئەو خوداوەندەی خەلقکردوە، بۆ ئەوەی ئەرک و کاروباری دارستان و کێڵگە و لەوەرگاکان ئەنجامبدات. ئیمیز پەیوەست کراوە بە پیت و فەڕی زەوی.

**ئینانا Inana /ئیشتار Ištar (مێخوداوەند) :ئینانا** (سۆمەری)/ئیشتار - عشتار (ئەکادی) لە گرنگترین خوداوەندەکانە و گرنگترین خوداوەندە لە کۆڕی

خواوەندانی میزۆپۆتامیادا. ئەو بە پلەی یەکەم بە خوداوەندی خۆشەویستی سێکسی ناسراوە ،بەڵام بە هەمان شێوە وەک خوداوەندی شەڕ دیارە، لە لایەنی ئەستێرەیی خۆیدا، ئینانا/ئیشتار هەسارەی ڤینۆس و ئەستێرەی بەیانی و ئێوارەیە،سۆمەریەکان وای بۆچوون، کەوا ئینانا لەبەر مردنی ساڵانەی (دوموزی) دەبوا بۆ جیهانی مردووان، کۆچ بکات و لەبەر ئەمە دەبوایە سەرێکی لە خوشکی خۆی (ئێرش کیگال) خوداوەندی مردووان بدات، لەگەڵ داهاتنی چەرخی مێژوویدا (٣٥٠٠ پ. ز) خوداوەندی نێری ئاسمان (ئان) وەک نیشانەی سیستەمی کۆمەڵی باوکانەی دەسەڵاتدار پەیدا دەبێت، بەڵام سروود و نزاکانی خەڵکی سادە لە پەرستگاکاندا هێشتا بەرامبەر خوداوەندی دایک (ئینانا) هەروەک خۆی مابۆوە و هیچ خوداوەندێکیش نەدەگەیشتە پلەی ئەو،هەر وەک لە نوێژە پاڕانەوەیەکی بەرزکراوە بۆ (ئینانا)ی مێخوداوەندی سروشت و بە پیتی زەوی وسوڕی کشتوکاڵ و زاوزێکردن، دەردەکەوێت، کە تیایدا هاتووە: " ئەی خودانی یاسا گەردوونیەکان، ئەی رووناکی پڕشنگدار، هۆ ژیانبەخش و خۆشەویستی مرۆڤ، تۆ لە (ئان)ی سەرۆکی خوداوەندان گەورەتری. ئەی شاژنی دانا و زانای وڵات، هۆ زۆرکەری بوونەوەرەکان". ناوی ئینانا لە وڵاتی کورداندا، بەم ناوانەی خوارەوە دەناسرا: یەکەم، بە "نینەnina یان نەنەnana " کە لە ناوچەی دێر و مەندەلی و سۆبارتودا پەرستگەی تایبەتی بۆ دروستکرابوو، بەڵام مەزنترین پەرستگەی ئەم خوداوەندە پێش چاخی ئاشووری لە شاری (نینەوا)دا، دروستکرابوو. دووەم: لە (نوزی) لە نزیک لەیلاندا. لە کەرکوک و هەولێردا ئەم خوداوەندە بە شاووشکا ناوبانگی دەرکردبوو. سۆمەریەکان وێنەی درەختی چاکە و خراپەیان لە نێوان ئینانا و هاوەڵەکەیدا جێگیردەکرد و مارێکیش بە راوستاوی لە پشت ئەم خوداوەندەدا دەوەستا. لە داستانی "شۆڕبوونەوەی ئینانا بۆ جیهانی بن زەوی"دا هاتووە، کاتێک خوداوەند"ئینانا" بە خۆرازاندنەوەی تەواوەوە لە دەرگاکانی جیهانی خوارەوە نزیک دەبێتەوە. (نیتی) پاسەوان دەیوەستێنێت، دوای ئەوەی پارچەیەک لە جلوبەرگ و پارچە خشڵێکی لێ وەردەگرێت، رێی دەدات لە دەرگای یەکەمەوە بچێتە ژوورەوە. لە دەرگای دووەم و دەرگاکانی تریشا هەمان رووداوی بەسەردا دێت، کە دەشگاتە حەوشەی ناوەڕاست (ئێرش کیگال)ی خوشکی دەبینێت حەوت شەیتان دەوریان داوە. (ئێرش کیگال) چاوی کوشندەی تێ دەبڕێت و دەیکاتە لاشەیەکی بێ گیان. پاشان رێورەسمەکانی دیکەی ئەفسانەکە ئاوا دەروات: خوداوەند(ننشوبر)ی شاڵیاری خوداوەند ئینانا، بە جلوبەرگی سواڵکەرێکەوە و بەشین و گریانەوە دەچێتە پەرستگەی خوداوەند(ئینلیل)ی خوداوەندی هەوا لێی دەپاڕێتەوە، تا ئینانا رزگار بکات و نەهێڵێت بمرێت، بەڵام کە خوداوەند(ئینلیل) بە هانای خوداوەند ئینانوە

نایەت، ننشوبر دەچێتە لای خوداوەند (ننار)ی خوداوەندی مانگ، ئەویش بە هاواری خوداوەند ئینانا‌وە نایەت، بۆیە هانا دەباتە بەر خوداوەند (ئینکی) خوداوەندی ئاو زەوی و حیکمەت، ئەو خوداوەندەی بە باشی نهێنی خواردنی ژیان و ئاوی ژیان دەزانێت. کە(ئینکی) هەواڵەکەی پێ گەیشت، بڕیاریدا یارمەتی بدات و دوو ئافەریدەی دروستکرد، کە رەگەزیان دیار نییە و ناوی نان "کورکارو" و "کالاتور" بە هەردوکیشیانی گوت گوێ لە رێنماییەکانم بگرن. جا کە خوداوەند (ئینکی) رێنماییەکانی تەواوکرد، هەر دوو ئافەریدەکە بۆ جیهانی خوارەوە شۆڕبوونەوە و بە پێی رێنماییەکانی جولانەوە. بەم جۆرە گەیشتنە لای لاشەی خوداوەند ئینانا . کاتێکیش "کورکارو" رووەکی ژیان و و "کالاتور" ئاوی ژیانیان پێدا پرژاند، ئینانا رۆحی بە بەردا هاتەوە و ئامادەبوو بۆ گەڕانەوە بۆ جیهانی سەرەوە، ئەگەر چی ئینانا ژیایەوە، بەڵام گرفتەکانی تەواو نەبون، چونکە بە گوێرەی یاسای جیهانی خوارەوە هەر کەسێک لە دەرگایەوە بچێتە ژوورەوە، ئەگەر یەکێک لە جێی خۆی دانەنێت، ئەوا ناتوانێت بۆ جیهانی سەرەوە بگەرێتەوە، بۆیە کاتێک رێی پێدرا بگەرێتەوە جیهانی سەرەوە، کۆمەڵێک شەیتانی لە گەڵ نێردرا تا ئەگەر نەیتوانی کەسێک بدۆزێتەوە لەوێ جێیبگرێتەوە، ئەوا شەیتانەکان بۆ جیهانی خوارەوەی بگەڕێننەوە. ئینانا لە رێگادا تووشی چەندان خوداوەند بوو، کە شەیتانەکان دەیانەویست بیکەنە جێگرەوەی خوداوەند ئینانا، بەڵام ئەو نەیدەهێشت تا لە دواییدا دەگەنە شاری (ئورۆک= وەرکا). لێرەدا ئینانا دەبینێ کە خوداوەند "دۆمۆزی"ی مێردی نە بۆی دەگری و نە جلی تازیەی بۆ پۆشیەوە. بۆیە ئینانا زۆر لێی توڕە دەبێت بە شەیتانەکان دەڵێت: " ئەمەیە جێگرەوەکەم، بۆ جیهانی خوارەوە پەل کێشی بکەن".. لەو دەرفەتەدا دۆمۆزی بۆ شوێنێکی نادیار رادەکات، کاتێکیش جێی خۆ شارنەوەی خوداوەند دۆمۆزی دەدۆزنەوە و دوبارە ئینانا چاوی بە دۆمۆزی دەکەوێتەوە، بە زەیی پێدا دێتەوە و پێی دەڵێت: " سزای کەمتەرخەمی و بایەخ نەدانت، دەبێت نیو ساڵ لە جیهانی خوارەوە بمێنیەوە، نیوەکەی تریش (گیشتن ئانا)ی خوشکت لە جیهانی خوارەوە جێت بگرێتەوە". ئەمە پوختەی ئەفسانەکەیە.

**ئینشنان:** خوداوەندی دانەوێڵە و خەرمانەکان بووە، لە ئەفسانەی سۆمەریدا.

**ئێنکی(ئیا (خودا) ئێنکیEnki/Ea (god):** خودای ئاو، حیکمەت، هونەر، پیشە، توانای پیاوەتی، و جادوو، کە لە زەریای ژێر زەویدا دەژی.

**ئینکی(ئەیا- Aya):** خوداوەندی زەوی و ئاوەکانی ژێر زەوی بووە، هەروەها خوداوەندی حیکمەت و دانایی بووە. پلەی شکۆیی نزمتر بوە لە خوداوەند (ئینلیل). لای ئەکەدییەکان ئەم خوداوەندە بە (ئەیا)ناوبراوە. یەکێک لە نازناوەکانی ئانکی (شەرری)یە، ئەم وشەیەش لە وشەی (شەروو)ی ئەکەدی هاتوە کە بە مانای (مەلیک)دێت. ئانکی وەک خوداوەندی ئافرێنەر باس کراوە. راهیب و زێوانەکانی ئەم خوداوەندە لە کاتی ئەنجامدانی سروتی ئایینی تایبەت بە پاکبونەوە، جلوبەرگێکیان لەبەر کردوە کە لە شێوەی ماسی بووە. کە ئەمەش هێمایە بۆ توانای ئانکی بۆ پاکبوونەوە. ئەم خوداوەندە پەرستگایەکی تایبەتی هەبووە لە شاری ئاشوور. لای سۆمەریەکان ئانکی بە مەلیکی ئاوی سازگاری ژێر زەوی (ئەبزۆ)لەقەلەم درابوو و خوداوەندی شاری ئەریدۆ بووە. خوداوەندانی دیکە پرس و ڕاوێژیان بە ئانکی کردوە و داوای ئامۆژگاری و یارمەتیان لێ کردوە. دیارترین نمونە بۆ ئەم پرس و یارمەتیە، ئەفسانەی چونی (ئینانا)یە بۆ جیهانی ژێرەوە.. کە داوای یامەتی لەم خوداوەندە کردووە بۆ گەڕانەوە بۆ سەر زەوی. خوداوەند (ئینکی ) بە پێچەوانەی هەردوو خوداوەند (ئان و ئەنلیل)، بەرامبەر بە مرۆڤ نیازی باش بووە. لە کاتی روودانی تۆفانە گەورەکەدا، ئەم خوداوەندە رێنوێنی مرۆڤی کردوە، کە گەمیەک دروست بکەن و لە هەر زیندەوەرێک نێر و مێیەک هەڵبگرن، تاوەکو رزگاریان ببێت. جگە لەمەش ئەفسانەکانی ئافراندن رۆلێکی کارایان بەم خوداوەندە داوە لە مەڕ کرداری ئافراندنی مرۆڤ. ئینکی باوکی خوداوەند ئاسارلوخی(مەردۆک)ە. کە ئەمەیان یارمەتی باوکی دەدات لە سروتی دەرکردنی گیانە بەدەکان لە جەستەی مرۆڤە نەخۆشەکاندا بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لە خۆشی و شادیدا بژین. دروشمی ئەم خوداوەندە پێکهاتبوو لە بوونەوەرێکی ئاوێتە لە (بزن وماسی) بزن بەشی پێشەوەی بونەوەرەکە و ماسیش بەشی دواوەی پێکدەهێنا. ژنەکەی ئینکی ناوی "دمکینا"یە، هێمای ئەو خوداوەندە بریتیە لە: ماسی. بزن. تاجێکی شاخدار. دەفرێکی پڕئاو. ئینکی "ئەیا" هەندێک جار لە بیچمێکی مرۆییدا و هەندێک جاری تر لە بیچمی بزندا کە پەڕی ماسی پێوەیە دەردەکەوێت. ئینکی خوڵقێنەر و پارێزەری مرۆڤە و گەورەی هەموو کار و پرۆسە "التعزیمیە"کانە، کە مەبەست لەو رێورەسمە و سرووتانەیە کە ئەنجامدەدرێت بۆ دوورخستنەوی خراپەکاری لە ژیانی مرۆڤەکان. هەروەها ئانکی پیرۆزی هەبوو لەلای دانیشتوانی مەملەکەتی میتانی.

**ئێنلیل (Enlil) (Ellil (god:** خوداوەندی (هەوا وبا)یە، بە پلەی دووەم دێت، لە دوای ئانۆوە. : یەکێک بوو لە خوداوەندە باڵاکانی میزۆپۆتامیابوو.

چارەنووسەکانی دەرکرد، فەرمانەکەی نەدەکرا دەستکاری بکرێت و ئەو خوداوەندە بوو کە پاشایەتی بەخشی. پەرستگاکەی بەناوی é-kur، "ماڵی چیا "، دەکەوێتە شاری نیپور Nippur ، ناوەندی ئایینی میزۆپۆتامیا تا هەزارەی دووەمی پێش زایین،ئەم خوداوەندە چەندان ناو و نازناوی هەیە، وەک لە دەقە سۆمەریەکاندا هاتووە، کە بە باوکی خوداوەندان و وداوەندی هەموو شارەکان و بڕیاردەری چارەنووسی مرۆڤ و خودانی چیای مەزن و خودانی دوو چاوی گەش و گەورە، ناسراوە و ناوبراوە. لە ئەفسانەی خەلقکردنی سۆمەریدا هاتووە، کەخوداوەند ئینلیل ئاسمان و زەوی لێکترجیاکردۆتەوە. هەر ئەم خوداوەندە (داس)ی داهێناوە. لە ئەفسانەی سۆمەریدا لە گەڵ (ئانۆ و ئایا) سێینەیان پێکهێناوە و پارێزەری شاری "نیپۆر" بووە، پەرستگای ئەم خوداوەندە بە (ئی- کۆر) ناودەبرا کە بە مانای (ماڵی چیا= پەرستگەی چیا)دێت. هەڵوێستی ئینلیل بەرامبەر بە مرۆڤ سلبی و خراپ بووە، چونکە، وەک لە ئەفسانەکاندا دیارە، کە ئینلیل بڕیاری ئەو لافاو(تۆفان)-ە،یدا کە بووە هۆی لەناوبردنی هەموو مرۆڤەکان، جگە لەوانەی کە (ئۆتۆناپشتم) بە هۆی کەشتیەکەی رزگاریکردن. ئینلیل لە ئەفسانەی سۆمەریدا، کوڕی خوداوەند "ئانۆ" بووە، پلەی شکۆداری لە دوای پلەی باوکیەوە بووە. ناسرابوو بە فەرمانڕەوای ئاسمان و زەوی. بە گوێرەی ئەفسانەی سۆمەری فرمانی پاراستنی ئەو رووتەختە(اللوح المحفوز)-ە، بووە کە کۆمەڵێک زانیاری و یاسای لەسەر بەرێوەبردنی بونەوەر تێدا نوسراوەتەوە، چونکە پێویستە ئەم رووتەختە دور لە دەستی وێرانخوازی و خراپە بێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر بکەوێتە دەستی وێرانخوازان بونەوەر تێکدەچێت. ئەم خوداوەندە ئاسمانی لە زەوی جیاکردەوە، تەوری دروست کرد وەک هۆیەک بۆ کارکردن. هەروەها بارانی باراندوە، تۆفانی گەورە کە لە ئەفسانەی سۆمەریدا باسی هاتووە، بە هۆی خوداوەند(ئینلیل)ەوە بوە. ئینلیل سەرۆکی نەوەی بچوکی خوداوەندانی سۆمەری ئەکەدییە. "مولیلتۆ" ژنی ئەم خوداوەندەیە، و "نینورتا" کوڕی ئەم خوداوەندەیە. نازناوی ئەم خواوەندە (شای زەوییە بەراوەکانە). وشەی ئینلیل بە زمانی سۆمەری واتە"گەورەی کەش و هەوا".

**ئینوما ئیلیش** Enūma eliš: ئەفسانەی -چیرۆکی دروستکردن،یا ئافراندنی بابلی .

**ئەبکالۆ:** بوونەوەری ئاوین لە ئاودا دەژین پێناوی نێوان خواوەند ومرۆن,ژمارەیان حەوتن ,حەوت پەندزانەکەن,وەک جبریل.

**ئەتراحسیس:** بە زمانی بابلی واتە (ئەو پەڕی دانایی) یان (دانایەکی لە رادەبەدەر)، ئەمە ناوێکی دیکەی پاڵەوانی تۆفانە. هەروەها نازناوێکی رێز و شکۆمەندییە و خراوەتە پاڵ ئۆتۆنابشتم. ئەم نازناوە تایبەت بوو بە خوداوەند "ئینکی " وەلێ دواتر ئەمە بووە بووە نازناوی ئەو پاڵەوانەی کە مرۆڤەکانی لە تۆفان رزگارکرد. ئەفسانەیەکی بابلی هەیە سەبارەت بە تۆفان کە پاڵەوانەکەی بە (ئەتراحسیس)ناوبراوە، تیایدا هاتووە: خوداوەندان مەبەستیان بوو سزای مرۆڤ بدەن و لە ناویان ببەن، بە هۆی چەندان دەرد و کارەسات، وەک قاتوقڕی و نەخۆشی و پاشانیش تۆفان. هەروەها ئەفسانەی ئەتراحسیس ئەفسانەیەکی بابلیە. ئەم ئەفسانەیە لە بنەڕەتدا ئەفسانەیەکی سۆمەریە کە بە ناوی زیۆسیدرا(زیۆسیدرا وشەیەکی سۆمەریە بە واتای- پیاوە تەمەن درێژەکە –دێت)ناسراوە، ئەم ئەفسانەیە باس لە چیرۆکی لافاوەکە دەکات.

**ئەرالۆ: Aralu**ماڵی مردووان، یان ماڵی تارماییەکان و دۆزەخ لە ئەفسانەی بابلیدا، ئەوە ئەو جێگایەیە کە "ئیرش-کیگال" تیایدا حوکم و فەرمانرەوایی دەکات. ئەرالۆ جیهانێکی تاریک و خامۆشە، کەس ناتوانێت بیگاتێ، چونکە کەوتۆتە بن چیایەکی گەورە و بە حەوت شورا دەوردراوە و پاسەوانیەکی توند وتۆڵی هەیە، هیچ کەس لە بوونەورە زیندوەکان ناتوانن لەو جیهانە نزیک ببنەوە و ئەگەر توانیان بێنە ناو جیهانی مردوان، ئەوا ناتوانن جارێکی دیکە لێی دەربچن. ژیانی مردوان لەو جیهانەدا، ژیانێکی خامۆش و کپ و تاریکە، خەڵکی ئەو جیهانە جلوبەرگیان لە شێوەی باڵی باڵندەکانە, خوداوەندی خۆر لە گەشتی شەوانەیدا، ڕوناکی و خۆراک و خواردنەوە دەبات بۆ ئەو مردووانە، بۆ ئەوەی هەندێک مەینەتی و ئازاریان کەمبێتەوە. جیهانی مردوان لە ئەفسانەی بابلیدا، ناوی دیکەشی هەیە، وەک: ئیکۆر(Ekur) واتە "نیشتمانی چیا"، و شالۆ(Shalu)،..

**ئەرۆرۆ:** Arurru مێخوداوەندێکی خاڵقە، لە ئەفسانەی بابلی و ئاشووریدا. لەگەڵ خوداوەند مەرۆدک بەشدار بووە لە ئەفراندنی مرۆڤ. ئەم مێخوداوەندە "ئینکیدۆ"ی هاورێی گەلگامشی خەلقکردبوو. هەروەها لە داستانی ئافراندندا، ئەرۆرۆ، مرۆڤی خەڵقکردووە.

**ئەریبو:** اریبو(الغراب) aribuئەریبو,قەلەڕەش

**ئەریدۆ** Eridu: –تەل ئەبو شەهرین –ئینکی - ئاو (پەندزانی -حیکمەت) اریدو،ئەریدۆ(٢٤کم خوارووی رۆژئاوای ( ئوور)سەرەتای نیشتەجێبوون لە کونج-کوخ-داژیاوت ,دواترخانوویان لە قوڕدروست کردووە,دوای ئەویش لە

خشت,پەرشتگەی لە ژوورێکی چوارگۆشەوسەکۆیێک بۆ قوربانی لەسەردان,سەربڕگەی تیابووە.

**ئەزاگ** : ازاک(a-zag) (جۆرێن لەگیانی پیس وشەیتان نەخۆشی بڵاودەکەنەوە)

**ئەساکو :**اسکو(asakku) : (نەخۆشی –نەزۆکی

**ئەشنان:** (Asnan) مێخوداوەندی دانەوێڵە.

**ئەفسانە**: ئەفسانە چییە؟ لە زمانی یۆنانیدا بە زاراوەی میتۆس(Mythos) هاتووە، کە واتای چیرۆک و گێڕانەوەی سەر زاری بەخشیوە، دەربارەی خوداوەند و پاڵەوانەکانەوە. هەر لەم زاراوەیە وشەی میتۆلۆژیا(Mythoslogy) وەرگیراوە، کە واتای (زانستی ئەفسانەکان) دەگەیەنێت. گشتی ترین پێناسە، کە زۆرترین ڕەهەندی جیاجیا لە خۆبگرێ، ئەوەیە (ئەفسانە، چیرۆکێکی پیرۆزی خوداوەندانە ، واتایەکی قوڵی هەیە، هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان بوون و گەردوون و ژیانی مرۆڤ ئاشکرا بکات .

**ئەکاد** Akkad یا Agade :اکد

**ئەنتو:** ژنی خوداوەند "ئانۆ"یە، و دایکی عەشتارە، هەندێک جار بە "ئەنونیتۆ"ناوی هاتووە، بە تایبەتی لە شاری سیبار.

**ئەنشار Anshar:** خوداوەندێکی کۆنی سۆمەریەکانە. باوکی "ئانۆ"یە، ئەنشار بەواتای (ئاسمانی تەواو)دێت. لە هەندێک دەقی کۆنی سۆمەریدا، ئەنشار بە یەکەم خوداوەندی ئاسمان داندراوە. لە سەرەتادا کاتێک تەنیا ئەبسو(ئاوی شیرین) وتیامەت (ئاوی سوێر) لەدنیادا هەبوون دواتر لە ئاکامی یەکگرتنی ئەم دووانە، یەکەمین ژن و مێرد (لاخمو لاخامو) لەدایک بووە ولەم دووانەش (ئەنشار و کیشار) لەدایک بوون لەیەکگرتنی و هاوسەرگیری ئەمانەشدا (ئانۆ وئەیا) پەیدابوون،ئەنشار و کیشار Anšar and Kišar (god and goddess) جووتێک مێخوداوەند ی سەرەتایین کە لە ئینوما ئیلیش

**ئەنۆناکی Annunaki:** انوناکی (کۆمەڵە خوداوەندەکان) ،زاراوەی گشتگیری (ئەنونناکی) بۆ یەکەمجار لە سەردەمی پاشا گودیا ٢١٤٤ - ٢١٢٤ پێش زایین بەبەڵگەکراوە ) و شانشینی سێیەمی ئور، ئەم زاراوەیە بەزۆری ئاماژەیە بۆ خوداوەندە سەرەکییەکانی ئاسمان و زەوی، کە دەسەڵاتی گەورەیان هەیە، کە پێیان وایە "بڕیار لەسەر چارەنووسی مرۆڤایەتی دەدەن، پاشا گودیا بە (لامما) وەسفی

کردووە "خوداوەندی پارێزەری هەموو وڵاتەکان".ناوێکی گشتییە بۆ خوداوەندانی جیهانی ژێرەوە، کە بە دادوەر و یا قازی جیهانی ژێرەوە دادەنرێن. هەروەها ئەنوناکی واتە نەوەی شازادەی خوداوەندان. ئەنۆناکی خوداوەندانی جیهانی ژێرەوەن لە ئەفسانەی سۆمەری و ئەکەدیدا، ئەوانە گروپێک خواوەند یا رۆحی جیهانی ژێرەوەن. بە گوێرەی گەشتەکەی ئیتانا بۆ جیهانی ژێرەوە، ئەوانە حەوت دادوەری جیهانی ژێرەوەن.

**ئەوانس :**اوانس (ئزئەنس oannes ئەژدیهای شێوە مرۆی بەپۆشاکی ماسی(یونس) .

**بابا (مێخوداوەند ):** Baba (goddess) ،مێخوداوەند ی پارێزەری گیرسو Girsu و شار-دەوڵەتی لاگاش Lagaš. لە هەزارەی دووەمی پێش زایینەوە وەک خوداوەندێکی چارەسەرکەر ناسرا.

**باتتبیرا:** بات تپیرا(شاری مسین)

**بادتیپیرا Bad-tibira :** تەل مەدینە،لەتێوان (الشگرە)و (تل السنکرە،لارسای کۆن)- دموزی DUMUZID - لەوەڕگەی وپیت وفەڕ).

**بت:** النُّصب

**بۆیەی قاوەیی:**المغرة

**پێش گوندنشینی:** ماقبل القرية (٦٠٠٠٠- ٩٥٠٠ پ. ز)

**پێشبینییەزارەکییەکان:** التصريحات التنبؤية oracular pronouncements

پێشتر بە گەڕی چیلی ناسراوبوو (Chellean)

**پێشگۆکان:** الكهنة

**پێشگۆیینامە:** تقارير عن العرافة reports on divination

**پەرسگە:** معبد

**پەیکەر:** تمثال

**تابو:**تابو(دەست لێنەدان,ڕێپێنەدان)

**ترس:** الرَّهبة

**تلو :** لەدووری ٢٢کم لە شاری (الشطرە)، ننخرسو Ningirsu- باهۆز.

**توخمە تیشکدەرەکان:** العناصر المشعة Radio-Active

**تۆفان:** (flood)تۆفان سزایەکە لە خوداوەندەوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان خراپەیان کردووە. ئەم سزایە لە زۆربەی ئەفسانەکانی گەلاندا هەیە. سۆمەری و بابیلەکان بۆچونیان لە بارەی تۆفان لە کلاورۆژنەی ئایینی و ئاکاری و ئەفسانەیەوە لێکدادوەتەوە و لەو بڕوایەدابوون کە ئەم تۆفانە لە ئەنجامی زۆرداری، خاپەکاری، بێ ئایینی و سەرپێچی خەڵکەکە بەرامبەر خوداوەندان، پەیدابوون و رویداوە، واتە خوداوەندان لە رێگەی تۆفان سزای گەورەی گوناهبارنیان داوە و رق و قینەی بەرامبەریان رشتوە. بە گوێرەی ئەفسانەی تۆفانی سۆمەری، رۆژێک لە رۆژان لە ناکاو کۆمەڵە پەڵە هەورێکی رەشی ترسناک ئاسمانی شینی وڵاتی سۆمەری داپۆشی..حەوت شەو و حەوت رۆژ، وەکو لە "داستانی گلگامشی"ی سۆمەریدا هاتووە، کە باران بە گرمەی هەور تریشقە و چەخماخەوە زەوی دائەگرێ، بەو رەنگە ئاسمان تاو هێرشی ناهەمواری بردە سەر زەوی.. زەوی خۆی پێ ڕانەگیرا و ئاو لە هەموو کون و قوژبنێکەوە بە لێزمە و بە لێشاو هەڵدەقوڵی و شەپۆلی هەڵچوی رووباری دیجلە و فوراتیش سەری لە ئاسمان توند کرد، لەوە دەچوو کە ئاسمان بێ بەزەییانە کۆنە قینی داخی تورەیی بە زەوی بێ تاوان و ئەو خەڵکە تاوانبارە دارشت.. تا تۆڵەی بێ ئایینی و سەرپێچیان لێبکاتەوە. بۆیە لەبەردەمی شەپۆلی لافاوی کاولکەردا شار و لادێ و مەڕ و ماڵات دەکەونە ژێر ئاو یان سەر ئاو کەوت، بێگومان کارەساتی تۆفان بە قووڵی ڕیشە و جێگای تایبەتمەندی لە دڵ و دەرونی دانیشتوانی ناوچەکە بە تایبەتی و گێتی ئەو سەردەم و رۆژە داکوتاوە، هەروەها ڕایەڵەی باسو خواسی لە داستانی سۆمەری و بابلی و ئەکەدی و حیسی و یۆنانیدا رەنگی داوەتەوە و خۆی دەنوێنێ، کە دواتریش گەلالەی لە دوو توێی تەورات و قورئاندا بە وردی دەبینرێ. چیرۆک و ئەفسانەی تۆفان لە میتۆلۆژیای ئێزدیەکانیشدا هەیە و بەرچاو دەکەوێت و کاریگەری چیرۆکەکەی تەورات و قورئان بەسەر چیرۆکی تۆفان لای ئێزدیەکانەوە دیارە. تۆفان لای ئێزدیەکان بە (ئاوی رەش)ناوبراوە و لە بەشێکی ئەفسانەکەدا هاتووە: " رۆژا خودێ حەز کری پشتی بۆرینا چل سالا، بوکا نوحی نان دپات، هندی دار و چیلک کرنە دتەنورێدا، تەنوور گەرم نەبوو، بوکا وی تنگژی، چریسەتێ سەرێ وێ گرت و ژ کەرب و کین بستکا خۆ ل داویا تەنورێدا و گوت: ئاڤا ڕەش دێ رابە، دێ چ قەومە؟ ئاڤا

ڕەش ژ تەندوورا وێ دەرکەفت ل باژارێ ئێسڤنێ و بلاڤەبوو و گەشتا بەلەما نوحی دەستپێکر، بەلەم گها چیایێ شنگارێ، چیای سەرێ خۆ بلند کر و بەلەم کون بوو، ئاڤ هاتە دبەلەمێدا، نوح پێغەمبەری گۆت، ئەوێ بۆ من ڤی کونی بگریتـ ئەز دێ مەرەما وی بجە ئینم. ماری گۆت: ئەز دکارم و ئەزێ وێ بگرم ب مەرجەکی چ تشت ل نیاێ خۆش بیت تو دێ دەیە من، نوح پێغەمبەری گۆت، سۆز بیت. ماری خۆ لێک ئالاند و خۆ کرە سەوک و کونەکەی گرت...".

**تۆڤان:** الرَّهبة (بولوتو)

**تەخت**: صندل ،قەبارەیان گەورە بوو، بەزۆری لەناو پەرسگاکانیاندا هەڵدەگیران، بۆ گواستنەوەی پەیکەرە ئاینییەکانیان بەدرێژایی ڕێڕەوی ئاوییەکان بەکاردەهێنران.

**تەندار:** مُجسَّم

**تەندار**: مجسمة، (بە قەبارە و هێزێکی جەستەیی زۆرەوە وێنا کراوە. ئەم خوداوەندانە شتێکیان لەبەردا بوو کە پێی دەوترێت میلام ، کە مادەیەکی نهێنی و درەوشاوە و ڕووناکە.

**تەوتم :**طوطم(تەوتم(totem) (هیندییەسوورەکان بە پەرستراوەکەیان دەوت, تەوتەم,بوونەوەرێکی زینوو,یانازیندووە,ئاژەڵ,یا رووەک,نازیندووی کەمە,هۆز هەیە تەوتەمەکەی کەروێشکە,داپیرەی پێشووی ئەم هۆزە کەمنداڵی بووە,بەجۆرێک کەروێشک بوونی هەبووە,بۆیە بە باپیرەی ئەم هۆزە دانراوە,رێ بە کوشتنی نادرێت,تەنیا لە بۆنەی ئاینی نەبێت بۆ دابەشکردنی پیرۆ زیەکە بەسەر هەمووان. گۆشت ومووی پیرۆزن,هەندێ نیشانەیان هەن بەپیرۆزیان دادەنێن,وەک چورنجا,بۆ پاراستن لە چاوی پیس. رێنادرێت ژن لە خزمان بێنن.کۆنترین شێوازی بیرکردنەوەی جادوویە.

**جۆری مرۆی نوێ:** (Neoanthropic)

**جۆرە مرۆییە کۆنەکان:** (Pala coathropic)

**چاخ:** عصر، age

**چاخی بەردینی – کانزایی** :( Chalcolithic )

**چاخی بەردینی کۆن:** Palaeolithic( ٦٠٠ ٠٠٠ تا ١٠ ٠٠٠ پ .ز)

**چاخی بەردینی کۆن**: العصر الحجري القديم:(Poleolithic)

**چاخی بەردینی کۆنی باڵا:** العصر الحجري القديم الاعلى(Upper Palaeolithic)

**چاخی بەردینی کۆنی ناوەڕاست**: العصر الحجري القديم الاوسط Middle Palaeolithic

**چاخی بەردینی کۆنی نزیک**: العصر الحجري القديم الادنى Lower Palaeolithic

**چاخی بەردینی ناوەڕاست**: العصر الحجري المتوسط(Mesolithic)

**چاخی بەردینی نوێ**: ( Neolithic)

**چاخی بەردینی نوێ**: العصر الحجري الحديث (Neolithic)

**چاخی بەردینی ئایولیتی** :،Eolithic

**چاخی شێوە نووسینەکی (شێوە مێژوویی)**: Proto Proto Literate Historic) ( ٣٥٠٠ – ٢٨٠٠ پ.ز)

**چاخی ئەیولیس:** (الایولیثي) (Eolithic)

**چاخی ئامرازە چەوییەکان**: (الادوات الحصويه)Pebble Tools

**چیای نیسیر** : جبل نیسیر nisir(ئارارات,پیرەمەگروون)(ئە وچیایەی گوایە کەشتی نووحی لەسەرنیشتۆتەوە )

**چەشن** : الطور

**چەووچەگر**: الحصو

**حەوا:**حواء،لەسۆمەری (نن-تی),نن=خانم،تی= ١- ئەوەی دەژیێنێتەوە، ٢ – یەراسوو.

**خماز :**غماس Hamazi یا Khamazi حەمازی یان خەمازی (بە سۆمەری ha-ma-ziki، یان Ḫa-ma-: شانشینی یان شار-دەوڵەتێکی کۆن بووە کە لە سەردەمی سەرەتای خانەدانەکاندا دیار بووە. شوێنی وردی نادیارە.

**خواوەندی دایک**:(Mother Goddess ) إلاهة الام

**خوداوەندە گەورەکان:** الالهة الکبار، ،ساموێل نوح کرامر لە ساڵی ١٩٦٣دا نووسیویەتی کە لە سەرانسەری هەموو سەردەمەکاندا، سێ گرنگترین خوداوەند لە پانتێۆنی میزۆپۆتامیادا بریتین لە ئان، ئێنلیل و ئێنکی. بەڵام لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە دەریانخستووە کە پلەبەندی بەشی سەرەوەی پانتێۆنی خوداوەندەکان پەیوەستە بە کات و شوێن وسەردەمەوە.هەروەها ئینانا گرنگترین خوداوەندی ئوروک و ژمارەیەک ناوەندی سیاسی دیکەی سەردەمی ئوروک بووە.شا گودیە ،نینهورساگی بە سێیەم خوداوەندی دیار و گرنگ دەزانی نەک ئێنکی .سەرچاوەیەکی کۆنی بابلی نەریتێکی پاراست کە تێیدا خوداوەند نانا بە پاشا یان سەرکردەی خوداوەندەکان دادەنرا و ئینلیل و ئێنکی تەنها ڕاوێژکاری ئەو بوون، ئەمەش بۆچوونێک کە پێدەچێت لەلایەن قەشەکانەوە لە ئور و دواتر لە حەران پەسندبووبێت. ناوێکی کۆنی بابلی هەیە ، ئاماژە بە شمش دەکات بە "ئێنلیلی خوداوەندەکان)وەسفی دەکات، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە باوەڕێکی هاوشێوەی پەیوەست بەوەوە هەبووە کە لە نێو قەشەکانیدا باوبووە، بە پێچەوانەی باوەڕی باڵادەستیی خوداوەندی مانگ،باوەڕی باڵادەستیی خوداوەندی مانگ، کەنەبونائید-نبۆنیدۆس قبوڵی دەکرد ئەم باوەڕە هەرگیز هیچ پشتیوانی و ڕەزامەندییەکی گشتی نەبووە. سەبارەت بە "زابان یان زەبان"، شارێک کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی بابل، خوداوەندی هەداد یان حەداد لە سەرووی پانتێۆنی خوداوەندەکانەوە بوو.لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین، مەردوک بووە خوداوەندی باڵا لە بابل و هەندێک سەرچاوەی دواتر بە تەواوی ئانو و ئێنلیلیان لابردووە و باس لەوە دەکەن کە "ئیا" پێگەی خۆی لە مەردوک وەرگرتووە. لە هەندێک نووسراوی بابلی نوێدا، پێگەی نابو یەکسان بوو بە پێگەی مەردوک.لە ئاشووردا خوداوەندی ئاشور بە خودای باڵا دادەنرا.

خودای ئاگر و ڕووناکی، گیرا یاوەری خەڵکی میزۆپۆتامیا بوو لە ژیانی ڕۆژانەیاندا. ئەو وەک خوداوەندێکی سۆمەری سەریهەڵدا بەڵام پەرستنەکەی کاتی تێپەڕاندووە. بە درێژایی مێژووی میزۆپۆتامیا تا سەردەمی سێلجۆقییەکان Seleucid دەپەرسترا.

**خول :** دور ، epoch

**خولی پێش گڵێنە: (**دور ماقبل الفخار) ( Prepottery Neolitic)

**خولی لیڤالۆزین : Levallosian**

**خولی ئاچولی** :(Achealian ) ئامرازی بەردینی ئەم چاخە لە باکووری عیراق لە (پردە پەلکە) ی نزیک چەمچەماڵ دۆزراوەتەوە .

**خۆشیی ئاسمانی**: النعیم السماوي

**داگان (خوداوەند)** Dagan (god):خوداوەندێکی نێر کە ڕەنگە بە ڕەچەڵەک سامی ڕۆژئاوایی بێت و گرنگی بە فوراتی ناوەڕاست و سەرەوە دەدات، زۆرترین جار لە میزۆپۆتامیا لە کۆتایی هەزارەکانی سێیەم و سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین زانراوە.

**دامو** (خوداوەند) (Damu (god: دامو کوڕی مێخوداوەند ی شیفا گوڵە /نینکارا goddess Gula/Ninkarrak، خۆی خوداوەندی شیفادەرە.

**درەوشاوە** : نیرة(میلام)، (ئەم خوداوەندانە شتێکیان لەبەردا بوو کە پێی دەوترێت میلام) "داپۆشیبوون و شکۆمەندییەکی شکۆمەندی پێبەخشیون. میلام لەلایەن پاڵەوان و پاشا و زەبەلاح و تەنانەت دێوەکانیشەوە دەبەر دەکرا .

**خول** :الدور

**ڕۆژ گار:** الدهر، eon

**ڕەزمی ئایینی**: المهرجانات الدينية

**ڕەنـدە :**المقشط ( المقاشط) (End-of-blade Scrapers) (ڕەنـدەکان)

**ڕەوۆک : **عجلة، قطار

**ڕەوۆکی جەنگی**: عجلات حربية

**زاگ، مۆک** Zag-muk: جەژنی سەری ساڵی نوێیە لە ئاین و ئەفسانەی سۆمەری و بابلیدا، کە لە بەهاراندا لە سەر شەرەفی خوداوەند مەردۆک سازدەکرێت، چونکە ئەم خوداوەندە لەو کاتەدا چارەنوسی مرۆڤی بۆ ساڵی ئایندە دەستنیشانکردووە.

**زو(ئەنزو) Zo**: لە میتۆلۆژیای سۆمەریدا، زو خوداوەندێکی جیهانی ژێرەوەیە، لە وچە یا نەوەی مێخوداوەند تیامەتە، زو دوژمنی خوداوەندە گەورەکانە و بەردەوام لە جەنگ و ململانێدایە لەگەڵ خوداوەندەکانی ئاسمان. لە ئەفسانەیەکی سۆمەریدا هاتووە، کە (زو) هەوڵدەدات تابلۆی چارەنووسی(الالواح القدر) بدزێت، کە لای خوداوەند (ئەنلیل)-ە، چونکە تابلۆی چارەنووسی لای کێ بێت، ئەوا دەسەڵاتێکی رەهای دەبێت بەسەر خوداوەندەکان و دنیا و مرۆڤدا، بۆیە زو ئارەزووی ئەوەدەکات ئەو ئەلواحە بەدەست خۆی بێنێت، دواجار توانی بیدزێت و بیبات، بۆیە خوداوەندەکان تۆقین و ترس دایانیگرت لە مەڕ چارەنوسی گەردون و خۆیان، بەڵام (ننورنا)ی خوداوەند توانی ئەلواحەکە بگەڕێنێتەوە و بەسەر (زو)دا، زاڵ ببێت. ئەفسانەی زو(ئەنزو) لە گەڵ ئەفسانەی خەڵقکردنی بابلی یەکدەگرنەوە، چونکە بیرۆکەی سەرەکی هەردوو ئەفسانەکە بریتیە لە جەنگ و ململانێی نێوان خێر و شەڕ. زو لەسەر مۆرەکاندا لە شێوەی باڵندە وێنا کراوە.

**زیخ :**حصوناعم

**زیگورات:** (زقورة Ziggurat پەرسگە پەیژەییەکانیان سەکورە – زقورە – قۆناخێکی پێشکەوتووی پەرسگە کانی چاخی وەرکا (الورکاء) یە (٣٨٠٠ پ.ز) ، کەوا لەسەر سەکۆیێک یا دوان یا زیاتر دروست دەکران (وەک ئەوەی (العقیر)) .

**زیۆسەدرا( ziusodra):** یەکەمین تێکست دەربارەی لافاو (تۆفان) بە زمانی سۆمەری نووسراوەتەوە پاڵەوانەکەی تێیدا ناوی زیۆسەدرا( ziusodra)یە، ئەو لافاوەی کە تەواوی زەمینی گرتوتەوە و بە پێی تێکستی دووەم تەختە گلی یازدەیەمە لە ئەفسانەی گلگامش کە پاڵەوانەکەی ناوی (ئۆتۆناپشتم--utnapishtm) بووە و هەڵساوە بە بە دروستکردنی کەشتیەکی گەورەو تێیدا بە پێی توانا خەڵک و ئاژەڵ و مەل و ئازوقەی تێدا کۆکردۆتەوە، سێیەمین تێکستی لافاوەکە کە لە هەمویان درێژترە پاڵەوانەکە(ئەتراحاسیس--atrahasis)-ە، کە بە هەمان رۆڵی زیۆسیدراو ئۆتۆناپشتم هەڵدەستێت، کەواتە سۆمەرییەکان، یەکەمین کەس بوون کە چیرۆکی لافاوەکەیان تۆمارکردووە، واتە پاڵەوانی لافاوەکە لە دەقی یەکەمدا ناوەکەی سۆمەری بووە کە (زیۆسەدرا)یە، پەرستگای بەرز یاخود بورج لە سۆمەری و بابلیدا پێی گوتراوە (زیکۆرتۆ) کە ئەم وشەیە مانای بەرز و بڵندی گەیاندووە یان (گردی ئاسمان). زەکوورە هەر لە هەزارەی سێیەمی بەر لە زایین لەنێو سۆمەریەکاندا باوو بووە. لە زۆربەی شارە سۆمەرییەکان زەکوورە هەبووە کە هەر یەکەیان، پەرستگای خوداوەندێک بووە. زەکوورە شوێنێکی زۆر پیرۆز

بوە لای سۆمەریەکان، لەبەر ئەوەی پەیکەری خوداوەندەکانی تیادا بووە، ئەمە جگە لەوەی کە جێگەی نزرگەی کاهین و زەیوانی مەزنیش بووە، کە ئەمەیان بە نوێنەر یان یاوەری خوداوەندی خوداوەندەکان ناسراوە و شوێنی نزا و پاڕانەوەی کۆمەڵانی خەڵکی سۆمەری بووە، تیایدا قوربانیەکانی خۆیان پێشکەشی خوداوەندان کردووە، هەروەها سۆمەریەکان وانەی ئاینی و خواپەستیان لە ناو ئەم زەکوورانە ئەنجامداوە. ئەم زەکورانە لە سێ یان حەفت نهۆم پێکهاتبوون، کە هەر نهۆمێک تایبەت بوو بە کارێکی دیاریکراوە. بەشێکی گرنگی زەکوورە بە سۆمەری پێی گوتراوە (ئەی کور- e- kur ) کە واتای (چیای پەرستگا) دەگەیەنێت.

**ژمارە حەوت:** الرقم سبعة،ژمارە حەوت لە گەردوونناسی کۆنی میزۆپۆتامیادا گرنگییەکی بێهاوتای هەبوو. لە ئایینی سۆمەریدا، هەندێکجار بە بەهێزترین و گرنگترین خوداوەندەکانی ناو پانتێۆن ناودەبران "حەوت خوداوەندی دادوەری": ئان، ئێنلیل، ئێنکی، نینهورساگ، نانا، ئوتو و ئینانا.

**سپار**Zimbir (**Sippar**): ئەبو حەبیبە(تل ابو حبيبە-يوسفيە-بغداد)- ئۆتۆUTU –خۆر.

**سڕبوون:** الخدران («نِی )بەسۆمەری، کاریگەری بینینی خەمۆکی خوداوەند لەسەر مرۆڤ بە "نیی وەسف دەکرێت، وشەیەک بە واتای "سڕبوون یان سەرلێشێواوی هەستەکان."

**سرووودەکان:** تراتيل hymns

**سریدا \ئایای مێخوداوەند** (Šerida/Aya (goddess : مێخوداوەند ی ڕووناکی و هاوسەری ئوتو/شاماش Utu/Šamaš کە لە شارەکانی سیپار و لارسا دەپەرسترا Sippar and Larsa.

**سوماتو(الحمامە)**summstu: سوماتو (کۆتر)

**سینونتو sinuntu**(السنونو): سینونتو,پەڕەسێلکە

**سەردەم:** فترة، period

**سەردەمی بەردینی نوێ:** العصر الحجري الحديث

**(ئیما):** شاری ئەمڕۆ بە (تل جوخە) ناسراوە ٥٠ کم لە (قلعە سکر) دوورە ، بۆ لای خوارووی رۆژئاوای .

**شاری لگش :** ی سۆمەری ، ئێستا بە (تلو) ناسراوە ، بەرانبەر (الشطرە) ، لەنێوان واست وناسرییە.

**شروپاک** Shuruppak : فارە- ئینکی ENKI- ئاو .

**شرۆڤە رۆشنبیرییەکان** : تعلیق ثقافي a cultic commentary

**شوێنپێهەڵگرتن**: التتبع

**شێواز:** الطور

**لافاو:** الطوفان،بەسۆمەری ئە ما ئور a-ma-uru ,لەبابلیدا ئەبوبو abubu.

عەدن: عدن،لەسۆمەری (ئەدەنو),باخچە وبیستان.

**فلامینگۆ:** الغرانیقFlamingo لە عیراق هەبوو لە (لە (شامیە)) هەبووە .

**قۆچانی گا :** قرون الثور،زۆرجار خوداوەندەکانی میزۆپۆتامیا بە کڵاوی قۆچدارەوە وێنا دەکران، کە تا حەوت جووت قۆچ پێکهاتبوون.تەریب و بە ڕێکوپێکی لەسەر یەکتر کۆکراونەتەوە و لە قۆچەکانی گایەکەوەن.

**کات**: زمن، Time

**کوسی :** کوثی (گردی ئیبراهیم ،شاری کوت - نرگال NERGAL- جیهانی ژێرزەوی.)

**کونە مەتەرێز**: مزغل

**کۆڕی خوداوەندان:** مجلس الآلهة ، کە خوداوەندەکان لە ڕێگەیەوە هەموو بڕیارەکانیان دەدەن. ئەم ئەنجومەنە بەکۆمەڵە وەک هاوتایەکی خوداوەندی بۆ سیستەمی یاسادانانی نیمچە دیموکراسی سەیر دەکرا، کە لە سەردەمی شانشینی سێیەمی ئوردا هەبووە (نزیکەی ٢١١٢ پێش زایین - ٢٠٠٤ پێش زایین) بوونی هەبووە. پانتێۆنی سەرەکی خوداوەندەکانی میزۆپۆتامیا بەدرێژایی سەدەکان پەرەی سەندووە و گۆڕاوە. بەگشتی دەتوانرێت مێژووی ئایینی میزۆپۆتامیا بەسەر چوار قۆناغدا دابەش بکرێت. لە قۆناغی یەکەمدا کە لە هەزارەی چوارەمی پێش زایین

دەستی پێکرد، نیگەرانییەکانی خوداوەندەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر ئەو پێداویستییە سەرەتاییانە بوو کە بژێوی ژیان و مانەوەی مرۆڤ مسۆگەر دەکەن. لە قۆناغی دووەمدا کە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین دەستی پێکرد، پلەبەندی خودایی زیاتر ڕێکخراو بوو و پاشا بەخوداوەنددانراوەکان دەستیان کرد بە پەیوەستبوون بە پانتیۆنی خوداوەندەکانەوە. لە قۆناغی سێیەمدا، لە هەزارەی دووەمی پێش زایین، ئەو خوداوەندانەی کە تاک و ئەو خوداوەندانەی کە پەیوەندییان بە خەڵکەوە هەیە، زیاتر بڵاوبوونەوە. لە قۆناغی چوارەم و کۆتاییدا، لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین، خوداوەندەکان پەیوەندییەکی نزیکیان بە ئیمپراتۆریەتی و فەرمانڕەوا مرۆییە تایبەتەکانەوە هەبوو. ناوی زیاتر لە ٣ هەزار خوداوەندی میزۆپۆتامیایی لە دەقە میخییەکانەوە وەرگیراوە. زۆربەی ناوی ئەم خوداوەندانە لە لیستە درێژەکاندا تۆمارکراون کە لەلایەن نووسەرانی کۆن و کۆنی میزۆپۆتامیا کۆکراونەتەوە. درێژترینی ئەم لیستانە دەقێکە بە ناوی [«d]، An = Enum]”، کە بەرهەمێکی سیستماتیکی بابلییە و ناوی زیاتر لە ٢٠٠٠ خوداوەندی تێدایە. ئەم لیستانە هەندێک جار بە هەڵە سەیر کراون کاتێک تەنها بە لیستی ناوی خوداوەندە سۆمەرییەکان و هاوتا ئەکەدییەکانیان دادەنران، لە کاتێکدا مەبەست لە پشت ئەم لیستانەوە زانیارییە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەتاکی خوداوەندەکانە، و بۆڕوونکردنەوەیەکی کورت لەسەر ئەو ئەرکانە بدەن کە ئەم خوداوەندانە ئەنجامی دەدەن. جگە لە هاوسەر و منداڵی خوداوەندەکان، ناوی خزمەتکارەکانیان لە لیستەکاندا هاتووە.

**کۆلا Kulla:** خوداوەندی بیناسازەکانە لە ئەفسانەی سۆمەری و بابلیدا، ئەو خوداوەندە خشتی داهێناوە.

**کۆندێرەکان:** (المزارف) ( Burins)

**کی: Ki** خوداوەندی زەوییە و هاوتای مێینەی ئان خوداوەندی ئاسمان بووە، کی Ki وشەیێکی سۆمەرییە بەواتای زەوی، وەک ڕەنگە بتوانیت بزانیت بابەتێک هەیە کە خوداوەند و خوداوەندەکان ناویان لێنراوە بەناوی ئەوەی کە خودا بوون یان... خوداوەندی... لە ئەفسانەی سۆمەریدا، ئان و کی کۆمەڵێک ڕووەکی زۆریان لەسەر زەوی ڕواندووە. لە بنەڕەتدا کی , Ki و ئان, An یەکگرتوو بوون کاتێک لە مێخوداوەند ی ناممو Nammu لەدایک بوون. دوای ئەوەی کوڕەکەیان ئێنلیل پەروەردە کرد جیابوونەوە، ئان بوو بە فەرمانڕەوای ئاسمان و کی بوو بە فەرمانڕەوای زەوی.

**کێردی یەک دەو**:( نێل مپلوم ( ذات الحد الواحد) ( Backed blades )

**کیش Kish :** گردی ئیحیمەر- ننخرساگ NINHURSAG(خانمی زەوی)(کی-KI)- زەوی (خوداوەندی دایک).

گا: گا هێما و رەمزی خوداوەندانە، لە زۆربەی ئەفسانەکاندا (گا) هێمای هێزە و نیشانەی پیاوەتی و پیتداری بووە و هەندێک جاریش کوشتنی (گا) لە ئەفسانەکاندا بە مانای ئافراندن لێکدراوەتەوە، گای یەکەم لای سۆمەریەکان گیاندارێکی پیرۆز بووە، لەبەر ئەوەی یەکەمین گیاندارە کە لە پێش مرۆڤ پەیدابووە. وشەی (گا) کە واتای کۆنی لە داستانی (گلگامش= گای گەورە)ی سۆمەریدا هەیە. لە کۆمەڵگەی شوانکاریدا (گا) بایەخ و گرنگی خۆی هەبووە و پەرستنی خوداوەندی ئاسمانی نێر سەریهەڵداوە، کە (گا)هێمایەکەیەتی و لە هەزارەی چوارەمی پ. ز خوداوەندی ئاسمان لە شێوەی گا وێناکراوە. لە نەخش و نیگارەکانی (چاتال هیۆک)دا، لە ئەنادۆڵ وێنەی مەلیکی(حیسی)یەکان بەرچاو دەکەوێت کە سرووت و رێو رەسمی ئاینی جێ بەجێدەکات بۆ خوداوەندی ئاسمان کە لە شێوەی (گا)دایە. خودای جولەکەکانیش لە (سفر القضات)ی تەوراتدا بە (هاش- شور) ناوبراوە کە بە مانای (گا)دێت، هەروەها بە گوێرەی باوەڕی جولەکەکان (گا) یەکەمین گیانلەبەرە کە لە سەر زەوی پەیدابووە. لای ئاشوریەکانیش گا هێمای خوداوەند بووە. لە ئاینی هیندۆسیدا بە (ئیندرا) گوتراوە (گای جیهان) ، لە میتۆلۆژیای یۆنانیدا، باسی ئەوە کراوە کە چۆن خوداوەندی گەورە (زیۆس) خۆی گۆڕی و لە شێوەی (گا) دەرکەوت و و چووە ناو گاڕانی ئەگینۆر و توانی (ئەوروپا)ی کچی ئەگینۆر شەیدا بکات و فریوی بدات و بیبات بۆ (کریت) و لەوێ لەگەڵیدا جوتبوو و (مینووس)ی مەلیکی(کریت)ی لێ پەیدابوو، (مینۆس)یش (پاسیڤانە)ی هێنا و (مینۆتۆر)یان لێ پەیدابوو کە بە واتای (مرۆڤی گا)دێت،دەبینین لە سەردەمی زەردەشتیشدا (گا) دەور و پیرۆزی خۆی ون ناکات، کاتێ مرۆڤ دەستی بە مردوو دەکەوێ دەبێ خۆی بە (میزی گا)بشواتەوە،هەروەها (گا) ڕۆڵێکی بەرز و گرنگی هەیە لە رێورەسمی سروتی (گورگا گای) ئێزدییەکان، لە رۆژی ئەنجامانی ئەم سرووتەدا، کە جوتیاران ئێوارە لە زەوی کێلاندا دەگەڕێنەوە ماڵەوە، کابانی ماڵ ئاگرێک هەڵدەکا لە درەختێک کە زوو گڕ بگرێت، ئینجا جووتیارەکە (گا)یەکە بەسەر ئاگرەکەدا دەبات. هەروەها گا رۆلی لە رێورەسمی سرووتی (گابۆغ)یشدا هەیە. لە هەندێک وێنەدا گالیسکەس خوای مانگ (گا) رایدەکێشێت.

**گالا Galla:** لە ئەفسانەی سۆمەریدا، ئەمانە گیانە بەدەکانی جیهانی خوارەوە(بن دنیا)ن، سیفاتەکانیان ئەوەیە کە خۆراک ناخۆن و ئاو ناخۆنەوە. ئەوانە دەست و پێوەندەکانی مێخوداوەندی جیهانی ژێرەوە" ئیرش کیگال"ن.

**گر عوبێد :(**تل العبيد) لە خۆرئاوای ئوور بە دووری (١٢) کم ، پەرسگە ی تیایە ، وێنەی ئاژەڵ لە مس -نحاس دروستکراوی لەسەر بووە . نووساری بەردین (رقيم حجری) ناوی پادشا (ئی – ئانی – پادا E – anni padda) ی بنەماڵەی یەکەمی ئوری تیایە .

**گوڵە : Gula** /نینکاراک Ninkarrak (مێخوداوەند ) ، مێخوداوەند یێکی چارەسەرکەرە کە بە نینسیناNinisinna ناسراوە، "خانمی ئیسین Isin ".

**گیرسو: Girsu** (دەکەوێتە ٢٥ کم (١٦ میل) لە باکووری ڕۆژئاوای لگاش، لە شوێنی تەل تەڵوەی مۆدێرن، پارێزگای دی قەر- ژی قار ، عێراق.)

**گیشتن ئانا Gestn-ana:** بێلێت سێری، Geštinanna/Belet-ṣeri (مێخوداوەند )،گێستینانا مێخوداوەند یێکی سەرەتاییە و خەڵکی باشووری میزۆپۆتامیایە. خوشکی دوموزییەDumuzi و پێدەچێت پەیوەندی بە نووسین و جیهانی ژێرزەویەوە هەبێت. واتە دارمێوی ئاسمان، مێخوداوەندێکە لە ئەفسانەی سۆمەریدا، خوشکی دۆمۆزییە. بە گوێرەی پانسیۆنی خوداوەندانی شاری لکش، گیشتن ئانا ژنی خوداوەند "نینگزیدا"یە، هەندێک جار ئەم مێخوداوەندە بە میوەی مەی ئاسمانی ناوبراوە. گیشتن ئانا پارێزگاری لە برایەکەی کردووە. لە کۆتاییدا بوەتە مێخوداوەندێکی جیهانی ژێرەوە.

**گەڕی کلاکتونیك:** Clactonian

**گەڕی ئەبیڤیلی** : Abbevillian

**گەڕە شارستانیەکان:** الادوار الحضاريە

**لاراک ( Larak (or Larag** : ئارک –( پابیل -سانگ Pabilsag +ننسینا - جیهانی ژێرزەوی + شیفا.

**لارسا Larsa :** سانکارا -ئۆتۆ –خۆر. ( سنکرە) دەکەوێتە دووری ٢٥ کم ی رۆژهەڵاتی (ڕوروک) لە پارێزگای زیقار).

**لاهار Lahar:** مێخوداوەندی مێگەل و مەڕوماڵاتە لە ئەفسانەی سۆمەریدا. وشەی (لاهار) بە زمانی سۆمەری واتە "بەرخ"، لە ئەفسانەیەکدا هاتووە: خوداوەندان ئەنلیل و ئینکی (لاهار)یان ناردە سەر زەوی بۆ ئەوەی شان بە شانی مێخوداوەندی دانەوێڵە ئەشنان(Asnan) کاربکات. ئەفسانەکە باس لە دەمەقاڵی و

شەڕە قسە دەکات لە نێوان هەردووکیان، هەریەکەیان شانازی بە سیفەتەکانی خۆی دەکات. لە میانی ئەفسانەکەدا، بۆمان دەردەکەوێت کە لاهار و ئەشنان لەگەڵ خوداوەندان دەژین و پێداویستیەکانی ژیان، وەک، بەرهەمی ئاژەڵی و بەری دارەکان بۆ خوداوەندان ئامادە و دابین دەکەن.

**لوگالیرا و مێسلامتایا:** Lugalirra and Meslamtaea (جووتێک خوداوەند) Lugalirra and Meslamtaea (a pair of gods) خوداوەندەکانی جیهانی ژێرزەوی کە زۆرجار پێکەوە دەبن، کە پێیان دەوترێت 'دوانە خوداوەندییەکان'. پەیوەستن بە خوداوەندی ژێرزەوی نێرگالەوە Nergal . نەریتەکانی دواتر وەک پاسەوانێک بۆ چوونە ژوورەوەی جیهانی ژێرزەوی دەردەکەون.

**لیلیت Lilith:** مێخوداوەندی تێکدان و وێرانکاریە لە ئەفسانەی سۆمەریدا، کە لە شوێنە کاول و کەلاوەکاندا دەژی. لە شێوەی بوونەوەرێکی شەیتانی لە داستانی گلگامیشدا دەردەکەوێت، کاتێک گلگامیش هێرشی کردە سەری، لیلیت بۆ چۆل و بیابان ڕایکرد. ئەهریمەنێکی مێیە لە ئەفسانەی جولەکەکاندا، گوایە لیلیت ژنی یەکەمی باوە ئادەم بووە، پێش ئەوەی حەوا ئافەریدە بکرێت. ئەوەبوو ئادەم وازی لێهێنا، چونکە ئافرەتێکی گوێڕایەڵ نەبوو، هەروەها خۆی بە هاوشانی ئادەم دادەنا، بۆیە لە بەهەشت دەرکرا. لیلیت ژنی ئیبلیس و دایکی هەموو گیانە بەد و شەڕخوازەکانە.

**لەکش Lagash**:( الهیبە)ی لە پارێزگای زیقار (ژیقار)

**ماری Mari** : ماری

**ماڵیکردن**: التدجین

**مامی(mamu)**:مامو

**مامیتۆ Mamitu:** مێخوداوەندی سوێند خواردن و پەیمان بەستنە لە ئاین و ئەفسانەی ئەکەدی و بابلی و ئاشووریدا، یەکێکە لە ژنەکانی خوداوەند نەرگال. لە گێڕانەوەی دیکەدا، مامیتۆ چارەنووسی منداڵە تازە لە دایکبوو دیاردەکات. لە هەندێک شوێندا بە مێخوداوەندێکی جیهانی ژێرەوە داندراوە. مامیتۆ لە وێنەکاندا سەری بزن و دەست و پێی مرۆڤی هەبووە.

**ماوە**: حقبە ، era

**ماوەی گڵێنە**: (فخار) ( Pottery Neolithic

**مرۆڤی نیاندرتال:** Neanderthal ، نموونەی لە عیراق لە ئەشکەوتی ( شانەدەر) چینی (D) دۆرزاوەتەوە .

**مرۆی هۆشمەند:** ( الانسان العاقل) (Homo Sapiens)

**مقە:** المقە (لمق=لمع-سیدە-الزهرە): مقە,خواوەندی یەمەنیان(درەوشاوە,ئەستێرەی ڤینۆس)

**مێخوداوەندی دایک:** إلهە الأمMother Goddess (نینمە، نینتود/ر، بێلێت-ئیلی) (Mother Goddess (Ninmah, Nintud/r, Belet-ili) خوداوەندی دایکی میزۆپۆتامیا بە چەندین ناو ناسراوە، دیارترینیان ناوی سۆمەری نینتود/نینتورە Ninmah, Nintud. ناوە بەردەوامەکانی دیکە بریتین لە نینمە و بێلێت-ئیلی Belet-ili. ئەو بەرپرسی دووگیانی و لەدایکبوون بووە و بە تایبەتی لە قۆناغەکانی پێشووتردا وەک دروستکەری مرۆڤ دەردەکەوێت.

**مەردوک:** مردوخ Marduk Marduk،مەردوک لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین لە خوداوەندێکی نادیارەوە سەریهەڵدا و بوو بە یەکێک لە خوداوەندە گرنگەکان و سەرۆکی کۆڕی خواوەندانی میزۆپۆتامیا لە هەزارەی یەکەمدا. ئەو خوداوەندی پارێزەری شاری بابل بوو، کە تاوەری پەرستگاکەی لێبوو، زیگورات ziggurat ئیتێمێنانکی Etemenanki ((واتە ئەو ) "پەرستگایەی بناغەی ئاسمانەکان و زەوی" یە) لە هەزارەی یەکەمدا زۆرجار بە بێل Bel ناودەبرا، کە وشەیەکی ئەکەدییە بەواتای "پەروەردگار". Lord.

**ناسیرات نابشتم:** (nasirat napishtim)ناسیرات ناپشتم(ناوی کەشتیی لافاوەمەزنەکەبوو,بەواتای ژیان ڕزگارکەر ).

**ناما :** Namma (خوداوەندی ژن)نعمە(مێخوداوەند ناما لە ئێریدۆوەیەEridu،بە دایکی خوداوەند ئێنکی/ئیا Enki/Ea ناسراوە هەروەها بە خوداوەندی دایک the mother goddess کە گەردوون و هەموو خوداوەندەکانی پەیدا کردووە. وەک کوڕەکەی ئێنکی/ئیا Enki/Ea ئەویش پەیوەندی بە جادووەوە هەیە. لە سەردەمی دواتردا ڕۆڵی ئەو لەلایەن تیاماتەوە Tiamatدەگیرێتە ئەستۆ.

**نانا: سوێن**/سین Nanna/Suen/Sin خوداوەندی مانگی میزۆپۆتامیا، بە سۆمەری پێی دەگوترا نانا Nanna ، بە زمانی ئەکەدییش بە سوعین Suen یان سین Sin ناودەبرا. سەرەتاییترین نووسینەکانی لەبارەی هەردووکیان بە نزیکەیی هاوچەرخن، و بە شێوەیەکی ئاڵوگۆڕ ڕوودەدەن. ناوێکی زیادە کە تەنیا لە دەقە ئەدەبییەکاندا هاتووە ، بریتییە لە دیلیمبابار Dilimbabbar. ئیتیمۆلۆژیای ڕاستەقینەی هەردوو نانا و سوین تا ئێستا ڕوون نییە .

**نانشی(Nanshe):** مێخوداوەندێکی (داد)-ە، لە ئەفسانەی سۆمەریدا، کچی خوداوەند"ئینکی "یە و خوشکی نینگرسۆ و ژنی"ئۆرشنابی"یە، مێخوداوەندی شاری لەکش بووە، ناوی نانشی پەیوەستە بە پێشبینیکردن و لێکدانەوەی نهێنی و خەونەکان. وەک نێردراوی سیستەمی ئاکار وەسفکراوە.

**نبوناهید:**نبوناهید(پاشای بابلی)(٥٥٦-٥٣٩ پ.ز)

**نسکۆ Nusko:** لە ئەفسانەی سۆمەریەکاندا نسکۆ خوداوەندی ئاگر و رووناکی بووە و ناوی لەو نووشتانەدا هاتووە کە دژی سیحری رەش کراوە. کوڕی خوداوەند"ئەنلیل"-ە، چرا و مەشخەڵ هێمای ئەم خوداوەندەن. وەزیری خوداوەندان(ئانۆ و ئەنلیل)-ە، (بەیانی)هێمای ئەم خوداوەندەیە.

**نشینگە:** مستوطنة

**نشینگە، شوێنی نیشتەجێبوون** : الموطن

**نفریم(**عبری):نەفرەتی ( ئەوفریشتانەی گوایە لە ئاسمانەوەکەوتوونەتەسەرزەوی و لەگەڵ کچانی مرۆبونەتەهاوەڵژینیان ونەوەیان هەیە)

**نووسینە تۆمارییەکان** : ادخالات السجلات chronicles entries

**نیپور Nippur** :نوففر(نوففەری تازە لە شاری عەفج) دیوانیە- ئینلیل- هەوا .

**نیتی(Neti):** خوداوەندێکی جیهانی ژێرەوەیە لە ئەفسانەی سۆمەری و ئەکەدیدا، ئەرکی ئەم خوداوەندە پاراستنی دەرگاکانی جیهانی ژێرەوەیە و خزمەتکردنی مێخوداوەند "ئیرش- کیگال"-ە، کاتێک مێخوداوەند ئینانا شۆڕبۆوە بۆ جیهانی ژێرەوە، نیتی بەرەو رووی بویەوە و لێی پرسی، بۆچی هاتویتە جیهانی ژێرەوە؟

**نیرپوس Nerthus**: مێخوداوەندێکە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە دانیمارک و ئەڵمانیادا پەرستراوە، ئەم مێخوداوەندە نمایندەی زەوی دایک(تیراماتیر) دەکات، و توانای هەیە دەست لە کاروباری مرۆڤەکان وربدات. نیرتوس بە گالیسکەیەک هاتووچۆ دەکات وخسوبەت و پیت و فەڕ بۆ خەڵکی دێنێت. ئەم گالیسکەیە پیرۆزە، کەس بۆی نییە دەستی لێبدات یا سەیری ناوەوەی بکات، تەنها کاهین نەبێت. لە هەموو شوێنەکان خەڵکی بەخۆشاڵییەوە پێشوازی لە نیرتوس دەکەن. کاتێک مێخوداوەند دەگەڕێتەوە بۆ پەرستگەی خۆی کاهینەکان گالیسکەکە پاکدەکەنەوە. نینکال : خوداوەندی بازوو و هێزە. خوداوەندی ئاسنگەرەکانە لە ئەفسانەی میزۆپۆتامیادا.

**نینتی(Ninti):** وشەیەکی سۆمەریە، واتە "خاتوونی پەراسوو" بەرامبەر بە "حەوا"یە، لە چیرۆکی ئادەم و حەوادا، ئەفسانەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە نینتی بۆ ئەوە خەڵقکراوە تاکو خوداوەند "ئینکی" چاکبکاتەوە لە نەخۆشیەکەی.

**نینگیشزیدا:** Ningishzida (بە سۆمەریDNIN-ĞIŠ-ZID-DA، ئەگەری هەیە بە مانای "پەروەردگاری [دارە] چاکەکە" بێت) خوداوەندێکی میزۆپۆتامیا بووە بۆ ڕووەک و جیهانی ژێرزەوی و هەندێکجاریش شەڕ.

**نینلیل: (مولیلتو، مولیسو، میلیتا)** (مێخوداوەند) Ninlil (Mulliltu, Mullissu, Mylitta)مێخوداوەندێکە بە شێوەیەکی سەرەکی بە هاوسەری ئینلیل ناسراوە، ئینلیل سەرۆکی کۆڕی خواوەندانی سەرەتایی میزۆپۆتامیا بووە. بۆ یەکەمجار لە کۆتایی هەزارەی چوارەمی پێش زایین دەردەکەوێت و تا سەدەکانی یەکەمی زایینی لە ژیاندا ماوەتەوە. هەندێک جار لەگەڵ خوداوەندە جۆراوجۆرەکانی چارەسەرکردن و دایک و هەروەها لەگەڵ مێخوداوەند ی ئیشتاردا هاوبەش بوو.

**نەبو:** (خوداوەند) – نابو- Nabu (god) خوداوەندی پارێزەری بۆرسیپا Borsippa ، خودای حیکمەت و نووسین. لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین، نابو یەکێکە لە خوداوەندە گرنگەکانی میزۆپۆتامیا. سەرەتا وەزیری مەردوک بوو، دواتر دەبێتە هاوکارەکەی لە سەرۆکی پانتیۆن. کاریگەری نابو لەسەر کولتوری میزۆپۆتامیا تا قۆناغەکانی دواتر بەرچاوە. نابو لە کتێبی پیرۆز Bible دا وەک نەبۆ Nebo دەردەکەوێت.

**نەخش:** نقش inscription

**نەخشێنراو:** نقش

**نەخشێنراوە نزرگەییەکاندا:** نقش نذری     a votive inscription

**نەخشێنراوەدرشتەکان:** النقوش البارزة

**نەخشێنراوەکان:** نقوش   reliefs

**نەخشەپاشاییەکان** : النقوش الملكية ، royal inscriptions

**نەرگال Nergal:** شێوازە سۆمەریەکەی ئەم ناوە بەم شێوەیە: "نی- ئیری- کال"، واتە – فەرمانڕەوای شاری گەورە-- هەروەها ناوی ئەم خوداوەندە بە شێوەی (ئیرا) هاتووە. لە ئەفسانەی سۆمەریدا، نەرگال خوداوەندی ژێر زەوی بووە. بە گوێرەی هەندێک ئەفسانە کوڕی "ئینلیل"-ە، و لای ئەکەدیەکان نەرگال کوڕی "بلت ئیلی"یە. لە ئەفسانەی بابلیشدا هاتووە، کاتێک کە (ئیرش- کی – گال)، کە مێخوداوەندی ژێر زەوی بووە، داوای لە نەرگال کرد بێتە بەردەمی بۆ لێپرسینەوە، چونکە ئامادەنەبوو رابوەستێت لە بەردەم نێردراوی ئەو لە کۆڕبەندی خوداوەندان. بۆیە خوداوەندان بڕیاریاندا کە نەرگال و ١٤ بوونەوەری دیکەی شەیتانی دەربکەن و بیانگوازنەوە. دواتر نەرگال بە هاوکاری شەیتانەکان توانی دەست بەسەر حەوت دەرگاکانی ژێر زەویدا بگرێت و چووە ناو عەرشەکەی "ئیرش- کی- گال" و قژی گرت و ڕایکێشا، بەڵام نەیکوشت، چونکە "ئیرش- کی- گال" گوتی مەمکوژە ئامادەم ببمە هاوسەری تۆ و جیهانی ژێر زەویش لە بن حوکم و دەسەڵاتی تۆدابێت، هەروەها تابلۆی حیکمەت و دانایيت دەدەمێ. بۆیە نەرگال بەمە رازی بوو و بووە شای مردووان و جیهانی ژێرەوە. لە ئەفسانەکاندا نەرگال وا وێناکراوە، کە تاجێکی لەسەرە و چواردە بوونەوەری کرێت و قێزەوەن لە دەور و پشتی راوەستاون. مەملەکەتی نەرگال بە (کۆشا) ناوبراوە، واتە زەوی مردووان. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە نەخۆشی تاعون پەیوەست کراوە بە نەرگال. لە هەندێک ئەفسانەدا بە خوداوەندی پزیشکی جیهانی ژێرەوە داندراوە، لای ئەکەدیەکانیش نەرگال خوداوەندی دۆزەخە. هەندێک جار گەرمی سوتێنەری خۆر دەدرێتە پاڵ ئەم خوداوەندە. جگە لەمەش نەرگال بە خوداوەندێکی جەنگاوەر دانراوە. ئەم خوداوەندە لە کۆنەوە لە سۆمەرییەکانەوە گواستراوەتەوە بۆ ناو خوورریەکان. ناوی خوداوەند نەرگال لە تێکستە مێخیەکانی ناوچەی (ماری)لە سوریایشدا بە دەردەکەوێت. هەروەها ناوی ئەم خوداوەندە لە تێکستێکی سەردەمی ئاشووری نوێدا هاتووە. ئەم تێکستە باسی چۆنیەتی ئەنجامدانی مەراسیمەکانی

پێشکەشکردنی قوربانیدتان بۆخوداوەند نەرگال دەکات. هەروەها ناوی خوداوەند نەرگال لەو تێکستە حیسی و خوریانەی کە لە خاتووشا دۆزراونەتەوە هاتووە.

**نەگید:** لە ئەفسانەی سۆمەریدا، خوداوەندی ئاودێری کێڵگەکان بووە.

**نەمۆ(Nammu):** لە ئەفسانەی سۆمەریدا هاتووە، کە مێخوداوەند(نەمۆ) ڕەچەڵەکی گەردون و دایکی یەکەمین بەرەبابی خوداوەندەکان بوو. کە پێش دەستپێکردنی زەمەن، پانتایی و شوێنی داگیرکردبوو. پاشان ئەو یەکەم دایکە، یەکەمین بارستایی لە ئاوی هێنایە دونیا، ئەویش بارستایی ئاسمان و زەوی بوو، کە لە چیایەکی سەرەتاییدا پێکەوە نووسابوون و ئاو لە هەموو لایەکەوە دایپۆشیبوو، لە هەناوی ئەم چیایەدا یەکەمین بەرەبابی خوداوەندان لە دایکبوون. نەمۆ لە ئاوی شیریندا بەرجەستە دەبێت. لە ئەفسانەی سۆمەریدا خەسڵەتە بەرایییەکان دران بە (نەمۆ) و کرا بە مێخوداوەندی بەسەرچوو، کە بێ سایە و بێ پەرستگە و بێ ڕێوڕەسمێکی ئاینی بوو، خەسڵەتەکانی دیکەش دران بە ئینانا. نەمۆ لە سەرەتادا کوڕ و کچێکی بوو، کە بریتی بوون لە "ئان"ی خوداوەندی ئاسمان و "کی" مێخوداوەندی زەوی، ئەم دووە پێکەوە نووسابوون پاشان لە یەکتر جیابوونەوە و بوون بە ژن و مێردی یەکتر و "ئەنلیل" یان لێ پەیدابوو نەمتار(Namtar) خوداوەندێکی سۆمەرییە، بە واتای "بڕیاردەری چارەنووس" دێت. بۆیە نەمتار خوداوەندی چارەنوس و قەدەرە، چەندان ئەرکی هەبووە، لەلایەک تەتەر و نێردراوی خوداوەندانە هەروەها بەرجەستەی قەدەر و بەشی مرۆڤ دەکات لە ژیاندا، لەلایەکی دیکەوە وەزیری مێخوداوەندی مردن "ئیرش کیگال"-ە. و یەکێکە لە دێوەکانی جیهانی ژێرەوە. واتە نەمتار خوداوەندی مەرگە و ڕۆحەکان دەکێشی و عەزرائیلی سۆمەرییە. نەمتار لای سۆمەریەکان خۆشەویست نەبووە، چونکە یارمەتی مێخوداوەندی مردن دەدات لە روح کێشانی مرۆڤەکاندا.

**نەنخورساگ Nimhursag:** خوداوەندی زەوی دایەکە لای سۆمەرییەکان، نەنخورساگ واتای (سەروەری چیا) دەگەیەنێت. هەروەها بە ننماخ(خاتوونی گەورە)ناوبراوە و بە گوێرەی ئەفسانەکان نەنخورساگ ژنی خوداوەند(ئینکی )یە و هەرووکیان پێکەوە لە بە هەشتدا دەژین، کە ئەم بەهەشتە لە ئەنجامی یەکگرتنی ئاوی ئینکی و خاکوخۆڵی زەوی نەنخورساگەوە پڕ لە دارو درەخت بووە. چەندان پەیکەری ئەم خوداوەندە لە ناوچە جیاجیاکانی سۆمەریەکان دۆزراوەتەوە. ئەم مێخوداوەندە چەند ناوێکی هەیە، وەک: ماما، مامی، بیلیت-ئیلی. نزرگەی نەنخورساگ لە شاری "کیش"بووە.

**هالا Hala:** مێخوداوەندی شیفا و چارەسەرکرنە لە ئەفسانەی سۆمەری و بابلیدا، ژیان بەخشە، هالا لەگەڵ مێخوداوەندی شیفای ئەکەدی "گولا" بونەیەک.

**هایا:** ( Haya) (مێخوداوەند )، هاوسەری نیدابا Nidaba /نیسابا Nissaba ، خوداوەندی دانەوێڵە و نووسەران، هەم وەک "دەرگاوان" ناسراوە و هەم پەیوەندی بە هونەری نووسینەوە هەیە.

**هدد (ئەدد):** ناوی خوداوەندێکە و خوداوەندی بروسکە و گەردەلوولە، کە زۆربەی گەلە سامیەکان پەرستوویانە، وەک بەنو ئیرەم و عەرەبەکانی باکورو باشوور، هەروەها ئاشوری و بابلییەکانیش پەرستوویانە.

**هیتییەکان :**حیثی وهیتییەکان hitties خواوەند(چوب) وهاوەڵژینەکەی (هبات hebat)وکوڕی(شارما) یا(شاروما sharruma) لە تووڕوس بوون.گا نیشانەی بوو ,لە پەرسگەی ئاکا ئویوک بوو.

**یەهوە :** یەهوە خواوەندی عیبرانییەکانە ، وبعل واتە گەورە,بۆنموونە ناوی کوڕی شا داود (بعلیاداع)بوو,واتە بعل دەزانێت.

پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 3 |
| بەشی یەکەم-  پێشەکییێکی مێژوویی | 9 |
| سەردەمی گزنگی  بنەماڵەکانی  سۆمەری<br>(٢٩٠٠-٢٣٥٠) پێش زایین. | 22 |
| سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی<br>(٢٣٧١پ. ز -٢١٥٤ پ. ز) | 25 |
| ئیمپراتۆریەتی سۆمەری<br>(٢١١٣-٢٠٠٦) پێش زایین. م | 28 |
| شارە سۆمەرییەکان | 31 |
| بەشی دووەم- بیروباوەڕی ئایینیی سۆمەرییەکان | 70 |
| باوەڕی پەروەرندەگەری-- عقائد الربوبیة- | 92 |
| بیرکردنەوەی جادوویی و پێوارزانی | 103 |
| بەشی سێیەم-  خوداوەندەکانی سۆمەری | 123 |
| هێماکانی خوداوەندەکانی سۆمەری | 173 |
| بەشی چوارەم-ئەفسانە سۆمەرییەکان | 192 |
| بەشی پێنجەم-ڕێوشوێنەکانی سۆمەری | 237 |
| بەشی شەشەم-ئاکار و یاساکان | 259 |



**محەمەد وەسمان عەزیز**

لە دایکبووی: 1953/1/18- هەولێر

ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس لە یاسا

کارنامەی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی:

❊ بواری کارکردن: نووسەرو رۆژنامەنووس: سەرنووسەری گۆڤاری داد.

❊ (20) ساڵ لە رۆژنامەی (هەرێم) و گۆڤاری (هەرێمی کوردستان) کاری کردووە.

❊ ئەندامی لێژنەی بیبلۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی. لە (2008)ەوە تا (2019).

❊ ئەندامی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کوردە.

* ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.

بەرهەم و چاپکراوەکانی:

1- دەروازەیەکی زیندەوەرزانی, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, چ١, هەولێر, ٦٤ لاپەڕە, 1991.

2- بەرەو رۆشنبیری هاوچەرخ, هەولێر, ٤٨ لاپەڕە چاپی یەکەم، 1992.

3- د. شێرزاد نەجاڕ، لەبارەی ڕۆشنبیری سیاسی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە کوردستان (o. p. l. c) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، 2002.

4- چەند لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەنووسی، لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک، هەولێر، 2004، 232 لاپەڕە.

5- کەسێتی تاکی عێراقی، نووسینی: د. عەلی وەردی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە, لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانکۆ, چ١, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, هەولێر, ٧٢ لاپەڕە. چاپی یەکەم، 2004.

6- ئینسایکلۆپیدیای فەیلەسوفان، م. رۆزنتال، ب. یوردین ، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی 2004، 550 لاپەڕە.

7- گیروگرفتەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر، 2004، 75 لاپەڕە، قەبارە: (21×14. 5)سم.

8- ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتینی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر, 2005.

9- من گەورەبووم، ڕێبەری کچان, وەرگێڕان, لەلایەن وەزارەتی تەندروستی چاپ کراوە, (2005)

10- نوێگەری، کۆمەڵێک وتار، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران- هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی 2004، 107 لاپەڕە.

11- کریس هارمان، مارکسیزم چۆن کاردەکات، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، 2005.

12- د. شێرزاد نەجاڕ، هزرو سیاسەت، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە کوردستان (o. p. l. c)، چاپی یەکەم، هەولێر، 2005، 50 لاپەڕە.

13- ڕێبەری کابان بۆ شیرنەمەنی و چێشت لێنان، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپی یەکەم، 2005.

14- نەوال سەعداوی، ڕوخساری رووتی ئافرەتی عەرەب، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێران, چاپی یەکەم، 2006.

15- ئێرک فرۆم، هونەری خۆشەویستی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران- هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی چاپی یەکەم، 2006.

16- ئەجێندای کارەکان لە هەرێمی کوردستان، وەرگێڕان، هاوبەش, ژوورە بازرگانییەکانی هەرێم، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، 2007, ١٧٢ لاپەڕە.

17- فەلسەفەی دوالیزم لە هزری د. زەکی نەجیب مەحموددا، ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، 2007.

18- دەستوور کلیلی ماف و ئازادییەکانە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی یاسایی لە کوردستان (O. P. L. C)، چاپی یەکەم، هەولێر، 2008، 62 لاپەڕە.

19- کورتنووسیی لە زمانی کوردیدا، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، 2009.

20- ڕێسا بۆ فێربوونی ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتینی، ئامادەکردن، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2009، 76 لاپەڕە، قەبارە: (22×15. 5)سم، نرخ: (2000) دینار.

21- مێژوو و شارستانیەتی کورد، د. محەمەد مەحمود مەندەلاوی، لە لایەن دەزگای زهرە الرافدین بۆ ڕۆژنامەوانی و پەخش و بڵاوکردنەوە، بە هاوکاری کۆمپانیای ئاسیا سێل چاپکراوە، چاپی یەکەم، هەولێر، 2009، 367 لاپەڕە.

22- ئینگلیزی گشتگیر- ڕێبەرێکی گشتگیر بۆ ڕێزمانی ئینگلیزی، وەرگێڕان، هاوبەش، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2010، 327 لاپەڕە.

23- ڕێبەر بۆ ئەنجوومەنی شورای هەرێمی کوردستان، 2010.

24- بیبلۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی، بەشی یەکەم، زمان بەرگی یەکەم، هەولێر، 2010وەک ئەندامێکی لیژنەی بیبلۆگرافیا.

25- رەخنەو دەقی ئەدەبی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی, هەولێر، 2010.

26- فەرهەنگی زاراوە سەربازییەکان، چاپی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، 2011.

27- یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە 111 ساڵی 1969، تیایدا هەموو هەموارکردنەکان دەستنیشانکراون کە لە هەرێمی کوردستان- عێراق تا کاتی چاپکردنی کارپێکراون، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، هەولێر، 2011.

28- ئیتێکی ڕۆژنامەنووسی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2011، 91 لاپەڕە.

29- توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی ٢٠١١, هاوبەش، رۆڵی رەگی کار لە زاراوەداناندا, ل ٢٤٥-٢٨٢, چاپخانەی رۆشنبیری چ١, هەولێر ٢٠١2, ٣٧٠ لاپەڕە

30- سوقرات، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2010، 327 لاپەڕە.

31- فەلسەفەی سۆفیگەری، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2010، 327 لاپەڕە.

32- لەبارەی سەرچاوەکانی پابەندبوون، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی, هەولێر، 2013.

33- زمانی یاسا، له بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی له کوردستان (o. p. l. c) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم هەولێر، 2013.

34- فەرهەنگی زاراوە یاساییەکان، له بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی, هەولێر، 2014.

35- دادکارییەکانی یاسای جێبەجێکردن، له بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی, هەولێر، 2014

36- ڕێبەری داواشارستانییەکان، وەرگێڕان, هەولێر، 2015.

37- یاسای بازرگانی تیۆری گشتی, وەرگێڕان, نووسینی: د. باسم محمدصالح محمدسامی, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, چ٣, هەولێر, ٢٠١8, ٤١٥ لاپەڕە.

38- یاسای بازرگانی پەڕاوە بازرگانییەکان, وەرگێڕان, نووسینی: د. فوزی محمدسامی و د. فائق محمودالشماع, بڵاوکردنەوەی کتێبخانەی تەبایی, چاپخانەی هێڤی, چ١, هەولێر2019, ٤٣٠ لاپەڕە.

39- فەرهەنگی نەوەکان- الاجیال, چاپخانەی سنوور، چاپی یەکەم، هەولێر، 2019. ٢٩٤ لاپەڕە.

40- ژیاندۆستی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سنوور، هەولێر، ژمارەی سپاردن، (596)، 2019، 275 لاپەڕە.

41- له ژیاننامەی فەیلەسووفان,چاپ: سنوور- هەولێر,نۆرەی چاپ: یەکەم: ٢٠٢٠,٥٦٤ل

42-زاراوەزانی,چاپخانەی سنوور,هەولێر,٢٠٢١

43-فەرهەنگی فەرهەنگەکان,بەهاوبەشی لە لیژنەی بیبلیۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی,٢٠٢٣.

44- ئایینی سۆمەری، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن ،2024.

45- زانستی فەلسەفەکان ،2024.

46- سەرهەڵدانی بیروباوەڕەئاینییەکان، د. فەوزی ڕەشید محەمەد بەرزنجی، وەرگێڕان، هەولێر-2024.

فەیسبووک: MohamadWasman ژمارەی مۆبایل: 07504616628